هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 106

سالّی/ 2015 – بەرگی سەدو شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2019

لە بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2015)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 106
چاپی یەكەم: 2019
تیراژ: 250
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شەرمینخضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.
كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسكندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2015/9/2 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2015/9/16 ل 11

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2015/9/20` 103

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی د ژمارە (4) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2015/9/21 ل 123

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (5) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2015/10/6 ل 177

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**چوارشەممە رێکەوتی** 2\9\2015

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/9/2

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2015/9/2 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2015/9/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

2- كردنەوەی خولی پایزە لە ساڵی دووەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان - عێراق لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە بەپێی بڕگەی (2) لە ماددەی (17)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێدەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی دەستپێكی خولی پایزە، رۆژی دانیشتن (2015/9/2)، بەرنامەی كاری كردنەوەی خولی پەرلەمان، بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە ماددەی (5) بڕگە (2) لە ماددەی (17)، هەردوو خاڵی (1 ، 2) لە بڕگەی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان- عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو، بڕیاردرا كاتی دانیشتنی دەستپێكی خولی گرێدانی پایزە لە ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، رێكەوتی (2015/9/2) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت:

1- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

2- کردنـەوەی خـولی پـایزە لـە سـاڵی دووەم، خـولی هەڵبـژاردنی چـوارەمی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق لەلایـەن سـەرۆکی پەرلەمانـەوە بـەپێی بڕگـەی (2) لـە مـاددەی (17)، لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو.

بەڕێزان، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کار کە بریتییە لە یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنـان لـە گیـانی شـەهیدانی کوردسـتان بەتایبـەتی شـەهیدانی جـەنگی درچـی تـیرۆر لەگـەڵ مارشـی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، زۆر سوپاس فەرموون.

ئێستا دەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار کە بریتییە لە کردنەوەی خولی پاییزە لە ساڵی دووەمی خـولی هەڵبـژاردنی چـوارەمی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق لەلایـەن سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە بەپێی بڕگەی (2) لە ماددەی (17)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

پەرلەمانتارانی بەڕێز.

لـە هەلومـەرجێکی سـەخت و پـڕ لـە تەنگـەژەو ئـاڵۆزی ناوچـەکانی کوردسـتاندا لـە رووبـەڕوو بوونـەوەی شەڕێکی سەختی گەلەکەمان لەگـەڵ دوژمنـانی ئـازادی و تاریـك بینـانی سـەردەمدا ئـەمڕۆ خـولی گرێـدانی پایزەی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەینەوە، بـە پێویسـتی دەزانـین بـەناوی خۆمـان و پەرلـەمانی کوردسـتانەوە سـوپاس و پێـزانینی خـۆڕاگری هاووڵاتیـان و فەرمانبـەرانی هەرێمی کوردستان بکەین، کە زیاتر لە یەك ساڵە بەرگەی چەندین ئاست تەنگ و قەیرانی جۆراو جۆریـان گرتووە، لە بێ مووچەیی و هەتا نەبوون و کەمی پێداویستیە سەرەتاییەکانی بژێوی ژیانیان، سەرەڕای ئەو راسـتیانە چـەندین ئاسـتەنگی خنکێنـەر بـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی گرتـووە، لێرەشـەوە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی حکومەتدایـە، بـۆ داڕشـتنی پـلان و بەرنامـەی چاکسازی بـۆ دەربـاز بـوون لـەم تەنگەژەو قەیرانانەی کە هاووڵاتیانی کوردستانی لە دۆخێکی ناهەمواردا تووشـی گێروگرفـت کـردووە روون کردنەوەی پێویست لەم بارەیەوە بە پەرلەمانی کوردسـتان و هاووڵاتیـانی هەرێمـدا دێـت، دەمـەوێت لێـرەدا رۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەرز بنرخێنم، سەرەڕای قەیرانەکانی هـەرێمی کوردسـتان ئـەوان لە بەرەکانی جەنگ دژ بە تیرۆریستان زۆر نەبەردانە هەرێمی کوردستان دەپارێزن، هەر بۆیە لێرەوە پێیان دەڵێین هەمووومان شانازی بە هەمووتانەوە دەکەین و هەمووتان بـە پـارێزەری نیشـتمان دەزانـین و ئێـوەش خۆتان بە هی هەموومان بزانن، دڵنیاییتان دەدەینێ ئـەو پـەڕی هـەوڵی خۆمـان دەخەینـە گـەڕ، بـۆ ئـەوەی ململانێی سیاسیەکانی ناوخۆ بەشێوازێکی دیموکراتی و ئاشـتیانە یـەکلایی ببنـەوەو نـەهێڵین کـار لـە یـەك ریزی و ورەی پۆڵایینی ئێوە بکـات، چـونکە جیـاوازی و ململانێـی سیاسـی نـەریتێکی دیموکراسـییە، لەسـەر ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیەکەی پێویستە کە گیانی لێك بووردن و ڕێزگرتن لـە

جیاوازەکان بکەینــە نــەریتی کارەکانمـان، چـونکە بـوونی جیـاوازی ئامـاژەی بـەرەو پێشچـوونی دیمـوکراتی هەرێمەکەمانە.

پەرلەمانتارانی بەڕێز.

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا قەیرانێکی تری سیاسی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا سـەری هەڵداوە، ئـەویش پرسـی سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتانە، لـەم پرسـەدا پەرلـەمان وەك مەرجـەعی بـاڵای یاسـادانان شـوێنی یەکلاکردنــەوەی قەیرانەکەیــە، بـۆ ئــەم مەبەسـتەش فراکسـیۆنەکان دیـدو بۆچـوونی جیاوازییـان لەسـەر قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، ئەمەش شتێکی ئاساییەو گرنگە ئەم جیاوازییـە لـە چوارچـێوەی یاسـاو پاراستنی بنەماکانی دیموکراتی و سازان و بەرەو پێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا یـەکلا بکرێتەوە، پەرلەمان دامەزراوەی سەرەکی یاسادانان و چاودێرییەو بەرپرسیارە لـە یـەکلا کردنـەوەی پرسـە دەسـتووری و یاسـایی و چارەنووسسـازەکاندا، رۆڵ و پێگـەی خـۆی لـەم رووەوە دەپارێزێـت و بـە گیـانێکی نیشتمانی و لە سۆنگەی سەروەر بـوونی یاسـاوە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـەکان دەکـات و ئێسـتاش هـەر بـەو پێـو دەنگ و پەرۆشیە بۆ دەرباز بوون لەو تەنگەژانەی رووبەڕوومان بوونەتەوە بەتایبەتی پرسـی سـەرۆکایەتی هـەرێم دەرفـەت دراوە بـۆ گەیشـتن بـە رێککـەوتنی هـەمووان لـە چوارچـێوەی یاسـادا کـە لـە بەرژەوەنـدی نیشتمان و چاکەی گشتیدا بێت و یاسا رێڕەوی ئاسایی خۆی ببڕێت، رەهەندێکی تـری ئـەم کێشـە سیاسـیانە ماف و بەشداری سیاسی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانە، بە شانازییەوە لەم خولەی پەرلەماندا بۆ یەکەمین جار یاسای پاراستنی مافی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانمان پەسـند کـردووە، پێمانوایـە لـە هـەرێمی کوردستاندا بە تەنها یەك نەتەوەو ئاین و مەزهەب بوونی نییە، بـەڵکو کوردسـتان مۆزایکێکـە لـە نەتـەوەو مەزهەب و ئـاینی جیـاواز، هـەر بۆیـە هـەموومان پێکـەوە دەتـوانین نیشـتمانەکەمان بپـارێزین و گەشـە بـە لایەنــە جیاوازەکـانی بـدەین، پەرلـەمان رێـز لـەو مۆزایکـە هەمەرەنگـەی کوردسـتان دەگرێـت و پێـوەری راستەقینەی پەرلەمان بۆ جیاوازی نەتەوەیی و ئاین و ئاینزاکان و نوێنەرەکانیان لەسەر قـەبارەی کـەمی و زۆرینە نییە، بەڵکو دەرفەتی یەکسانی یاساییە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون، سـەرەڕای رێزدانـان و رەچـاو کردنی تایبەتمەندی هەر نەتەوەو ئاین و ئاینزایەك.

پەرلەمانتارانی بەڕێز.

لـەم وەرزە نوێیـەی پەرلەمانـدا لەبـەردەم چـەندین ئـەرکی نیشـتمانی و یاسـایی و چـاودێری دایـن، ئـەرکی پەرلەمانتارانە بە روحی نوێنەرایەتی کردنی کوردسـتان مامەڵـە لەگـەڵ پرسـەکاندا بکـەن و رۆڵ و پێگـەی خۆیان و پەرلەمان بپارێزن و لە بواری چاودێری کردن و یاسا دارشـتن و چاکسازی، یـەکێك لـە ئەرکـە پـڕ بایـەخ و گرنگـەکانی کـارا کردنــی رۆڵــی پەرلـەمان بـوونی پـەیڕەوێك کـە وەڵامگـۆی کـاری سـەردەمیانەی پەرلـەمان بێـت، بۆیـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان لـە دانیشـتنە سـەرەتاییەکانی ئـەم وەرزەدا دەخرێتـە بەرنامەی کار بەو هیوایەی ئـەوەی لـە ماوەیـەکی دیـاریکراودا پەرلـەمان ببێتـە خـاوەن پـەیڕەوێکی نـوێ و پێشـکەوتوو، کـە رێگـا خـۆش بکـات بـۆ پەرلـەمانتاران و فراکسـیۆنەکانیان، کـە باشـتر بتـوانن ئەرکـەکانی

سەرشانیان جێ بەجێ بکەن، شان بە شانی ئەمەش بەردەوام دەبین لە کار کردن لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەم پێناوەشدا پرسی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی لیژنەی ئامادە کردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە زوویی دێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان، ئەمە جگە لەوەی وەك ماوەی رابردوو جەخت دەکەینەوە لە بەردەوامبوون لەسەر کارا کردنی رۆڵی چاودێری ئەندامان و لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، هەروەك چۆن لە ماوەی رابردوودا پەرلەمانتاران ئازاییانەو بەرپرسیارانە چاودێرێکی وردی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن بوون لەگەڵ بوونی چەندین قەیران و کێشەدا، ئێستاش پێویستە پرۆسەی چاودێری بەشێوەیەکی وردترو بەرپرسانە تر ئەنجام بدرێت لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازییەکی بنەڕەتی لە کۆی جومگەو لایەنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا، چونکە چاکسازی تاکە چارەسەری قەیرانە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، چاوەڕێین حکومەتی هەرێم هەنگاوی کرداری گەورە لەم بوارە دابنێت، پەرلەمان لەم وەرزەدا بەردەوام دەبێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ بە سیستەماتی کردنی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستاندا لە رێی دروست کردنی سندووقی داهاتە نەوتییەکان بەپێی یاساکەی و دەرکردنی یاساکانی تری پەیوەندیدار بەو پرسە گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمان بەردەوام دەبێت لە تەواو کردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە دادی کۆمەلأیەتی و دادپەروەری لە کۆی لایەنە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بە دەستەبەری کۆمەلأیەتی و سۆشیال هەیە، بەو هیوایەی ئەم دانیشتنە دەستپێکی وەرزێکی پڕ فری کاری پەرلەمانی بێت و هەر سەرکەوتوو بن.

بەڕێزان، بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێت و، لە هەفتەی داهاتوودا دەست دەکەینەوە بە دانیشتنە ئاساییەکانی وەرزی گرێدان، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی**

**چوارشەممە رێكەوتی** 2015\9\16

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/9/16

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/9/16 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/9/16 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1. گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)می یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو، پاڵ پشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە دوو، ڕۆژی دانیشتن 2015/9/16، بەرنامەی كار بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی پایزەی ساڵی دووەم، لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی 2015/9/16 بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت،**

**1. گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)می یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو، پاڵ پشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو، لە دەست پێكدا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،**

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی بەخشیندەی میهرەبان، پوختەیەی دانیشتی دەست پێك لە بەرواری 2015/9/2، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

1. دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە،

2. دەقیقەیەك وەستان بۆ رێز لێنان لە گیانی پاكی شەهیدان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی،

3. كردنەوەی خولی پایزە و لەگەڵ وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە ناوی ئامادەنەبوانی دانیشتنی پێشووی لیژنەكانی پەرلەمان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ژمارە یەكی ئاسایی لە بەرواری (2015/9/2) مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (1. ابوبكر عمر ـ مۆڵەت، 2. ئاری محمد ـ مۆڵەت، 3. ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت، 4. باپیر كامەلا ـ مۆڵەت، 5. بەهار عبدالرحمن ـ مۆڵەت، 6. بەهار محمود ـ مۆڵەت، 7. بێگەرد دلشاد ـ مۆڵەت، 8. حیات مجید ـ مۆڵەت، 9. حسن صالح ـ ئامادەنەبووە، 10. خلف احمد ـ مۆڵەت ـ رۆزا محمود ـ ئامادەنەبووە، 12. سهراب میكائیل ـ مۆڵەت، 13. سرود سلیم ـ مۆڵەت، 14. گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، 15. عبدالله جاسم ـ مۆڵەت، 16. عمر صالح ـ ئامادەنەبووە، 17. عمر عینایەت ـ مۆڵەت، 18. فرهاد حەمە صالح ـ مۆڵەت، 19. كمال یلدا ـ مۆڵەت، 20. لینا عزریا ـ مۆڵەت، 21 ـ هەورامان حەمە شریف ـ مۆڵەت، 22. وحیدە یاقو ـ مۆڵەت، 23. یعقوب گورگیس ـ مۆڵەت، 24. جودت جردیس ـ ئامادەنەبووە) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. راپۆرتی بەدواداچوونی كۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان لە بەرواری ( 7/9/ 2015) تا (2015/9/16) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

1. لیژنەی بازرگانی و مافەكانی بەكاربەر: ( 7/9/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە (عبدالله جاسم) مۆڵەت بووە،

2. لیژنەی مافەكانی مرۆڤ: ( 7/9/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە (فیروز طە ئامادەنەبووە، ئومێد حەمە علی ـ ئامادەنەبووە، منیرە عثمان ـ ئامادەنەبووە، بێستون فائق ـ ئامادەنەبووە)

3. لیژنەی ئەوقاف كاروباری ئاینی: ( 7/9/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە (لینا عزریا ـ مۆڵەت بووە)

4. **لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان: ( 9/7/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (حسن صالح ـ مۆڵەت بووە، بشار مشیر ـ مۆڵەت بووە، عباس غزالی ـ ئامادەنەبووە، زیاد حسین ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە)**

5. **لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان: ( 9/8/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە ( سرود سلیم ـ ئامادەنەبووە، منیرە عثمان ـ مۆڵەت بووە)**

6. **لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی: ( 9/9/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە ( هەورامان حەمە شریف ـ مۆڵەت بووە، عبدالرحمن فارس ـ مۆڵەت بووە، باپیر کامەلا ـ مۆڵەت بووە، عبداللە حاجی محمود ـ مۆڵەت بووە، یعقوب گورگیس ـ مۆڵەت بووە)**

7. **لیژنەی مافەکانی مرۆڤ: ( 9/13/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (منیرە عثمان ـ مۆڵەت بووە، فرست صۆفی ـ مۆڵەت بووە، زۆزان صادق ـ مۆڵەت بووە، سعید محمد ـ مۆڵەت بووە)**

8. **لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت: ( 9/13/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (رابوون تۆفیق ـ مۆڵەت بووە، ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت بووە )**

9. **لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی: ( 9/14/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت بووە، تەلار لطیف ـ مۆڵەت بووە، ناظم کبیر ـ مۆڵەت بووە )**

10. **لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان: ( 9/14/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون،**

11. **لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار: ( 9/14/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت بووە، ماجد عثمان ـ مۆڵەت بووە)**

12. **لیژنەی کاروبارو تەندروستی و ژینگە: ( 9/14/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (عبداللە جاسم ـ مۆڵەت بووە، سرود سلیم ـ مۆڵەت بووە، شێرکۆ حەمة امین ـ مۆڵەت بووە )**

13. **لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان: ( 9/15/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (علی حەمە صالح ـ مۆڵەت بووە)**

14. **لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان: ( 9/15/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە ( سرود سلیم ـ مۆڵەت بووە)**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان،بەڕێزان پێش ئەوەی بەرنامەی کار دەست پێ بکەین بەهۆی خەلەلێکی تەکنیکییەوە گڵۆپەکانی دواوەی نهۆمی یەکەم ئیش ناکات، بۆیە نەدەکرا ئێستا دەستکاریشی بکەن، دەتوانن بێنە پێشەوە ئەوانەی کە لە دواوە دانیشتوون، بەتایبەتی کورسییەکانی پێشەوە کە هەندێکی چۆڵە و، ئەگەریش جێ نەبوو لە کاتی قسەکردن دەبێ بێنە سەر منەصە ئەمە یەك، دوو: تایدن ئێستا کار دەکات بۆیە هاوکار بن لەگەڵ کاروباری پەرلەمان و، تەکنیکەکانی ناو هۆڵ خولیان بۆ داناون بۆ**

ئەوەی فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی تایدنەکە ببن، داواتان لێ دەکەین پابەند بن بەو کاتانەی کە بۆتان دیاری دەکرێت بۆ ئەو خولانەی کە پەیوەندیدارە بە تایدنەوە بۆ ئەوەی لەمەولا دەنگدان بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی لە ناو هۆڵی پەرلەمان بەڕێوە ببەین، چەند نوقتە نیزامیەکمان بینی، فەرموو کاک باپیر،

**بەڕێز باپیر کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من و کاک ابو کاروان ناومان بە مۆڵەت هات، ئامادەش بووین لە کۆبوونەوەی لیژنەی پێشمەرگە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە؟ یەکەم: جەنابت ئاگاداری، ئێمە لە ماوەی رابوردوودا بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران بەپێی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوای چەند بەڕێزێکمان لە ئەنجومەنی وەزیران کردبوو بۆ ئامادەبوونیان لە پەرلەمان بۆ مەبەستی موناقەشەکردنی ئەو قەیرانە کەڵەکە بووە زۆرانەی کە ئێستا کە بەرۆکی خەڵکی هەرێمی کوردستان گرتووە، ئەوەی کە ئێمە دەیبیسینەوە هیچ یەکێك لەو بەڕێزانە نایەن بۆ پەرلەمان، وەکو دەیبیسینەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەعنی گوایە ئیمتیناعی وەزیرەکان دەکات لەوەی کە بێن بۆ پەرلەمان، هەتا من لە دوێنێوە دە جار تەلەفۆنم بۆ  دوو وەزیری بەڕێزدا کردووە، ئەسڵەن جەوابی تەلەفۆنیان نەداوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانم هەمووی نوقتەی نیزامییە؟ کەواتە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە دەیەوێت پەرلەمان پەك بخا، من داوا لە هەموو هاوڕێکانم دەکەم بە رەچاوگرتنی جیاوازی بیر و بۆ چوونی سیاسی هەمووشمان، ناکرێت ئێمە وەکو پەرلەمانتار رێگا بدەین ئەم پەرلەمانە پەك بخرێ، ناکرێت موئەسەسەیەکی وەکو پەرلەمان کە دەنگی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەڵیبژاردووە ئێستا ئیرادەیەك بیەوێ لە دەرەوەی پەرلەمان پەکمان بخا، دووەم: هیچ یەکێك لە یاداشتەکان، لە پرسیارەکان، لە نووسراوەکان بەڕێژەی دەتوانم بڵێم (90٪) بۆ سەرەوە لە کاتی خۆیدا وەڵام نادرێتەوە یاخود کە وەڵام دەدرێتەوە وەڵامێکی زۆر بڕوا پێ هێنەر نییە، ئەمانە من لە مانگی یەکەوە ناردوومە تا ئێستا وەڵامی نەهاتۆتەوە، ناکرێت ناردنی پرسیار سەرتایی ترین و، لاوازترین ئەرکی چاودێری پەرلەمان و پەرلەمانتارە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئامادە نەبێ وەڵامی نووسراوێك بداتەوە، ناکرێت ئەم پەرلەمانە لە بەرامبەریدا بێ دەنگ بێت، من پرسیارێکی تر دەکەم: حکومەت دوێنێ لە کۆبوونەوەی خۆیدا دوای (80) رۆژ، دەڵێ ئێمە چاکسازی دەکەین، هیچ پلانێکی چاکسازیان بۆ ئێوە ناردووە، ئەخیر نوقتەم ئەوەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی (79) لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان دەبێت پێش ساڵی دارایی لە سەرەتای تشرینی یەکەم، پرۆژەی

بودجە بێ بۆ پەرلەمان، بەغدا هەر نەوت دەفرۆشێ، هەرێمی کوردستانیش هەر نەوت دەفرۆشێ، بەغدا پرۆژە بودجەی خۆی ئامادەکردووە دەینێرێ بۆ پەرلەمان، ئەمە دوو ساڵە ئێمە پەرلەمانتارین تا ئێستا پرۆژەی بودجەمان نەبینیوە، ئەمە ناکرێ پەرلەمان لێی بێ دەنگ بێ، خەڵك کۆچ دەکا خەڵك سەری خۆی هەڵدەگرێ، خەڵك مووچەی نییە، ناکرێت هەموو چاوەکانیان خستۆتە سەر ئەوەی وەڵلا بۆ پەرلەمان کۆ نابێتەوە، دەبێ ئەمە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن قبوڵ نەکرێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز د. شێرکۆ تەبعەن ئەم شتانەی کە جەنابت باسی کرد پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان نییە، باشە، بەڕێز د. شێرکۆ رێمان پێ دای کە قسەکانی خۆت کرد، ئێمە لە کۆبووەنەوەی دوێنێ سەرۆك فراکسیۆنەکان ئەم بابەتانەمان باس کرد و، لەوێ بڕیارمان داوە کە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسانە دەکەین بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە حکومەت و ئامادەبوونی لە پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئەوەی دوێنێ لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکانیش باسمان کرد، ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان ئێمە و حکومەت یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانە کە یاسای ئەنجومەنی وەزیران، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە رێکی دەخات، بەدەر لەوە هەر بڕیارێك لەلایەن هەر کەسایەتیەکەوە بدرێ، کاری نا یاساییە و، بەدواداچوونی پێویستە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم گرفتانەی کە دێنە پێش لە سەرەتاوە لە رێگای لێك تێگەیشتن چارەسەریان بکەین و، ئەگەر نا ئیتر، ئێستا مەسەلەن بەڕێزت باس لەوە دەکەی پرسیارت ناردووە و، وەڵامت نەهاتووە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تۆ پرسیارەکانی کە وەڵامت پێ نەگەیشتووە یان پرسیارێك کە وەڵامەکەی موقنیع نییە بۆت، ئەتوانی بیکەیت بە لێپرسینەوە، ئەو کاتە دەستەی سەرۆکایەتیش لێپرسینەوەکانی ئێوە ئاڕاستەی حکومەت دەکات، سەبارەت بە بودجە راستە ئەوە گرفتێکی بنچینەییە کە تا ئێستا بودجە نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، پێم وابێت لیژنەی دارایی پەرلەمان هەر لە سەرەتای ئەم خولەوە لە سەر خەت بوون لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی بەتایبەتی وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و، دانیشتنیشیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەمەش دیسانەوە خواستێکی راستەقینە و خواستێکی رەوای ئەندامانی پەرلەمانە کە پێویست دەکات بودجە بە هەر شێوەیەك بێت لە هەرێمی کوردستان رێك بخرێ و، بێتە پەرلەمان، فەرموو کاك سۆران عمر،

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە بەرئەوەی دەچێتە پرۆتۆکۆڵ، بۆیە پێم خۆش بوو ئەوەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان خوێندییەوە لە (2015/9/7) لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کە بەڕێز (فیروز طە ـ منیرە عثمان ئومێد حەمە علی ـ بێستون فائق) ئامادەنەبوون، ئەوە کۆبوونەوە نەبووە، پێشوازی بووە لە شاندی باڵای سەلیبی ئەحمەری دەولی، راستیشی دەکەینەوە لای بەڕێزی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو عباس غزالی،

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەکانی پەرلەمان پێویستە سەرۆکایەتی لیژنە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکا، بەداخەوە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دەبینین سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەری لیژنە بە غائیب حیساب کراون، کۆبوونەوەی لیژنەی کشتوکال لە دەرەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بوو، ئاگاداریان کردوومە لەوێ، من ئامادەنەبوومە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێت بەڕێز سەرۆکی لیژنە، کاک یعقوب سەفەری کردبوو، نازانم پێم وابوو لە دەرەوەی ولات بوو، بەڕێز کاک بهزاد دەرویش مۆڵەت بوو، کە مۆڵەتیش بێ جێگری سەرۆکی لیژنە جێی دەگرێتەوە، فەرموو کاک بهزاد،

**بەڕێز بهزاد دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خالێت پەیرەوێت هەی، هیڤیدارم باش بگەهین، خالە ئێك ئەڤەیە هەر پرسیارێك ئەگەر هاتە ئاڕاستە کرن بۆ دەسەلاتە جێبەجێکار وەلام نەداڤە، بچت بوارێ پرسانديڤە ديڤ مادده (69) خالە دووێ بيژيت سەرۆکێ پەرلەمانێ پرساندنەکە دەگەهێنێتە دەسەلاتێ جێبەجێکردن پاش حەفتەیەك دیاری دەکات، ئەوە (15) رۆژە بۆ مەسەلەی پرساندن مە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرییە چەند واژوو حەتا نووکە وەلام نەبییە، ئەڤە خالەك، خالە دووێ: ديڤ پەيڕەوێ ناوخۆی پەرلەمانێ کوردستانێ مادده (54) یەکەم: خالە پێنجێ، بێژێت ئەگەر نەکرا گفتوگۆ دەربارەی بەندێك لە بەر هەر هۆیەکەوە بیت تەواو بکرێت ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە تێڕوانینی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا بخات، ئەوە پرۆژە یاسا رێکخستن و چاندنێ گواستنەوەی ئەندامان ل جەستەی مرۆڤی کە (32) مادده پێك هاتییە (17) مادده پەسەند بووینە (15) ماددەێت مای و ل (2015/6/30)دا مە تەئجیل کری بۆ دانیشتنێ داهاتوو ئەڤە دانیشتنە دووێیە پشتی وێ، هەتا نوکە بەحس نەهاتییە کرن، یان ژی ئەڤ لیژنە دەستورێ ب سەر ڤەچووی، خالە دی دەستەی داهاتێ نەفت و غازێ مە دانا بووی (90) رۆژ بن، (150)رۆژێ سەر ڤە چووی ئەڤەش خالە پەیڕەوینە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ (150) رۆژ بەسەردا تێنەپەڕییە، بەلام دوو رۆژیش بەسەریدا تێپەڕی بەتایبەتی بەپێی یاسا پێویست دەکات ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز کاندیدەکان بنێرێ بۆ پەرلەمان، ئێوە ئەندامانی پەرلەمان لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەتوانن بکەونە سەر خەت و، پرسیار ئاڕاستەی حکومەت بکەن و، داوای

ئەوەیان لێ بکەن کە ناوەکان بنێرن بۆ پەرلەمان، ئەوەشی کە پەیوەندی بە پرساندنەوە هەیە، ئەو پرساندنەی ئێوە داواتان کردووە بەشێوەیەکی جەماعی نیشانەی پرسیاری یاسایی لە سەر بوو، بەڕێز کاك بهزاد لەگەڵ جەنابتمە، ئەو پرساندنە کێشەی یاسایی تێدا بوو بەشێوەیەکی رەسمی ئەوە وەڵام دەدرێنەوە، بەڵام دوو پرساندن بەشێوەیەکی ئسولی گەیشتۆتە دەستی ئێمە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، فەرموو کاك شوان شێخ احمد،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە کۆمەڵێك قەیران دادەڕۆین ئومێد دەکەم ئەمە دەستپێکێکی زۆر زۆر باش بی، بۆ ئەوەی هەر چی تەشەنوجاتی رابوردوو هەبووە نەمنێت، ئومێد دەکەین دانیشتنەکان زۆر بەباشی بەڕێوە بچی تەفاهومێکی باشمان لە نێواندا هەبێت، بۆیە من وا بە باش دەزانم پەیڕەو لەبەر ئەوەی زۆر تەئسیر لە سەر ئیش و کارەکانی هاووڵاتیان نەکات و، چارەسەری ئەو قەیرانانە نەکات، دەکرێت ئێمە کۆمەڵێك قەیرانی گەنج و لاوەکانمان هەیە، کرێچییەکانمان هەیە، مووچە هەیە، کۆمەڵێك قەیران هەیە رووبەرووی هەرێمی کوردستان بویتەوە، کە خەڵك زۆر نا ئومێدە بۆ ئەوەی ئومێدێکی زیاتریان بە پەرلەمانی کوردستاندا هەبوایە، دەکرا دانیشتنەکان لە سەر ئەو ئەساسانە بوایە کە ئێمە چۆن بتوانین کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیانی کوردستان چارەسەر بکەین، نەك بابەتی پەیڕەو، دەکرا بابەتی پەیڕەو بۆ کاتێکی تر بکرابایە، لەبەرئەوەی ئیش و کاری پەرلەمان ئێمە لە سەر پەیڕەو رانەوەستاینە لەگەڵ دەست خۆشیمان بۆ ئەندامانی لیژنە کە زۆر ماندوو بوینە، بەڵام ئەو قەیرانانە خەڵك ئومێدی بەوە هەبوو کە دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ ئەوە بێتن کە ئێمە بتوانین چارەسەری ئەو قەیرانانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشت، بەڵێ بە دڵنیاییەوە قەیرانی کۆچی گەنجان و قەیرانی دارایی و قەیرانەکانی تری هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە کە پەرلەمانی کوردستان کاری لە سەر بکات، بۆ زانیاری بەڕێزتان سەبارەت بە قەیرانی کۆچی گەنجان ئێمە هەردوو لیژنەی وەرزش و لاوان و پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردیمان راسپاردووە کە بەدواداچوون بکەن راپۆرت ئامادە بکەن سەبارەت بەو قەیرانە، بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا، تەنانەت ئەگەر دانیشتنی نا ئاساییشمان بۆ ساز کردبێ، دانیشتنێکی نا ئاسایی بۆ ساز بکەین، ئێمە نامانەوێ دانیشتن لە پەرلەمانی کوردستان بکەین بەس تەنها بۆ مەبەستی وتاردان و دەربڕینی بیرو رای خۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، چونکە ئەمە لە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆنیش دەکرێ و، کۆنفڕاسی رۆژنامەوانیش دەکرێ، دانیشتنی پەرلەمان پێویست دەکات بەرهەمدار بێت، بەرمەبنای هەندێك داتا و فاکت بێت، راسپاردە حازر بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری گرفت و قەیرانەکان بێت، سەبارەت بە بارودۆخی داراییش هەر رێگا خۆشکردنێك هەبوو بۆ ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان

هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە بدات بە دڵنیاییەوە دەیهێنینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، فەرموو خاتوو منیرە عثمان،

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم (کاك شوان) کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕەخنەی کە ئاڕاستەی لیژنەی کشتوکاڵ کرا بە پێویستی دەزانم ڕوونکردنەوەیەکی کورتی لە سەر بدەم، ئەگەر سەرۆکی لیژنە سەفەری کرد بۆ شوێنێك ناکرێت کاری لیژنەکە ئەوخ بکرێت، بەڵێ (کاك یعقوب) سەرۆکی لیژنەیە سەفەری ئەمریکای کردبوو، بەس من جێگری سەرۆکی لیژنەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی ڕاگەیەنراوە و، ئەندامان ئامادەبوون نیسابی قانونی تەواو بوو کۆبوونەوەکە بەڕێوە چووە و، ئەو بەڕێزەی ڕەخنەی گرت خۆی ئامادەنەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرە رای ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی شتێکە لە هەرە ئیشە گرنگەکانی ئەم پەرلەمانە و، پەیڕەوی ناوخۆ لەوانەیە چارەسەری گەلێك لە ئیشەکانی تریش بکات کە ئێستا ئێمە باسی لێوە بکەین، هەر بەپێی ئەو پەیڕەوەی ناوخۆیەی کە ئێستا بەرکارە، ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە نابێ موناقەشەی هیچ یاسایەکی بچێتە پێشەوە، چونکە ئەو پەیڕەوەی ناوخۆیە هاتە بەرنامەی کارەوە بە دەنگدان تەئجیلمان کرد، لەبەرئەوەی هاتۆتە بەرنامەی کارەوە بە دەنگدان تەئجیل کراوە، بۆیە هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت هیچ بەرنامەیەکی کاری تر بچێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من بیرم چوو، کاك بهزادیش ئەم نوقتەیەی ورووژاند کە یاسایەکمان هەبوو یاسای چاندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە رابووردوو، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆ پێش ئەو یاسایە هاتە بەرنامەی کارەوە، بۆیە ئێستا جارێکی تر پەیڕەو هاتۆتە بەرنامەی کارەوە، ئەوە وەکو بەڕێز د. بەهاریش باسی کرد، مەسەلەی پەیڕەویش مەسەلەیەکی هەروا بێ ئەهمیەت نییە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان زۆر گرنگە بۆ

چارەسەرکردنی بەشێك لەو پرسانەی کە ئێوەش باستان کرد، سەبارەت بە پرسیار و پرساندن و ئەمانە، فەرمووو کاك خلف،

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز (کاك شوان) دەکەم، هیوادارم سەرەتای دانیشتنەکان بەرەو کۆتایی هاتنی تەشەنوجەکان بێ و، بچینەوە سەر ڕێچکەی کاری خۆمان بەو شێوازەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێ و، فیعلەن ئێمە لەو پەرلەمانە دابنیشین بۆ گفتوگۆکردن لە سەر ئەو قەیرانانەی کە هەیە و، بەو شێوازە یاساییەی کە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگەی بە ئێمە داوە، بتوانین گفتوگۆ لە سەر بابەتەکان بکەین و، وەزیرەکان ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە شێوازی گشتی بێنە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتانە، ئاگام لە ڕوونکردنەوەیەکی جەنابت بوو، بەڵام پێم وایە ئیکتیفا نەبوو بۆ ئەوەی من ئەو پرسیارە دووبارە نەکەمەوە، ئایافیعلەن ئەو یاداشتانەی کە تەقدیم کرابوو بۆ بانگهێشتکردنی بۆ وەزیرە بەڕێزەکان فیعلەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕێگرە لەوەی کە ئەو وەزیرانە بێنە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە لێپرسینەوە یان گفتوگۆ لە سەر قەیرانەکان بکەین؟ ئەگەر وایە پێویستە ڕوونی بکەینەوە بە فەرمی بۆ خەڵکی کوردستان و پەرلەمانتاران و هۆکاری ڕێگریکردنەکە بزانین تا بتوانین چارەسەرێکیش بۆ ئەو وەزعە بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ شتێکی ڕەسمی لەم بارەیەوە بە پەرلەمانی کوردستان نەگەیشتووە، ئێمە ئێستا لە بەدواداچوونین بۆ ئەم پرسە، و بە دڵنیاییەوە ئەندامانی پەرلەمان ماق خۆیانە داوای بانگ کردنی وەزیرەکان بکەن بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، وا لە بەدواداچوونین بۆ ئەم پرسە، بەڵام ئەو قسەیەی جەنابت ڕاستە، ئەگەر پرسێکی لەم شێوەیە هاتە کایەوە ئەوکاتە پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان بەپێی ڕێکارە یاساییەکانی خۆی مامەڵە بکات، فەرمووو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆ میکانزمی گفتوگۆکردن لە سەر پەیڕەوەکان بڵاوکردۆتەوە، لە بەندی یەکدا هاتووە  کە هەر ئەندامێك دوو خولەك قسە بکات، بمبورە نوقتەی نیزامییە؟ کاك دکتۆر، دژی پەیڕەوی ناوخۆ قسەیان کردووە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا نەچوونەتە سەر بەرنامەی کار، هێشتا بەداخەوە بەهۆی نوقتە نیزامییەکان نەمانتوانیوە بچینە سەر بەرنامەی کار، خاڵی یەکەمی کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لە سەر ئەوە و، ئەو بەڕێزانە پێشنیارەکانی

خۆیان دەخوێننەوە، و ئەو کات بە دڵنیاییەوە گفتوگۆی لە سەر دەکەین، یەعنی هێشتا بڕیاری لە سەر نەدراوە،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا تەسەورم کرد بڕیاری لە سەر دراوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا بڕیاری لە سەر نەدراوە، فەرموو کاک دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە نوێنەری خەڵکین و، دەچینە ناو خەڵك ئەمە فەترەیەکە لەلایەن خەڵکەوە، وەکو تۆمەتێك ئیهانە دەکرێن بەوەی کە بۆ سروودی ئەی رەقیب وەکو خۆی لە ناو هۆڵی پەرلەمان لێ نادرێ، راستە نەبوویتە یاسا وەکو عورفێك مەعامەلەی لەگەڵدا دەکرێ، بەڵام چۆن خەڵك لێمان قەبول ناکات بەهەمان شێوەش ئێمە لێتان قەبول ناکەین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەبێت سروودی ئەی رەقیب وەکو خۆی لێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە قسەکانت نیزامی نەبوون، بەڵام دەمەوێ روونکردنەوەیەك بۆ جەنابتان و بۆ رای گشتیش لێرەوە بدەم، لە خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە سەرەتای دەستپێکی هیچ خولێکی گرێدان، نە مارشی ئەی رەقیب لێ دراوە، نە سروودی ئەی رەقیب لێ دراوە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پرۆتۆکۆلەکان، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وینەکانی پەرلەمانی کوردستان، و ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێشووش پرسیارمان کردووە، تەنها لە دەسپێکی خولی هەڵبژاردنەکان مارشی ئەی رەقیب لێ دراوە، هیچ شتێکی لەم بابەتە نییە ئەوەی کە لەمە و لەوێ باس دەکرێ، تۆمەت دروست دەکرێ، عەلە ئەساس لە پەرلەمانی کوردستان سروودی ئەی رەقیب تێکدراوە، هیچ شتێکی لەم بابەتانە نییە، ئەوەی کە موتتەبەع بووە لە پەرلەمانی کوردستان، تەنها لە دەسپێکی خولی هەڵبژاردن دانیشتنی یەکەمی خولی هەڵبژاردن مارشی ئەی رەقیب لێ دراوە، لە خولەکانی گرێدان بەهیچ شێوەیەك مارشی ئەی رەقیب لێ نەدراوە، ئێمە لەو خۆلە خۆمان بە پێویستمان زانییوە، لەبەرئەوەی بارودۆخێکی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، و هەرێمی کوردستان رووبەرووی گروپی تیرۆرستی داعش دەبێتەوە و، بۆ زیاتر تێك رژانی هەماهەنگی نێوان فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان و پێدانی هەستێکی نەتەوەیی بە دانیشتنەکانی پەرلەمان و دەسپێکی خولەکانی گرێدان، ئێمە لەم خولەدا بڕیارمان داوە لە دەسپێکی خولی گرێدانەکانیش مارشی ئەی رەقیب لێ بدرێت، فەرموو کاک باپیر.

**بەڕێز بابیر کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان وەڵامی نوقتە نیزامێكی كاك بهزادتان دایەوە، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەن پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە وەڵامەكە، لەبەرئەوەی كە هەر یاسایەك، پڕۆژە یاسای پەیڕەوی ناوخۆ نەچوبووە ناو گفتوگۆوە دواخرا، بەڵام یاسای چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، چەند ماددەیەك گفتوگۆی لەسەر كراوە، كەواتە ناكرێت بپچڕێت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە من پشتگیری لە سەرنجەكەی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو هۆكارەی كە بووە هۆی دواخستنی ئەو پڕۆژە یاسایە تا ئێستا لە جێی خۆیەتی، بڕیار بوو پێداچوونەوە بە سزاكاندا بكرێ و، دوای ئەوەی پێداچوونەوە بە سزاكاندا بكرێ لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندارەكان، ئەو كات پڕۆژەكە بهێنرێتەوە بخرێتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان، بۆ دەنگدان و بۆ گفتوگۆكردن، تا ئێستا نەكراوە، هەر كاتێك تەواو بوو بە دڵنیاییەوە دەهێنینەوە بەرنامەی كار، فەرموو د. سیراج،

**بەڕێز د. سیراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی ئەمرۆ گوێم لێ دەبێ باسی دەنگۆی ڕێگری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكرێ كە گوایە خەریكن پەرلەمان پەك بخەن، بەڕاستی من وای نابینم و، بەشتێكی جەواشەكاری دەبینم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزت بۆت نییە ئیتهامێكی هیچ ئەندامێكی پەرلەمان بكەی، دەتوانی رای خۆت دەر ببڕی، فەرموو د. سیراج،

**بەڕێز د. سیراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمرۆ كە بەڕێز وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی لە سەعات (9/5) تاكو سەعات (11) لە لیژنەی ئەوقاف بووە، زۆر بابەتی گرنگ بابەتی هەنوكەیی باسمان لێوە كرد، كەواتە ئەو شتانەی كەوا باس دەكرێتن من بەڕاستی نابینم، ئەمڕۆ كە هەندێك لە ئەندامان باسی ئەوەیان كرد، ئەمڕۆ كاتی ئەوەیە باسی خەمی خەڵك بكرێ، دەبێ پەرلەمان گەرمەی باسی ئیشەكانی خەڵك بكات، گەرم و گوڕی پێوە دیار بیتن، باسی هەندێك بابەت نەكرێتن كە جەنابت ئیشارەتت پێدا كە شتی وا نەبووە، كەواتە ئێمە ئەمڕۆ باسی شتی هێور بوونەوە بكەین، نەك ئێمە تۆمەت بۆ خەڵك بپۆشینەوە و زیاد بكەین، ئەمڕۆ (فشهد شاهداً من أهلها) وەزیری ئەوقاف ئەمڕۆ لای خۆمان بووە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێركۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی صندوقی کوردستان کرا، بۆ داهاتە نەوت و گازیەکان لە (8/10) کە دوایین مۆڵەت بوو، بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران ناوی پاڵێوراوەکان بنێرێ لە (8/11) ئێمە نووسراوی فەرمیمان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردووە، ئاگادارمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی کە لە (8/11)ەوە ئیتر ئەم یاسایە جێبەجێ ناکرێ، ئەمە پێشلکاری یاسایە، تکایە بۆ ئەوەی جەنابتان ئەم ڕێکارە یاساییانەی کە پێویستە بگرنەبەر، لەبەرئەوە هیوادارین کە جەنابتان لە سەرۆکایەتی ئەو ڕێکارانەی کە پێویستە بیگرنەبەر، سەبارەت بە بانگهێشت کردن و، بەندە وەکو یەکێك لەو پەرلەمانتارانەی کە بە شەخصی بانگهێشتی پرساندنم کردووە بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان حەفتەیەك تێپەڕیوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لەو بەروارەی کە بەندە بۆ جەنابتانی ناردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەرواری پێش منیش (کاك سۆران عمر)یش وەکو شەخصی داوای کردبوو حەفتە بەسەر داواکاریەکەی ئەویش تێپەڕیووە، لەبەرئەوە ئەو نووسراوەی جەنابتان ناردووتانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران پێم وایە ئەویش هەر حەفتەی بەسەردا تێپەڕیوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، تەنها بۆ ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆ لە وێدا تەجاوز کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر وەکو لەگەڵ بەڕێزیشتاندا قسەمان کردووە لە سەر ئەو بابەتە ئەوە لە سەر ئەوە وەستا بووین کە ئیستجوابە جەماعیەکە پرساندنە جەماعیەکە بنێرین بۆ حکومەت یان نا؟ و دوایی پرسی پرساندنی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەبەرئەوەی لە یەك کەس تێپەڕیوە، هەمووی لەیەك دانیشتنی پەرلەماندا تەرح بکرێ بۆ ئەوەی بەیەك دانیشتنی پەرلەمان ئەو بابەتە بەڕێوە ببەین، بەڕێزان ئێستا دەچینە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)می یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، داوا لە سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوەخۆ دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەست پێکردن بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە پڕۆژەی پەیڕەوەکە، وێڕای دەست خۆشیمان بۆ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیان ئامادە کردۆتەوە، دەمەوێ چەند سەرنج و تێبینیەك بخەمە ڕوو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاتی پەیڕەو هەندێك پێشنیاریان ئامادەکردووە بۆ چۆنیەتی وتو وێژکردن لە سەر پەیڕەو پێش ئەوەی وتو وێژ لە سەر بڕگە و ماددەکانی پەیڕەو بکەین ئەو پێشنیارانە دەخوێننەوە، و گفتوگۆی لە سەر دەکرێ، و دەنگیان لە سەر دەدەین، و ئەو کات دەچینە ناو گفتوگۆکردنی ماددە و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبەت دەبێ ئەوەش باس بکەین کە ئەو

لیژنەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کاریان لە سەر پەیڕەوەکە کردووە، و نوێنەرایەتی سەرجەم فراکسیۆنەکان تا رادەیەکی زۆر رەچاو کراوە لە لیژنەکە، بۆیە داوا دەکەین لەو خاڵانەی کە پێچەوانە نین لەگەڵ هیچ یاسایەکی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی کەمتری لە سەر بکرێ، چونکە نوێنەرایەتی ئێوە لە فراکسیۆنەکان بەشدار بوون لە گفتوگۆکردنی پەیڕەوەکە، و ئەو رێکەوتنانەی کە لەوێدا کراوە لەبەرچاو بگیرێ،ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەین کە بفەرموویت بۆ ئەو پێشنیارانەی کە ئامادەیان کردووە، فەرموو بەهار خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بابەتێك کە بۆ گفتوگۆ و قسەکردن بێت، دەبێت دوو رۆژ پێش ئەوە بخرێتە بۆکسەکانمان، ئەمە خۆی بۆ خۆی ئەم خاڵانەی کە لیژنەی کاتی دیاریان کردووە، پێچەوانەی پەیڕەوە، چونکە هەر پرۆژە یاسایەك بەپێی پەیڕەوی پێشوو گفتوگۆ دەکرێ ئەم خاڵانەی خستویانەتە روو دەتوانم بڵێم پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە میکانزمی نەیان خستۆتە روو، بەڵام مادام دەخرێتە دەنگدان و یاسایی دەکرێت، قسەکەی من ئەوەیە کە دەبێت هەر بابەتێك دەخرێتە گفتوگۆوە دەبێت دوو رۆژ پێش ئەوە بخرێتە بۆکسەکانمان، ئەمە پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەمە لەبەردەممان دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەم پێشنیارانە پێم وابێت لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش کە سەبارەت بە پەیڕەو ئەنجاماندا، ئەو پێشنیارانە خوێندرانەوە لەلایەن لیژنەکەوە، و لەو کاتەوە ئەندامانی پەرلەمان زانیاریان هەیە لە سەر ئەو پێشنیارانە، بەڵام با خۆشیان وەڵام دەنەوە پێشنیارەکان بخوێننەوە، تکایە وەڵامی ئەو نوقتە نیزامیەش بدەنەوە؟ فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو کۆبوونەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆ خرایە بەرنامەی کار، بە تێرو تەسەلی باسی قۆناغەکانی دەستپێکردن بە نووسینەوەی ئەو پەیڕەوەمان کرد کە ئێستا لەبەر دەستی ئێوەیە لە (149) مادە و (12) بەش پێکهاتووە، و ئەو کاتیش لە ناو ئەو وەرەقەیەی خستمانە بەردەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان چەند پێشنیازێکمان خستە روو بۆ کار ئاسانی بۆ ئەوەی بتوانین بە کاتێکی زوو ئەو پەیڕەوە تەواو بکەین، و تەنها ئەوەی کە لەبەر دەستتان دایە، تەبعەن جارێ پێش هەموو شتێك قابیلە بۆ ئەوەی بیگۆڕین، و هیچ بڕیاری لە سەر نەدرایە، هەرچەندە لە کۆبوونەوەی دوێنێ لە فراکسیۆنەکان لەگەڵ جەنابتان و سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، لەوێش خرایە روو، ئەو خاڵانە پەسند کرا، بەڵام دیسان دوا بڕیار بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانە، ئەوەی ئێستا دەنگی لەسەر دەدەینی و دیخوێنینەوە و تەسویتی ئەکەین وەکو میکانیزمی گفتوگۆ کردنە، تەنیا لەسەر ئەو پەیڕەوە نە یاسایە و نە شتێکی ترە،

ئاسانی بكەین بۆ ئەوەی ئەو (149) ماددەیە لە كاتێكی زۆر كەم و زوو پەسند بكرێ، و ئەگەر بە بیریشتان بێ زۆرجار كاتێ كە ماددەیەكی پەیڕەوی ناوخۆ ویستوومانە تەعدیلی بكەین هەر لە ناو هۆڵی پەرلەمان خستوومانەتە دەنگدان و هەر لەو جەلسەیەش پەسند كرایە، جونكە بە پێی ماددەی (94) لە پەیڕەوی ناوخۆ جیاوازە لەوەی كە یاسایەكی تەبیعی تەعدیل ئەكەی و پێشكەش ئەكرێ، ماددەی (94) هەر خۆی لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەگەر بیخوێنینەوە ئەتوانین تەعدیلی بكەین لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە ماددەی (94) دا هاتووە ( ئەكرێ حوكمەكانی ئەو پەیڕەوە هەموو یان هەندێكی لەسەر پێشنیازی سەرۆك یان (10) ئەندام بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادە بووان هەموار بكرێ، ئەگەر ناوی هەمواری پەیڕەوویشی لێ بنێی هەر ئەتوانی ئێستا بیكەی، ئەگەر ناوی ئاسانكاری و میكانیزمی پەسند كردنی پەیڕەوویشی لێ بنێی هەر ئەتوانی ئیستا بیكەی، ئەوەی ئێمە كردوومانە پێویستمان بە هاوكاری ئێوەیە، لەبەر خاتری ئێوەیە بتوانین بە كەمترین ماوە وەكو ئەوە پێشتریش بەرێز عومەر عینایەت باسی كرد كە ئێمە ئەڵێین دوو خولەك پێشتریش كە سێ خولەكمان دیاری كرد لە پەیڕەو نەهاتیە سێ خولەك، سێ خولەكمان دانا بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر قانونەكان بكرێ، هەر لێرە بە دەنگدان بڕیاریمان لەسەر دا، هەر بە دەنگدانی با لە پەیڕەوویش نەهاتبی ئەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین، دوو خولەكتان بێ كەمە، بیكەنە سێ خولەكە، هەر پێتان كەمە، بیكەنە كراوە، بەلاَم ئەوەتان لە بیر نەجێ ئەو پەیڕەوە لەوانەیە بە سێ مانگیش تەواو نەبێ، بۆیە تەحدید كردنی كات لە سالحی هەموو لایەكە، و دانانی ئەو میكانیزمانە تەنیا بۆ كارئاسانیە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ئەوانەی كە لە دواوە دانیشتوون پێم وابێ لە پێشەوە جێگا هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بەشداری لە گفتوگۆكان بكەن، بێنە پێشەوە، لێرە جێگا هەیە، لە فراكسیۆنەكان جێگا هەیە، ئەتوانن بێنە پێشەوە، كاك شێخ ئێوەش ئەتوانن، كاك بابیر نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز بابیر كاملا:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك دكتۆر فرسەت سەرنجم لەسەری هەیە، هەم دوێنێ لە كۆبوونەوەی فراكسیۆنەكان پەسندمان نەكرد، موناقەشەمان لەسەری كرد، دووەم، بڕگەی یەكەم و دووەم، ئەوە ڕاستەوخۆ هەموار كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پێشووە، چونكە یەكەم، دیاری كردنی كاتە، لەوێ دیاری نەكراوە، ئەیگۆڕی شێوازەكە، دووەم، ئەوە شێوازێكی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردن نەك دەنگدان لەسەری.....

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

با بیخوێنەوە.

**بەرێز بابیر كاملا:**

.....بۆیە من سەرنجم لەسەری هەمواره، ڕێكاری یاسایی خۆی وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شێوازی دەنگدان وەكو پەیڕەوە، ئێستاش گەشە خان ئەیخوێنێتەوە، ئەگەر پێتان باشە یەك، یەك خاڵەكان موناقەشە ئەكەین، كێ مولاحەزەی هەیە بیدەن، چاكی ئەكەین، بەلاّم ئەو پەیڕەوە بەو شێوازە ناڕوات، ئەبێ مێكانیزمێك هەبێ بزانین چۆن گفتوگۆی لەسەر ئەكەین، بۆیە شێوازی دەنگدان وەكو پەیڕەوی خۆمان لێكردووە، هیچ فەرقی نیە، ئەوەی تر تەنیا بۆ كار ئاسانیە، ئێستا داوا لە بەڕێز گەشە خان بڕیاردەری لیژنەی كاتی ئەكەین بیخوێنێتەوە، دواتر پێم باشە مولاحەزاتان لەسەر چ ماددەیەك هەبوو وەری ئەگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو گەشە.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

میكانیزمی گفتوگۆ كردن و پەسند كردنی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

1 -هەر ئەندامێكی پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك یەكجار قسە بكات و دەبێت لە ماوەی دوو خولەك قسەكانی تەواو بكات.

2- پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بەش بەش دەخوێندرێتەوە، ئینجا ماددە بە ماددەی ئەو بەشەی بەپێی ریزبەندی ماددەكان دەخرێتە گفتوگۆ، لە دوای تەواو بوونی گفتوگۆ لەسەر ماددەكانی هەر بەشێك، ئینجا ماددە بە ماددە دەخرێتە دەنگدان، كامە ڕا زۆرینەی دەنگی بە پەسند كراو دادەنرێ.

3- هەر رایەك بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان دەبێ بەلایەنی كەم لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بكرێت.

4- هەموو پەیڕەوی ناوخۆی نوێ بە یەكەوە دەكەوێتە بواری جێ بەجێ كردن و دوای ئەوەی هەموو پەیڕەو دەخرێتە دەنگدان، ئینجا بە پەسند كراو هەژمار دەكرێت.

5- ئەو پۆلێن كردنەی لە پڕۆژەی پەیڕەوی نوێ كراوە بۆ ماددەو بەشەكانی ئەم پەیڕەوە دەكرێت لە دوای تەواو بوونی گفتوگۆ لەسەری لیژنەی پەیڕەو ریزبەندی بەش و ماددەكان دابڕێژرێتەوە.

6- میكانیزمی وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی لە كاتی گفتوگۆ كردنی ئەم پڕۆژەیە تەنها لەو حاڵەتانەی خوارەوە دەبێت.

أ/ ئەگەر پێشێلی یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی دەستوور یان یاسا بەركارەكان یان یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی پەیڕەوی ناوخۆی بەركار كرا لەگەڵ ئاماژەكردنی بە ماددەكە.

ب/ ئەگەر گفتوگۆكان لە بابەتی دانیشتنەكە دەرچوون.

ج/ داواكردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر بابەتێكی دی یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی كار.

د/ ئەگەر هەر ئەندامێك داوای ئاخاوتنی كرد لەڕێگەی خاڵی پەیڕەوی بەڵام ئاخاوتنی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆكی پەرلەمان دەتوانێت ئاخاوتنی پێ ببڕێت و لە كاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێكی تری نەداتێ بۆ ئاخاوتن لەڕێگەی خاڵی پەیڕەو.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئیستا دەرگای گفتوگۆ ئەكەینەوە سەبارەت بەو پێشنیازەی لیژنەی كاتی ئامادەیان كردووە، دوایی دەنگدانی لەسەر ئەكەین، فەرموو كاك ئەبو بەكر.

**بەڕێز ابو بكر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر بڕگەی (ا) ی خاڵی شەشەم هەیە، مەبەست لە دەستوور چیە؟ نا شوكری نەبێ كە ئێمە دەستوورمان هەیە؟ مەبەست لە دەستووری عێراقە؟ دەستووری كێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتو بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو ئعتیبارەی كە پەیڕەوی ناوخۆ هێناویەتی و كاروباری ئەو پەرلەمانە ڕێك ئەخات، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێم وایە خاڵی یەكەم قسە كردن دوو خولەك، دوو خولەك جاری وا هەیە هەر گەرم نابی بۆ قسە كردن، بۆیە بە كەمی ئەزانم، لە خاڵی دووەم هەر لە ڕوانگەی ئەو گرنگیەی پەیڕەوی ناوخۆ هەیەتی ڕای زۆرینەی دەنگی هێنا، لە خاڵی دووەم كە باس كراوە، پێم باشە دوو لەسەر سێ بێ نەك ڕای زۆرینە، بۆ ئەوەی كە ئەو ماددانە وەكو باسم كرد پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەبێ كۆدەنگی زۆر زیاتری لەسەر بێ نەك زۆرینە، سەبارەت بەو تێبینیەی بەڕێز مامۆستا هەڵەدنی خستییە ڕوون بەهەمان شێوە من سەرنجم هەیە، مەبەست لەو دەستوورەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك، دوو خولەك دژی پەیڕەوی ناوخۆیە، لەگەڵی نیم، دوا ئەكەم یان كراوە بێ، یان بەلای كەمەوە هەر ئەندامێك بۆی هەبێ سێ دەقە قسە بكات، بڕگەی دوو، پرۆژەكە بەش بەش ئەخوێندرێتەوە ئینجا

مادده به ماددەی به ڕیزبەندی ناوخۆ ئەکرێت، ناکرێ بەش بەش دەنگی لەسەر بدرێ، داوا ئەکەم بڕگە به بڕگە دەنگی لەسەر بدرێ، له بڕگەی سێ، هەر ڕایەك بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان ئەبێ به لای کەم لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بکرێ، ئەوەش دژی پەیڕەوی ناوخۆیە، شتی وا نیە، هەر کەسێك ڕەئیەکی هەبوو ئەگەر مەعقول بوو پێویستە به هەند وەرگیرێ، شەشەم، (ج) داوا کردن بۆ دواخستنی بابەتێك و بڕیاردان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتێکی تر لێرەوە ئەوە به پەسند ئەزانم، پێم باشە ئێمە پێش ئەوەی، له ناو برادەرانی ئامادە کردنی پەیڕەو باسی ئەوەیان کردبایە ئەگەر بابەتێکی گرنگ هاتە کایەوە ئێمە بتوانین بۆ نموونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و حیزبەکان ئەگەر ڕێکەوتن جارێکی تر بێتەوە ناو پەرلەمان و ناکرێ ئەوە دوابخرێ، میکانیزمێك بدۆزینەوە و بتوانین ئەو پەیڕەوە ڕابگرین بۆ ئەو بابەتە و بابەتی تر، بتوانین ڕێگەیان بکەینەوە و بیانهێنینە ناو کاری پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو خاڵەی کاك عومەر ئەکەم بۆ بڕگەیەك، له کاتێکدا ویستمان ئەو پەیڕەوە ڕابگرین، و لەسەر کۆی ئەو چەند خاڵەش کە هاوڕێیانی لیژنەی ئامادە کردنی پەیڕەو کردوویانە هەمووی به زیادە ئەزانم، چونکە بەشێکی زۆری له کۆنەکە هەیە، مەسەلەی نوقتەی نیزامییە، قسە کردنی ئەندام، بۆیە به داوای لێبوردنەوە هەمووی زیادەیە، بەس ئەو خاڵەی کاك عومەر گرنگە کە له کاتێك ئێمە ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و ئابووریانە ئەگەر بابەتێکی گرنگ هاتە پێشەوە پێویستە ئێمە به دەرەجەیەك بتوانین ڕەئی لەسەر وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو قسانە بەشی زۆری زیادەن، ئێمە ئیلتیزام بکەینە وجودی لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆوە ئەو ڕێوشوێنانەی دیاری کراوە پەرلەمان ئیلتیزامی پێوە بکات، مەسەلەیەکی گرنگە، هەر بابەتێکیش گرنگ بو هاتە پەرلەمانی کوردستان ئەو کاتە بەپێی ماددەی (54) بڕگەی یەکەم فەقەرەی یەکەم عیلاجی ئەو مەسەلەیەی کردووە، سەرۆکایەتی ئەتوانێ پێش و پاشی بەرنامەی کار بکات، یان بیخاتە دەست پەرلەمانتاران، به زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرسە چارەسەر ئەبێ، بۆیە ئەو بابەتە له کەمترین وەقت و له زۆرترین تەفاسیلی داخیلی ئەو پەیڕەوە بین بۆ ئەوەی زوو تەواو ببێ، و به

دڵنیایەوە مەسەلەیەی تر و ئەرکی تریش لەبەر دەم پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام مادام ئێستا لە بەرنامەی کارە با کاری لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەیڕەو وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، پێش دەنگدان.

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کامە دەستوورە؟ ئەکرێ هەڵی بگرن، زۆر ئاساییە، بەڵام مەبەستمان دەستووری عێراقە۔ و مەبەستمان ئەو یاسایانەیە کە سروشتی دەستووریان هەیە، ئەگەر ئەشزانن زیادەیە هەڵی بگرن، هیچ کێشە نیە، ئەوەی تر دوو خولەك، ئەگەر دوو خولەك نا پەیڕەوی بێ، خۆ سێ خولەکیش نا پەیڕەوەیە، سێ خولەك لەکێ هات؟ خۆ هەر بە دەنگدان کردمان، ئەگەر پێتان باشە لە لیژنەی کاتی مانعمان نیە ببێتە سێ خولەك، سەبارەت بەوەی کە بڕگە بڕگە بیخەینە دەنگدان یان بەشێك تەواو بکەین، ئەگەر ئەوە تۆزێك ڕوون تر بکەینەوە  لەبەر چی وامان کردووە؟ مەبەست ئەوەیە ئێستا لەبەر دەستانە پەیڕەوی ناوخۆی ئامادە کراو، بەشی یەکەم هەمووی ئەخوێنینەوە، ئینجا ئەڵێین ماددەی یەکەم کێ موناقەشەی هەیە؟ موناقەشەی ئەکەین، سێ کەس تەرخان ئەبین بە داڕشتنی ڕایەکان، چەند ڕا هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەوجا نایخەینە دەنگدان، ئەچینە ماددەی دوو، دیسان موناقەشەی ئەکەین، ڕایەکان وەرئەگرین، ماددەی سێ، تا بەشی یەکەم تەواو ئەبێ، کە بەشی یەکەم تەواو بوو ئەو ڕایانە سیاغە ئەکەین و ئەڵێین ماددەی یەك سێ ڕای لەسەرە، بەس دەنگدان، هیچ موناقەشەی لەسەر نیە، ئەیخەینە دەنگدان، کامیان زۆرینەی هێنا ئەوانەی تر سوقت ئەکەن، دەنگدانەکەش وەکو ئێستایەن چۆن لە قۆناغی ڕابردوو کردوومانە دوو ساڵە بەو شێوەیە دەنگ ئەدرێ، ئەوەش لە پێناوی کارئاسانی، بۆ ئەوەی بتوانین سیاغەی ڕایەکان بکەینەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەنگدان زۆترین ئەندام لێرە بن، ئیتر مەشغولی ئەوە نەبین نیساب تەواوە، نیساب تەواو نییە، بۆ ئەوەی کێشەش لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لێرە کۆبببینەوە نەمێنێ هەمووومان کاتی دەنگدان مەشغول بین بە دەنگدان و موناقەشە نەکرێ، بۆیە پێمان باشە، یارمەتی دەرە بۆ ئێمە وەکو لیژنە، یارمەتی دەرە بۆ ئێوەش بۆ ئەوەی ڕایەکانتان بزر نەبێ، بە باشی سیاغەی بکەینەوە، لە ناو پەیڕەوی داهاتووش کە انشاالله ئەگەر دەنگتان لەسەر دا هەمان ئەو شێوازەمان داناوە، مادام بە دەنگدانیشە هیچ موخالەفەی پەیڕەو نیە، حالەتێکی ئاساییە، ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد ئەگەر بابەتێك هاتە پێش، دوێنێ لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەیڕەو باسمان کرد، لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان باسمان کرد، هیچ ڕێگریەك نیە، بە پێی ماددەی شەش ئەتوانن داوای کۆبوونەوە بکەن، پێشتر سابیقە هەبووە، پێمان وایە پێش وەختە، هەر وەکو لە فەسلی تەشریعی پێشووش ئەو قسەمان کرد، ئێستاش دووبارەی ئەکەینەوە، با بڕیاری پێش وەختە نەدەین، ئەگەر بابەتێکی گرنگ هات کۆمەڵێك ڕێگەی پەیڕەو و ڕێگەی قانونیش هەیە کە ئەتوانن ئەو بابەتە گرنگە گفتوگۆ بکەن، هیچ بەربەرستێکیش

نیە، سەبارەت بەوەش لە ڕووی ڕەقابیشەوە ئەگەر تێڕوانینێکی ئاوا هەبێ ئەگەر پەیڕەو هاتە بەرکار و ناو بەرنامە پەرلەمان جەستی ئەوەستێ لە ئالیەتی ڕەقابەی خۆی، ڕاست نیە، لیژنەکان ئەتوانین کاری خۆیان بکەن، پەرلەمان ئەتوانێ کاری خۆی بکات، خۆ پەرلەمانی کوردستان تەنیا پەیڕەو ئیشی نابێ، هەموو ئیشەکانی تر ئەڕۆن، بۆیە نابێ ئەو نیگەرانییە درووست بکەین کە پەیڕەو هاتە بەرنامەی کار ئالیەتی کاری پەرلەمان رائەوەستێ، ئەوە یەکێکیە لە ئیشەکانی ئێمە لەو ماوەیە، ئەکرێ سەد ئیشی تریش بکەین، بۆیە پێم وایە ئەوەی کە بەرێزان باسیان کرد، دوو خولەك ئەکەینە سێ خولەك، ئەگەر بەرێزانی تریش ئەندامانی لیژنەش قسەی تری خۆیان هەبێ، بەلام پێم وایە ئاساییە بیکەینە سێ خولەك، ئەوەی تر کە ئایە بکرێتە دوو لەسەر سێ بۆ پەسند کردن، پێم وایە ئەوە عەمەلیەیەکی قورس ئەبێ، لەوانەیە ئەو پەیڕەوە نەڕوات بە دوو لەسەر سێ، چونکە دائیمەن پێویستمان بە دەنگێکی زۆر ئەبێ لە ناو هۆڵ، لەوانەیە ئێستا دەنگدان نەکرێ، بۆیە زۆرینەی ڕەها پێم وایە ئاساییە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ ئەو بڕگەی کاك سالاریش ئاماژەی پێدا هەندێ ئاماژەی تێدایە کە بتوانین گفتوگۆی نێوان بەندەکان پێش و پاش بکەین لە کاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەو بڕگەیە باس لەوە ئەکات کە چوار تا پێنج بەندەکانی بە گوێرەی ئەو ڕیزبەندیەی لە بەرنامەکانی کاردا هاتووە گفتوگۆیان بۆ ئەکرێ، نابێ بەندێکی نوێ گفتوگۆی بۆ بکرێ تەنیا پاش ئەوەی گفتوگۆی بەندەکانی تر بە تەواوی کۆتایی پێ هاتبێ، و ناکرێ بەندەکانی بەرنامەکە پێش و پاش بخرێ تەنیا بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووانەوە نەبێ، واتە ئەکرێ، ئێمە کێشەمان لەوە بوو بەندێك کە ڕۆیشتە گفتوگۆوە ئەتوانرێ پێش و پاش بخرێ؟ بەلام لێرە زۆر وازیح نیە، بەلام هەر ئەکرێ، لە کاتێکدا کە بەندێك لە گفتوگۆیە بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان پێش و پاش لە بەرنامەی کاردا بکرێ، فەرموو کاك عومەر.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەندی (54) چارەسەری ئەو کێشەیە ناکات کە باسمان کرد، هیوادارم لە ناو هۆڵی پەرلەمان چارەسەر بکرێ، و پەیڕەوەکە بە هیچ جۆرێك چارەسەری ئەو کێشەی نەکردوە، ئەگەر بابەتێکی نوێ هات و گرنگ بوو بە نیسبەت پەرلەمانەوە کە بیخاتە بەرنامەی کارییەوە کاتێ بابەتێکی تر لەبەردەمی دایە، ئەوە چارەسەر نەکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆ، بەلام ئەکرێ بە دەنگدانی ئەندامان بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکەی کاك عومەر دروستە، بەڵام دروستتر ئەوەیە لە ماددەی (54) بە نەسی سەریح هاتووە کە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانرێ ئەو بابەتە موعالەجە بکرێ، و بەپێی عورفیش لە ڕابردوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو بابەتە ئاگادارم کە پشت بەستراوە بە ماددەی (54) برگەی (5)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی هاڤاریمە دکەل بەرێز کاك عومەر عینایەتی، چونکی ئەگەر سەح کەین دەقێ وی چت بێژی؟ بێژیت تەنها پاش ئەوەی گفتوگۆی بەندی پێشووتر بە تەواوی کۆتایی پێ هاتبێ، ئەڤە وازیحە، یەعنی ئەگەر تە یاسایەك موناقەشە کردبێتن ئەو تەمام ببیتن، و حەتا خلاس نەبیتن نەشێ موناقەشە بکەیت، ناکرێ بەندەکانی بەرنامەکە پاش و پێش بکرێ تەنیا بە ڕەزامەنیە زۆرینە، بەندەکانی بەرنامە، یەعنی ئەو بەرنامە کە چەند خاڵە پێك هاتیە تەنها وێ ئەم دشێین بە دەنگی زۆرینە پاش و پێش بێخین، بەلاّم ئەم شێین پشت بەستن ب ماددە (6) بکەین، عورف بوویە ل خولێین پێشووش، وەکی نوکە مە مونتاقەشێت یاسایێکی دیار کری، ئەم نەشین دەرباز کرن، مەوزوعەکی ئانیە پێش هاتی، سەرۆکایەتی پەرلەمانی، یان ئەندامێت پەرلەمانی پێویستیا زانی جەلسە دێتە کرن، بۆ هەندێ کو دەرباز ببن ژ کو نە هیچ پێشێلیا پەیڕەوی بێتە کرن، بۆ ماددە (6) جەلسێت نا ئاساییت هاتیە ئەنجام دان، ژبەر هەندێ ئەز دبینم حەلێ تێدا هەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتو بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك بەڕێز سەرۆکی لیژنە ووتی ئەو میکانیزمەی ئامادەمان کردووە بۆ ئاسانکاریە، ئەگەر وانەبێ ئێمە ئەو پەیڕەوە ناڕوات، سەبارەت بە دوو دەقەکە ئەگەر سەرنج بدەن وتوومانە بۆ هەر ماددەیەك، یەعنی بۆ هەر ماددەیەك پێم وایە کافیە، دوو لەسەر سێش بۆ پەسند کردنی پەیڕەو ئەوە پەیڕەوەکە ئەوەستێنێ، عومومیش وایە کە ئەبێ بە زۆرینە بێ، سەبارەت بەوە ماددەی (54) بڕگەی (5) حەلی کردوە، من پشتیوانی لە قسەکەی بەڕێز عومەر عینایەت و هەر ئەوساش دەستم هەڵبڕی بۆ ئەوە، جەنابیان ئەوە وت، ئەم بڕگەی پێنجە بۆ بەرناکەی کارێکە، یەعنی ئەگەر بەرنامەکەی کاری ئەمڕۆی ئێمە بانگ کردنی وەزیرێکی تێدابوایە ئەمانتوانی پاش و پێشی بخەین، بەلاّم بۆ بەرنامەکانی کاری داهاتووی نیە، بۆیە پێم

باشه برِگەیەك زیاد بکەین لەو میکانیزمەیە، بلێین هەرکاتێ بابەتێکی گرنگ هاتە پێشەوە بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانرێ بەرنامەیەکی تر بێنە ناو، گفتوگۆ کردنی پەیرِەو بوەستێنرێ، بۆ ئەوەی هیچ ئیشکالێك هەڵنەگرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەرێز ابو بکر هەڵەدنی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رِای من دوو شت بخەینە دەنگدانەوە ئەمرِۆ، یەکیان پێم وایە دوو خولەك بۆ هەر ماددەیەك زۆرە، هەر بەرِێزێك دوو خولەك نەتوانێ سەرنجی خۆی بگەیەنێ، بە سێش نایگەیەنێ، دووەم، بابەتی ئەوەی هەر بابەتێکی گرنگ هاتە پێشەوە بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین و پەیرِەو بوەستێنین، با لە بیدایەتی دەست پێکردنی پەیرِەو ئەوە تەسبیت بکەین، ئیتر پێویست ناکات دەنگدانی بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەرێز دکتۆر فرست.

**بەرێز د.فرست صۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای رِاوێژێکی کورت لەگەڵ ئەندامانی لیژنە و بەرێزتان و گەیشتینە ئەوەی کە ئەو وەرەقەی لەبەر دەستتان دایە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە، سەیری خاڵی پەیرِەوی بکەن ئەوەی تێدایە، ئەگەر سەیری ماددەی شەش بکەن لە پەیرِەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی شەش ئەڵێ سەرۆکی پەرلەمان یان یەك لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکەن لە دانیشتنێکی نائاسایی، و کۆبوونەوەکەش کورت ئەکرێتەوە لەسەر تێرِوانینی ئەو بابەتانەی لەسەر بانگهێشتەکە دیاری کراوە، ئەوەش زۆر بە رِەهایی باس کراوە، ئەمرِۆ چوارشەممەیە کۆبوونەوەمان هەیە، ئەکرێ سبەینی کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی داوا بکرێ، هیچ مانیع نیە، هەتا خودی ئەو وەرەقەش کە لەبەر دەستی جەنابتانە ئەگەر بخوێننەوە لەوێ بە خاڵی پێرِەوی رێگە دراوە کە داوای دواخستنی بابەت بکرێت، بۆیە رێککەوتین کە ئەم وەرەقەیە لەسەر ئەم بابەتە حەلی کێشەی کردووە هیوادارین دەنگی لەسەر بدەن.

**بەرِێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بخوێنەوە د. فرست ئەم برِگەیە،

**بەرِێز فرست صۆفی علی:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ج، داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و برِیاردان لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتێکی تر یان ئالوگۆرِ لە بابەتێکی تر.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە داوا بكات بە نوقتەی نیزامی، كەواتە ئەم پرسە بە دڵنیایی لە پەرلەمانی كوردستان بە دەنگدان یەكلا دەكرێتەوە، بۆیە كێشە لەم بابەتە نییە و ماددەی شەش موتلەقە، لە كاتی فەسلی تەشریعی یان لە دەرەوەی فەسلی تەشریعی سەرۆكی پەرلەمان یان یەك لەسەر سێی ئەندامان، چونكە ئەمە تەعدیل كراوە لە یاسای هەڵبژاردن پەرلەمانی كوردستان كراوە بە یەك لەسەر سێ یان یەك لەسەر چوار كۆنترە لە پەرلەمانی كوردستان تەعدیلەكەی كە ئەمە تەعدیل كراوە كە تەعدیلە كۆنەكەی سەرۆكی پەرلەمان و یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای كۆبوونەوەی نائاسایی بكەن بۆ هەر بابەتێك كە لە داواكارییەكەیان ئاماژە پێكراوە كاك عینایەت فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەم بەڕێزانە نووسیویانە مەبەست ئەو بابەتانەی ناو پێڕەوە، ئەگەر بنووسرێت دواخستنی بەرنامەی كار.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نە، ئالوگۆر لە بەرنامەی كار، ئالۆگۆڕ لە بەرنامەی كار كە موناقشە بوو بەرنامەی تر هەیە كە پەیڕەو دوادەخرێت و بەرنامەكانی تری پەیڕەوی كار پێش دەخرێت, وا نییە؟ كاك ڤەمان فەرموو،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرەدا هاتووە ئەو مافە بە پەرلەمانتار دەدات كە داوا بكات، بەڵام كێشەی ئەوە دورست دەبێت كە پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی بەركارە كە رێگە نادات بەرنامەیەكە تر بێت، ئێمە ژمارەی ئاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوا بكەین بابەتێك بێتە ناو بەرنامەی كار ئەوكاتە پێڕەوی بەركار رێگامان پێنادات كە ئەوە عیلاجی ئەو كێشەیە ناكات كە كاك عمر باسی كرد.سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارانەی ئێوە دەبێت بۆ تەعدیلی ماددەی 94 كە باس لە هەمواری پێڕەوی ناوخۆ دەكات، بۆ چۆنیەتی هەمواری پێڕەو، كە برگەی تر تەعدیل دەكەی بۆ نموونە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمان گفتوگۆ كردن بۆ پرۆژە یاسا مادده بە مادده دەبێت و مادەیەك دەنگی لەسەر دەدرێت و ئێنجا دەچێتە ماددەیەكی تر، ئێستا ئیوە تەعیدل دەكەن بەشێك موناقەشە دەكرێت و ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەسەر ماددەكە هەن دەنووسرێنەوە،دوایی وەكو خوێندنەوەی سێیەم دەنگدانی بۆ دەكرێت، تۆ تەعدیلی پێڕەو دەكەی و ئەو بابەتەی لە نوقتەی نیزامی هاتووە تەعیدل بێت بۆ ئەم بابەتە و دەنگی لەسەر بدرێت. كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان لەو قسەیەی بەڕێزت تووشی ئیشکال دەبین لە خاڵی چوار، ئەو میکانیزمە پەیڕەوی بەرکاری ئێستا تەعیدل ناکات و تووشی ئیشکال دەبین ئەگەر شتێك شوێنی پێڕەوە کۆنەکە بگرێت پێڕەوی ئێستا بەرکارە خاڵی چوار دەڵێت هەموو پێڕەوی ناوخۆ بە یەکەوە دەکەوێتە بواری جێ بە جێ کردن و تعدیلی ماددەکە ناکات و دیسان ئەو کێشەیە دروست دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشوو لەسەر شێوازی دانیشتنەکانی پەرلەمان گفتوگۆیەکی کراوە کردومانە بە سێ خولەك، کە تەعدیلی پێڕەوی نەکردووە و ماددەکانی پێڕەو هەموو بەرکارە ومیکانیزمەکانی گفتوگۆ بەو شێوەیە دەبێت کە ئێوە پێشنیارتان کردووە دەخرێتە دەنگ و دەبێتە بەرنامەی کاری شێوازی گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، کاك باپیر فەرموو،

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەم لە پێڕەو هاتووە ماددەی 24 و چ پێویستی بەم وەرەقەیە هەیە؟ جگە لە سێ خولەکە نەبێت، کەواتە پێویستی پێ نییە جگە لە سێ خولەکە بدەنە دەنگدان مادەم چ پێویستە ئەم پێڕەو نییە، جەنابتان جارێك دڵێن هەیە و برادەران دەڵێن ڕەفزی دەکەین و تەناقوزات زۆر هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە بیە خالەکا خیلافی و زیاتر ل سێ ئەندام پەرلەمانا داخاز کر کو خالەکا ئاشکرایی بێتە بەحس کرن کو پەرلەمانی بۆی هەبیت هەر بابەتەکێ بێنتە پێش، چونکی قەناعەتا من ماددا شەشێ کۆبوونەوی نائاسایی جەنابێ تە بەحسێ موتلەقی کر، چونکی ئەڤە ماددا پێنجێ ئەگەر بەحس کەین بەحسێ خولێت پەرلەمانی دکەت حالتێت ئاسایی و مادێ شەشە بۆ حالەتێت نەئاسایی بو غەیری فەسلی تەشریعی، بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، ماددێ پێنج دبێژیت پەرلەمان لە سالێکدا دوو خول دەکات و دواتر باسی نائاسایی دەکات بۆ ئەوەی تەفسیری جیاواز نەبێت کە زیاتر لە سێ ئەندام بهێتە دەنگدان کە خالی جیازوا باس بکەین بیننە پێش بۆ ئەوەی پەسەند بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێدایە کە ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت داوا بکات پێشوو پاش لە بەرنامەی کاردا بکات و ئەمە دەخرێتە دەنگدان د. ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش لە ژێر بابی کۆبوونەوەی پەرلەمان هاتووە و کۆبونەوەی پەرلەمان نەی وتووە و نەخراوەتە ژێر دەروازەیەك کە ناوی پشووی پەرلەمان بێت یان نێوان دوو خولی تەشریعی بێت بە موتلەقی ماددەی 6 لە ژێر بابی کۆبوونەوەی پەرلەمان هاتووە ، ئەوەی ئێستا دەیکەین کۆبوونەوەی ئاساییە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆ و کە ئێستا لەبەر دەستمانە و بەرکارە ناتوانین بەرنامەی کار بە زۆرینە بگۆڕین، بەڵام ئەسل ئەوەیە بابەتێك کە چووینە ناو گفتوگۆکردنی بڕینی نییە، ئیستیسنا ئەوەیە کە بیبڕین و بچینە بابەتێکی تر کە لە پێڕەودا نییە، دەنگدان لەسەر ئەو ئیستیسنایە تەعیدیلێکی موئەقەتی ئەو پێڕەوەیە کە ئێستا ئیشی دەکەین تکایە مادەیەکی سەریح لە قانونەکەدا هەیە کە ڕێگا بە جەنابت و یەك لە سەر سێ ئەندام دەدات، بۆ ئەوەی تووشی دەنگدان و ئیستیسنا نەبین ئێمە دەتوانین لە ناو کۆبونەوە ئاساییەکانی پەرلەمان کە وەرزی تەشریعی اعتیادییە بابەتێك بێت لە جیاتی دەنگ لەسەر ئیستیسنا بدەین و تەعن بۆ خۆمان دروست بکەین کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەین لەسەر ئەم بابەتە، ئەم بابەتانە چین؟ یان کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمە یان ئەو بابەتە عامیانەی کە ئێستا پەیوەندی بە ژیانی خەڵکە، ئەگەر دڵی وەزیرەکان رازی بوو بێنە پەرلەمان کوردستان لەبەر ئەمە ئەم جەدەلە ئێمە وەك ئەندام با قسە بکەم، ئەو احساسە لای ئێمە دروست مەکەن کە ئیشەکەی ئێمە هەرزان فروشە و ئەگەر پێڕەو بگۆڕێت وەزیر ناتوانێت بلێت ناهێمە پەرلەمان و میکانیزمی تەفعیل کردن کاری پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازی لە بواری چاودێری لە دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن لە لایەن پەرلەمان، من دڵنیام ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەی خوێندوتەوە لە ناویدا هەیە ئەگەر وەزیرێك نەهاتە بۆ پەرلەمان چیە؟ بەڵام لە پێڕەوەکەی تردا نییە، بۆیە تکا دەکەم ئێمە با دەست بە موناقشە بکەین و دەنگ لەسەر ئەو بابەتە بدەین و ساغی بکەین و ئەندام پەرلەمان بزانێت کامە ئیستینایە و تعدیلی پێڕەوە؟ ئێمە دەنگمان لەسەر سێ دەقیقە داوە کەواتە پێویست ناکات دەنگ بدەین ئەگەر بە دوو دەقیقە رازی نین، ئەمە لادەین. نوقتەی نیزامی هەیە پێویست ناکات دوو مەسەلە گرنگە ئەوەی هەموو پێکەوە ناخوێنریت و بەش بەش دەخوێنرێت و بیرۆکەی سێیەم دروست دەبێت ئەندامی پەرلەمان دەبێت بزانێت بیرۆکەی خوێندنەوەی سێیەم لە موناقەشەی ئەم پێڕەوە دروستە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی د. ڕێواز گوتی پشتگیری دەکەم, ڕێك قسەکانی ئێمەیە, ئەو میکانیزمە تایبەتە تەنیا بۆ موناقەشەی پێڕەوی ناوخۆی ئێستا, تەنیا ئەو رۆژە بە کەلکمان دێت کە دێین باسی پێڕەوی ناوخۆ دەکەین, سەبارەت

بەوەی زیاد لە لزوم ئەگەر بابەتی گرنگ هاتە پێش گەورە کرا بابەتەکە, هەروەك لە خولی تەشریعی پێشو نەمانتوانی ئەم پێڕەوە تەواو بکەین تەنیا لەبەر ئەم خاڵە, ئەگەرنا ئێستا ببوینـە خـاوەنی پێـڕەوی نـوێ، تکایە با چیتر نەکرێتە قوربانی بابەتی گرنگ، ئەگەر پێتان باشە ماددەی 6 وازحە و ڕێگـر نییـە، مـاددە و خـاڵی تـر زیـاد دەکـەین و بڕیارمـان داوە سـەرەتایەکی نـوێ دەسـت پێبکـەین و هاوکـار بـین و پرسـە سەرەکییەکان بەیەکەوە تاوتوێ بکەین، پێتان باشە ماددەیەك لە ناو ئەو میکانتیزمە ئاماژە پێبـدەین هـەر بابەتی گرنگ هاتە پێش بە ڕێکەوتنی فراکسیۆنەکان دەکرێت پێڕەوی ناوخۆ قەتع بکرێت با زیاد گـەورەی نەکەین و دەست بکەین بە پەسەند کردنی خاڵەکانی ئەم میکانیزمە، مادەم بڕیارمانداوە بەیەکەوە تاوتوێ بکەین ئێستا کۆبونەوەی چوار قۆڵی و پێنج قۆڵی هەیە خەریکن لەیەکەوە نێزیك دەبـن، مـادەم وایـە هـەر پرسێك بێتە پێش بەیەکەوە دەکەین و بڕیارمان نەداوە پەرلەمان بە دابەشبون ببەین، بۆیە بە تەسـەوری من حەجمی ئـەو شـتە ئەوەنـدە نییـە کـە چـەندەها جـار موناقشـە دەکـەین خـۆ نامـان خـوات، هاتـە پـێش رایدەگرین، بابەتێك گرنگە تاوتوێ دەکەین و دەچینە سەر پێڕەوی خۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هەست دەکەم ئەم گفتوگۆیە درێژەی کێشا پێویست ناکات و پێم وابێت هەم ماددەی 6 موعالەجـەی کردوە و بڕگەی ج لە خاڵی 6 موعالەجەی کردووە کە دەڵێت ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە نوقتەی نیزامی بگرێت و خـاڵی پێـڕەوی بگرێـت بـۆ داوا کـردن لـە دواخسـتنی بابـەتێك یـان بڕیـاردان لەسـەر گفتوگـۆ و ئالوگۆڕکردنی بەرنامـەی کـار کـە مـادەم ئەنـدام بـۆی هـەبێت داوای ئەمـە بکـات کـە ئێستا دەنگـی لەسـەر دەدەین کەواتە هیچ ئیشکالێك بۆ ئەمە نییە پێویست بـە ئیزافـەکردنی بڕگـەی تـر نـەبێت, بـەهار خـان و کاك رابون دوا نوقتەی نیزامنی فەرموون

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك ئاراستەی بەرێزت و لیژنەی کاتی کە ئـەو میکانیزمـە لـە روانگـەی کـە کـات کوشـتنە لـە جیـاتی پێڕەوی ناوخۆمان گفتوگۆ بکردایە بەمەوە خەریکین، پرسیارەکە من ئەوەیە تا ئێستا ئـەم چـەند خولـەی تەشریعی کە هێناومانە هەموو پرۆژە بڕیار و یاساکان بە پێڕەوی ناوخۆی بەرکرار ئیشمان لەسەر کـردووە ئەوە خێرە ئێمە پێڕەوی ناوخۆ چارەسەر دەکەین کە خـۆی هـەموو کێشـەکان چارەسـەر دەکـات و لـە کـاتی ئـەودا میکانیزمـەکان دیـاری دەکـەین، بۆچـی بـە بەرکارەکـە ئـیش ناکـەین؟ کـە خـۆی هـەموو کێشـە کـان چارەسەر دەکات لە دوای گفتوگۆی ئەم یاسایە چارەسەری هەموو ئەو کێشانە دەکات کە بۆمان دروست بووە لە کاتی چارەسەری میکانیزمی نـوێ و ئیستیسـنا دەهێنینیـە کـارەوە لـە کاتێکـدا بـۆ هـەموو پـرۆژە یاسـا و بڕیارەکان کە پێڕەوی ناوخۆی بەرکار بەرقەرارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وا بزانم وەڵامت وەرگرت پێشتر، پەیوەندی بەمەوە هەیە كە پێرشەوی ناوخۆ 149 ماددەیە بۆ ئاسانكاری لەسەر گفتوگۆكردن پێڕەوی ناوخۆ و بۆ ئەوەی هەر بابەتێك كە پێویست بێت گفتوگۆی لەسەر بكرێت لە پەرلەمان بێتە بەرنامەی كار، بۆیە ئەو میكانیزمە دانراوە، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ د. فرست كە دەكرێت موعالەجە بكرێت بۆ ئەوەی بڕگەیەك زیاد بكرێت كە لە كاتی پێویست موناقشە لەسەر ئەمە رابگیرێت و لەسەر ئەو بابەتەی كە پێشنیار كراوە، تەنیا بە یەك دەستكاری، ناكرێت بە رێكەوتن لەسەر فراكسیۆن، چونكە دەبێتە بابەتێكی سیاسی، دەبێت بە دەنگدان لە هۆڵی پەرلەمان كە پێڕەوی ناوخۆی بەركار موعالەجەی كردووە ئەو بابەتە پێشنیار دەكرێت و سەرۆكایەتی دەخاتە دەنگدان و ئەگەر زۆرینەی ئامادەبوان حاڵەتی نیسابی قانونی تەواو بكات و دەنگی لەسەر درا موناقشەكە رابگیرێت و بابەتە پێشنیاركراو بێتە پێش و پەسەند بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ قسەیەكتان هەیە لیژنەی پێڕەو، ماددە ب ماددە بخوێننەوە، بەس دوو خولەك بخەنە دەنگ ئەگەر دەنگی نەهێنا دەگەڕێینەوە دەنگدانی پێشەوە، موفتەنعن بە سێ؟ دەخەینە دەنگەوە ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوا سێ خولەكە، كاك نازم نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز نازم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەكانی بەهارخان دەكەم ماددەم پێڕەوی بەركار هاتووە پێویست بەم میكانیزمە ناكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەخەینە دەنگەوە ئەگەر دەنگی هێنا دەبێتە میكانیزمی موناقەشەی پێڕەو، د. فرست فەرموو ماددە بە ماددە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگەوە یەعنی خاڵ بە خاڵ،

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بخوێنمەوە ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قەلەقن كە ئەم میكانیزمە كێشە و ئازادی قسەكردن دەگرێت با سێ خولەك یان پێڕەو چۆن بێت با وا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بخوێنەوە ئەگەر دەنگێ نەهێنا پەسەند ناكرێت.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك یەك جار قسە بکات و لە ماوەی دوو خولەك قسەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿47﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ ﴿10﴾ کەس لەگەڵیدا نییە، کەواتە پەسەند کرا،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم، پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆ بەش بەش دەخوێندرێتەوە، ئینجا ماددە بە ماددە ئەو بەشەی بە پێی ڕیزبەندی ماددەکان دەخرێتە گفتوگۆ، دوای گفتوگۆ لەسەر ماددەکانی هەر بەشێك ئینجا ماددە بە ماددە دەخرێتە دەنگدان و کامە زیاتر دەنگی هێنا بە پەسەند کراو دادەنرێت، ئەو زۆرینەیە هەروەك پێڕەوە پێشووەکەیە بە دژ دەکەوێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەڵێت کامە را زۆرینە دەهێنێت بە پەسەند دادەنرێت مادەم وەکو پێڕەوە کۆنەکەیە با لایببەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشەخان فەرموو،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم، پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆ بەش بەش دەخوێندرێتەوە، ئینجا ماددە بە ماددە ئەو بەشەی بە پێی ڕیزبەندی ماددەکان دەخرێتە گفتوگۆ، دوای گفتوگۆی لەسەر ماددەکانی هەر بەشێك ئینجا ماددە بە ماددە دەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿47﴾ کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نیە ، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: هەر رایەك بخرێتە دەنگدان دەبێت بە لایەنی كەم لە لایەن سێ ئەندام پەرلەمان پشتگیری بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵێدایە؟ ﴿39﴾ كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی؟ ﴿8﴾كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی چوار، هەموو پێڕەوی ناوخۆ بەیەكەوە دەكەوێتە بواری جێ بە جێ كردن و دواتر هەمووی دەخرێتە دەنگدان و ئینجا بەپەسەندكراو هەژمار دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێڕەوی ناوخۆی نوێ بۆ زیاد ناكەن؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی چوار، هەموو پێڕەوی ناوخۆی نوێ بەیەكەوە دەكەوێتە بواری جێ بە جێ كردن و دواتر هەموو پێڕەو دەخرێتە دەنگدان و ئینجا بە پەسەندكراو هەژمار دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵێدایە؟ پێڕەوی نوێ یە نەك هەمواركراو، ﴿51﴾ كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی، كەس نیە، كەواتە پەسەند كرا. خاڵی پێنج، ئەو پۆلین كردنەی لە پرۆژەی پێڕەوی نوێی كراوە بۆ مادده و بەشەكانی ئەم پێڕەوە دەكرێت لە دوای تەواوبوونی گفتوگۆ لەسەری لیژنەی پێڕەو ڕێزبەندی بەش و ماددەكان دابڕێژتەوە. نوقتەی نیزامی د. بەهار؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیار دەكەم ئەو پۆلینكردنە لە پرۆژەی نوێ بۆ مادده بە مادده لە جیاتی ئەوەی بەردەستان دابنێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پێنج، ئەو پۆلین كردنەی لە پرۆژەی پێڕەوی نوێی كراو بۆ مادده و بەشەكانی ئەم پێڕەوە دەكرێت لە دوای تەواوبوونی گفتوگۆ لەسەری لیژنەی پێڕەو ڕێزبەندی بەش و ماددەكان دابڕێژتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵێدایە؟ ﴿55﴾ كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی؟ ﴿1﴾ كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

میكانیزمی وەرگرتنی خاڵی پێڕەوی لە كاتی گفتوگۆكردنی ئەم پرۆژەیە تەنیا لەو حاڵەتانەی خوارەوە دەبێت ا/ئەگەر پێشێلی یەكێك لە مادده و بڕگەكانی خالەكانی دەستوور یان یەكێك لە یاسا بەركارەكانی یان پێڕەوی ناوخۆ كرا لەگەڵ ئاماژە كردن بە ماددەكە، ب/ ئەگەر گفتوگۆكان لە بابەتی دانیشتنەكە دەرچون. ج/داواكردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان و گفتوگۆ لەسەر بابەتی تر یان ئالۆگۆڕ لە بەرنامەی كار. د/ هەر ئەندامێك داوای ئاخافتنی كرد لە ڕێگای خاڵی پێڕەوی، بەڵام ئەگەر ئاخافتنی پێڕەوی نەبوو سەرۆكی پەرلەمان دەتوانێت ئاخافتنی پێ ببڕێت و لە كاتی دووبارە بوونەوی لەو دانیشتنە هەلێكی تری ناداتێ بۆ ئاخافتن لە ڕێگەی خاڵی پێڕەو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆ موعالەجە كراوە من نازانم ڕێكارەكانی وەرگرتنی خاڵی پێڕەو زۆر وازحە، ئەمە كەلەپچە كردنی ئەندام پەرلەمانە بۆ ئەوەی قسە نەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەخەینە دەنگدان ، بۆچی؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆی ئێستا هەیە، جەنابت دەتوانی هەركەسێك رابگری كە بە خاڵی پێڕەو كار نەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر گرنگە ئەم خاڵە بمێنێت، چونكە شێوازی گفتوگۆی ناو پەرلەمان ڕێك دەخات و زۆر خاڵێكی گرنگە، د. ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە كاك د. فرستم وت بەم شێوەیە لێبكە، بۆ ئەوەی تەفسیری تر هەڵنەگرێت، داواكردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیەی پێڕەو بڕیاردان لەسەر گفتوگو كردن لەسەر بابەتێكی تر، بۆ ئەوەی نەبێت بە تەعدیلێكی تر عام، تەنیا ببێت بۆ ئەم حاڵەتە و ئەگەر بڕیارماندا حاڵەتی تر هەبێت دەبێت لە پێڕەوە

دەنگی لەسەر بدرێت، بۆیە ئەوە زۆر دەخایەنێت و کاتی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوە تەحدیدی بکەین نەك هەر بابەتێك داوا کردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیەی پێڕەو و ئەو توزە ببێتە تەعدیل و با زۆر ورد و دەقیق بێت و خاس بێت بۆ ئەم پرۆژەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە ناکرێت بڕگە و ماددەکانی پێڕەوەکە پێش و پاش بکەین، دواخستنی گفتوگۆ لەسەر پێڕەو بێت ڕەنگە وا گونجاوتر بێت بەڵێ فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو نەسە ڕێك ئەوەی لە پرۆژەی پێڕەوەکە هەبوو نەقلمان کردووە، بۆ ئەوەی بێنینە ئێرە بۆ حاڵەتێکی کاتی، هەمووەمان نوسیبوو بۆ بدرێتە پێش مەبەستمان ئەوەنە بوو قەلەقی دروست بکرێت، مەبەست ئەوە بوو وەکو خۆی گواستوومانە بۆ ئەوەی موئەقەتی لێرە دابنێین لە دوایی هەر پەسەندی بکەین، بە تەسەوری من هەروەکو هاتووە با دەنگی لەسەر بدەین، ئێمە باسمان کرد بۆ ئەوەی ئەو بابەتە دەکرێت لە ڕێگەی ماددەی شەش کە هاتووە عیلاج بکرێت با نەهێینە سەر گفتوگۆ کە تەواومان کرد بۆیە با وەکو خۆی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی دەخەینە دەنگەوە، ﴿45﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ ﴿9﴾کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئەمە دەبێتە بڕیارێك کە پەرلەمانی کوردستان دەری دەکات، بۆ میکانیزمی گفتوگۆ و پەسەندکردنی پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی نوێی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەچینە سەر پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و بەش بە بەش دەخوێندرێت و ماددە بە ماددە دەخرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی ڕای ئەندام پەرلەمانەکان وەربگرین.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەم، پێناسەکان، مادەی یەکەم، هەرێم، هەرێمی کوردستانی عێراق، پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستانی عێراق، سەرۆك، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی ، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەستەی گشتی پێك دێت لە سەرۆکایەتی پەرلمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەندام، ئەندامی پەرلەمان، دانیشتن، کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە ڕۆژێکدا دەبەستێت، خولی پەرلەمان، ماوەی ویلایەتی پەرلەمان، پێڕەو، پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆك وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە، پرۆژە یاسا و بڕیار، پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لە لایەن دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن یان دەسەڵاتی دادوەری بە مەبەستی دەرچواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت، پێشنیازی یاسا و بڕیار،

پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەیە کە لە لایەن 10 ئەندام یان زیاتر بە مەبەستی دەرچواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە با ناوی خۆی بنوسێت. کاک سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر قسەیکی جەنابت هەبوو، ئەوەی لیژنەی کاتی پێڕەوی ناوخۆ خرایە بەردەست کە پەسەند کرا، وەکو چوارچێوەیەك یان میکانیزمێك کاری لەسەر بکرێت ناچێتە چوارچێوەی بڕیارەوە، چونکە بڕیار بە پرۆژەوە پێشکەش دەکرێت و دەچێتە رۆژنامەی وەقاعیقەوە، جەنابت وتت ئەمە بڕیارە هیوادارم هەڵەی لەفزی بێت چونکە ئەمە وەکو بڕیار تەماشا ناکرێت وەك ئەوەی خۆیان ناویان ناوە میکانیزم و پەسەند کراوە بەڵام بڕیار نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو بڕیارێك وایە، چونکە دەنگمان لەسەر داوە و پەسەند کراوە بۆ میکانیزمی گفتوگۆ کردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆی نوێ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هەر مەسەلەیەك ببێتە بڕیار، دەبێت بەپرۆژە پێشکەش بکرێت و بخرێتە بەرنامەی کار و لە رۆژنامەی وەقایع پەخش بکرێت، بەڵام ئەمە میکانیزمێکە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان، ئەگەر ئەمە بڕیار بێت، دەبێت رێوشوێنی تر بگرێتە بەر و ئەمە لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆ ناگونجێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار پێم وایە جەنابیشت وتت ئاگاداری ئەوەی پێڕەوی ناوخۆ و هەموارەکەی کە هەموو جارێك بە بڕیار دەرچووە، پێویستی بە خوێندنەوەی یەکەم و پێشکەش کردنی پرۆژە نەبووە، پێویستی پێشکەش کردنی پرۆژە نەبووە، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم لەسەر پرۆژە یاسا و بڕیار هەیە، دیارە لێرەدا دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن و دەسەڵاتی داوەری مافی ئەوەیان هەیە کە پرۆژە یاسا و بڕیار پێشکەش کەن کە پێویستە هەیان بێت، بەڵام ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمان پێشکەشی دەکات پێشنیازە، من تێدەگەم کە دەبێت فلتەر هەبێت و ئێستاش فلتەر هەیە و ئەندامانی پەرلەمان و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان درك بەوە دەکەن کە پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار بۆچی پێشکەش دەکەن؟ و ئامانجیان چییە؟ بۆشایی یاسایی هەیە، یاخود تەعدیلە، ئەگەر رەبتی بە

پابەندبوونی دارایی هەبووە ئەویش دەزانین کە پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتە، بۆیە لە ڕاستیدا من پێشنیار دەکەم کە وا دابڕێژرێتەوە پڕۆژە یاسا و بڕیار، یەعنی ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەلاتی جێ بەجێ کردن یان دەسەلاتی دادوەری، یان (10) ئەندام یان زیاتر بە مەبەستی دەرچوواندنی ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت، واتە (10) ئەندام یان زیاتریش مافی پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسایان هەبێت، نەك ئەوەی کە (10) ئەندام یان زیاتر پێشنیاری پڕۆژە بکەن، یان پێشنیاری بڕیار بکەن، چونکە لە ئێستاشدا ئەو فلتەرانە هەن، لیژنە تایبەتمەندەکان، لیژنەی یاسایی، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەگەر پێویست نەکات لیژنەکان ڕاناسپێریت، ئەگەر ئامانجی پڕۆژەکە نا ڕوون بێت، یان لەگەڵ واقیعدا نەگونجێت ئەو کاتە لیژنە تایبەتمەندەکان لیژنەی یاسایی کاری لەسەر ناکەن، ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە ناکەن، بۆیە ئەو فلتەرە لە ئەساسدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناسەکان، مادام ئەندام پێناسە کراوە و دەستەی گشتیش پێناسە کراوە پێك دێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، باشتر بوو پێناسەی فراکسیۆنیش لێرەدا بکرایە، فراکسیۆن لە ماددەکان و بڕگەکانی دواتر باس کراوە، بەڵام بە رای من لە فەقەرەی پێناسەکاندا جێگەی فراکسیۆنیش بکرایەتەوە وەکو پێناسەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبنیم هەیە، یەك: وەکو عورفێك لێ هاتیە مەبەستا ڤان دەستەواژەیێن خارێ مانای بەرامبەر بێتە ئیزافە کرن دەست پێکی، دوو: بێژنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان، سێ: فراکسیۆن منیش پشتگیری ڤێ رەئیا (کاك بێستون)ی دکەم، بەس ئەڤ ڤێ تەعریفێ بیت، ڤێ پێناسە (فراکسیۆن کۆی گشتیی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە یەکێك لەسەر لیستی سەرکەوتووەکان لە هەڵبژاردنی گشتییدا، یان سەر بە چەند لیستێکن کە هاوپەیمانیان لە نێوانیاندا ئەنجامداوە)، چونکە ئەگەر سەح بکەینێ وەکو چاوا دەستەی گشتیی هاتیە پێناسە کرن لە بەشی (10) بەحسێ هەر سێ دەستەواژە هاتیە کرن، فراکسیۆن، ئۆپۆزسیۆن، دەستەی گشتیی، لێرە فراکسیۆن پێویستە بێتە پێناسە کرن وەکو ئاماژەم پێ کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سرِوود فەرموو.

**بەڕێز د.سرِوود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستەی گشتیی، پێشنیار دەکەم ببێتە لە دەستەی سەرۆکایەتی، لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی بەتەنها پێناسە نەکراوە، دەستەی سەرۆکایەتیمان هەیە، ئەوەی دووەم پرسیارم هەیە کە دەڵێ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە، لێرە هەندێك هەیئەمان هەیە، دەستەمان هەیە بە پلەی وەزیرن ئەوانیش، ئایا لێرە دەگرێتەوە یان نا؟ ئەگەر دەگرێتەوە دەبێت ئیزافە بکرێت، ببێتە وەزیرەکان و هەیئەکان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم من ئاخر کەسم، چونکە سەرەنجێکم هەیە لەسەر پشتگیری سێ کەسەکە، یەعنی بۆ نموونە من ئەگەر ئێستا ئاخر کەس بم کێ پشتگیریم دەکات؟ ئەگەر رەئیەکەشم باش بێت، کەواتە ئەوە هەڵەیە، یەعنی تۆ بڵێ سێ کەس دەبێ پشتگیری بکات، من پێش کۆتاییم، یان کۆتاییم کێ پشتگیریم دەکات؟ من بۆیە لەگەڵ ئەوە نەبووم، یەعنی مەفروزە رێگەمان بدەن قسە بکەین، دوو سەرەنجم هەیە لەسەر بابەتەکە، ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەویش هەر لەوێیە، یەعنی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکە، بەڵام ئەندامیشە لە ئەنجومەنی وەزیران، ناکرێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەربێنی لەوە، وەرزی پەرلەمان پێناسە نەکراوە، خولەکە پێناسە کراوە، بەس وەرزەکە پێناسە نەکراوە، وەرزی پەرلەمانیشمان هەیە، وەرزی تەشریعی، هیوادارم لێم وەربگرن ئەو برادەرانە، پشتگیری بەڕێز (کاك قادر) دەکەم، من پێم باشە پرۆژەی ئەو یاسا و بڕیارانە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن یان دەسەڵاتی دادوەری، یان (10) ئەندامی پەرلەمان بە مەبەستی دەرچوواندنی ئاراستە بکرێت، وای لێ بکرێت و ئەوەی پێشنیاری یاسا و بڕیارە لابرێت و بەو (10) ئەندام پەرلەمانە ئەوە حەل دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە سەرۆکدا باس دەکات سەرۆکی پەرلەمان پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستانی عێراقی پێوەبێت، دیارە دەستەی سەرۆکایەتی: سەرۆکایەتی عێراق بە هەمان شێوە، ئەندام: ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، کۆی گشتیی ئەو دانیشتنانە، یەعنی پێم باشە کۆی دانیشتنی نا ئاساییش باس بکرێ لەوانە دانیشتنی نا ئاسایی دەکرێ لە کاتی خۆیدا، پەیڕەو، پەیڕەوی ناوخۆی کوردستانی عێراق، دیارە بە نیسبەت پڕۆژە یاسا ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، یان دەسەڵاتی دادوەری ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ پێویست دەکات لەلایەن سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی هەرێمیش دەتوانێ ئەو پڕۆژە یاسایە تەقدیم بکات، یان ژمارەیەکی یاسایی، پشتگیری (کاک قادر) و (کاک عمر عینایەت)یش دەکەم لەو بوارانەدا، زۆر سوپاس؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە برای بەڕێزم (کاک قادر رەزگەیی) و (مامۆستا عمر) دەکەم لە پڕۆژە یاسا و بڕیار، ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەنی کەم (10) ئەندامی پەرلەمان بتوانێ پێشکەشی بکات لەگەڵ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و دەسەڵاتی دادوەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز (کاک عمر عینایەت) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێمە سەر ماددەی یەکەم لە یاسا شتێك هەیە تەساویە، مەسەلەن ئەگەر تۆ بێی دەست کاری لە دەستوردا بکەی دەبێت بە دەستور بیکەی، ئەگەر دەست کاری لە یاسایەکی عادی بکەی دەبێ بە یاسایەك بکەی، ئەگەر لە بڕیاردا بکەی دەبێ بە بڕیار بکەی، کەواتە یەك نموزەج لە هەموو دونیا هەبوو دەست کاری یاساکەیان دەکرد بە بڕیار ئەویش مەجلیسی قیادەی سەورە بوو، کەواتە سەرەنجەکەی (کاك

سالار) زۆر لە جێگای خۆیدایە، ناکرێت تۆ بە پێی بڕیارێك تەوقیفی پەیڕەوی ناوخۆ، یان یاساکانی بەرکار بکەی، ئەویش یاسای هەڵبژاردنە، چونکە هەندێك لەو خاڵانەی تێدایە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم من یەك سەرەنجم هەیە لەسەر ئەوەی هەموو شتێك لێرەدا پێناسەکراوە، ئیزافەتەن ئەوەی کە (کاك عمر عینایەت) باسی وەرزی گرێدانی کرد ئەویش زەرورە، تەنها فراکسیۆن نەبێت، فراکسیۆنیش بردیانە ماددەی (124)، کەوا پێموابێت گرنگترین شت لەناو پەرلەماندا پێناسە بکرێتن لە ماددەی یەکەمدا دەبێت فراکسیۆن بێت، ڕەنگە خیلافی لەسەر پێناسەی فراکسیۆن یان ئالیەتی ئەوەی هەڵبژاردنی فراکسیۆنەکان، ئەندامان لەناو فراکسیۆندا خیلافیان هەبێت، بەڵام دەکرا ئەو خیلافە بێنێتە ئێرە و بە دەنگدان ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەست خۆشی لە ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، من تەئیدی ئەو رایە دەکەم کە لە ناو پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوەی کە پرۆژە یاسا و بڕیارە لە پێشنیازی یاسا و بڕیار جیاکراونەتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوەی هاتووە و داڕێژراوەتەوە ئەوە پەیڕەو دەکرێتن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماناتی دوەلی زۆر موتەقەدیم، (ئەلمانیا و سوید) یەکێکن لەو دەوڵەتانە، هەروەها عێراقیش بە پێی بڕیاری مەحکەمەی ئیتیحادی ئەو بابەتە حەل کراوە، بۆیە من داوا دەکەم وەکو خۆی هاتووە ئاوا پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو فەرموون.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لەو رایانەی کە باس کرا دەکرێ ئێمە وەریبگرین، دواتر ئەوانەی تریش کە تێبینیمان هەیە قسەی لەسەر دەکەین، سەبارەت بە پێناسەی فراکسیۆن دەکرێت بهێنینە یەکەم، بەڵام جارێ موناقەشەی ناکەین، لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆی بزانین لە چەند ئەندام پێك دێت، بەس دەکرێ بڵێین فرکسیۆن پێك دێت بۆشایی لە ناو قەوس لێرە دایبنێین لە سەرەتا، ئێمە راوێژیشمان کرد مانعمان نییە، فراکسیۆن بهێنین لێرە پێناسەی بکەین، بەڵام چ پێناسەیەك ئەو کاتی کە ڕێکەوتین، ئەو پێناسەیە نەقل دەکەینە ئێرە، بەس ئەو کاتی کە موناقەشەمان کرد و ڕێکەوتین ئەوە یەك، سەبارەت بە وەرزی یاسا دانانیش دیسان ماددەیەکمان هەیە تاوەکو ئێستا یەکلا نەبووینەوە، وەرزی یاسا دانان دوو رای لەسەرە، ئایا لە دوو وەرزی یاسا دانانمان دەبێت، یان سێ، ئەوە ئەو کاتەی کە ڕێکەوتین دیسان ئەویش دەکرێ بیهێنین لێرە

پێناسەی بکەین، ئەوەی کە (کاك د.سروود) باسی کرد دەستەی سەرۆکایەتی، ئێمە پێمانوایە پلەی وەزیر ناگرێتەوە، دەیکەینە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی کە جەنابت گوتت لە جێگای خۆیەتی کە نووسیومانە سەرۆکایەتی، دەیکەینە دەستەی سەرۆکایەتی، بەلاّم سەبارەت بە پرسیارەکەت ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوەی کە (کاك عمر عینایەت)یش گوتی راستە سەرۆك وەزیرانی بۆ زیاد دەکەین، جێگری سەرۆك وەزیران، وەزیرەکان دەگرێتەوە، ئەوانە ناگرێتەوە کە پلەیان وەزیرە یان سەرۆك دەستەکانە، سەبارەت بەوەی کە (کاك سەرحەد) باسی کرد پێموایە راستە دەبێ عێراقیشی بۆ زیاد بکەین، پێموایە دانیشتنی نا ئاسایی پێویست ناکات کە پێناسە بکرێت، ئەوەی کە موناقەشەی زۆر هەڵدەگرێت ئەگەر یارمەتی بدەن لە ماوەی دوو، سێ دەقە روون کردنەوەیەك لەسەر پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا بدەین، بەڕێزان، مەبەست لە ناو پرۆژەکەی کە لەبەر دەستاندایە کە دەڵێین پێشنیازی یاسا (10) ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ پێشکەشی بکات، هەمان ئەو حەقەیە کە حکومەت هەیەتی لە پرۆژە یاسا، بەلاّم تەنها جیاوازیەکە لە تەسمیەیە، لێك جیاکردنەوەیە، عورفێکی پەرلەمانیە، خۆ ئێمە دامان نەهێناوە، هەرچی لە ناو ئێرە نووسراوە لەبەر دەستی ئێوەیە ئێمە وەکو لە موقەدیمەکەش کە لە فەسلی تەشریعی رابردوو خوێندمانەوە گوتمان سەردانی (سوید)مان کرد، (5) رۆژ لەوێ ماوینەوە، (21) پەیڕەوی ولاّتانی دونیا رۆژانە لەبەر دەستمان بووە و کۆبوونەوەی پەرلەمانمان کردووە دامانناوە لە پێش خۆمان و بە پشت بەستن بەو قەرارەی کە مەحکەمەی ئیتیحادی کە (د.ڤالاّ) باسی کرد، هەروەها بە پشت بەستن بەو سیستەمە پەرلەمانیانەی بە تایبەتی کە لە (سوید) بینیمان ئەوان پێشنیازی یاسا جیا دەکەنەوە لە پرۆژە یاسا، ئەوەش لەبەر ئەوەی پرۆژەی یاسا یەکسەر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ، لەبەر ئەوە نییە ئەفزەلیەتمان داوەتە حکومەت، بە هیچ شێوەیەك بەو شێوەیە نییە، لەبەر یەك هۆیە، لەبەر ئەوەیە پرۆژەی یاسا کە لە حکومەت دێت بە مەجلیسی شورا دادێت، لە مەجلیسی شورا کۆمەڵێك خەڵکی قانونی و حاکم و قانون زانی تێدایە لەوێدا فلتەری دەکەن پێیدا دەچن، واتە ئەو پرۆژەی کە لە حکومەتیش دێت فلتەر دەکرێت، لەلای کێ؟ لەلایەن مەجلیسی شورا فلتەر دەکرێت، ئەوەی تر کە جیامان کردۆتەوە و ناومان لێ ناوە پێشنیازی یاسا و بڕیار کە لەلایەن (10) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت یەك جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە جیاتی بچێتە مەجلیسی شورا دێتە لیژنەی قانونی، لیژنەی قانونی کۆمەڵێك خەڵکی تێدایە تەبعەن دەبێت قانونی بن، ئەوانە پێیدا دەچنەوە ئایا ئەو پرۆژەیە بۆشاییەکی یاسایی پڕ دەکاتەوە، ئەو پێشنیازە، تەنها ئەوەیە، خۆ حەقی نییە بڵێت لە خۆیەوە ئەوەی موبەریراتی قانونی هەبێت بڵێت رەفز، تەحدیدمان کردووە، کۆتوبەندمان کردووە سەلاّحیاتی لیژنەی قانونی، گوتومانە یەك: دەبێت فەراغێکی قانونی هەبێت پڕی بکاتەوە، مەسەلەن بۆ نموونە لەوانەیە پرۆژە پێشکەش کرا لەو پەرلەمانە لە ئەساسدا لە ساڵی (1993)ەوە پرۆژە هەبووە، قانون هەیە لە پەرلەمان، بەلاّم پێشکەشمان کردووە و ئاگامان لێ نەبووە، دوو: ئایا ئەو پێشنیازی یاسایەی کە پێشکەش کراوە پارە لەسەر حکومەت دروست دەکات، خۆ لە هەموو نیزامی پەرلەمانیەکە هەموومان نیزامی پەرلەمانی

دەكەین، بەڕێز ئەگەر نەزانی گیرفانی حكومەت چەندی تێدایە تۆ ناكرێت لە خۆتەوە لە پەرلەمان بڕیار بدەی بلێی ئەو پارە لەسەر حكومەت دروست دەكەم، لیژنەی یاسایی دەڵێ ئایا ئەو تەعدیلەی پێشكەش كراوە فیعەلەن پێویستی پێیە، كۆمەڵێك فلتەرمان داناوە، كۆمەڵێك خاڵ لە پێناو حەسر دامانناوە، یەعنی یەك، دوو، سێ، لیژنەی یاسایی ئەو خاڵانە سەیر دەكات ئەوەی تێدایە ئەگەر نا پڕۆژەكە پێشنیازەكە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ دەكرێت وەكو ئەوەی كە لە حكومەت دێت، ئەی ئەگەر بێتوو ئەو (10) ئەندامە هەستیان بەوە كرد كە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە كە رەفزی پڕۆژەكەیان كراوە، بابڵێین دیقەت نەكراوە، بۆیان هەیە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان تەعنی لێ بدەن، ئەگەر سەرۆكایەتی پەرلەمانیشیان رەئی ئەوانیش بە دڵ نەبوو زانیان حیادی نییە، بۆیان هەیە لەلایەن دەستەی گشتیی تەعنی لێ بدەن، ئەگەر دەستەی گشتییشیان بە دڵ نەبوو دەتوانن لە پەرلەمان تەعنی لێ بدەن، یەعنی (10) ئەندامی پەرلەمان كۆمەڵێك رێگای تەعنیان لەبەر دەستدایە، جارێ لە هەموو حاڵەتەكان حەقی خۆیانە پێشنیازی یاسا و بڕیار پێشكەش بكەن، پێشنیازی یاسا و بڕیاریش هیچ فەرقی نییە موتلەقەن لەگەڵ پڕۆژە، هیچ فەرقی نییە تەنها تەسمیەكەیە بۆ لێك جیاكردنەوەیە، بەلاَم ئەگەر لە تەسمیە گومانتان هەیە و قەلەقتان هەیە دەبێ پڕۆژە بێت، بەلاَم دەبێت فلتەرەكان بۆ (10) ئەندام هەر دابنرێ، ئەگەر نا ئێمە كۆمەڵێك شتمان هێنایە ناو هۆڵی پەرلەمان بە شێوەی مەقالە نووسیبومان، یەك لە شەرتەكان چییە؟ دەبێ لە رووی شكلیەوە بە قانون بچێت ئەوە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشی دەكەن، واتە لەسەر ئەساسی ماددە و بڕگە رێكخرابێت، بۆیە من پێموایە ئەمە لە بەرژەوەندی كەس دانییە، لە بەرژەوەندی پەرلەماندایە ئەوەی ئێمە دامانڕشتووە، لە بەرژەوەندی خۆماندایە بۆ ئەوەی شتێك وەعد نەدەین نەیهێنینە ناو هۆڵ كە پێمان نەڕوات، مەسەلەن تۆ دێی پڕۆژەیەك پێشكەش دەكەی لە ئیعلام ئیعلانی دەكەی دوو، سێ ملیار دۆلار دروست دەكات و دواتریش لێرە دەكەوێ، وەكو ئەوەی كۆمەڵێك بڕیارمان دەركرد، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەوە كارەكانی پەرلەمان تەنزیم تر دەكات، ئەوەی تریشیان تەنها مەجلیسی قەزا، یەعنی سولتەی دادوەری ئەو پڕۆژانە پێشكەش دەكات كە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، دەسەلاَتی نییە مەجلیسی قەزا پڕۆژە پێشكەش بكات كە پەیوەندی بە شوێنی ترەوە هەیە، ئەوە روون كردنەوەی ئێمە بوو لەسەر پڕۆژە یاسا و پێشنیاز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با ئەندامانی لیژنەكە قسەی خۆیان بكەن، دواتر دەرفەت بە ئێوەش دەدەین كە قسە بكەن، بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەكانی (كاك د.فرست) دەكەم، بەس یەك سەرەنجم هەبوو ئێمە كە هاتووین پێناسەی سەرۆك وەزیرانمان بە جیاكردووە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، تەبعەن ئەم ماددەی پێناسەیە

ئەوەیە کە لە ناو پەیڕەوەکەیە لە هەر شوێنێك ناوت هێنا گوتت ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران تۆ بزانی مەبەستت لە کێیە، بۆیە ئێمە کە ناومان هێنا هەمیشە دەمان گوت سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو قسەیە هاتە پێشەوە جێگر، ئەی جێگر لە کوێیە کە دەڵێی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران جێگریش دەگرێتەوە، ئەو پێناسەیە لەوە سەرچاوەی گرت، بۆیە پێناسەکە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان باشە، پێشنیار و پرۆژە یاساش من پێشنیار دەکەم لێرە پێناسەیە، با وەکو خۆی پەسەند بکرێ، با بچینە سەر ئەوەی کە باسمان کردووە پێشنیاز چییە و پرۆژە یاسا و بڕیار چییە، بەو روون کردنەوانەی کە (کاك د.فرست)یش پێشکەش کرد و دڵنیام ئەندامانی پەرلەمانیش خوێندویانەتەوە ئەو کاتە کە بڕیار درا پێشنیاز لابرێ وەکو خۆی لێ بکرێتەوە، ئەوە ئەو پێناسەیەی لێرە ئۆتۆماتیکی لادەبرێ، لێرە من پێشنیاز دەکەم هیچ حوکمێکی لەسەر نییە موجەرەد پێناسەیە، با وەکو خۆی لا نەبرێ، لابردنەکە هەڵبگیرێ بۆ ئەو کاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی (90) لە پەیڕەوە نوێیەکە پێشنیازی یاسا و بڕیاری رێك خستووە، تەبعەن منیش پشتگیری لە رای لیژنە دەکەم کە پێویست دەکات فلتەر هەبێت بۆ پرۆژە یاساکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویست دەکات زەماناتیش هەبێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە پرۆژەیەك بە رێکارە یاساییەکانی خۆی هاتووە لە رووی شکلەوە دەقیقە کێشەی نییە و نەتوانرێت لەسەر میزاجی شەخسی ئەو پرۆژە یاسایەیان وەلابنرێ ئەوە پێویستی بەوە هەیە کە زەماناتیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان دیاری بکرێت کە ئەوە دەکرێت دوایی کە موناقەشەی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان دەکەین و لە ماددەی (90) و ماددەکانی دواتری موناقەشە دەکەین ئەو کات ئەو زەماناتانە، ئەو گەرەنتیانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەستەبەر بکرێ لە رێگا و راو سەرەنجی ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك (د.فرست) باسی ئەوەی کرد کە ئێمە دەتوانین ئێستا فراکسیۆن دابنێین و دواتر تەعریفەکەی بێنینەوە، (د.بەهار خان)یش باسی مەسەلەی پێشنیازەکەی کرد کە هەر کاتێك ئێمە دەنگمان لەسەر ئەمە دا ئێمە ناتوانین دەست کاری بکەین، ئەمە قابیلی قەبول نییە تۆ بێی جارێکی تر دەست کاری ئەو بەندە بکەی، دەنگی لەسەر دەدرێ و تەسبیت دەبێ، لەبەر ئەوە دژی پەیڕەوی ناوخۆشە، کۆنەکەش و ئەوەی ئێستاش، سەبارەت بە پێشنیاز و پرۆژە یاساش ئێمە دەزانین تەحسیل حاسلە، هەر پرۆژە یاسایەك مەردوداتی مالی هەبێ دەنێردرێتەوە بۆ حکومەت، یان حەتا ئیداریشی هەبێت، بۆ نموونە ئێمە پرۆژە یاسای رێگری لە تەجاوزات سیفەی ئیستیعجالیشمان وەرگرت ناردمان بۆ حکومەت سێ مانگە لەوێ کەوتۆتە مەقبەرەی پرۆژەکانەوە، بۆ هەندێ پرۆژە بە شەو رۆژێك بڕیاری لێ دەدەن، بەڵام بۆ پرۆژەیەکی وا زۆر بە داخەوە سێ مانگە لەلایانە نەنێردراوە، من داوا دەکەم (10) ئەندامی پەرلەمان بۆی هەبێت

پڕۆژە یاسا پێشکەش بکات و بخرێتە ناو ئەم پەیڕەوە و هەرچیشی مەردودی مالیەیە یان پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە بنێردرێ بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای (کاك عمر)م هەیە لەوەی کە ئەگەر ئێمە لە ئێستا پێناسەی فراکسیۆن لێرە دانێین و چاوەڕێی دەنگدانی لەسەر بکەین، دواتر شەرحەکەی لە کاتی خۆیدا بهێنرێتەوە ئەمە دژی پەیڕەوی ناوخۆیە و ناتوانین جارێکی تر ئیزافەی بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەیەکی گرنگ لە ماددەی یەکەمدا هەیە ئەویش پەیوەستە بە مافی پەرلەمانتار و چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانیش لە کوردستاندا کە هەموو لایەك ئێستاکە لە کوردستاندا دیعایەی چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی دەکات، دەبێ پەرلەمانی کوردستان لە تەشریع لە پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسادا دەست کراوەبێت، ناکرێ قوەتی قانونی پەرلەمانی کوردستان هاوشانی دەستەیەك بکرێ کە سەرۆکی دەستەکە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی هەبێت، (10) ئەندامی پەرلەمان لە پاڵ دەستەیەکدا کە سەرۆکی دەستەکە پلەی بەڕێوەبەری گشتییە، بۆیە ئەم خاڵە خاڵێکی تەواو جەوهەریە، تەناقوز لەگەڵ هیچ سیستەمێکی دونیا ناکات ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان حەقی پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسایان هەبێت ئەم حەقە لە ماوەی (23) ساڵە حەقێکی موکتەسەب بووە لەم پەرلەمانە، پەرلەمانتار تەبەنی کردووە، ناکرێ ئێستا لێی بسەنرێتەوە، لەبەر ئەوە رام وایە ئەمە خاڵێکە دەبێ پەرلەمانتاران دیقەتی لێ بکەن لە نێوان پێشنیاز کردنی پڕۆژە یاساکە و پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسا جیاوازیەکی زۆر هەیە، خۆشتان دەقەکە بخوێننەوە کە لەگەڵ (10) ئەندامی پەرلەمانی کوردستاندا باسی دەستەکان دەکات، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێ هەم سەرۆکایەتی پەرلەمان لەمەدا پشتیوانی قوەتی قانونی پەرلەمانتاران بێت و هەم خودی لیژنە بەڕێزەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوەی لەبەر دەستی منە وانییە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی، پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن (10) ئەندام یان زیاتر بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکەن، با روون کردنەوە بدەن دواتر لیژنەی پەیڕەو، کاك قادر فەرمووو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەو خاڵە گوتمان پێویستە فلتەر هەبێت، ئاماژەشمان بەوەدا کە ئەندامی پەرلەمانیش درك بەو واقیعە دەکات کە پڕۆژە بۆ پێشکەش دەکات و ئامانجی لە پڕۆژەکە چییە، پێویستە فلتەر هەبێت، بەڵام (10) ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر مافی پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسایان هەبێت، پێشنیازی یاسا و بڕیار لابیرێ، ئەمە راستە لە کۆمەڵێك لە پەرلەمانی دونیادا وایە، واقیعە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێ ئەمە تەناقوز دروست دەکات، لە هەمان کاتدا پێشێلی پڕۆژەی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران دەکرێ لە داهاتوودا و بەرتەسك کردنەوەی پڕۆژە بەراستی پێشکەش کردنی پڕۆژە بەرتەسك دەکرێتەوە، بۆیە دەکرێ لە ماددەی (90) کە باس لە دانانی فلتەر دەکات فلتەرەکان دابنرێن، بەڵام پڕۆژە بێت، نەك پێشنیازبێت، هەر لەو پەیڕەوەدا هەر لە ئەنجامی هەمواری ئەم پەیڕەوەش تەنانەت باس لە رەت کردنەوەش دەکرێت، بۆیە بۆ ئەوەی هیچ ئاستەنگێگ نەبێ لە راستیدا پێویستە پڕۆژە بێت، نەك پێشنیاز، چونکە ئاماژەمان ئەو روون کردنەوەی بەڕێز (د.فرست)ە کە باسی کرد، راستە، بەڵام ئێمە لە کاتی قسەکردن لەسەری ئاماژەمان یەك بە یەك تێدایە بۆ ئەو خاڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفي علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە بەڕێزان فەرموویان ئایا دەکرێ مەسەلەی فراکسیۆن و پێناسە، ئێمە دەڵێین کە چووینە سەر فراکسیۆن رێکەوتین دەکرێ لەوێش کە دەیخەینە دەنگدان بڵێین دەیبەینە پێناسە، زۆر ئاساییە، خۆ پێناسە ئەسڵەن دەبوایە ئێستا هەر موناقەشە لەسەر پێناسە نەکەین، دەبوایە بچینە فەسلی دیکە، کاتێك کامەیان پێویست بوو لەو پێناسەیە یەك بە یەك بیانهێنیەوە، بەڵام زۆر ئاساییە کە چووینە فراکسیۆن دەنگمان لەسەر دا دەکرێ هەر لە وێش بگوترێ دەبێتە یەکێك لە ماددەکانی پێناسەش، خۆ ئەمە مەسەلەیەکی ئاساییە، سەبارەت بەوەش کە (کاك سالار) باسی کرد، تازە لەگەڵ (گەشە خان)یش قسەمان کرد ئەو نوسخەیەی کە لەبەر دەستی ئێوەیە ئەو نوسخەیە ئاخر نوسخە نییە، نازانم ئێوە لە فراکسیۆن وەرتان گرتووە یان لە ناو بۆکسەکان، چونکە ئەوەی ئێمە لە ناو بۆکسەکانە بۆت دەخوێنمەوە، پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن (10) ئەندام یان زیاتر بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، من ترسم ئەوەیە کاتێك کە پڕۆژەکانی لە فراکسیۆنی خۆتان وەرتان گرتووە لەگەڵ ئەوەی لە بۆکسەکە تێکەڵاو بووبێ و ئەوەتان هێنابێ، ئەگەر نا ئەوە نەسی ئاخرە لەلای ئێمە ئەوەیە، باسی کۆمسیۆن و ئەوەمان هەڵگرتووە، یەعنی تێیدا نییە، جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە، بەڕێزان، ئێمە تازە قسەشمان لە نێوان خۆمان لە ئەندامەکان کرد ئەمە حەساسیەتمان نییە لەسەر کەلیمەی پێشنیاز و

پڕۆژه، ئێمه بهلامانهوه گرنگ یهك شته، هەموو شتێك نێته ناو هۆڵی پەرلەمان تا به فلتەری لیژنەی قانونی تێپەڕ نەبێت، ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگە، له پێناوی یەك سەبەب، له پێناو ئەوەی ئەو پەرلەمانه کاتێك که خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسایەك دەکات، بۆ پێشنیازی یاسایەك دەکات فعلەن مقەویمات و ئەساسیاتی پڕۆژە یاسا و پێشنیازی یاسای تێدابێت، چونکه هەندێك جار له پەلەکردن، هەندێك جار بەهۆی ململانێی حزبی، هەندێك جار بە داخەوە لەسەر یەکتر موزایەدەکردن زۆر شت دەهێنینە ناو هۆڵ کە لە ئەساسدا بە ملیارات دۆلار لەسەر حکومەتیشی دروست کردووە و بەراستیش پێتان بڵێم فلتەر نییە، کێ پێ دەڵێت لە پەیڕەوی ناوخۆ فلتەر هەیە، پێم بڵێ کامە ماددەی فلتەر هەیە، فەرموو پێم بڵێن کامە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای بەرکار فلتەری داناوە، فلتەر نییە ئەسڵەن دەستەی سەرۆکایەتیش حەقی نییە پڕۆژە یاسا پێشنیار بکات لەلایان (10) ئەندام پێشکەش دەکرێ رای بگرێ و خوێندنەوەی بۆ نەکات، هیچ مانعێك نەبووە، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو شتێك هاتووە، ئێمە تەنها ئەوەمان کردووە، وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد زەماناتان دەوێ دادەنێین حەفتەیەك لیژنەی یاسایی دەبێ بڕیار لەسەری بدات بۆ ئەوەی ئێوە نەڵێن مانگێك لەلایان دەمێنێتەوە، ئێمە دەتوانین شتێکی وا بکەین کە حەقی ئەندامی پەرلەمان نەسووتێ، دواتر خۆ ئێمەش ئەندامی پەرلەمانین، چۆن شتێك دەنووسین کە لە بەرژەوەندی ئەندامی پەرلەمان نەبێت، بۆیە ئەوەی نووسیومانە تەنها شتێکە وەکو باسم کرد (سوید) رووحی نیزامی پەرلەمانیە، لەوێ ئەو شێوازە هەیە، هەروەها دواتریش بەهۆی مومارەسات لە مەحکەمەی دەستووری عێراقیش قەرارێکی وایان دەرکرد جیاوازیان کردەوە لە نێوان پڕۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا، واتە ئێمە شتێکمان کردووە کە لە پەرلەماناتی دونیا هەیە و لە (ئەلمانیا)ش هەمان حاڵەت هەیە، لە (مصر) هەمان حاڵەت هەیە، بۆیە پێمانوایە وەکو خۆی دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێکم هەبوو بۆ ئەوەی لەو مەعزەلەیە نەجاتمان بێت، ئەم ماددەیە دەنگدان لەسەری دوا بخەین تا ئەوەی ماددەکانی تر دەکرێ بۆ ئەوەی بزانین چی تەعریف بکرێ باشە، هەم بۆ فراکسیۆن، هەم بۆ وەرزەکان، هەم بۆ مەسەلەی پڕۆژەکەش، ئەگەر هاتوو ئەندامانی پەرلەمان لە ماددەکانی تر گەیشتنە قەناعەت ئەوە ئەو کاتە دەزانین چی پێویستە پێناسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکە دەکرێ بخرێتە بەردەم لیژنەکە، پێموابێت پێشنیارێکی خراپیش نییە، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی پێشنیاز و مەسەلەی پڕۆژە یاسا، یەعنی من بەراستی كە پێناسەكانم خوێندەوە بە باكگراوندێك یان بە نەفەسێك هەست پێ دەكەی بەوەی كە ئەو زوعفەی كە ئەو یاسایانەی پەرلەمانتاران هەندێكیان بڵێین دایانناوە كە من پێموایە هەمان عیلەت لای حكومەتیش هەر هەیە، یەعنی ئەو لایەنانەی كە پێشنیاری پڕۆژە دەكەن بۆ پەرلەمان بە دەیان پڕۆژە هەیە كە جەدوای ئیقتیسادی هەڵەی بۆ كراوە، بە دەیان پڕۆژە هەیە كە ئاسەواری سلبی لەسەر كۆمەڵگە دروست كردووە، حكومەتیش كردوویەتی و لە ڕێی ئەنجومەنی شوراشەوە هاتووە و خەلەلی گەورەشی تێدابووە، بۆیە عیلەتەكە لە پرۆسەی داڕشتنی پڕۆژە یاساكان هەیە، جا ئایا (10) پەرلەمانتار پێشكەشی بكات، ئایا حكومەت پێشكەشی بكات، ئایا ئەنجومەنی دادوەری پێشكەشی بكات، بۆیە مەسەلەی جیاكردنەوەی (10) پەرلەمانتار و ئەو هەموو رۆتینیاتەی بۆ زیاد بكرێ، كە ئەوانە من پێموایە ئەمە فلتەرەكان زەروورە سەد لە سەد لەگەڵیدام، هەموو پڕۆژە یاسایەك دەبێ جەدوای ئیقتیسادی بۆ بكرێ، هەموو پڕۆژە یاسایەك دەبێ جەدوای قانونی بۆ بكرێ، جەدوای كۆمەلآیەتی بۆ بكرێ، ئەمانە پێویستن، بەڵام نابێ جیابكرێتەوە، نابێ (10) پەرلەمانتار دونیایەك فلتەری بۆ دابنرێ لە كاتێكدا كە بەو نەفەسە قسە بكەین كە ئەوەی لە حكومەتەوە هاتووە هیچ كەم و كورتیەكی تێدانییە، ئەوەی پەرلەمانتار دایدەنێت زەعیفە و لاوازە، بە پێچەوانەوە سەندوقی كوردستانمان لە دەورەوە دانا لیژنەی مەعنی پەرلەمان و هەموو فراكسیۆنەكان پێكەوە یاسایەكمان دانا زۆر موتەتەورتر لەوەی كە لە حكومەتیشەوە هاتوون، بەڵام دواتر ئیقراریش كرا و هیوادارین جێ بەجێ بكرێ، لەبەر ئەوە هیوادارم هەردووكی یەك بخرێت، بەڵام فلتەرایزیشن بكرێ، فلتەر دابنرێ بۆ پرۆسەی داڕشتنی پڕۆژە، بەڵێ، بۆ ئەوەی ئیقتیسادیەن و كۆمەلآیەتی و لە هەر شتێكی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێموابێت ئەوەی كە دەنگمان لەسەری دا تۆزێك لەمەوپێش ئێستا پەیڕەوی ناكەین، گوتمان نوقتەی نیزامی پێویست دەكات پەیوەندیدار بێت بە پێشێل كردنی ماددەیەك، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوَفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەكەی (كاك عمر) نیوەی قەبولە، بەڵام نیوەكەی تر ئێستا ئێمە بەشێكی زۆری پێناسەكانمان كردووە، دەبێ ئەوانە بە پێی ئەو پێشنیازانەی ئێوە ئێستا ئێمە سیاغەی دەكەینەوە، رەئیەكان دەهێنین دەیخەینە دەنگدان، ئەوەی مایەوە كە پێناسە نەكراوە ئێوە پێشنیارتان كردووە، گەیشتینەوە وەرزی یاسادانان پەسەندی دەكەین دەڵێین دەچێتە پێناسەكان بەوەی كە پەسەندمان كرد، گەیشتنە فراكسیۆن دەڵێین پەسەندمان كرد و دەچێتە پێناسەكان بەوەی كە پەسەندمان كرد، یەعنی زۆر ئاساییە یەكسەر هەم لەوێ دەبێ، هەم لە پێناسەش، واتە ئەوەی كە هەیە پەسەندی دەكەین، دواتر

چیترمان به باش زانی پێناسه بکرێ ئیزافەی دەکەینە سەر ئەو ماددانە، سەبارەت بەوەش کە بەراستی پێم خۆشە جارێکی تر ئەو روون کردنەوەیە بدەین بە هیچ شێوەیەك مەبەست لە یەك جیاکردنەوەی پرۆژە و پێشنیاز پێشاندانی زوعفی پەرلەمان نییە، وەکو باسم کرد لەو سیستەمانەی کە ئێمە سوودمان لێ وەرگرت و ئێمە خۆمان موشاهەدەمان کرد و بینیمان خۆ لەوێ پەرلەمان لاواز نییە، بەڵام لەوێش ئەو فلتەرانە تەنها پەرلەمان خۆی لەسەر خۆی دادەنێ بە پێی مەبدەئی فەسل لە بەینی سولتات، حکومەت مەسئولە لە بەرامبەر پرۆژەکەی خۆی، با پرۆژەیەکی زەعیف بێت، تۆ لێرە دەسەڵاتت هەیە وەکو پەرلەمان ئەسڵەن هەر رەفزی بکەیتەوە، ئەگەر حکومەت پرۆژەیەکی هێنا جەدوای ئیقتیسادی باش نییە، لێرە رەفزی بکەوە بەبێ ئەملا و ئەولا، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کە پێشنیازی یاساکانی خۆمان لە پەرلەمان پێشەکەش دەکەین بە قوەت بن، کۆمەڵێك شورتمان بۆی داناوە، بۆیە بەراستی ئەوانیش فلتەرێکیان هەیە کە فلتەری مەجلیسی شورایە هیچ پرۆژەیەك و دواتر فلتەری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە، واتە کاتێك پرۆژەیەك لە وەزارەتی پەروەردە دێت بەشی یاسایی وەزارەت دەیبینێ، دێتە ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەیەکی یاساییان هەیە لەوێ سەیر دەکرێ، دێتە مەجلیسی شورا لە مەجلیسی شورا پەسەند دەکرێ، دێتە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ، دەچێتە لیژنەی پەیوەندیدار و قانونی و ئەوانە بە کۆمەڵێك فلتەر دادەڕوات، مانای وا نییە پرۆژەی حکومەت ئەفزەلیەتی هەیە و حاکمیەتی هەیە و دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و موعەزەز موکەڕەم پەسەند دەکرێ، نەخێر، وا نییە، بەو هەموو فلتەرانە دادەڕوات، ئەوەی پەرلەمان وا نییە، یەك فلتەری هەیە، تەنها فلتەری لیژنەی قانونییە، لەوێ دەڕوات و یەکسەر دێت موناقەشەی لەسەر دەکرێت، بۆیە بە تەسەوری من هیچ نەوعێك لە نا تەوازن دروست نەبووە، بە پێچەوانەوە هێشتاش پەرلەمان ئەفزەلیەتی زیاتری هەیە بە پێی ئەوەی کە ئێمە دامان رشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو ئەندام پەرلەمانی بەڕێز مابوون کە دەستیان بەرز کردبۆوە، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانین بڵێین ئەوە من لەگەڵ ئەوەم مافی پێشکەش کردنی پرۆژەی هەبێت، ناکرێ بڵێین مافی پێشکەش کردنی پێشنیاز و پرۆژە، یەعنی پێشنیازی بۆ زیاد بکەین پرۆژەشی لەگەڵدابێت ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەگەر مەسەلەن کەم و کورتی هەبوو لە پرۆژەکە، عادەتەن ئەوەی کە ناوی یەکەم پێشکەش دەنووسێت، من بڕوام وایە خاوەنی پرۆژەکەیە، ناکرێ بانگی بکەن، قسەی لەگەڵدا بکەن، یاخود بینێرن بۆ نووسینگەی یاسایی، یاخود ئەوانەی کە موتەبەعاتی مالی هەیە حکومەت بانگ بکەن لە پێشدا رەئی وەربگرن، خۆ دەتوانین بەمانە چارسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دلێر ماوەتی فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەم ماوەیە خەڵكی شارەزای یاساییم زۆر بینیوە كە هینیان لێ كردووم ئەم پڕۆژەیە ئاوا نەڕوات ئەو پڕۆژە و پێشنیارە، وا باس دەكات لە رۆژهەڵات دائیم پەرلەمانەكان كە دروست كراون، پەرلەمانی لاواز دروست كراوە، هەمیشە سەیری بكە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن سولتەی كردووە بەسەر دەسەڵاتی تەشریعیدا، هەر چەندە زۆر شتێكی ئاساییە ئەم دوو دەسەڵاتە یەكتریان خۆش نەوێت، چونكە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن پێی خۆشە پەرلەمان لاوازبێت بۆ ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا هەندێك كاروبار بكات، هەروەها دەسەڵاتی تەشریعیش دائیم پێی خۆشە حكومەت بە پێی رێنمایی و یاسا و بڕیارەكانی بڕوات بەڕێوە، بەراستی لێرەدا خۆمان لەوەدەچێت0 فەزلی دەسەڵاتێك بدەین بەسەر دەسەڵاتێكی تردا، ئەگەر واش نەبێ، ئەگەر مەبەستەكەشمان وا نەبێ و لیژنەی یاسایی واشی نەكردبێ لەم قۆناغەدا هەر بە پڕۆژە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پشوویەك وەردەگرین، كاتژمێر (2:30) دەگەڕێینەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان، بۆ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.........

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبـژاردن، ساڵی دووەم، کۆبوونەوەی ژمارە (2)، رۆژی دانیشتن 2015/9/16، بەنارمەی کار بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە (1)ی ساڵی (1992)ی هـەموار کـراو، بەردەوام دەبین لەسەر بڕگەی یەکـەم لـە بەرنامـەی کـار کـە بریتییـە لـە گفتوگـۆ کـردن لەسـەر پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پـەیڕەوی نـاوخۆ ئامـادە کـراوە بـەپێی بڕیـاری ژمـارە (26)ی سـاڵی (2014) و بڕگـەی (8) لـە مـاددەی (56)ی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـارە (1)ی سـاڵی (1992)ی هـەموار کـراو پاڵپشـت بـە مـاددەی (94)ی پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

تکایـە پابەنـد بـن بـەو پرەنسـیپانەی کـە خسـتمانە دەنگدانـەوە بـۆ موناقەشـە کردنـی پـەیڕەوی نـاوخۆ، بەتایبـەتی ئـەوەی کـە پەیوەندیـدارە بـە نوقتـەی نیزامـی، ئێـوە ئـازادن لـە مـاوەی دوو خولەکـدا لـە کـاتی موناقەشە کردنی ماددەکاندا راو بیرو بۆچوونی خۆتان دەربڕن، بەڵام دوای ئەوەی دەرگـای گفتوگـۆ داخـرا، لیژنە هەندێك روون کردنەوە دەدات ئەوەی کە پێویست بە روون کردنەوە بێت، بەڵام راکـانی ئێـوە دوایـی صـیاغە دەکرێتـەوەو دەخرێتـە دەنگدانـەوە، ئـەو روون کردنەوانـەی لیژنـە پەیوەنـدی بـەوەوە نییـە کـە رەئیەکانی ئێوە بە نـەزەری ئیعتیبـار وەرنـەگیرێت، بـەڵکو روون کردنەوەیـە بـۆ ئێـوە، بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی دەنگدانـدا رەچاوی بکەن و، بـزانن بۆچـی ئـەو لیژنەیـە ئـەو رەئیانـەی پەسـند کـردووە، داواش لـە لیژنـەی پەیوەندیدار دەکەین لە روون کردنەوەکانیانـدا سـەرنج ئـەوە بـدەن کـە رەئـی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەردەگیرێـت، دوایـی صـیاغە دەکرێتـەوەو دەخرێتـە بەردەسـتتان، لـە دانیشـتنێکی تـردا دەنگـی لەسـەر دەدرێـت، بۆیـە ئێـوە دەرفـەتی ئـەوەتان هەیـە لـەناو فراکسـیۆنەکانی خۆتانـەوە لـەنێوان فراکسـیۆنە جیاوازەکـانیش پـێش دەنگـدان لەسـەر هـەر بڕگـەو ماددەیـەك گفتوگـۆ بکـەن و لـە دانیشـتنی داهـاتوودا تـەنها دەنگـدانی لەسـەر دەکرێـت، ئێسـتا ئـەو ماددەیـەی کـە خوێندرایـەوەو دوایـی گفتوگـۆ کـرا پێشنیارەکانتان هەندێکیان رەچاو کراوەو، هەندێکیشی دەخرێتە دەنگدانەوە، با بەڕێزان لە سـەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو فەرموون بۆ خوێندنەوەیان، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەو میکانیزمەی دەنگمان لەسەردا، ئێستا ئێمە لەگەڵ هاوڕێیان لە لیژنەی پەیڕەو هەڵستاین بە صیاغە کردنەوەی رەئیەکانی ئێوە، ئەوەی هەر لێرە کە گوتمان تەواوەو پێمان وەرگرتووە، ئەوەی تر ئەوەی دوو رایەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

سەبارەت بەو پێشنیازەی کە لە سەرەتای ماددەی یەك بنووسرێت، بەس لەم زاراوانەوەی خوارەوە ئەو مانایەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوە، ئەوەمان زیاد کردووە، واتا سەرەتای ماددەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوە مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوە.

هەرێم وەکو خۆی مایەوە، چونکە هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، پەرلەمان وەکو خۆی مایەوە، هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، سەرۆك: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان — عێراقی بۆ زیاد کرا، ( - عێراق) لەسەر پێشنیاری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی وەکو خۆی مایەوە، دەستەی گشتی لەسەر پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان گۆڕا پێك دێت لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لە جیاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێتە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەندام تەنها دەنووسرێت ئەندامی پەرلەمان، چونکە پێشتر پەرلەمان پێناسە کراوە، دانیشتن، وەکو خۆی دەمێنێتەوەو هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، خولی پەرلەمان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، چونکە هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، پەیڕەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سەرۆك وەزیران تەنها دەنووسرێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان — عێراق، عێراقێکی بۆ زیاد دەکرێت، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سەبارەت بەو پێشنیازەش کە پێناسەی دیکە ئیزافە بکەین، ئێمە ئەوە دەخەینە بەردەمی ئێوە مەسەلەی فراکسیۆنە، وەزری یاسا دانانە، لە هەر ماددەیەك ئێمە لەگەڵ ئەندامانی لیژنە وا ئیتیفاقمان کرد لە هەر شوێنێك، لە هەر ماددەیەك زانیمان زاراوەیەك پێویستی بە پێناسەیە، کە ماددەکە پەسند دەکەین دەڵێین لە پێناسەش دادەنرێت.

سەبارەت بە پرۆژە یاسا و پرۆژەی پێشنیازی یاسا بە دوو را صیاغەمان کردووە:

رەئی یەکەم/ وەکو خۆی کە لە پرۆژەی ئامادە کراوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە.

رەئی دووەم/ بەم شێوەیە: (پرۆژە یاساو بڕیار: پرۆژەی ئەو یاساو بڕیارانەیە کە لەلایەن (10) ئەندامی پەرلەمان، یان دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، یان دەسەڵاتی دادوەری بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت)، بەڵام ئەگەر ئەوەش بە هەر شێوازێك بێت مانای ئەوە نییە لەلای فلتەرەکان دانێین، یەعنی هەمووەمان موتەفقین دەبێت فلتەر هەر هەبێت، بەڵام ئەو دوو رەئیە هەیە، داوا لە بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان دەکەین بیخاتە دەنگدانەوە، ئەوەی تریش هەموو ئەو رەئیانەی کە ئێوە گوتتان پێمان وەرگرت و جێمان کردۆتەوە وەکو ئەوەی کە خستمانە روو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس بۆ ئێوە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە پێناسەی پێشنیازی یاساو بڕیار بمێنێت، یان نەمێنێت، تەبعەن ئەگەر پێشنیازی یاساو بڕیار بمێنێت، ئەوە بەو شێوەیە کە لە پەیڕەوەکەدا هاتووە، ئەگەر نەمێنێت ئەوە پێشنیازی پرۆژە یاساو بڕیار دەمج دەکرێت لەگەڵ پرۆژە یاسا، بۆیە ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کە پێشنیازی یاساو بڕیار بەو شێوەیەی کە لە پرۆژەکە لەبەردەستتاندایە بمێنێتەوە، یان نا، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (28) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (42) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسند نەکرا، ئێستا کۆی ماددەکە بە یەکەوە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی (1):**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوە:

هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

سەرۆك: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

دەستەی سەرۆکایەتی: دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

دەستەی گشتی: پێك دێت لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان.

ئەندام: ئەندامی پەرلەمان.

دانیشتن: کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە رۆژێك دەبەسترێن.

خولی پەرلەمان: ماوەی ولایەتی پەرلەمان.

پەیڕەو: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

سەرۆك وەزیران: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران: جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە.

پرۆژەی یاساو بڕیار: پرۆژەی ئەو یاساو بڕیارانەیە کە لەلایەن (10) ئەندامی پەرلەمان، یان دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، یان دەسەڵاتی دادوەری بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (46) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (21) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، دەچینە سەر ماددەی دوو لە بەشی دووەم، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**پێکهاتەو کۆبوونەوەی پەرلەمان**

**ماددەی (2):**

1-پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، پیادەی ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە لەم پەیڕەوەو لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە.

2- پەرلەمان پێکدێت لە (111) ئەندام، بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێن، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان- عێراق دەکەن.

**ماددەی (3):**

پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی خۆی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (10) رۆژ لە رێکەوتی پەسند کردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت، لەکاتی ئاراستە نەکردنی بانگهێشتنامەکە پەرلەمان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە لە کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی دوای ماوەی ئاماژەپێدراو کۆدەبێتەوە.

**ماددەی (4):**

دانیشتن لە هەولێر دەبێت و دەکرێت لەسەر داوای دەستە، یان (10) ئەندام و بە رەزامەندی زۆرینەی رەها لە هەر شوێنێکی دی بێت.

**ماددەی (5):**

1-دانیشتن بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامان یاسایی دەبێت، یاساو بڕیارەکان بە زۆرینەی سادە پەسند دەکرێن، جگە لەو یاساو بڕیارانەی کە پێویستی بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا ئەو لایەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە بە زۆرینە ئەژمار دەکرێت.

2- ئەگەر رێژەی یاسایی تەواو نەبوو، سەرۆك کردنەوەی دانیشتنەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێك دوادەخات، ئەگەر رێژەکە هەر دەستەبەر نەبوو، دانیشتنەکە بۆ کاتێکی دی دوا دەخرێت.

3- ئامادەبوونی رێژەی یاسایی، مەرجە بۆ دروستیی دەنگدان، بەڵام کار ناکاتە سەر بەردەوامیی کۆبوونەوەکە.

**مــاددەی (6):**

**خولی پەرلەمان چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنی دەستپێدەکات و بە کۆتایی هاتنی دوایین دانیشتنی لە ساڵی چوارەمدا، کۆتایی دێت.**

**مــاددەی (7)**

**لەسەر برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دوو راهەیە:**

**رای یەکەم:**

**1-لە ساڵێکدا پەرلەمان دوو وەرزی گرێدانی هەیە، یەکەمیان لە سەرەتای مانگی ئادار دەستپێدەکات تا کۆتایی مانگی حوزەیران، دووەمیان لە سەرەتای ئەیلول دەستپێدەکات تا کۆتایی کانونی یەکەم.**

**رای دووەم:**

**1-پەرلەمان لە ساڵێکدا سێ وەرزی گرێدانی دەبێت، یەکەمیان لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەم دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی شوبات بەردەوام دەبێت. دووەمیان لە سەرەتای مانگی نیسان دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی حوزەیران بەردەوام دەبێت. سێیەمیان لە سەرەتای مانگی ئاب دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت.**

**2- لە نێوان دوو وەرزی یاسادانانەدا پەرلەمانتاران و لیژنەکان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیانەدا بەردەوام دەبن.**

**3- ئەو وەرزەی گفتوگۆی بودجەی هەرێمی تێدا دەکرێت هەتا پەسند کردنی بودجە کۆتایی نایەت.**

**4- پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان (25) لە ئەندامان، بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامەکانی ماوەی گرێدانی هەریەك لە دوو وەرزەکە بۆ ماوەیەك کە لە (30) رۆژ زیاتر نەبێت درێژبکاتەوە، ئەویش بۆ تەواو کردنی ئەو ئەرکانەی کە پێویست بووە وەرزەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە.**

**ماددەی (8):**

1- **سەرۆکایەتی پەرلەمان یان لایەنی کەم سێ یەکی ژمارەی ئەندامان بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەن، کۆبوونەوەکەش تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت کە لە بانگهێشتەکەدا دیاری کراون.**
2- **سەرۆکی پەرلەمان لەکاتی پێویستدا لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نایاسایی دەکات.**

**ماددەی (9):**

**یەکەم: لەسەر ئەم برگەیە دوو ڕا هەیە:**

**ڕای یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئاشکرا دەبن و دەشێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش بکرێن.**

**ڕای دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئاشکرا دەبن.**

دووەم: دەكرێت دانیشتنەكانی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆك یان سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان یەك لەسەر چواری ئەندامان و بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نهێنی بن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماددەی دووەمیش بخوێننەوە جارێكی تر تا بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

1- پەرلەمان بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێریكردنە، پیادەی ئەو دەسەلاتانە دەكات كە لەم پەیڕەوەو لەیاسا كارپێكراوە پەیوەندیدارەكاندا ئاماژەیان پێ دراوە.

2- پەرلەمان پێكدێت لە (111) ئەندام، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هەڵدەبژێردرێن، نوێنەرایەتی سەرجەم پێكهاتەكانی گەلی كوردستان – عێراق دەكەن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، فەرموو ئێستا كێ دەیەوێت قسەی لەسەر بكات ناوەكانیان بنووسین، فەرموو جەنابی سكرتێر.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف( سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت قسە لەسەر ماددەی دووەم بكەن،( بێگەرد دلشاد، قادر ئۆتمان، شامۆ شێخۆ، شوان شێخ احمد، ابوبكر عمر، بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەرویش، عمر عینایەت، عادل عزیز، محمود عمر، شێركۆ جودەت، عباس غەزالی، سرود سلیم، ڤەمان فیصل، یروانت نیسان) سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر خالی یەكەم تێبینیەكم هەیە، كە پەرلەمان بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێری كردنە، وە مەرجەعی یاسایی و سیاسی چارەنووسسازی خەلكی كوردستانە، ئینجا پیادەی ئەو دەسەلاتانە دەكات كە لە پەیڕەوو یاسا كارپێكراوە پەیوەندیدارەكاندا ئاماژەیان پێ دراوە. پێشنیار دەكەم ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، وە پێشنیار دەكەم خالی سێیەم بۆ ماددەی دووەم زیاد بكرێت، لەكاتی یەكلایی بوونەوەی چارەنووسی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم، بەیاسا یان بە ئەمری واقع، ژمارەیەك كورسی لەپەرلەمانی كوردستان دیاری دەكرێت، بۆ ئەو ناوچانەو دواتر لەماوەی یەك سالدا هەلبژاردنی تەواوكارییان بۆ ئەنجام دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شامۆ شێخۆ، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ژمارەکە، حالی حازر ڕاستە (111) ئەندامین، بۆ ئایندە ئەگەر هاتوو دەڤەری دابڕاو یان مەژی وەکی پێکهاتەکی ئیزیدی مە پڕۆژەیەك پێشنیار کریە، بۆ کۆتایە ئیزیدی پاشی وێ ئیستیدامە ناکەت دگەل وی عەدەدێ سەقف کری، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کاتی خۆی لەناو لیژنەکەش ڕەئم وابوو نازانم ئەم پێوەری (111) ئەندامە لەچیەوە هاتووە، یەعنی بۆ هەرێمێکی 4 ملیۆن کەسی، ئەگەر لەهەموو دونیادا ڕێژەی ئەندام پەرلەمان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دەستنیشان دەکرێت، لەبەر ئەوە من بەش بەحالی خۆم پێم وایە پەرلەمانی کوردستان (70) بۆ (80) ئەندام بێت، (111) زۆرە ساڵ بەساڵیش ئەبێت بە بارگرانیەکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە داوای کەمکردنەوە دەکەم بۆ ئەو ڕێژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سرود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز د. سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2):-

خاڵی یەکەم، کە پەرلەمان وەکو وێنایەك کراوە کە دیارە لەڕوانگەی ئەو مەهام و ئەرکانەی کە هەیەتی تۆ یاری ئەکەیت، جگە لەدەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری کردن، مەهامێکی تریشی هەیە کە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بووترێت کە پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردن و نوێنەرایەتی هاووڵاتیانە، لەخاڵی دووەمیش ئەو (111)یە کە دیارە ئەوە ڕێژەی ئەندامانە ئەو

ئالیەتانەی کە بۆی دیاری دەکرێت وەکو عورق موتەبەع لەزۆرینەی وڵاتاندا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانە، ڕێژەی دانیشتوان گۆڕانکاری بەسەردادێت، بۆیە ئەو (111) بەڕێژە دیاری بکرێت نەك بە ڕەقەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر ئۆتمان، فەرمو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم برگەی یەك، پێشنیار دەکەم کە بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەگەر لیژنەی بەڕێزیش پێیان وابێت ئەوە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردن هاتووە، ئەوانی تریش یاسادانان و چاودێریکردنەکەش هاتووە، وە پشتگیری لە ڕاکەی بێگەرد خان دەکەم بۆ زیاد کردنی ئەو برگەیە، ڕاستە دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان پێویستە لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا بێت، بەڵام لەبەرگرنگی ناوچە کوردستانیەکان ئاماژەی پێ بدرێت، بەپێویستی دەزانم، لەهەمان کاتیشدا لەباتی ئاماژەی پێکراوە، بنووسرێت هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دکەم لە خاڵ یەکێدا لە ماددەی دوو، ئان خاڵ دوێدا ئاماژە پێ بکرێت، من پێم باشە بێژت پەرلەمان پێك دێت لە (111) ئەندام بەپێی یاسای هەڵبژاردن، پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێرن، نوێنەرێن ڕاستەقینەیا هاووڵاتیان بێتە ئیزافە کرن، پاشان نوێنەرێت پێکهاتەکان، لبەر چ، چونکی پێشان ئەم بێژین موغلق بوو، لیستی داخراو بوو، ئێستا نیف کرینە، لبەر هێندی، نوێنەریت ڕاستەقینە هاووڵاتیان بێتە ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت نیسان، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا کاك شێخ شامۆ دکەم، ئەو موفتەرەحەی دای، دویەژی، ئەڤ (111) نوێنەرە لە ساڵ 1991 دانرایە، ئەکید نسبا سکانی هەنوکە زیدا بوون، مە هەر (111) بت، من نە گەل هەندێمە کەم بکەم، ئەز دگەل هەندێمە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەك لەماددەی دوو، پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە لەهەرێمدا، وشەی هەرێم زیاد بکرێت، بۆ بڕگەی دووەمیش من پێم باشە وا بێت، (ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ژمارەی دانیشتوان و لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا دیاری دەکرێت)، یەعنی ژمارەکە لاببرێت چونکە قابیلی کەم و زۆرە من لەگەڵ ئەوەدام کەمبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس غەزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئیەکەی شێخ شامۆ دەکەم، لەخاڵی دووەمیش لەگەڵ ڕەئی کاك ابوبکر هەڵەدنیم، ڕاستە ئەمرێکی واقعی لێرەدایە، کە ئەمرۆ ئێمە لێرەدا (111) ئەندامین، بەڵام لەهەموو شوێنێك بەنیسبەی دانیشتوان ئەندام بۆ پەرلەمان دادەندرێت، لەناو نوخبەیەکی کەمیش ڕەئی باشتر و بوختەتر دێتە دانان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عادل عزیز، فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن خاتوو بێگەردو کاك عمر و کاك ابوبکر کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ڕێژەیە کە دێتە دینان بۆ بەشداریا پەرلەمانێ لەگوڕ یاسایەکی تایبەت بۆ ئەوژی یاسا هەڵبژاردنایە، جا ئەو ڕێژە چەن بتن، یان ئەو عەدەدە کورسیەك بێت یان 10 کورسی بێت، یان 111 کورسی بێت کێشە نیە، تەنێ مە سەرنجێ خۆ وێ بدەم، ل دیارکرنا ئەو ژی ئەوە وەکو ئەندامەکی پەرلەمانێ ڤێ خاڵێ زیدا دزانم یان ژی پرسیار دکەم، عیلەت هەبینا ڤێ خاڵێدا ل پەیڕەوێد ناوخۆ چ دایە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمود حاجی عمر، فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بڕگەی یەكەم، بەڕەئی من ئاوا دابڕێژرێتەوە، (پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریكردن و بەدواداچوونە، پەرلەمان ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەكات كە لەم پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا كارپێكراوەكاندا ئاماژەیان پێكراوە)، بڕگەی دووەمیش، من تەئیدی قسەكانی كاك ابوبكر و كاك عمر ئەكەم، بەڵام دەكرێت بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان ئەم ڕێژەیە زیاد یان كەم بكرێت یان نرخی كورسی دیاری بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر شێركۆ جەودەت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی كاك بهزاد و خوشكە بەهار دەكەم، سەبارەت بە مەسەلەی نوێنەرایەتی كە گرنگە لەخاڵی یەكەمدا بەڕوونی دیار بێت، هەروەها پشتگیری لە ڕەئیەكەی مامۆستا هەڵەدنی دەكەم، سەبارەت بە كەمكردنەوەكە بەپێی مەعایری نێودەوڵەتی نیسبەتی كورسی دیاری بكرێت، وە كەم بكرێتەوە، هەروەها پشتیگری لە ڕەئی خوشكە بێگەرد دەكەم سەبارەت بە ناوچە دابڕێندراوەكان لەم بڕگەیەدا شتێك دیاری بكرێت بۆ ئەوان تا بەهەر شێوەیەك بێت ئامادەییان هەبێت لە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شێركۆ حمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، تەنها پشتیوانی لە قسەكانی بێگەرد خان و كاك ابوبكرو كاك شێركۆ و كاك عمر و كاك محمود وكاك عباس دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ سەرنج و تێبینیتان هەیە بەڕێزان لە ئەندامانی لیژنە، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە پێش ئەوەی ڕوونكردنەوە بدەین، سەرنجێكی عام بدەم، ئێمە دوێنێ لە كۆبوونەوەی لیژنەی پەیڕەویش قسەمان كرد، لەكۆبوونەوەی فراكسیۆنەكانیش قسەمان كرد، باسی ئەوەمان كرد ئێمە لەم پەیڕەوە كۆمەڵێك ختوتی ئەساسیمان داناوە و بەیەكەوەش دامان ناوە، ئەوەی لەم پەیڕەوە نووسراوە بەیەكەوە نووسیومانە، ئەگەر بڕیار بوایە یەك ڕەئی جیاواز هەبوایە لێرە ئەوە نووسراوە ڕەئی یەكەم و

ڕەئی دووەم، بەڵام كاتێك كە بێینە ناوهۆڵ و هەر لەناو خۆمان بەڕێز ئەندامانی لیژنە ببین بـە دوو ڕەئـی و سێ ڕەئی، بەڕاستی بۆ من سەیرە من نەمزانیوە ئێمە پێكەوە نووسیومانە، پێكەوە پەسـەندمان كـردووە، بـەم شـێوەیە موناقەشـەی پـەیڕەو ناكرێـت چـونكە ئـەم پڕۆژەیـە هـی هەموومانـە، بڕیاریشـمان داوە كـە ختووتی ئەساسی ئەم پەیڕەوە بەیەكەوە بڕوێنین، بۆیە هیوادارم بەلانی كەم لەم كارە بەیەكەوە بڕۆین تـا ئەخیری و پابەنـدیش بـین بـەوەی كـە كردومانـە، سـەبارەت بـەو تێبینیانـەی كـە هـەبوون لەیـەك نـزیكن، بـەتێڕوانینی مـن پـێم وایـە ئەگـەر بڕیـار بێـت، ئـەو هـەموو تەفاصیلەی بـدرێتێ، ئـەو هـەمووە لەلایـەك مرجەعی سیاسی و دەسەڵاتی ڕاستەقینە، ئەوە ئەصڵەن ئێمە بۆ ئەوە نەمان نووسیوە ئەو پرسە، ئەصڵەن پرسی پەیڕەو نیە، بۆیە دەكرێت بڵێین ئەو هەموو تەفاصیلە ئەگەر بڕۆن لە یاسای هەڵبژاردن یـان یاسـای پەرلەمان یان دەسـەڵاتەكانی پەرلـەمان جێگای بكەنـەوە، ئـەو ماددەیـە بـا لێـرەدا هـەڵبگرین، چـونكە ئـەو ماددەیە تەنها بۆ ئەوە دانرا لەڕووی پەیڕەوییەوە ئەم پەرلەمانـە ئیشـی چاودێریكردن و تەشـریع دانانـەو تەواو، ئیشێكی ئیختیصاصی خۆمان نووسیوە، ئەگەر بچینە سەر پرسـی سیاسـی وبابـەتی دیكە، پـێم وایـە شـوێنی پـەیڕەو نیـەو موتڵەقـەن ناكرێـت لـەناو پـەیڕەو ئـەو بابەتـە سیاسـیانە دابنـدرێت، سـەبارەت بـە مەسەلەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، دیسان مـن خـۆم لەگـەڵ ئـەو ڕایـەدام كـە ژمارەكـە دیـاری نـەكرێت وەكو ئەوەی كە لە یاسای هەڵبژاردن دیاری كراوە، جا یاسای هەڵبـژاردن چـۆنی دیـاری كـرد، مـن پیشـتگیری ئەو تێڕوانینە دەكـەم، ئـەوانی تـریش وابـوون كـە ئەگـەر بڕیـارە ئـەو صـیاغە نوێیانـە بـێن، ئـەوە بـا هـەر ماددەكە بـەكاملی هـەڵبگرین، تـەنها ئـەركی چاودێریكردن و یاسادانان بێـت، چـونكە ئێمـە لەچوارچـێوەی پەیڕەوە قسە دەكەین، ئەوەشی لەو پـەیڕەوە هـاتووە باسـی چاودێریكردن ویاسادانان و كـاری پەرلـەمانیـە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆرە بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم ماددەیەمان لە ژێر ناونیشـانی ئـەو بەشـە هێنـاوە كـە بـاس لـە پێكهاتـەو كۆبوونـەوەی پەرلـەمان دەكات، ئەم ماددەی دووە بەتایبەت باس لە پێكهاتەی پەرلەمان دەكات، بۆیە كورسی زیـاد بكرێـت یـان كـەم بكرێت، لەگەڵ وەرگرتن بە نەزەری ئیعتیبار هەموو ڕەئیەكان، یەعنی ئەوە ئیشی ڕەئیەكان نیە، زیـادكردن و كەم كردنی كورسیەكانی پەرلەمان، ئەوە ئیشی یاسای هەڵبژاردنە، دەبێت لەیاسای هەڵبـژاردن ئـەوە ڕێـك بخرێت، ئێمە وتوومانە پێكهاتـە، پێكهاتـەی پەرلـەمان ئێسـتا حـاڵی حـازر لـە (111) ئەنـدام پێـك هـاتووە، هەركاتێك ئەم پێكهاتەیە بەپێی یاسای هەڵبژاردن گۆڕا، ئێمە دەبێت پەیڕەوی بۆ تەعدیل بكەین، سەبارەت بـە نوێنەرایـەتی كـردنیش ئەگـەر سـەیر بكـەن لـە بڕگـەی دووەم هـاتووە، ئـەڵێت ( پەرلـەمانی كوردسـتان

نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان – عێراق دەکەن)، بۆیە لەبڕگەی دواتردا نەهاتووە، باقی ئەوانی تر دکتۆر فرسەت ئیشارەتی پێدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەشە خان، فەرمووو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان مەرجەعی بڕیارە یاسایی و سیاسیەکانیشە، خۆی لەخۆیدا ئەوەیە ئێستا تۆ بێیت لە پێناسەکەشدا باسی بکەیت، کارێکی زۆر ئاساییە، بۆ نموونە ئێمە سەرۆکی هەرێم پێشنیاری ئەوەی بۆ کردین کە ئێمە هیز بنێرین بۆ کۆبانێ ئایا ئەمە ڕاستە بڕیارێکی قانونی بوو لەپەرلەمان، بەڵام بڕیارێکی سیاسیش بوو، کەواتە مەرجەعی بڕیاردانی یاسای و سیاسی پەرلەمانی کوردستانە، بۆ خەڵکی کوردستان، ئەگەر لە پێناسەکەدا بکرێت کارێکی باش ئەبێت، سەبارەت بەو ڕێژەیە ئەگەر دابندرێت بۆ ناوچە کوردستانیەکان، ئەگەر بەڕێژەش دیاری نەکرێت، وەکو ئەوەی خاتوو بێگەرد وتی دوای یەکلابوونەوەی ئەو پرسە، دوای یەکلابوونەوەی چارەنووسی ناوچە دابڕێندراوەکان، ئەکرێت ئێمە بڵێین ژمارەیەك کورسی دیاری دەکرێت، لێرەدا باس لەوە بکرێت کە ژمارەیەك کورسی دیاری دەکرێت دوای یەکلایی بوونەوەی ئەو ناوچانە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەواتە ئێستا دەچینە سەر ماددەی سێیەم مادام ڕوونکردنەوەی تر نیە، فەرموو بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی خۆی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماوەی (10)ڕۆژ لە ڕێکەوتی پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت، لەکاتی ئاراستەنەکردنی بانگهێشتنامەکە پەرلەمان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە لە کاتژمێر(12)ی نیوەڕۆی ڕۆژی دوای ماوەی ئاماژەپێدراو کۆدەبێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاك سرود سلیم، فەرمووو.

**بەڕێز سرود سليم متى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن بـەس پرسـيارم هەيـە لـە ليژنـەی پەيوەنديـدار، كـە دەڵێـت لـەكاتی ئاراسـتەنەكردنی بانگهێشـتنامەكە پەرلەمان بەشێوەيەكی خۆڕسكانە لە كاتژمێر(12)، ئەگەر ئەو كۆبوونەوەيە نەكرا، يەعنی دونيايە نيساب تەواو نەبوو، چی لێ دێت ئەو پەرلەمانە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەماددەكانی دواتر ئەوە موعالەجە كراوە دكتۆر سرود، كاك عمر عينايەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە داڕشتنەكە بەم شێوەيە بێت، يەكەم: لەسەر بانگهێشتی سـەرۆكی هـەرێم، ئـەوە بخرێتـە پێشـەوە، چـونكە لـەڕووی ڕێزمانيـەوە ئـەوە تـەواوە، لەسـەر بانگهێشـتی سـەرۆكی هـەرێم كوردسـتانەكەش لابرێـت، چونكە ئێمە ئەمانەوێت پەيڕەوەكەمان كورت بێت ئەو شتانە دووبارە دەبنەوە، چونكە سەرۆكی هەرێميش تەعريف كراوە، لەسەر بانگهێشتی سەرۆكی هەرێم پەرلەمان يەكەم دانيشتنی خـۆی لـەماوەی (10)ڕۆژ لـە ڕێكەوتی پەسەندكردنی ئەنجامە كۆتاييـەكانی هەڵبـژاردن و سـەعات (12)ش بـۆ وابێـت بيكـەن بـە (11)، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل دەست پێكا ڤێ خولێ كێشەيەك بۆ مە دەركـەفت دانيشـتنا ئێكـێ (11/6) مـە كـر و چـەند هـەيڤا ئێـدێ پەرلەمان نەشيا روينشتێن خۆ بكەت، ژبەر هندێ كو حكومـەت پێـك نـەهات پێشـنيارا مـن ئـەوە كـو دڤـێ ماددێ دا هوسـا بێتـە رێـك خسـتن كـو پەرلـەمان ل سـەر كۆمبـوونێن خـۆ بـەردەوام بيـت، واتـە پەرلـەمان چاڤەرێ پێك ئينانا حكومەتێ نەكەت دا كو هەيبەت و شكوها پەرلەمانی پاراستی بيت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شكريە اسماعيل، فەرموو.

**بەڕێز شكريە اسماعيل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتا پێم وايە ئەو تەعبيرە تۆزێك رەكيكە، وەكـو كـاك عمـر وتـی ئەمـە پـاش وپـێش بخرێت باشـترە، سەبارەت بەوەی شێوەيەكی خۆڕسكانە بكرێت بەشێوەی سروشتی خۆی، نـازانم بـۆ كاتـژمێر (12) دانـراوە، ئايا ناكرێت بكرێت بە كاتژمێر(10) ئەوە هيچ بنەمايەكی هەيە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی من دەیڵێم سەرنج و تێبینیەکە لەڕوانگەی ئەو خەمەی کە هەمیشە لەهەرێمی کوردستان یەکەم دانیشتن هی پەرلەمانی کوردستانە، یەکەم پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کە هەمیشە کێشەی تێدەکەوێت، دیارە ئەمە بۆ موعالەجەی ئەو حاڵەتە دانراوە، بەڵام قسەکە لێرەدا ئەو پرسیارو سەرنجەکەی من ئەوەیە، کە دەڵێت لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیارە ئەمە دەبێتە یەکێك لە دەسەڵاتەکان بۆ سەرۆکی هەرێم، ئەگەر کاتێك دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دواجار دیاری کرا، خاڵێك دنرا، کە پێچەوانەی ئەمە بێت، بۆ نموونە ئەو (15) ڕۆژی دانا ئێمە کردمان بە (10)و تەسبیتمان کرد، لەو حاڵەتانەدا جۆن تەوازن ئەکەین لەکاتێکدا کە ئەو سەرۆکی هەرێمە، لەدەسەڵاتەکاندا شتێك داڕێژرا پێچەوانەی ئەمە بێت کە لێرەدا دانراوە، ئەوە جۆن موعالەجە ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان فەرموو لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی زۆری قسەکان صیاغە بوو، ئەوەی کە باسکرا صیاغەی ئەکەینەوە دوایی دەیخەینە ڕوو لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی پەرلەمان پێش بخرێت، ئەوەی دیکەی کە نیصاب تەواو نەبوو لەدوای ئەوە، خۆی یاسا دیاری کردووە، (45) ڕۆژە هەر پەرلەمان کۆنەبوویەوە ئەوە حەل دەبێت، هەڵدەوەشێتەوە، بکرێتە سەعات چەند(11) یان (12) ئەوە شتێکی موتەبەعەو هەر ئەوە دانراوە ئەتوانێت بکرێت بە هەرچەند کە بمانەوێت، ئەوە کێشە نیە، ئەوەی تریان ئەگەر لەپاش ئەم پەیڕەوە یاسایەکی تر دەرچوو، چۆن صیاغەی کردبێت ئەوە دەخوات، ئەوەی دێت ئەوەی پێش خۆی قەید دەکات، ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە دکتۆر فرسەت ئەگەر مەجالم بدەی، بەڕێزان ئێوە قسەتان کردووە، سەرنج و تێبینیتان هەبووە، ئێستا وەڵام دەدرێنەوە، گوێ بگرن بۆ ئەوەی وەڵامەکەی خۆتان وەربگرن، ناکرێت ئێوە قسە بکەن و ئەندامانی لیژنەش قسە بکەن، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوە بوو ڕوونکردنەوەکە، دوایی ئەو ماددەیە صیاغە دەکەینەوە سەعاتەکەش ئەگەر کیشەی لەسەر نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر كەسی تر قسەی نیە دەچینە سەر ماددەی چوارەم، فەرموون.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

دانیشتن لە هەولێر دەبێت و دەكرێت لەسەر داوای دەستە یان (10) ئەندام و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها لە هەر شوێنێكی دی بێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، ناوەكانیان بنووسن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف( سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندامانە دەیانەوێت قسە بكەن(عمر عینایەت، ڤەمان فیصل، قادر ئۆتمان، سەركەوت سەرحەد، شوان شێخ احمد، ، فیروز تەها، شكریە اسماعیل، دكتۆر شێركۆ حمە امین، سرود سلیم، پەروا علی، عباس غەزالی، محمود حاجی عمر، بێگەرد دڵشاد، پەری صالح، شیرین حسنی، ڕابون تۆفیق، حیات مجید، عادل عزیز، بەهزاد دەروێش، دكتۆر سراج، غریب مصطفی، یروانت نیسان)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم لیژنەی كاتی نووسینەوەی پەیڕەو لێمان زوویر نەبن، ئێمە بەڕاستی هەدەفمان ئەوەیە كە ئیشەكەی ئەوان جوان بكەین، بڕیار بوو من كاتی خۆشی لەگەڵیان بم، بەڵام بەداخەوە ڕێك نەكەوت، دانیشتن لەهەولێر دەبێت و دەكرێت لەسەر داوای دەستە، لێرەدا دەستە تەعریف نەكراوە، دوو دەستە تەعریف كراوە، دەستەی سەرۆكایەتی، دەستەی گشتی، ئەمە كامیانە، كەواتە ئەبێت لێرەدا بووترێت دەستەی سەرۆكایەتی یان دەستەی گشتی، من تەنها ئەو سەرنجەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، كاك ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل ناڤ هەمی یاسایا دونیایێ دا تەنها ئێك جوملە تێتن نڤیسینێ سەبارەت بە دانیشتنێ پەرلەمانێ، ئەو ژی ئەوە كو روینشتنێن پەرلەمانی بتنێ دێ ل عاسیمەی بن، یەعنی هیچ كێشەیەك دروست نابیت هەر

چەندە حەتا نوكە ل كوردستانێ كێشە ل سەر هندێ ژی دروست نەبیە دگەل ناوچەیەكێ دی یان باژێرەكێ دی بەس یا باشتر ئەوە كو بتنێ ل هەولێرا پایتەهت بن، چونكی ل عێراقێ ژی دا بتنێ ل عاسیمەی دهێنە كرن ئەو سەرنجەك، دوو : من ژی هەمان سەرنج هەیە كو ئایا دەستا گشییە یان دەستەیا سەرۆكاتییە یان هەر دووكن، چونكی ئەگەر ل سەر داخازا هەر دووكا ژی بیتن هیچ كێشەیەك نابیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان سەرنجی كاك عمرم هەیە، خۆ ئەگەر دەستەی گشتی و ژمارەی دەستە، مەبەستی لەهەردووكی بێت، ئەوە ژمارەی هەردوو دەستەكە زیاترە لەژمارەی ئەندامەكانی، بەڵام دیاری بكرێت باشترە، پێم باشە زۆرینەی ڕەها نەبێت، یەعنی بە دەنگدانی ژمارەی زۆرینەی ڕەها نەبێت، بە زۆرینە بێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە خواست هەبێت هەر لەڕووی مەعنەویشەوە، بۆ دانیشتنی پەرلەمان لە شوێنێكی تر یان قەزایەكی تر یان شارێكی تر گرێ بدات، بۆیە پێشنیار دەكەم زۆرینە بێت، نەك زۆرینەی ڕەها، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شوان شێخ احمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باس لەدانیشتن دەكرێت، ئەگەر ئەمە تەواوكەری ماددەكەی پێشووتر بێت، بۆیە ئەگەر بكرایە بنووسرێت دانیشتنەكانی پەرلەمان لەهەولێر دەبێت، دەكرێت لەسەر داوای دەستە، بیگومان منیش ئەو تێبینیەم هەبوو، ئەو دەستە گشتیە، یان سەرۆكایەتیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شكریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو سەبارەت بە دەستە، من پێم باشە بكرێت بەدەستەی گشتی، سەبارەت بەوەش كە ئەمە بۆ كامە دەگەڕێتەوە، بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها، ئایا ئەوە بۆ دەستەكەش دەگەڕێتەوە، یان بەتەنها بۆ (10) ئەندام پەرلەمانەكە دەگەڕێتەوە، من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بكەمەوە، كە ئەو زۆرینەی ڕەهایە بۆ هەردووكیان بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سرود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سرود سليم متى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەی کاك عمرو کاك ڤەمانم هەيە، لەسەر بابەتی دەستەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بـەوەی لەسـەر داوای دەسـتە، ئـەوە بکرێـت لەسـەر داوای سـەرۆکی پەرلـەمان بێـت، چـونکە ئـەوە يەکێکە لەسەلاحيەتەکانی سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەيروز طه، فەرموو.

**بەڕێز فيروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبينيت هەين، ئێك لە ماددا (4)، بە زۆرينەی ڕەها ئەز پێشنيار دکەم ببيتە (2) لەسەر (3)، تێبينييەکا دی من دبێژيتن (هەر شوێنێکی تر بێت)، مەبەست لە هەر شوێنەکی دی کوێ يە؟ مەبەست لە شوێنێکی تر هەرێمە؟ لە ناو عيراقە؟ يان لە دەرەوەی عيراقە؟ من پێشنيار دەکەم ببێتە ( لە ناو کوردستانی عيراق بێت)، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك سەرکەوت، فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خليفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ديارە بەڕێزان باسيان کرد ئەو دەستە (دەستەی سەرۆکايەتی پەرلەمان)، يان (دەستەی سەرۆکايەتی گشتی)، پێم باشە (سەرۆکايەتی پەرلەمان) بێ، (ئەندام)يش (ئەندامی پەرلەمان) بێت، يەعنی پشتگيری کاك عمر و کاك قادر دەکەم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمين، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو هاوڕێيانەم کە باسی دەستەيان کرد، چونکە پێناسە نەکراوە، ديار نييە، بە دياريکراويش پشتگيری لە ڕاکەی خاتوو پەروا علی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم لە پایتەختی هەرێم (هەولێری پایتەختی هەرێم) بێ، بەڵام بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێكی تر زۆرینەی ڕەها بۆ ئەوەی ($3/2$) بێ، چونكە ئێمە زۆرجار وەكو بە پارێزگاكردن بۆتە چاولێكەری، ئەو دەڵێ لێرە بێ و لەوێ بێت، لە فلان شوێن بێت، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە ($3/2$)ی داوا بكەن بۆ شوێنێكی تر بێ، شەرت نییە لە كوێ بێ، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو شارەكان داوا نەكەن بە پارێزگا بوون، دانیشتنەكان بە ($3/2$) بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك محمود عمر، فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەو (دەكرێ)یە زیادەیە، دەكرێ بڵێین دانیشتن لە پایتەخت بێ و لەسەر داوای سەرۆكی پەرلەمان بێت، یەعنی ئەو (دەستەیە) بكرێتە (سەرۆكی پەرلەمان)، تەئیدی قسەكەی پەروا خان و ئەو برادەرانە دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو بێگەرد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من ماددەی (4) پێشنیار دەكەم، زۆرینەی ڕەهایەكە پشتیوانی قسەكانی كاك قادر ڕەزگەیی و هەڤاڵەكانی ترم دەكەم كە پێشنیاریان كرد زۆرینەی ڕەها لابرێت، تەنها بكرێتە (بە ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو پەری صالح، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كران، پشتیوانی لە قسەكانی پەروا خان دەكەم، (دەستە) بكرێتە (سەرۆكی پەرلەمان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو شرین حسني، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخافتنێ کاك ڤەمانی دکەم، سەبارەت بە دانیشتن تەنها لە پایتەختی بێنە کرن، پشتەڤانییێ ئاخافتنێت کاك شوانی دکەم سەبارەت بە وشەی (دەستە) بێتە پێناسە کرن، کیژ دەستەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك رابون معروف، فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دانیشتنی پەرلەمان کە لە ماددەکە دەڵێ (دانیشتن لە هەولێر دەبێ و دەکرێت لەسەر داوای دەستە یان (10) ئەندام یان بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها لە شوێنێکی تر بێت) من پێشنیار دەکەم سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی هەبێت بە بێ دەنگدانی پەرلەمان، واتا بە بێ ئەوەی دەنگدانی پەرلەمانی بۆ بکرێ سەرۆکی پەرلەمان بەو ئیعتیبارەی ڕەئیسی موئەسەسەکەیە، مافی هەبێ ئیعلانی دانیشتنی پەرلەمان لە شوێنێکی تری کوردستان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتن لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بێت ، لەسەر زۆرینەی ڕەهاکە ئەگەر بکرێ بە (3/2) کە چەند هاوڕێکانم پێشتر ئەوەیان وت، دەستەکەش تەحدید بکرێت و لە هەر شوێنێکی تر بێ لە کاتی پێویست دا، ئەگەر ئەوەش زیاد بکرێ خەراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك عادل عزیز، فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ڕزگاریشتان بێ لەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی یان دەستەکەی ترە، بۆ گەڕاندنەوەی بۆ صەڵاحیاتی سەرۆکی پەرلەمان، پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو پەروا دەکەم، ئەو دەستەیە بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد درویش درویش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئیا كاك عمر عینایەت دەكەم، چونكە ئەوەل كەس باس كرد، (دەستەی سەرۆكایەتی) نە (سەرۆكایەتی پەرلەمان)، چونكە سەرۆكایەتی هاتیە پێناسە كرن، (دەستەی سەرۆكایەتی)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.سراج أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، خاڵی یەكەمیان/ لە ڕووی زمانەوانییەوە نووسراوە دانیشتن لە هەولێر دەبێت و دەكرێت، خۆی جەلسە وەكو لە عەرەبی دەڵێن (تعقد الجلسة)، یەعنی دانیشتن لە هەولێر گرێ دەدرێ، چونكە جەلسە گرێدانە، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ لە هەر شوێنێكی دیكە، ناكرێ لە هەر شوێنێكی دیكە، من پێم باشە لە شارە گەورەكان بكرێ، شوێنی شیاویان هەبێ، هەندێك شار هەیە، یان هەندێك شارۆچكە هەیە كە شوێنیان نییە، ناكرێت پەرلەمان بۆ ئەو شوێنانە بڕوات، بكرێ لە هەر شارێك بێ، شارە گەورەكان، مەسەلەن بڵێین سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجەیە، بەڵام شوێنی شیاویان هەبێت كە قابیلی گرێدانی جەلسە بێت، سێیەمیان/ من پاڵپشتی ئەو هاوڕێیانە دەكەم كە باسی ($3/2$) دەكەن بە نیسبەت دەنگدانەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا غریب مصطفى، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی ڕاكەی كاك عمر عینایەت دەكەم، خۆشم هەمان سەرنجم هەبوو، بەڵام ئەو حاڵەتەی كۆبوونەوە كە نەقل دەكرێ بۆ شارێكی تر، من وا دەبینم ئەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی یە، لە حاڵەتی ئاسایی دا دەكرێ جەنابت ئەوە بخەیتە دەنگدانەوە كە دانیشتن لە پێنجوێن بكرێ، بۆ نموونە، بەڵام هەندێ حاڵەتی نائاسایی ڕوو دەكاتە وڵات، یان بە هۆی دۆخی سیاسییەوە، یان خوانەكات بە هۆی كارەساتی سروشتییەوە كە ناكرێ پەرلەمان كۆببێتەوە و بڕیار لەسەر ئەوە بدات دانیشتنەكە نەقل بكات بۆ شوێنێكی تر، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرێن ئێمە، لەبەر ئەوە بڕیاری ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها یان دەنگی پەرلەمان، بە هیچ جۆرێك بە پێویستی نازانم، هەر ئاوای لێ بكرێت لەسەر داوای ($10$) ئەندام و بە ڕەزامەندی دەستەی سەرۆكایەتی لە هەر شوێنێكی تر بێت، بۆ ئەو حاڵەتە نائاسایی یە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك یروانت نیسان، فەرموو.

**بەڕێز پروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەفسی تێبینیا دەستە من هەیە، یا دوێ دانیشتنێ لە هەولێر، هەولێر پارێزگایە، شارە، یەعنی بێنە تەحدید کرن، چونکە پارێزگا بیت، پارێزگا بێت، پایتەخت بیت، پایتەخت بیت، شار بیت، شار بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، هەر سەرنجێکتان هەیە فەرموون، سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو، فەرموون.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە زۆر سەرنجی لەسەر بوو دەستە بوو، ئێمە مەبەستمان دەستەی سەرۆکایەتی بووە، کە نەڕۆیشووە، مەبەست دەستەی سەرۆکایەتی یە، ئەو ڕەئیانەی تریش کە پێشکەش کرانەوە، هەموومان تۆمار کردووە، دواتر کە صیاغەمان کردنەوە دەیخەینە دەنگدان لەسەر ئەوەی ئایا با بڵێین تەنها بنووسرێ لە پایتەخت دەبێ؟ یان بکرێتە زۆرینەی ڕەها بێ؟ یان (3/2) بێ؟ یان زۆرینەی سادە بێ؟ یان چی بێ؟ ئەوانە هەمووی دوایی یەك، یەك دەیخەینە دەنگدانەوە، لە جەلسەی داهاتوو جەلسەی دەنگدان دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تێبینی ترتان نییە؟ من یەك سەرنجم هەیە، لێرەدا پێویست دەکات یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕەچاو بکرێ، پێموابێت ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دراوە، کە دەکرێ بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دانیشتن لە هەر شوێنێکی تر ئەنجام بدرێ، موتەبەعیش لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زۆرینەی سادەی ئەندامانی پەرلەمانە، بۆیە تکایە لەم بابەتانەدا ڕەچاوی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین، چونکە نابێ پەیڕەوی ناوخۆ پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان بێت، دەچینە سەر ماددەی دوای ئەو، ماددەی پێنج، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

1- دانیشتن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان یاسایی دەبێت، یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی سادە پەسند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی کە پێویستی بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان دا ئەو لایەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە بە زۆرینە ئەژمار دەکرێت.

2-ئەگەر ڕێژەی یاسایی تەواو نەبوو سەرۆك کردنەوەی دانیشتنەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێك دوا دەخات، ئەگەر ڕێژەکە هەر دەستەبەر نەبوو دانیشتنەکە بۆ کاتێکی تر دوادەخرێت.

3-ئامادەبوونی ڕێژەی یاسایی مەرجە بۆ دروستی دەنگدان، بەڵام کار ناکاتە سەر بەردەوامی کۆبوونەوەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە قسەیان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، بەڕێز کاک دلێر مصطفى، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج بەشی زۆری هەر پێنج خاڵەکەی پەیوەندی بەوە هەیە کە کۆبوونەوەکان نیصابی یاسایی تەواو بکەن، بە ڕەئی من لەوانەیە دانیشتن پێویستی بەوە نەبێ زۆرینەی ڕەها بێ، بەڵکو دەنگدان پێویستی بەوە هەیە بە زۆرینەی ڕەهای ئامادەبووان بێت، یەعنی سیستەمی سویدی دانیشتنی زۆرینەی ڕەها نییە، یەعنی کۆبوونەوەکان دەکرێ، بەڵام دەنگدان زۆرینەی ڕەهایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا پێنجێ، خالا (2)، بێژیتن ئەگەر ڕێژە یاسایی تەمام نەبی ل ڤێرێ سەرۆکی پەرلەمانی ئیجبار دکەت، یان مولزەم د کەتن، دڤێتن د کەڕا ئێکێ دا رونیشتنا پەرلەمانی تەئجیل بکەت بۆ سەعاتەکێ، ل جارا دیتر دویفرا شنیکا دەستێ وی ڤەدکەتن و دبێژیتن ئەگەر ڕێژا یاسایی تمام نەبیت روینشتنا پەرلەمانی هەڵبگریتن ب زروری دزانم ڤێرێ ئێخیارێ بدەتن سەرۆکی پەرلەمانی، چونکی حاڵەت دمینیتن یان پێشهات دمینیتن یان رەنگە روینشتنا پەرلەمانی هندا زروریش نەبیت بەس ل سەر داخازا هاتبیتە داخاز کرن یان هەر ئەگەرەکێ دیتر بیتن دەستەی سەرۆکی پەرلەمانی ڤەکری بیتن چ تەئخیر کەت بۆ سەعاتەکێ یان کێمتر یان زێدەتر یان ژی ئێکسەر راکەتن بۆ وەختەکێ دیتر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو نجیبە لطیف، فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر پێناسەکان بە داوای لێبووردنەوە من لە ناو هۆڵ نەبووم، بۆیە ئێستا پێشنیار دەکەم کە هەندێ زاراوە هەیە دووبارە بۆتەوە، بەتایبەتی لەم ماددەیە، زۆرینەی ڕەها و زۆرینەی سادە ئەگەر لیژنە پێیان باش بێ لە پێناسەکان دا بهێنرێ، چونکە پێموابێ دەرگای پێناسەکردنی زاراوەکان دانەخراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، خاتوو مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج دا ئاماژە بەوە نەکراوە ئەگەر لە کاتێك دا سێ جار دانیشتن کرا و نیصابی قانونی تەواو نەبوو، یەعنی هیچ حەلێك، چارەسەرێك بۆ ئەوە دانەنراوە، ئەگەر بکرێت ئیزافەیەك بکرێت بە جۆرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو زۆزان صادق، فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پسیارەکا هەی، ئەگەر بەرسڤەك هەبی پێشنیارەکا دکەم، نوقتا ئێکی هاتی بڕیاردانا کە پێویستی بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لێرە زۆرینەی تایبەت چەندە؟ ئەگەر بە ڕێژە تەحدید بکات وابزانم باشترە، من پێشنیار دەکەم کە $(3/2)$ تەحدید بکرێ، وا باشتر دەبینم، مەبەست لە تایبەت چیە لێرە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، وەڵامت دەدرێتەوە دوایی، سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی $(5)$ خاڵی $(1)$، سەبارەت بەوەی کە دەڵێت (جگە لەو یاسا و بڕیارانەی کە پێویستی بە زۆرینەی تایبەت هەیە)، من لێرە پێشنیار دەکەم ئەم بڕگە لێرە دا ببێ بە (جگە لەم یاسا و بڕیارانەی کە ئەم پەیڕەوە دیاری کردووە)، چونکە ئێمە یاساو بڕیاری تریشمان هەیە، ئیحتیمال هەیە مەسەلەن موئەسەسەیەکی تر بڕیارێکی دەرکردووە کە شتێکی دیاری کراو، بۆ نموونە $(3/2)$ بێ، بۆ ئەوەی دیاریکراو بێ، ئێمە ئەو یاسا و بڕیارانەی کە ئەم پەیڕەوە بە تایبەت دایناون، نەك یاساو بڕیاری لایەنێکی تر، یاخود جیهەتێکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسا هەر لە پەرلەمان دەردەچێ خاتوو بەهار.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

بەڵێ وازحە، ئێمە یاسا و بڕیار دەردەکەین، بەڵام موئەسەسەی تریش هەیە کە بڕیار دەردەکات، کە تۆ لێرە دیاریت کرد، ئەوەی کە لەو پەیڕەوە دیاری دەکرێت، نەك بۆ نموونە مەسەلەن، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێك دەردەکات دەڵێ ئەم بڕیارە بۆ نمونە دەڵێ ئەو بڕیارە پێویستی بە $(3/2)$ی ئەندامان هەیە، واتا تایبەتی دیاری کردووە، ئێمە مولزەم نەکات وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەو خاڵە هەبێ بۆ

ئەوەی ئەو ئیشکالاتە نەمێنێ، بڵێین (ئەوەی کە ئەو پەیڕەوە دیاری کردووە)، سەبارەت بە خاڵی دووەم/ یەك کاتژمێر بکرێ بە دوو کاتژمێر پێم باشە، بۆ ئەوەی ڕەچاوی شوێن بکرێ، جاری وا هەیە مەسەلەن پێویست بکات خەڵك لە شوێنێکەوە، لە سلێمانییەوە، لە دهۆکەوە پێویست بکات سەفەر بکات، بێتەوە، ئەگەر زەرورەتی کۆبوونەوەکە هەبێ، لایەنی کەم بکرێ بە دوو سەعات باشترە لە یەك سەعات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من خوشکە بەهار کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، هیچ سەرنج و تێبینییەکتان هەیە بەڕێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکە؟ بەڕێز د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیازەی کە زۆرینەکان پێناسە بکەین، پێشنیازێکی بەجێ یە، دەکرێ زۆرینەکان پێناسە بکرێن لە ناو پێناسەکان، صیاغەیەکی بۆ ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی هەبێت، سەبارەت بەوەی کە باس کرا ئایا مەبەستمان چییە لە زۆرینەی تایبەت؟ تەبعەن ئەوە قاعیدەیە کە دەڵێ (زۆرینەی ئامادەبووان)، ئەوە قاعیدەیە بۆ هەموو بڕیارەکان، (زۆرینەی تایبەت) مەبەستمان (زۆرینەی مەوسوف)ە، ئەو زۆرینەی کە وەسف کرایە لە قانونی پەرلەمان، لە قانونی سەرۆکایەتی، لە هەر قانونێکی تر کە لەو وڵاتە دەرچووە، ئەوە زۆرینەی مەوسوفە، زۆرینەی تایبەتە، زۆرینەیەکە کە دیاری کراوە، ئەوەش حەصرە بۆ قەوانین، هیچ دەزگایەکی تر، هەر شتێك دەربکات ناگاتە مەرتەبەی ئەوەی کە لەو پەیڕەوە باس بکرێ، موقارەنەی قانونی پەرلەمان لەگەڵ هیچ شتێکی تر ناکرێ، ئێمە تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە چەند زۆرینەیەکمان هەیە، زۆرینەی ئامادەبووان، لەگەڵ زۆرینەکانی تر، جا (4/3)مان هەیە لە یاسای سەرۆکایەتی دا، (3/2)مان هەیە، زۆرینەی ڕەهامان هەیە کە نیوە زائیدەن یەکە، ئەوانەش وەکو نجیبە خان باسی کرد هەمووی لە پێناسەکان پێناسەی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیەت و غموزەش نەمێنێ، ئەوانەی تر پەیوەست بوون بە صیاغە کردنەوە و پێشنیاز و ئەوانە، وەکو باسمان کرد ئێمە جەلسەی دەنگدانمان جیاوازە، نامانەوێ زۆر کاتتان بگرین، هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە ڕاو ڕای جیاواز دەیکەینە ڕا، لێرە تەرحی دەکەین لە خزمەت ئێوە، بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، دەچینە سەر ماددەی (6)، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش:

خولی پەرلەمان چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنی دەست پێ دەکات و بە کۆتایی هاتنی دوایین دانیشتنی لە ساڵی چوارەم دا کۆتایی دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە لەم خاڵەدا ئیشکالیەتێك هەیە، لە بیدایەتەوە دەڵێین خولی پەرلەمان چوار ساڵە، چوار ساڵمان دیاری کردووە، بەڵام دەڵێین بە یەکەم دانیشتن دەست پێ دەکات و کۆتا دانیشتن، کێ دەڵێ کۆتا دانیشتن چوار ساڵ و نیو نابێت؟ جاری وا هەیە هەڵبژاردن دوا دەکەوێت، بۆیە ئیشکالیەتێك لەوێدا دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.سیراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سیراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خولی پەرلەمان چوار ساڵە لە یەکەم دانیشتنی دەست پێ دەکات، بە ڕای من ئەوە زیاد بکرێ، (کە سوێندی یاسایی ئەندامان تێیدا دەخورێ)، لەبەر ئەوە کێ دەڵێ لە یەکەم دانیشتن سوێندی یاسایی دەخورێ؟ لەوانەیە هەندێ ئیشکالیەت هەبێ، هەندێ شت دروست بن، لە جەلسەی یەکەم ئەندام پەرلەمان وەکو پەرلەمانتار حیسابی بۆ نەکرێ، لەوانەیە مانگێکی تر بخایێنێ، لەوانەیە دوو مانگی تر بخایێنێ، وا بنووسرێ (لەو دانیشتنەی کە تێیدا ئەندامانی پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ هەمان ڕام، یەعنی ئەگەر ئێمە ئەو یاسایە دابنێین، بە گوێرەی بارودۆخی ناوچەکە دابنێین، چوار ساڵ ئەگەر شەش مانگ دواخرا هەڵبژاردنەکە، یاخود لە بارودۆخێکی وابووین پێویستمان بەوە

هەبوو بەردەوام بێت، هەڵبژاردن لە کاتێکی تر بکرێت، ئەو کات دووبارە ئیشکالیەتێکی یاسایی دەبێت، پێویستە لێرە بە دوو، سێ جوملە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە، باشترە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە وای لێ بکرێ بۆ ئەوەی کێشەکانمان بۆ حەل بکات، خولی پەرلەمان چوار ساڵە لە کاتی ئاسایی، لە یەکەم دانیشتنی دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت کاتێ کە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی دوای ئەوە ئەنجام دەدرێ، چونکە ئەگەر بۆ نمونە هەڵبژاردن دوو ساڵی تری خایاند، دەبێ هەرێمی کوردستان بێ دەسەڵاتی یاسادانان بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ڕوونکردنەوەتان چییە بەڕێزان؟ بەڕێز د.فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکی گشتی و ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوەی چوار ساڵ، یەکەمیان/ ئێمە کە ئەو دەقانەمان دەرهێناوە، بەڕاستی ئەوانە ستانداردن، یەعنی (70٪)ی پەیڕەوی هەموو وڵاتانی دونیا وەکو یەکە، بەڕێزان تکایە ڕەچاوی ئەوە بکەن، ئێمە کە ئەوەمان نووسیوە یەك نەص لە گیرفانی ئێمە دەرنەهاتووە، (70٪)، (80٪)ی پەیڕەوی وڵاتانی دونیا ئەوەیە، جا نە ئێمە موخەوەلین، نە کەس صەڵاحیەتی بە ئێمە داوە بە کەیفی خۆمان بە ناو بکەوین، زیاد و کەمی بکەین، قاعیدە بۆ ئیستیسنا دابنێین، ئێستا سەیربکە، ئەگەر چوار ساڵ و دە ڕۆژیشی خایاند، دەبێ پەرلەمان بێت لێرە دابنیشێت بە قەرارێك ئەو دە ڕۆژە زیاد بکات، تەواو حەقی تۆ نەما، خەڵك دەنگی داوەتە تۆ بۆ چوار ساڵ، چوار ڕۆژیش ناتوانی زیاد بکەی نەك نیو ساڵ و نەك دوو ساڵ و ئەوانە، ئەوە یەك، ئەوەی تریان/ هەتا دەست بەکاربوون، لە هەموو پەیڕەوی دونیا جەلسەی یەکەم تۆ ئەندام پەرلەمانی، جا لە کوردستان حاڵەتێك ڕوویدا، شەش مانگ حکومەت تەشکیل نەبوو، ئەوە حاڵەتێکی ئیستیسنایە، ئینشاڵڵا قەت جارێکی تر ڕوو نادا، ناکرێ ئێمە بێین پەیڕەوی ناوخۆمان وا تەنزیم بکەین کە بۆ ئەویش بگونجێ، دەبێ پەیڕەوی ناوخۆ وا تەنزیم بکەین ئەو مەجالی ئیستیسنایە بە هیچ شێوەیەك تێیدا دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەسی تر سەرنجی هەبوو بەڕێز ئەندامانی لیژنە؟ سەرنج نییە؟ باش، کەواتە دەچینە سەر ماددەی دوای ئەو، ماددەی حەوت، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت:

یەکەم:

لەسەر بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم/ لە ساڵێك دا پەرلەمان دوو وەرزی گرێدانی هەیە، یەکەمیان لەسەرەتای مانگی ئادار دەست پێ دەکات تا کۆتایی مانگی حوزەیران، دووەمیان لەسەرەتای ئەیلول دەست پێ دەکات تا کۆتایی کانونی یەکەم.

ڕای دووەم/

1-پەرلەمان لە ساڵێك دا سێ وەرزی گرێدانی دەبێ، یەکەمیان لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەم دەست پێ دەکات و تا کۆتایی مانگی شوبات بەردەوام دەبێ، دووەمیان لە سەرەتای مانگی نیسان دەست پێ دەکات و تا کۆتایی مانگی حوزەیران بەردەوام دەبێ، سێیەمیان لە سەرەتای مانگی ئاب دەست پێ دەکات و تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێ.

واتا ئەو دوو ڕایە پەیوەست بوو بە بڕگەی یەکەم.

دووەم:

لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان دا پەرلەمانتاران و لیژنەکان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان بەردەوام دەبن.

سێیەم:

ئەو وەرزەی گفتوگۆی بودجەی هەرێمی تێدا دەکرێ تا پەسندکردنی بودجە کۆتایی نایێت.

چوارەم:

پەرلەمان بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان (25) لە ئەندامان، بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ماوەی گرێدانی هەر یەك لە دوو وەرزەکە بۆ ماوەیەك کە لە (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ درێژ بکاتەوە، ئەویش بۆ تەواو کردنی ئەو ئەرکانەی کە پێویست بووە وەرزەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانانە گفتوگۆی ماددەی حەوت دەکەن:

قادر ئۆتمان رسول، عباس غزالی میرخان، د.شێرکۆ حەمە أمين، ايدن معروف سليم، عمر عینایەت حەمە، شيلان جعفر علی، سەرکەوت سەرحەد خلیفە، پەروا علی حەمە، غريب مصطفی حەمە، منى نبى نادر،

بەهار عبدالرحمن محمد، د.ڕێواز فائق حسين، شكريه اسماعيل مصطفى، حسين اسماعيل حسين (مروان گەلاڵی)، بەهزاد درويش درويش، د.سراج شێخ أحمد.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك سەركەوت، فەرمووو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەيە من لەگەڵ ڕای دووەم دام، كە پەرلەمان لە ساڵێك دا سێ وەرزی گرێدانی هەبێ، پێشنياز دەكەم خاڵی سێيەمی بگوازرێتەوە بۆ ئەو بابەی كە تێيدا گفتوگۆی بودجە دەكرێ، سەبارەت بە خاڵی چوارەم من پێشنيار دەكەم كە بەو شێوەيە دابڕێژرێتەوە (پەرلەمان بۆی هەيە لەسەر داوای سەرۆكايەتی پەرلەمان يان $(3/2)$ی ئەندامانی بە دەنگی زۆرينەی ڕەهای ئەندامەكانی ماوەی گرێدانی هەر يەك لە هەردوو وەرزەكە بۆ ماوەيەك كە لە $(30)$ ڕۆژ زياتر نەبێت درێژ بكاتەوە)، تاكو دەقەكە كۆتايی دێت، لەبەر ئەوەی كە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران كە دەسەڵاتی ئەوەيان هەيە داوای كۆبوونەوەی نائاسايی بكەن، ئەگەر پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكايەتييەكەی پەرلەمان داوای بكەن، ياخود قۆناغەكە بخوازێ خولی گرێدانی يان درێژكردنەوەی فەصلی تەشريعی، سەيرە سەرۆكايەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران هەست نەكەن بەو پێويستييە، لەسەر خواستی ئەوان بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عباس غزالی، فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالی ميرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە لە ساڵێك دا دوو وەرزی پشوودانمان هەبێ، دوو وەرزی ياسادانان هەبێ، ئەگەر بشكرێت، نازانم لە ڕووی ياساييەوە چۆن دەكرێ؟ ئەگەر دوو وەرزی نەبێ، با وەرزی بەهارە و هاوينە و پاييزە و زستانە بێ هەر يەك، دوو مانگی فەصلی ئەوی بيتن، هەر چوار مانگەكەی ئەوە بێت، زۆر مەمنون.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمين، فەرمووو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مەبدەء من لەگەڵ دووەمم، ئەوەی سێ وەرزەكە، بەڵام خاڵی دووەم يەعنی بڕاندووێتييەوە كە پەرلەمان دوو وەرزی هەيە، دەبێ بيخوێنينەوە دەڵێ (لە نێوان دوو وەرزی ياسادانان دا)، واتا ئەو خاڵی

دووەمە تەواو كۆتایی بەو دوو ڕەئیەی سەرەوە هێناوە، (لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان دا)، بەڵام ئەوەی سەرەوە دوو ڕایە، ئەوەی تریش پشتیوانی لە قسەكەی كاك قادر دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك ایدن معروف، فەرموو.

**بەڕێز ایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم من پشتیوانی بڕگەی یەك و دوو ناكەم، بەڵام لێرەدا ئیقتیراحێك پێشنیاز دەكەم كە لە زۆربەی وڵاتەكان دا بە تایبەتی لە وڵاتە پێشكەوتووەكان دا لە ساڵێك دا یەك وەرزی گرێدانی هەیە، لە یەك وەرزی گرێدانی پەرلەمان دا ئەنجامدانی بەدواداچوونەوە بۆ چالاكییەكانی ئیش و كاری پەرلەمان، گەیشتن بە یاسا، زۆر بە ئاسانتر دەبێت، بۆیە پێشنیار دەكەین كە ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە ڕێك بخرێت/ (لە ساڵێك دا پەرلەمان یەك وەرزی گرێدانی هەیە، ئەم وەرزە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەكەم دەست پێ دەكات لە كۆتایی مانگی ئەیلول كۆتایی دێت، یاخود لە بەرواری یەكەم كۆبوونەوەی دوای هەڵبژاردن دەست پێ دەكات،لە كۆتایی مانگی ئەیلول كۆتایی پێ دێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عمر عینایەت حەمە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتگیری ڕای یەكەم دەكەم، وەكو ڕاكان، كە دوو وەرزی گرێدان هەبێت، دەربارەی ئەوەی لە بڕگەی چواردا هاتووە بۆچوونەكەی د.شێركۆ ڕاستە، دیارە ئەو بەڕێزانە كە ڕەشنووسەكەیان نووسیوە بڕیاریان داوە كە دوو وەرزەكە بێ، بە هەڵە هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو دوو وەرزە پێویستە لێرە دەستكاری بكرێ، پشتگیری ڕاكەی كاك قادریش دەكەم كە لەسەر داوای ئەندام پەرلەمانەكان خۆیان بێت درێژكردنەوەی وەرزەكە نەك لەسەر داوای سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی پەرلەمان، ئەندام پەرلەمانەكان خۆیان هەست بەوە بكەن كە ئایا پێویست دەكات درێژ بكرێتەوە؟ یان درێژ نەكرێتەوە، یان هەر هیچ نەبێ لەسەر داوای سەرۆكی پەرلەمان بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو شیلان جعفر، فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم لە خاڵی چوارەم دا هاتووە كە دەڵێ (بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان)، لە پەیڕەوە بەركارەكەشدا لە ماددەی حەوت دا دەڵێت (بە (3/2))، بۆ (3/2) كراوە بە زۆرینەی ڕەها، چونكە ئەوە بە

حەقیقەت پەیوەندیدارە بە هەموو ئەندامەکانەوە، زۆرینەی مەوسوف باشترە، واتا ($3/2$)ی ئەندامان بە ڕەئی من باشترە، بۆیە من پشتگیری هەر هەمان پەیڕەوە بەرکارەکەی ئێستا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاک سەرکەوت، فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزان باسیان کرد، بە ڕای من ڕای دووەم باشترە وەکو عورفێکە لە پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، ئەو سێ وەرزە هەر لە ڕابردووشدا هەبووە، زانراوە تا ئێستا لەلایەن خەڵکی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز خاتوو پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم کرا لەلایەن کاک عمر عینایەت و کاک د.شێرکۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا غریب، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم قسەم هەیە، (لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان دا پەرلەمانتاران و لیژنەکان)، بە ڕای من وشەی لیژنە زیادە، لاببرێ، چونکە خۆی پەرلەمانتار ئەندامی لیژنەیەکە، کە وتت پەرلەمانتاران ئەرکەکان ڕوونە، بەشدارییە لە لیژنە، لە خول و سیمینار، لە بەسەرکردنەوە، لە چاودێری کردنی حکومەت، لە ئامادەیی لە نوسینگەکانی پەرلەمان، ئیتر ڕوونە کاری ئەندامانی پەرلەمان لە غەیری مەسەلەی دانیشتنەکانی پەرلەمان هەیە، لەبەر ئەوە (لیژنەکان) بە زیاد دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز خاتوو منی نبی، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی کۆبوونەوەکان دا لە لیژنەی پەیڕەودا بە باشمان زانی ڕای یەکەم پەسندە لای ئێمە، کە لە ساڵێك دا پەرلەمان دوو وەرزی گرێدانی هەبێ، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بکرێتە ($3/2$)ی ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، خاڵی (1) پێشنیارێكم بۆی هەیە كە پەرلەمانتاران و لیژنەكان و فراكسیۆنیشی بۆ ئیزافە بكرێ، بەو ئیعتیبارەی فراكسیۆن وەكو چەمكێك لە ناو ئەو پەیڕەوە نوێیە هاتووە و كارو وچالاكی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.ڕێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەر ئەوەی هەست دەكەم ئەو دوو مانگە زۆر دامان دەبڕێ لە یەكتری، زۆر دامان دەبڕێ لە كاری لیژنەكان، ئێمە ڕاستە بەردەوام دەبین لە كار، بەس وەكو پێویست نییە، ئەوە جۆرێكی تازەیە و نەفەسێكی تازەیە لە ئیش كردن، بۆ نموونە لە وەرزی یەكەم دا مانگی سێ كراوە بە پشوو، كە خۆی هەر پشووە لە ئەصڵدا، یەعنی بۆ خەڵكیش هەر پشووە، لەبەر ئەوە لەگەڵ بیرۆكەی دووەمیانم، پێموایە جۆرێكی تازەیە لە ئیش كردن، بە تایبەتی كە تەواوكەری ئەم ماددەیە لە ماددەكانی ناوەوە كە باسی تەشریع دەكرێ، بە جۆرێك ڕێكخراوە كە بۆ ئەندامی پەرلەمان و بۆ لیژنەكانی پەرلەمان ئاسانكارییەكی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو شكریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم ئەمەم پێ باشترە و شتێكی باشترە، بە تایبەتی بۆ ئێستای هەرێمی كوردستان كە سێ وەرزی تێدایە و سێ مانگیش دەبێ، لە كۆی (9) مانگ دەبێ بە وەرزی یاسادانان، سەبارەت بەوەش لەسەر داوای زۆرینەی پەرلەمانتاران، پێم باشە وای لێ بكرێ نەك سەرۆكی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز مەروان گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای یەکەم دام، خاڵی دووەم ئەگەر ڕای یەکەم یان ڕای دووەم تەسبیت بوو ئەشکالی تێدا نییە، چونکە بێگومان هەردوو وەرزەکە هەر یەك دەکات، یەکەم و دووەمیان و دووەم و سێیەم هەر لە ناو وەرزەکان دەکات و ئەشکالی قانونی و یاسایی تێدانییە، لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم کاك قادر دام بۆ گواستنەوەی خاڵی سێیەم بۆ بەشی نۆیەم کە بودجەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بخۆ دگەل ڕەئیا یەکێ دام بە نیسبەت خالا یەکێ، خالا دوهێ ئەگەر ئەشکالەك هەبیت بەس وشەی هەر زێدەبکرێ لە نێوان هەردوو وەرزی ئەوە دێ ئەشکالا حەل بیت، ئەگەر هاتوو ڕەئیا دوهێ پەسەند بی، خالا چارێ من پێ باشە یەك لەسەر سێ، نابیت ژمارە بیت بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، چونکی ژمارە لەوانەیە ژمارەیێت ئەندامێ پەرلەمانێ بێتە گۆڕین، بەلام ڕێژە شتەکی یاسایی و مەنتقیە کە ڕێژە بێتە بەحس کرن، من پێ باشە $3/1$ ی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرنج و تێبینی ئێوە بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەیوەندار، د.سراج ناوت نەنووسرا بوو فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی ڕای یەکەم دەکەم، بەڕایەکی گونجاوی دەزانم، بۆیە پاڵپشتی ئەو ڕایە دەکەم لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، یەك/ ڕای یەکەم لەگەڵ مەناخ و کەشوهەوای ساردو گەرمی گونجاوە چونکە مانگی حەوت و هەشت قیمەی گەرمییە، مانگی یەك و دووش لەڕووی ساردیەوە قیمەی ساردیە، دووەم خاڵی ڕای یەکەمی بۆیە بە پەسەند دەزانم لەگەڵ پشووی قوتابخانەکانی خانەوادە و مناڵەکان تەسەور دەکەم زۆر گونجاوە، ئەندامی پەرلەمان دەتوانی لە کاتی پشوەکان کارەکانی خۆی تەنزیم بکات، بەلام ئەگەر بێتو لە مانگی هەشت بێ ئەندامی پەرلەمان لە دەوام دابێ و منداڵ لە پشو دابێ پێموابێ یەعنی نەوعەك لە جەنجاڵی و نەوعەك لە غیر تەنزیمی لە خانەوادەکان و ئەندامانی پەرلەمان دروست دەبێ نەك ئیشەکانی خۆیان بەیەکەوە ڕایی بکەن، بە پێچەوانەوە، پاشان عوتلەی سەری ساڵیش بە هەمان شێوە کە مانگی $(12)$ یە کە ئەگەر بکەوێتە پشووی پەرلەمان، ئەندامان سوودی لێ وەردەگرن، ئەگەر بێتو لە قیمەی دەوام دابی ناکرێ تۆ لە پشوەکانی سەری ساڵ سوود لێ وەربگری، پسپۆران و شارەزایانی یاسایی کە شتێکی وایان ڕێك

خستووه پێموابێ بێ حیکەمەت نەبووە، لەبەرئەوەی ئەوان زانیویانە بەو شێوازە نەبێت، ئەگینا ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن سوود لە کاتەکان وەربگری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو، کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی وامان نییە، چونکە ئەوانە دەبێ لە نەتیجە هەر بیخەینە دەنگدان لەسەر ڕای یەکەم ودووەم، بەس ئەوەی کە نووسراوە لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان هەر ڕاستە ئەو قسەیەش، لەبەرئەوەی ئەگەر بە سێ وەرزەکەش وەری بگری لە نێوان ئەو دوو وەرزە مانگێك هەیە، لەنێوان وەرزی پاییز و وەرزی هاوینە مانگێك هەیە، ئەو مانگە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان ئیشی خۆیان دەکەن، مەبەست ئەوەیە، ئەوەی تریان کە جەنابیشت ئاماژەت پێیدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێی یاسای پەرلەمانیش لە حاڵەتی دی ئێمە تازە سەیرمان کرد لە کۆبوونەوەی نا ئاسایی کە سەرۆکی هەرێم دەتوانێ داوای بکات و سەرۆکی حکومەت دەتوانێ داوای بکات، ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانێ داوای بکات، زۆر زۆر حاڵەتێکی ئاساییە، مەعنای ئەوە نییە کە ئێمە پەیڕەو بۆ خۆمان دادەنێین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەتوانێ داوای دە ڕۆژ بکات کە وەزیفەیەکی تاریئ لە حکومەت بۆی دێتە پێش پێموایە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە مادام ئێمەش لە نیزام پەرلەمانییە تەنسیق و تەعاون لەگەڵ حکومەت هەیە، پێویستمان بە یەك دەبی هەشت، نۆ، دە ڕۆژ یارمەتی حکومەت دەدەین پرۆژەیەکیان لەبەردەستە لە پەرلەمان تەواو بکرێ، پێموایە ئەمە بەم شێوەیەیە و هیچ ئەشکالیەتێکی تری تێدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە پەرلەمانتاران و لیژنەکان لابرێن ئەمە پەرلەمانتار ئیشێکی هەیە وەکو شەخسی پەرلەمانتار بە تاك لەناو لیژنەش بە کۆ ئیشێکی هەیە، بۆیە ناکرێ ئەوە لابرێ، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە وترا سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە زیاتر لە سێ کەس داوایان کردووە دەبێتە بخرێتە ناو ئەوانەی کە دەخرێنە دەنگدانەوە و بە دەنگدان یەکلایی دەکرێنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە من تەنها ئەو سەرنجەم هەیە کە ئەو شتانەی کە لە یاسایەکان دا هەن یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێویست دەکات لەم پەیڕەوە جێی بکەینەوە و پێویست دەکات شتێك لەم پەیڕەوە نەبێ پێچەوانەی یاسا

کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بێ، چونکە پەیڕەو ناگونجێ پێچەوانەی یاساکارپێکراوەکان بێ، بۆیە ئەو شتانەی کە پێچەوانەی یاسابەرکارەکانی هەرێمی کورستانن، پێویست دەکات لە پەیڕەودا نەبێ و تەنانەت ئەگەر ئێستا تیایەتی پێویست دەکات موعالەجەی بکەین، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ بەکارهێنانی پشووی پەرلەمان، بەڕاستی ئێمە لە پەیڕەوی ئێستای بەرکار و ماوەی ڕابردووش پێوەی گیرۆدە بووین، چونکە ئەوە لای خەڵك دروست بووە کە دەڵێی پشوو واتە وەك هەر پشوویەکی تر کە لە هەرێمی کوردستان هیچ کەس هیچ ئەرك و بەرپرسیاریەتێکی لەسەر نییە، بەڵام ئێمە دیسان جەخت دەکەینەوە هیچ پشوویەك لێرە و لە پەیڕەوی بەرکاریش نییە بەناوی پشوو، ئێمە دوو شتمان هێناوە ناومان ناوە وەرزی گرێدان، جا دووە یان سێیە، ڕەئیەکان دوایی دەخرێتە دەنگدان، بۆیە هیوادارم لەوە دەرباز بین کە پشوو نییە، لەبەرئەوەی تەئکید کراوەتە پەرلەمانتاران لیژنە مەعنیەکان کاری خۆیان لەنێوان هەردوو وەرزی گرێدانەکان یان هەر سێ وەرز بێ، تێبینیەکی تریش هەر بۆ خۆمانەو دوایی هیوادارم موعالەجەی بکەین، ئێمە ناومان ناوە وەرزی گرێدان، دەڵێین دوو وەرزی گرێدان هەیە، بەڵام لە خاڵی (2) دەڵێین وەرزی یاسادانان، ڕەنگە ئەوەش یەك بخرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە وایە، کاك عمر نوقتە نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەیەك ڕوویداوە پێویستە هاوکاریان بکەم، چونکە جەنابی د.فرست گوتی لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان، یەعنی علی اساس ئێمە ئەگەر سەرنجی خاڵی چوار بدەین نووسراوە دوو وەرزەکە، ئێمە لەسەر ئەوە سەرنجمان هەبوو، دوو وەرزەکە لە خاڵی چوار پەلەمان بۆی هەیە دوای ئەوە دەڵێ بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکان ماوەی گرێدانی هەر یەك لە دوو وەرزەکە، ئا لەویا بڕیارەکە دراوە، تەنها ڕاست کردنەوەیە بۆ جەنابی د.فرست، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ڕاستە ئەچینە دوای ماددەی ئەو کە ماددەی (8) کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی/**8

سەرۆکایەتی پەرلەمان یان لایەنی کەم سێیەکی ژمارەی ئەندامان بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکەن، کۆبوونەوەکەش تەنها بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێ کە لە بانگهێشتەکەدا دیاری کراون،

سەرۆكی پەرلەمان لە كاتی پێویست دا لەسەر داوای سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشتی كۆبوونەوەیەكی نا ئاسایی دەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ خاتوو زۆزان فەرمووو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەكا هەی، ئەز حەز دكەم لیژنە بۆمە ڕوون كرنێ لسەر بدات، د خالا ئێكێ دا هاتی سەرۆكایەتی پەرلەمان یان لایەنی كەم سێیەكی ژمارەی ئەندامان بۆی هەیە بانگهێشتی كۆبوونەوەی نا ئاسایی بكات، ئەم سێ یەكە چەندە؟ ل پەیڕەوی كەڤن دا $4/1$ بوو یەعنی لڤێرێ پرسیارا من ئەوە عیبرەت چییە یەعنی كریە $3/1$ ئان $4/1$ ؟ عیبرەت چیە ل گۆڕینی ئەڤێدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكایەتی پەرلەمان پێشتر پێناسە كراوە هەر دەستەی سەرۆكایەتی، ئەوەی بۆیان هەیە ڕەنگە وشەیەكی تری بۆ بدۆزرێتەوە موستەلەحی تر بێ دەتوانن یان هەر هینێكی تر بێ، لەهەر دوو خاڵەكە باسی كۆبوونەوەیەكی كردووە، لە باتی كۆبوونەوەیەك هەر كۆبوونەوەی ئاسایی بێ، لە خاڵی دووەمدا سەرۆكی پەرلەمان لە كاتی پێویستدا ئەو لە كاتی پێویستەی ناوێ مادام هەر لەسەر داوای سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێ دیارە شتێكی پێویستە بۆیە بانگهێشتی دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (1) دەڵێ سەرۆكایەتی پەرلەمان، یان لایەنی كەم سێیەكی ژمارەی ئەندامان بۆیان هەیە، لێرەدا یەعنی هەست بە نەوعێك بەوە دەكەین كە سەرۆكی پەرلەمان بە تەواوەتی سەلاحیەتەكانی لێ سەندراوەتەوە، ئەوە یەكێ بوو لە سەلاحیەتەكانی سەرۆكی پەرلەمان كە داوای كۆبوونەوەی نائاسایی بكات، لە خاڵی (2) دا دەڵێ سەرۆكی پەرلەمان لە كاتی پێویست، یەعنی سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن داوای بانگهێشتی كۆبوونەوەی نائاسایی بكەن، بەلام لێرە سەلاحیەت لەسەرۆكی پەرلەمان سەندراوەتەوە كە داوای كۆبوونەوەی نا ئاسایی بكات، لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو سەلاحیەتە لێرەدا بگەڕێتەوە بۆ سەرۆكی پەرلەمان، یان لایەنی كەم سێ لەسەر یەك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زولفا فەرموو.

**بەڕێز زوڵفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیازەكەی كاك عادل عزیز دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك عادل دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی یەكەم، بەڵێ منیش پێموایە دەبێ سەرۆكی پەرلەمان بێ، سەبارەت بە خاڵی دووەم خۆی لەویا وتراوە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، كەواتە سەرۆكی پەرلەمانیش دیسانەوە دووبارە كراوەتەوە، ئەگەر لەخاڵی یەكەم دا ئەوە لابرێ دژی ماددەی 49 یاسای هەڵبژاردنە كە گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە من خۆم لە پەیڕەوەكە بەشدار بووم، بەڵام ئێستا هەستمان پێی كرد كە لە یاسای هەڵبژاردن بڕگەی (2) لە ماددەی (49) دەڵێ سەرۆكی پەرلەمان، یەعنی سەرۆكی پەرلەمان یان لایەنی كەم سێیەكی ژمارەی ئەندامەكانی بۆیان هەیە داوای دانیشتنی نائاسایی بكەن، بۆیە ئەمە بە بێ دەنگدان سەرۆكایەتی بكرێت بەسەرۆك بۆ ئەوەی گونجاو بێ لەگەڵ ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی كۆبوونەوە هاتووە لەهەر سێكی دەبێ بكرێ بە دانیشتن، ئەوە یەكێ لەسەرەنجەكان، بۆ موعالەجە كردنی ئەگەر داوای كۆوبونەوەی نائاسایی كراو نیساب تەواو نەبوو من پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە موعالەجە بكرێ، لە هەردوو بڕگەكە بنووسرێ ئەگەر لە وادەی دیاری كراودا ڕێژەی یاسایی تەواو نەبوو بۆ بەستنی دانیشتنەكە سەرۆكی پەرلەمان وادەیەكی دی دیاری بكات بۆ هەمان مەبەست، وەك ئەوەی كە ئێمە داوای دانیشتنی نائاساییمان كرد ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز شەرت نییە بۆ بابەتێكی وا حەساس بێ، لەوانەیە بابەتێكی دیكە بێ، بابەتی تر هەیە، ئێمە ئێستا باس لە پەرلەمانێك دەكەین كە سبەینێ بۆ دەیان ساڵ ئەمە دادەنێین ئەم پەیڕەوە، مەجموعەیەك ئەندامی پەرلەمان و ژمارەی یاسایی ئاوا دانیشتنێكی پەرلەمان دەكەن ئەودانیشتنە ئەگەر تەواو نەبوو سوتفە لە سەفەر بوون لە دەرەوە بوون نیساب تەواو نەبوو سەرۆكی پەرلەمان بۆی هەبێ وادەیەكی تر دیاری بكات، یەكجار، تا ئەو كاتەی نیساب تەواودەبێ، بۆ ئەوەی جارێكی دیكە ئیمزا كۆنەكرێتەوە و یەك لەسەر سێی ئەندامان جارێكی دیكە واژوو كۆبكەنەوە، یەعنی موعالەجە بكرێ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی كاتی پەیڕەو، كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری ئەوە كرا بۆچی (3/1)؟ لەبەر ئەوەی (4/1) مان كردە (3/1) تاوەكو لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بگونجێ، چونكە لەوێ (3/1) بوو و لە پەیڕەو (4/1) بوو، سەبارەت بەوەش سەرۆكایەتی بكرێتە سەرۆك هیچ كێشە نییە، با بكرێتە سەرۆك، بەڵام هیچ تەعاروزیش ناكات لەگەڵ یاسایەكە، چونكە تۆ نایەی دەسەڵاتەكە فراوان دەكەی لە جیاتی تەنها سەرۆك بڕیار بدات، سەرۆكایەتی دەیدات، بەس ئەگەر پێتان باشە ئەو كاتی سیاغەی دەكەینەوە، كێشەی تێدا نییە، ئەوەی تریش لە چوارچێوەی با بڵێین سیاغەكان ئەو ماددەیە دواتر ڕای ئەندامان دەنووسینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرنجی تر نییە وانییە؟ دەچینە ماددەی (9) كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/9

یەكەم/

لەسەر ئەم بڕگەیە دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم/ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرا دەبن و دەشێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش بکرێن.

ڕای دووەم/ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرا دەبن.

دووەم/

دەکرێ دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆك یان سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان (4/1) ی ئەندامان بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نهێنی بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك (بێستون) فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای یەکەمم لە فەقەرەی یەکەم/ بەم شێوەیەی لێ بکرێت (دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرا دەبن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن) واتە وشەی (دەشێ) لابرێ، بۆ دووەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت (دەکرێت دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر داوای 4/1 ی ئەندامان و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نهێنی بن)، واتە ئەوەی کە دەکەوێتە داواکە لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو وەحیدە فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم دگەل ڕەئیا دووەمم دانیشتنەکانی پەرلەمانی ئاشکرا دەبن، چونکی گەلەك جارا موتەعلقە بە تشتێت نهێنی، ئەم نەشێین لسەر دەعوا دانیشتنێ پەرلەمانی، یەعنی دگەل ڕەئیا دووەمم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی هاوڕێم بیستون فائق دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆزان فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل نوقتا دوهێ دا ئەو (4/1) ێ ئەگەر ئەم تەنسیق بکەین دگەل ئەو ڕێژەییت بوری دا مە گۆتن 3/1 مە پێشنیار دکەم ئەو (3/2) بهێیت، جا نزانم چەوا دێ تەنسیق بیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای یەكەم بە پەسەند دەزانم هەروەك كاك بیستون گوتی، سەبارەت بە دووەم لەڕاستی دا دەكرێ دانیشتنەكانی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆك یان $4/1$ ی ئەندامان بەڕەزامەندی یان بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئامادەبووان بە نهێنی بن، چونكە زۆرجار دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن هیچ شتێكی نهێنی نییە كە داوای دانیشتنی نهێنی دەكات تەنها لەسەر ئەوەیە كە تەقەبولی ڕەخنە ناكات لە سیاسەتەكانی یان لە پلانەكانیان، بەڵام ڕێش دەكەوێت كە لەو پەرلەمانە بابەتی گرنگ و تاوتوێی پرسی گرنگ بكرێت كە بهێنردرێ و دانیشتنی نهێنی بۆ بكرێت، بۆیە بە مەرج بگیرێت و بە دەنگی زۆرینەی رەها دانیشتنەكان بكرێن بە نهێنی، هەرچەندە لێرەدا بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان گوتراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەروان فەرموو.

**بەڕێز مەروان گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من كراو كە ڕام لەگەڵ ڕای یەكەمە و دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نیسبەت ماددا (9) ئەز دگەل خاڵا ئێكێمە، بەس ڤی شێوەی بیتن، ڕۆنیشتنێن پەرلەمانێ دێت ئاشكار بن و بۆ هەمی دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ هەیە ڕاستەوخۆ پەخش بكەن، ئەڤە خاڵا ئێكێ، ب نیسبەت خاڵا دوهێ ب ڤی شێوەی بیتن، لسەر داخازا سەرۆكی هەرێمێ یان سەرۆكی جڤاتا وەزیران یان سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ كوردستانێ یان ڕەزامەندیا $3/2$ ی ئەندامان رۆنیشتن دبێت نهێنی بیتن، ژ بەر كو ئەگەر بە زۆری حەساس بیتن یەعنی وێ فەترێ بێتن ڕەزامەندیا $3/2$ ی ئەندامان بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە پەیوەستە بە مەبدەئی شەففافیەتەوە، ئێمە دەبێ برەوی پێ بدەین لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە لەگەڵ ڕای یەکەمم و وشەی (دەشێ) لابرێ بۆ ئەوەی زیاتر ئەو مەبدەئە بچەسپێ، ڕای دووەم و خاڵی دووەم من پێشنیار دەکەم تەنها ئەوەندە بنووسرێ دەکرێ دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر داوای $4/1$ ی ئەندامان و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نهێنی بن، چونکە پێموایە پەرلەمانتاران هێندە هۆشیاریان هەیە ئەگەر بابەتێك پێویستی بەوە کرد نهێنی بێ، خۆیان بڕیار بدەن کە نهێنی بێ، پێویست ناکات هیچ کەسێکی دیکە ئەو پێشنیارە بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە ماددەی $9$ دەکرێت دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆك یان سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، خۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان تەنها تایبەتە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە لێرە پێویستی بە تەمییز و تەحدیدیەك هەیە، ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێم یان بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەبوو دەکرێت ئەوانیش ڕایان هەبێ و داواکاریان هەبێ، بۆیە لێرە تەمیز وجیاکاریەکمان پێویستە، چونکە بە گشتی دانیشتنەکان پەیوەستە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، ئەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی نەبوو بە سەرۆکایەتی هەرێم و بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان بە چ میکانیزمێك داوا دەکەن ئەمە نهێنی بێ یان نهێنی نەبێ، بۆیە تەمیزێك پێویستە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی $9$ لەسەر بڕگەی یەکەم، ڕای یەکەمم لاپەسەندە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم، ئەو بابەتانەی کە ڕەهەندێکی نەتەوەییان هەیە و مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات پێشنیار دەکەم ئاوای لێ بکرێ کە ئەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەیەوە لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ڕەزامەندی(4/1) ی ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنەکە بکرێ بە نهێنی، نەك سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە یەك مستەوا بن، چونکە سەرۆکی پەرلەمان بۆ خۆی بەرپرسە لە ئیدارەدانی دانیشتنەکان و لێرەش دیاری نەکرێت دەتوانرێ ئەو ڕایە تەرح بکات، بۆیە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، ئەو بابەتانەی کە هەستیاریەکی نەتەوەییان هەیە و لە چوارچێوەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی دان و مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات لەسەر پێشنیاری سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ڕەزامەندی (4/1) ی ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنەکە بکرێ بە نهێنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەهزاد جەنابیشت قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، ماددا 9 ئەز دگەل ڕەئیا ئێکێمە یەکەم، دووەم ئەز دبێژم بۆ ئەندام پەرلەمان هەر کەسەکی داوا بکات نهێنی بیت، نەتیجەی بە دەنگدانێت ئەندام پەرلەمانا یەکلابیتەوە، ئەز دگەل هەندێمە بە زۆرینەی ڕەها، ڕەها ئیزافە بێتە کرن، هنگی ئەو وەختە د زڤریتە بۆ ناڤ هۆلا پەرلەمانێ نهێنی بیت یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو، کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەم بابەتەش پێویستی بەوە هەیە ڕوونکردنەوەیەکی گشتی بدەینەوە لەسەر ئەوە جارێکی تریش، بەڕاستی ئێمە بڕیارمان داوە پەرلەمان فەتح بکەین و لە جەزیرەیەکی دابنێین جیاواز لە حکومەت، یەعنی بەڕاستی ئەوەی من لە موناقەشات گوێمان لێ بوو یەعنی دەمانەوێ پەرلەمان لە جزیرەیەك بێ وە بە هیچ ڕایەڵەیەك بە حکومەت و هیچ شوێنێکی تر نەبەسترێتەوە کە لەڕاستی دا پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئێمە و حکومەت پێکەوەین، ناکرێ بڵێی حکومەت چی نهێنی هەیە تاوەکو داوای دانیشتنی نهێنی بکات، یەعنی ئەسڵەن داواکردنە، حەقی داواکردنیشی پێ نادەی، تەنها داوا دەکات، لێرە ڕەفزی بکەوە کە داوای کردوو زانیت بابەتەکە پەیوەست نییە بە ئەو و زانیت پەیوەست نییە بە حکومەت

و نهێنی نییه تۆ حەقی رەفز لەلای تۆیە، تەنها ئەو داوایەك دەكات، بۆیە بە تەسەوری من بەو روحیەتە ئێمە ناتوانین پەیڕەوێكی باش بنووسینەوە، ئێمە پەیڕەو بۆ سویسرا نانووسین، بۆ حكومەتی جەمعیە ئەوەی ئێوە دەیڵێن، پەرلەمانێك هەموو شت، حكومەت نابێ هیچ وجودێكی هەبێ، هیچ مەبەست ئەوە نییە، بەڵام لە هەموو سیستمی پەرلەمانی وڵاتانی دونیا بەتەحەداوە دەڵێم ئەوە لەبەردەستتانە برۆن سەیری بكەن بزانن حكومەت دەتوانێ داوا بكات كۆبوونەوە بكرێتە نهێنی یان نا لە هەندێ حاڵەتی تایبەت، دەكرێ ئێمە لە هەموو دونیا خۆمان دابڕێنین لەبەرئەوەی زروفێك هاتە پێش و ئیتر هەست دەكەی لە ماددەی یەكەمەوە تا ئەخیر بەو ئاراستەیە بڕۆین من پێموایە نە سەركەوتوو دەبین لە نووسینەوەی ئەم پەیڕەوە، نە بەو روحیەتەش من وەكو سەرۆكی لیژنەی پەیڕەو ناتوانم بەو شێوەیە بەردەوام بم بەڕاستی، یەعنی لە ئەوەڵەوە ئێمە دەستمان بە موناقەشە كردووە، هەموو لەو ئیتفاقیانەی كە كردوومانە لەسەر مەبادئی ئەساسی ئەم پەیڕەوە خەریكە هەڵدەگەڕێینەوە و دەگەڕێینەوە سەر ئەو تەشەنوجات و ئەو وەزعەی كە لە ناو كوردستان دروست بووە و دێ ئەمڕۆ لە موناقەشاتی ئێمە ڕەنگ دەداتەوە، یەعنی ئەگەر تۆ پێت ڕەوا نەبێ تەنها سەرۆك وەزیران حاڵەتێكی تایبەتی دێتە پێش و كۆبوونەوە نهێنی بێ تەنها داوا دەكات، بڕیار بۆ پەرلەمانە، من پێموایە بەڕاستی ئەمە دروست كردنی دابڕانێكی تەواوە لە بەینی پەرلەمان و لە بەینی (حكومەت) كە ئەوەش لە هەموو سیستمێك گونجاوە و لە سیستمی پەرلەمانی ناگونجێ كە قسەی سەر زار و بن زاری هەر هەموومانە، ئەوەی تر سەبارەت بە پەخش، ئێمە زۆر موناقەشەی ئەو بابەتەمان كرد، ڕەئی یەكەم: تۆ ناكرێ فەزائیەك ناچار بكەی بڵێی ئیللا دەبی بۆم پەخش بكەی، فەرموو ئێستا ئێمە قسە دەكەین لێمان وەرەز بوون و كەس بۆمان پەخش ناكات، ئەگەر (دەشێ)ی لاببەی، ئەگەر ئێستا پەخش نەڕوات ڕاستەوخۆ دەبێ ڕابگیرێت، وەكو ئەوەی ئێوە دەیڵێیین بەشێكتان ئەگەر (دەشێ) لاببەین دەبی كۆبوونەوە هەڵگرین، چونكە یەكێك لە ڕووكنەكانی كۆبوونەوە نەمایە، ئەویش كەسمان بۆ پەخش ناكات ڕاستەوخۆ، بۆیە ئێمە كەلیمەی (دەشێ) مان دانا بۆ ئەوەی ئیجباری فەزائیات نەكەین، ئیللا دەبی پەخشی ڕاستەوخۆمان بۆ بكەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.بەهار پێش ئەوەی جەنابت قسە بكەی، من چەند سەرنجێكم هەیە، هیوادارم سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەیڕەو سنگیان فراوان بێ بۆ سەرنج و تێبینیەكانی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام هیوادارم ئەندامانی پەرلەمانیش بە ڕوئیایەكی واسعەوە، بە ڕوئیایەكی فراوانەوە گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ بكەن، هەندێك شت پێویست ناكات بكرێت بە گرفتی گەورە مادام بڕیار لە پەرلەمانی كوردستان بێ كە دانیشتنی دەكات بە نهێنی یان نایكات، ئەوە بەڕاستی پێشنیار كردنی ئەو بابەتە لەلایەن سەرۆكی حكومەت تەنانەت من پێموایە لەلایەن وەزیری پەیوەندیش ئەگەر هەر وەزیرێك بابەتێك لە پەرلەمان باس دەكات و پێی وایە پێویست دەكات نهێنی بێ، بۆچی ئیحراجی بێتە سەر ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی داوای دانیشتنەكە بكەن و بیكەن بە نهێنی، بەڕێزان ئێوە خۆتان دەزانن چەند جار حكومەت

هاتۆتە پەرلەمان وەزیری پەیوەندار هاتۆتە پەرلەمان و لە پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە دانیشتن نهێنی بێ، ئێوە ناچار بوون داواتان کردووە واژووتان کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی دانیشتن بکرێ بە نهێنی، جا ئەگەر سەرۆکی حکومەت خۆی دەیەوێ دانیشتن نهێنی بێ با خۆی داوای بکات، بەڵام ئەوە دواجار ئەندامانی پەرلەمانن کە دەنگ لەسەر ئەم بابەتە دەدەن، بۆیە منیش پێموایە ئەم بابەتە پێویست ناکات ئەوەندە حەساسیەتی لەسەر دروست بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتیش دا داوا لە بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەین کە سنگیان فراوان بێ بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمانیش ڕاو بیروبۆچونی خۆیان دەربڕن، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی من لەگەڵ ئەوەم سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەبێ داوای ئەوە بکات، بەڵام لە ماددەی (52) لەیاسای هەڵبژاردن بەو شێوەیە هاتووە دەڵێ دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاشکران و دەشێ لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان یان لایەنی کەم چوار یەکی ئەندامەکانی و ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووەکانی دانیشتنەکە نهێنی بێ، بۆیە من وام پێ باشە ئێمە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی نەقڵ بکەین بۆ ئەوەی تەعاروز نەبێ، ئەگەر بڕگەیەکی تر ئیزافە بکەین بڵێین سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی پێویستدا، یەعنی لە کاتی پێویست یەعنی ئەو کاتەی کە ئەوان پێویستیانە بۆ ئەوەی هەم تەعاروزیش نەبێ لەگەڵ ئەو و ئەو حەقەش لەوان نەسێنینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی د.ڕێواس فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەشکالیەتەی کە ئێستا دروست دەبێ بۆ مەسەلەی تەعاروز لە بەینی ئەم پەیڕەوە و لە بەینی قانونەکانی کە ڕەهەندی دەستووریان هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کاتی خۆی ئەگەر ڕەفیقەکانم لە لیژنە بیریان بێ ئێمە خەریکی داڕشتنی ئەم پرۆژەیە بووین وتمان ئەم پەیڕەوە دەکەین بە قانون، بۆیە ئەو دەستکاریانەی کە کردوومانە یەعنی هەندێ دەستکاریمان کردووە، لەناو ئەم پرۆژەی پەیڕەوەدا کە ڕەنگە لە یاسای هەڵبژاردن یان لە یاسای سەرۆکایەتی دا جۆرێکی تر بێ پەیوەندی بەو ئیتفاقە پێش وەختەی لیژنەکە هەیە کە وتمان دەبێ قانون بێ ئەگەر بەڕێزان ئەوەیان لەبیر مابێ، بۆیە ئیزافە کردنی شتێك بەتەعاروز حساب ناکرێ، ئەو بیرۆکەیەی د.بەهار باسی دەکات بە تەعاروز هەژمار ناکرێ بەڕەئی من ئەگەر ئێمە بڕیارمان داوە سیستەم پەرلەمانی بێ لە ئاییندەدا دەبێ ڕایەڵەیەك لە نێوان ئێمە و حکومەت دا هەبێ، بۆیە زۆر تەبیعیە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن داوا بکات نهێنی بێ دانیشتنێك، بەڵام

دەكرێ ئێمە ئەگەر پێمان وابوو ئەوەی ئەو داوای دەكات مەنتقی نییە بە دەنگدان لێرە خۆمان ئەوە یەكلایی بكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەم بابەتەی كە لەبەردەستی ئێمەیە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە و یاسای ناوخۆی پەرلەمان نییە، لەبەرئەوەی بەڕێزت دەزانی بەڕێز د.ڕێواز كە پێشكەشكردنی پرۆژە یاسای بە شێوازی ترە، ئێمە لیژنەیەكمان پێك هێناوە بڕیارێك لە پەرلەمان بۆ سەر لەنوێ داڕشتنەوەی پەیڕەوی ناوخۆیە بۆیە لێرە ئێستا ئەمە پەیڕەوەكە نابێ پێچەوانە بێ لەگەڵ یاسا بەركارەكان، بەڵام ڕەنگە ئیزافە كردنیش دژی نەبێ، بەڵام لەو بابەتانەی كە دژ یەكی دروست دەبێ لەگەڵ یاساكان پێویست دەكات ئاگامان لێی بێ، بەڕێز كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله لەسەر ئەو مەوزوعی پەخشی ڕاستەوخۆ هەڵبەت لە لیژنەكەش ئەو كاتە ئەو ئەشكالە دروست بووە، ئایا پەخشی ڕاستەوخۆ مەبەست ئەوەیە كەناڵەكان نەقڵی بكەن، یان مەبەست ئەوەیە ئەم كۆبوونەوەیە لەم ڕاستەوخۆیەی لە پشتمانە بچێتە سەنتەری میدیا كێ وەری دەگرێ و كێ پەخشی دەكات ئێمە نە مولزەمی دەكەین نە عیلاقەمان هەیە، نەك ئیللا دەبێ كەناڵێك پەخشی بكات واتای پەخشی ڕاستەوخۆ، نەخێر واتە پەخشی ڕاستەوخۆكەی پەرلەمان بدرێ بە سەنتەری میدیای كێ وەری دەگرێ وەری بگرێت، ئەوە مەبەستە لە پەخشی ڕاستەوخۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكریش ئەندامی لیژنەكە بوو، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەمترین دەرفەت بە من دەدەی، دوو سەرنجم هەیە، یەكەم/ پشتگیری لەو قسەیەی د.ڕێواز دەكەم ئێمە هەموومان وتوومانە ئەم پەیڕەوەی 23 ساڵی ڕابردوو زۆر سەقەتە، موستەڵەحاتی زۆرمان بەكارهێنا، لەبەرئەوە ئێمە هەر بڵێین فلان بڕگە و ماددە پێچەوانەی فلان یاسایە، ئەو ئامانجەمان نایەتەدی كە ئەم پەیڕەوەی بۆ هەموار دەكرێ، لەبەرئەوە هەندێ بڕگە بەڕەئی من دائیمەن هەندێ شتی گرنگ، ئەگەر پێویست بەوە بكات ئێمە یاسایەكی بۆ تەعدیل بكەین دەبێ بیكەین ئەگەر پەیڕەوێكی باشمان هەبێ، دووەم/ نەك بۆ ئەم لیژنە بەڕێزە، سەرۆكی لیژنە بە سوپاسەوە كە زۆر زۆر ماندوو بووە لە هەمووماننی زیاتر ماندوو بووە، بەڵام لە لیژنەكانی تریش هەر دیقەت دەدەم زۆرجار سەرۆكایەتی لیژنە بیروبۆچوونەكانی خۆی تێكەڵاو دەكات لەگەڵ هەندێ شتی تردا، بەڕای من ئەم قسانەی ئێستا د.فرست كردی جەنابیشت بە ڕوحیەتی تەشەنوج و بارگرژی سیاسی و كۆمەڵێ شتت هێنایە گۆڕێ، چونكە ڕای

جەنابتان لەگەڵ ئەم ڕایانەی ئەم ئەندامانەی کە لێرە دانیشتوون هەمان ڕایە تۆ تەبیعیە دیفاع لە ڕایەکەی خۆت بکەی، منیش تەبیعیە دیفاع لەڕایەکەی خۆم بکەم، لەبەرئەوە نەی بەستین بەشتی ترەوە، چونکە ئەمە ڕەئیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان ئەبێ ئەوەی جەنابت نوقتەی نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستەکەی من ئەوەیە لەبەرئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیل دەکرێ، زۆرجار کەلیمەی سیقەت و شتی دیکە بەکاردێت، کۆمەڵێك کەسانی شارەزا و پسپۆر بە مامۆستای خۆمانمانیان دەزانین پەیڕەوی ناوخۆیان داناوە دەکرێ بۆ ئەو کاتی زۆر زۆر باش بووبێ، ناکرێ ئێمە فی سفری بکەین کەئەنەما هیچ نەکراوە، بۆیە چونکە ئەوە پرۆتۆکۆڵە تەسجیل دەکرێ، با ڕەنج و خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ئەو کەسە شارەزایانە لەبەرچاو بگیردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوە دەکەن کۆبوونەوەکە و دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ یەك شەممە کاتژمێر (10).

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی**

**یەك شەممە رێکەوتی** 2015\9\20

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2015/9/20

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2015/9/20 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (3)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2015/9/20 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەی وەپرەوی ناوخۆ ئامادە كراوە، بەپێی بڕیاری ژماره (26)ی ساڵی 2014 و بڕگەی (8) لەماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، هەروەها پاڵپشت بەماددەی (54)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، ژمارەی دانیشتن(3) ڕۆژی دانیشتن(2015 /9/20) بەرنامەی كار بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1) لەماددەی (20)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، ژماره یەكی ساڵی 1992ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژماره (3)ی خولی پایزەی ساڵی دووەم، لە خوڵی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لەكاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەك شەممە 2015/9/20 دەبێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە دەبێت:

یەكەم: بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەی وەپرەوی ناوخۆ ئامادە كراوە، بەپێی بڕیاری ژماره (26)ی ساڵی 2014 و بڕگەی (8) لەماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، هەروەها پاڵپشت بەماددەی (54)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره(1)ی ساڵی 1992ی

هەموارکراو، لەدەستپێك داوا لە سكرتێری پەرلەمان دەكەم كە پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی كوردستان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە(2) لە بەرواری (2015/9/16)، بەم شێوەی خوارەوە بوو:

یەكەم: دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانەوە.

دووەم: خوێندنــەوەی پوختــەی دانیشــتنی پێشــوو، هــەروەها خوێندنــەوەی نــاوی ئەنــدامانی پەرلــەمانی ئامادەبوو و ئامادە نەبوو لەدانیشتنی لیژنەكانیان.

سێیەم: گفتوگۆكردن لەســەر پــەیڕەوی نــاوخۆی پەرلــەمانی كوردســتان، كــە بــۆ دانیشــتنی ئــەمرۆ دواخــرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لەبەڕێزتان دەكەین كە نـاوی ئامـادە نـەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان كە لـە دانیشـتنی ژمـارە (2)ی ئاسـایی لەبـەرواری(2015/9/16) مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون، لەكۆبوونەوەی یەكەمدا بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- ابراهيم احمد مۆڵەت
2- ئاری محمد مۆڵەت
3- ئاواز جەنگی مۆڵەت
4- ئێڤار ابراهيم مۆڵەت
5- بشار مشیر مۆڵەت
6- تەلار لەتیف مۆڵەت
7- تحسين اسماعيل مۆڵەت
8- جمال عثمان مۆڵەت
9- جەودەت جرجيس مۆڵەت
10- سهام عمر مۆڵەت
11- گۆران ئازاد مۆڵەت
12- عبدالله محمود مۆڵەت

13- عبدالله جاسم مۆڵەت

14- عمر صالح ئامادەنەبوو

15- فەرهاد حمە صالح مۆڵەت

16- کەنعان نجم الدین ئامادە نەبوو

17- ماجد عثمان مۆڵەت

لەکۆبوونەوەی دووەمدا:

1- احمد سمۆ مۆڵەت

2- ئاری محمد مۆڵەت

3- ئاواز جەنگی مۆڵەت

4- ئێڤار ابراهیم مۆڵەت

5- بشار مشیر مۆڵەت

6- تەلار لەتیف مۆڵەت

7- تحسین اسماعیل مۆڵەت

8- جمال عثمان مۆڵەت

9- جەودەت جرجیس مۆڵەت

10- سهام عمر مۆڵەت

11- گۆران ئازاد مۆڵەت

12- عبدالله محمود مۆڵەت

13- عبدالله جاسم مۆڵەت

14- عمر صالح ئامادەنەبوو

15- فەرهاد حمە صالح مۆڵەت

16- کەنعان نجم الدین ئامادە نەبوو

17- ماجد عثمان مۆڵەت

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش دەچینە سەر بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان، کە بڕگەی یەکەمی بریتیە لەبەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە کراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە(26)ی ساڵی 2014، و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992، هەروەها پاڵپشت بە ماددەی(94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە(1)ی هەموارکراو، ئێستا داوا لەبەڕێزان

سەرۆكایەتی و ئەندامانی لیژنەی كاتی پەیڕەو دەكەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەستكردن بـە گفتوگۆكردن، فەرموون. كاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە وەكو لیژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی دوو داواكاری خێرامـان هەیـە، ئەگـەر فرسەتمان بدەن بیخەینە ڕوو لەم كۆبوونەوەیەدا...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـاك زانـا ئێسـتا لەبەرنامـەی كـاردا نیـە، مـن دوێـنێ لەگـەڵ جـەنابت قسـەم كـرد، ئـەگینا داواكارییـەكانتان بنێرن، ئەوە هەر لە دەست پێكەوە خۆت ئەزانیت ڕەزامەندین لەسەر داواكارییـەكانتان، بـەڵام لەبەرنامـەی كاردا نیە، بۆیە بەیاداشتێك پێشكەشی سـەرۆكایەتی بكـەن، سـوپاس بـۆ جـەنابت، بـەڕێزان ئێسـتا دەنگـدان لەسـەر ئـەو ماددانـە دەكرێـت كـە لەدانیشـتنی پێشـووی پەرلـەمان گفتوگـۆی لەسـەر كـراوە، دوای ئـەوەی دەنگدان لەسەر ئەو ماددانە دەكرێت، دوای ئەوە وتوویـژ لەسـەر بەشـێكی تـری پـەیڕەوی نـاوخۆ دەكرێـت، دوایـی یـەك بەیـەك ماددەكـانی دەخرێتـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا لەبەشـی دووەمـین پێكهاتـە و كۆبوونـەوەی پەرلەمان، سـەرەتا هـەر ڕایـەك هەیـە بیخوێننـەوە تـا بیخەینـە دەنگـدان، دوای كـۆی ماددەكـەش دەخەینـە دەنگدانەوە، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕایەكانی ماددەی دووەم دكتۆرە بەهار پێشكەشی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند ڕایەك هەبوو لەسەر ماددەی دووەم، ڕایەكیان ئەوەیە كە ئەوەی لەناو ڕاپۆرتەكەدا هاتووە وەك خۆی بیخەینە دەنگدانەوە، ڕای تر هـەبوو كـە پێـی وابـوو ژمـارەی (111) ئەندامەكـە زیـاد بكرێـت، ڕایـەكی تـر هـەبوو پێـی وابـوو كەمبكرێتـەوە، ئێمـە ئـەو پێشـنیارە پێمـان وایـە زیـاد كـردن و كەمكردنـەوەی ژمـارەی كورسـیەكانی پەرلـەمان دەسـتكاری كردنـی ژمارەكـان بەهەرشـێوەیەك بێـت لـەڕووی یاساییەوە پێمـان وایـە جێگاكـەی ئێـرە نیـە، جیگاكـەی یاسـای هەڵبژاردنـە، بۆیـە ئێمـە وەكـو لیژنـە لـەڕووی میهەنیـەوە لـەڕووی یاساییەوە، تەئكید دەكەینەوە لەسەر ئەوەی كەدەستكاری كـردن جێگـای ئێـرە نیـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتوانین پێشنیارەكانی بەڕێزان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین دەتـوانین نـاوی ژمـارە هـەر نـەهێنین لێرەدا بڵێین پەرلەمان پێك دێت لە ژمارەیەك ئەندام كە لەیاسای هەڵبژاردندا دیاری كراوە، بۆ ئـەوەی هـەركاتێك

كە یاسای هەڵبژاردن تەعدیل کرا بەهەرشێوەیەك بێت ئەم پەیڕەوە لەگەڵیدا بگونجێت، پێشنیارێکی تر هەبوو کە مەرجەعی سیاسی و یاسایی لەهەرێمی کوردستان یەعنی ئەوە زیاد بکەین (پەرلەمان) باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانەو مەرجەعی سیاسی و یاساییە لەهەرێمی کوردستان، ئەوە پێشنیارەش دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەردەنگی هێنا ئەوە زیاد دەکرێت، پێشنیارێکی تر هەبوو، بۆ کورسی بۆ ناوچە دابڕاوەکان، کاتێك ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەو پێشنیارە پێم وابێت یەکەمجار بێگەرد خان کردی، پاشان پشتیوانی لێکرا لەلایەن زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمانەوە، ئەو پێشنیارە زۆر بەرز ئەنرخێنین و هەمووشمان ئەزانین ئەو پێشنیارە لەچ ڕوانگەیەکەوە کراوە، ئەوە خەمی هەموومانە بەدڵنیاییەوە، بەڵام بەهەمان شێوەی زیادکردن وکەمکردنی ژمارەی کورسیەکان ئەمە لەڕووی یاساییەوە جێگاکەی ئێرە نیە، یەعنی وەکو ئەوە وایە تۆ عقوبات لەناو یاسای ئەحوالی شەخصی دابنێیت، یەعنی ئیختصاصی پەیڕەوی ناوخۆ نیە، کە تۆ دەستکاری ئەوە بکەیت، جگە لەوە ئێمە ئەگەر هاتوو ئەو ناوچە دابڕاوانە بگەڕێنەوە، بەدڵنیاییەوە مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن، چونکە مافی ئەوەیان هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو پێشنیارە ئەزانین لە چ ڕوانگەیەکەوە زۆر بەرز ئەینرخێنین، بەڵام ئەمە ڕای یاسایی لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆیە لەسەر ئەو بابەتە، بۆیە ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە، یەکەمجار ئەوەی کە لەیاساکەدا هاتووە، وەکو خۆی، بەڵام لەسەر قسەکەی کاك عومەر ئەوەی وتی لەهەرێمدا زیاد دەکەین، ئەوە یەکەمجار وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە پاشان پێشنیارەکانی تر دەخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارەکان بخوێننەوە، خۆی باشتر وایە لیژنەی کاتی پەیڕەو، پێش هەر دانیشتنێك ئەگەر بۆ لەمەودوا بکرێت پێشنیارەکان بنووسرێتەوە، بەسەر ئەندامان دابەشبکرێت، بۆ ئەوەی لەبەردەستیان بێت، ئەوکات ئەندامان بە بەرچاو ڕوونی دەنگدەدەن بەو پێشنیارانەی کە ئەیخوازن، بۆیە ئێستا واباشترە، دوو نوقتەی نیزامی ئەبینم بەس وا باشترە نوقتەی نیزامی بێت، دەرفەتتان دەدەمێ، بەڵام واباشترە پێشینارەکان بخوێندرێتەوە، تا ئەندامانی پەرلەمان بزانن دەنگ بە چ پێشنیارێك دەدەن، کاك فەرهاد، فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێت تەعلیق لەسەر قسەی ئەو هاوکارەم بم، بەڵام یاسا لەهەموو دونیادا دائەنسدرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەمە یاساییە یان یاسایی نیە، لەبەردەم بەرژەوەندی گشتی و ئەمنی قەومی و مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا یاسا هەر نرخی نیە، چونکە یاسا دائەندرێت بۆ ئەوانە، دانانی کورسی بۆ ناوچە دابڕاوەکان بەپێی یاسا ئەبێت، ئەمە مومکین نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ئیتر ناچینەوە سەر گفتوگۆ، ئەوە ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی ئەکەنەوە کە دەنگ ئەهێنێت یان نا، زۆر سوپاس، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتی زیاد لە سێ ئەندام پێشنیاری کرد، نازانم بۆ باسیان نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە بەهار باسی کرد، باشە فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نوێنەرایەتی لەبڕگەی دووەم هەیە، جەلسەی پێشوو ڕوونکردنەوەماندا بۆیە لێرە باسمان نەکرد، لەبڕگەی دووەم دەڵێت نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان دەکەن، ئێستا پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە..

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بەس کاك عومەر قسەی هەیە، با ئەویش تێبینیەکەی خۆی بدات، فەرموو کاك عومەر

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها بە بیری لیژنەی کاتی ئەهێنمەوە، وتمان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پێشنیارەکان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە، وشەی (لەهەرێمدا) ئەوە زیاد دەکەین، دەنگدانی ناوێت ئەوە صیاغەیە، سەبارەت بە ئەوەی (مەرجەعی سیاسی و یاسایی پەرلەمان بالاترین دەسەلاتی یاسادانانە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە لەهەرێمی کوردستان)ئەو پێشنیارە ئێستا بەڕێزتان بیخەنە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە کە بۆی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەستەواژەیە زیاد بكرێت( پەرلەمان مەرجەعی سیاسی و یاسایی هەرێمی كوردستانە) كێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بكات تكایە؟، (43) كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، (34)كەسی لەگەڵدا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كراو ئەوەی بۆ زیاد دەكرێت، بۆ پێشنیارێكی تر.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: لەجیاتی ئەوەی كە ژمارە كەم یان زیاد بكەین، چونكە ئەمە هەر دیراسەیەكی عیلمیشی بۆ نەكراوە كە ئێمە زیادی بكەین یان كەمی بكەین، بەو شێوەیە بڵێین( پەرلەمان پێك دێت لەژمارەیەك ئەندام كە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دیاری دەكرێت).

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێی لەگەڵدایە كەژمارە دیاری نەكرێت، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان بێت لەیاسای هەڵبژاردن هاتووە، لەوی دیاری دەكرێت، ئێستا كێی لەگەڵدایە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، (62) ئەندامی لەگەڵدایە، ئێستا كێی لەگەڵدا نیە؟، ( 7) كەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی تر سەبارەت بە زیاد كردنی كورسی بۆ ناوچە دابڕاوەكان، ئێمە تەئكید دەكەینەوە وەكو لیژنە كە ئێمە بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو پێشنیارەین، بەڵام شوێنەكەی یاسای هەڵبژاردنە، بۆیە پێویست دەكات ئێمە كار بكەین بۆ هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەم بابەتەو بۆ بابەتی تریش، بۆیە تكا لەخاوەنی پێشنیارەكان دەكەم، تەفەهومی قانونیەتی بابەتەكە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چەند نوقتە نیزامیەك دەبینم، بەڵام تكایە گفتوگۆی لەسەر ناكەین، كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارەی دووەم، پێچەوانەی دەنگدانەكەی یەكەممان بوو، چونكە ئێمە دەنگمان لەسەردا كە بەپێی یاسای هەڵبژاردن ئەو ژمارەیە دیاری دەكرێت، ئێستا تۆ ژمارەو ئاڵوگۆڕ دەخەیتە دەنگدانەوە، بۆیە پێم وایە پێچەوانەی دەنگدانی یەكەممانە، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو امینە زكری، فەرموو.

**بەڕێز امینە زکر0ی سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڤێت بیرا پەرلەمانی بێنم یاسایەك دەربارەی چاودێری کرن، یان ئەندامێتی ناوچەیە دابـڕاوی دەرەوەی هەرێم، کە پێشکەش کرن، لەلایەن سێ لیژنە هاتیە پێشکەشکرن، هەر سێ لیژنەیا پەیوەندیدار ئـەو یاسا موخالفا یاسایا دی دزانن، لەناحیا ئیداریش ئەوان لسەر کوردستانێ نەبوون، ژبەر هەندێ یاسایا هاتیـە رەد کردن، ئەعنی ئەمە پێچەوانەیا، ئەڤ یاسایا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بێگەرد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەوە ئەو پێشنیارەم کردووە، لەڕاستیدا من پێم وایە، دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەگـەر پێشنیارەکە بخوێننەوە، من وتوومە بـەپێی یاسـا یـان بـە ئـەمری واقیـع، ئێستا هـەرێمی کوردسـتان و ئـەو ناوچانە ئەمری واقیعن لەسەر هـەرێمی کوردسـتان، ئێمـە لەڕاسـتیدا لەڕابردووشـدا تەنانـەت دامەزرانـدنی کۆمیسیۆن لەهەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەوە بووە، کە ئەو ناوچانە وەکو مەوقعێك تاکو ئێستا لەگـەڵ حکومـەتی ناوەنـد گرفـت و کێشـەی زۆری لەسـەر بـووە، بۆیـە ئـەو گرفتـە هـەبووە، تـا ئێسـتاش لـەڕووی ئیدارییەوە سەر بەوانن، بۆیە ئەگەر بڕیار وابێت ڕیفراندۆم لـەو ناوچـانە ئـەنجام بـدەن، دەبێـت دەرفـەتی ئەوەش بڕەخسێنین، من ڕێژەم دیـاری نـەکردووە، نـەم وتـووە چـەند کورسـی لـەزمنی ئـەو کورسـیانە بێـت لەپەرلەمانی کورستان ئەو شێوەی کە پێشووتر کـرا، کـە ڕێـژە دیـاری بکرێـت، منـیش داوای دیـاری کردنـی ڕێژەم نەکردووە، تەنها داوای ڕێژەیەك دەکەم بۆ ئەو ناوچانە، بۆیە پێم وایـە حـەقی خۆیانـە و بۆیـان داوا دەکەم، بەڵام ئەو ناوچانە ناوچـەی کوردسـتانین، مـافی ئەوەشـیان نـەبێت نوێنـەریان هەبێـت لەپەرلـەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە لەبڕگـەی پێشـووتر ئـەو بابەتـەمان حەسـم کـرد، چـەندایەتی و چـۆنایەتی، ئـەو ژمـارەی ئەنـدامانی پەرلەمانـە لەیاسـای هەڵبـژاردن حـەل دەکرێـت، ئـەوە پێویسـت ناکـات لێـرەدا موناقەشـەی لەسـەر بکرێـت، ئەوکاتەی ئەو ناوچانەش گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان وەکو کەرکوك و هەولێر و هەڵەبجە و سلێمانی و شوێنەکانی تر دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من واز لەو مەسەلەیە ناهێنم، یەعنی لەپەرلەمانی کوردستان جێگا بۆ (کەرکووك، خانەقین، سنجار) دانەندرێت، ئەمە نەقصی شعوری قەومیە لە پەرلەماندا، من دوو مانگ لەمەوپێش ئەو پڕۆژەیەم پێشکەش کردووە، ئەگەر لەبیرتان بێت وتم ئەبێت هەموو پارێزگارو قائیم مەقام و مودیر ناحیەکانی ئەو ناوچانە بەلانی کەمی سێ مانگ جارێك بێنە پەرلەمان بۆ بەستنەوەی ئەو ناوچانە بەکوردستانەوە، دوو مانگ لەمەوپێش هەمووتان لەبیرتانە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تەواو سوپاس، تەبعەن ڕای ئەندامان ئەوەیە کە باوەڕناکەم هیچ ئەندامێکی پەرلەمان خیلافی لەسەر ئەوە هەبێت کە جێگای بکرێتەوە، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە لەیاسای هەڵبژاردن جێگای بکرێتەوە هەندێکی تریش پێی وایە لێرە ڕێژەی بۆ دیاری بکرێت، تەبعەن ئەوەی کەباسکرا کە خیلافی دەنگدانی پێشوومانە لەدەنگدانی پێشوودا ژمارەمان دیاری نەکردووە، لێرە داوای ئەوە ئەکرێت بەبێ دیاری کردنی ژمارە باس لەوە بکرێت کە جێگای بکرێتەوە، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە بەڵام ئەوە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی دەکاتەوە، با دکتۆر فرسەت و کاك قارەمانیش قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دواجار مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان ببێت بە ئەمری واقع، بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەر ڕێژەیەك کە ئێمە دەستنیشانی بکەین لێرە غەدریان لێ دەکەین، من پێم وایە دەکرێت پڕۆژە پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان تکایە لەڕووی یاساییەوە با قسە بکەین، مەچنەوە ناو موناقەشە، لەوەی کە ئایا ئەمە گونجاوە یان گونجاو نیە، سوپاس، دکتۆرە ڕێواس، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواس فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرگا کردنەوە بۆ موناقەشە کردن لە خوێندنەوەی سێهەمدا پێم وابێت هەڵەیە، ئێمە پێشتر ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی هەر پێشنیارێك ئەندامێکی پەرلەمان پێشکەشی کرد و سێ ئەندامیش پشتیوانی لێ کرد، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزتان بیخەنە دەنگدانەوە بزانە دەنگ ئەهێنێت یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ئەو پێشنیارە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سیغەی دووەم ئەوە زیاد بکرێت ژمارەیەك کورسی بۆ ناوچەدابڕاوەکان لەپەرلەمانی کوردستان زیاد بکرێت، لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، باشە فەرموو دکتۆر فرسەت.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئەو ناوچانە گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان ناکرێت ناوی ببەین بە ناوچەی دابڕاو، ئەوانە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك ئەبێت، ئەوانە هەرێمی کوردستان دەبن، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئێستا هەر شتێك لەبارەی ئەو ناوچانەوە بخەینە دەنگدانەوە هیچ مەنتقی تێدا نیە، ئێمە هەمووەمان لەگەڵی نەبین، بەڵام لەیەك شت جیاوازین ئەوەی کە چۆن خزمەتی ئەو ناوچانە بکەین، بەچ سیغەیەك خزمەتی ئەو ناوچانە بکەین، سیغەکەی ئێمە ئەڵێین ئەگەر بێتوو لێرە ئیستیسنا بدەین بەو شوێنانە، لەڕووی یاساوە تا ئەبەدی ئەبەدی تۆ ئەو شوێنانەت ئیستیسنا کرد بەچاوی هەولێرو دهۆك و سلێمانی سەیرت نەکردن، ئێمە ئەڵێین کە گەڕانەوە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك ئیستیسنایان بدەینێ، لەڕووی یاساییەوە ئەبێت بەیەکچاو وەك هەولێرو دهۆك وسلێمانی سەیری بکەین، هەولێر چەند نوێنەری هەبێت کەرکووکیش بەهەمان شێوە، بەپێی ڕێژەی دانیشتوان و دەنگدەران، ئەوەندە نوێنەریان دەبێت، بۆ بێین ئیستیسنایەکی بدەینێ لەکاتێکدا ئێمە ئەڵێین لەکاتی گەڕانەوەیان، کاتی گەڕانەوەیان یەعنی وەکو هەولێر و سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بێگەرد خۆ هیچ تێبینیی یەکت هەیە؟

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەم وتووە لە کاتی گەڕانەوە، یەعنی پێشنیارەکان لە لایەن بەڕێزانی لیژنە گوتراوە من دەڵێم تا یەك بوونەوەی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم تا یەك لای بوونەوە چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە یاسا یا خود ئێستا کە بە ئەمری واقیع یەك لای بووتەوە ژمارەیەك کورسی دیاری دەکرێ بۆ ئەو ناوچانە و لە ماوەی یەك ساڵدا هەڵبژاردنی تەواوکاری بۆ ئەنجام دەدەن، ئەوە پێشنیارەکەی من بوو و ناردوشمە بۆ بەڕێزان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە، دەبێ هەر بە یاسا موعالیجەی بکرێ بێگەرد خان، چونکە ئێستا ناتوانی ڕێژەیەك بۆ دیاری بکەی نەزانی ڕێژەکە چەندە چۆن دابەشی ئەکەی.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕێژەی کە پەرلەمانی کوردستان، یەعنی لە سەر یەك لای دەبێتەوە چەند ئەندامی دەبێت ئەو ناوچانەش هەر بەو شێوەیە دەبێت، یەعنی ئێمە لە سەر چ ئەساسێك (111) ئەندامی پەرلەمانمان لە پەرلەمانی کوردستان دیاری کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، کەواتە، بە پێی یاسا هەڵبژاردن دەکرێت.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەی ناکات، بەڵام خۆ لێرەدا کە باسی پەرلەمانی کوردستان دەکات، یەعنی ئەو ناوچانە ئێستا هیچ جۆرە ئەفزەڵییەتێکی نەداوەتێ لە ناو پەرلەمانەکەی خۆیاندا، ئەگەر بڕیارە ناوچەیەکی کوردستانی و بڕیارە هەموومان، یەعنی بە قەناعەتەوە باورمان بە کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە هەیە مەفروزە، یەعنی ئیعتیراف بەوەی بکەین کە ئەو ناوچانە حەقی ئەوەیان هەبێت کە نوێنەریان بنێرنە ناو پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو موناقەشەیە زۆر ئەکرێتەوە وا لە سەر ئەم بابەتە کە ئەبێ بە پێی یاسای هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێتەوە، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوە ڕای لیژنە پێیان وایە کە ئەمە دەبێ لە یاسای هەڵبژاردندا جێی بکرێتەوە من داواکارییەکم هەیە داوا دەکەم هەموو سەرۆکی فراکسیۆنەکان بە یەکەوە ڕێکەوتنێك واژوو کەین ئەم بابەتە لە یاسای هەڵبژاردندا جێگەی بۆ بکرێتەوە و ڕێژەیەك بۆ ئەو ناوچانە دابنرێت مافی بەشداری کردنیان هەبێ لە پەرلەمانی کوردستان و ئایندەی ئەوانیش لە گەڵ ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، هەر چەندە حەقی قسە کردنم نییە، بەڵام زۆر حەقی دیکەت دا ئەمیش لەو چوارچێوەی دا حەقی خۆم دەبینم، کەرکوك کوردستانە و شنگال کوردستانە و ئەو ناوچانە دانەبڕاون لە کوردستان لە رووی واقیعەوە بەعس بە جەبەرووتی خۆی نەیتوانی دایبڕینیتن ئەمڕۆ ئەم حکومەتە لەرزوکەی بەغدا مومکین نییە بتوانیتن ئەو ناوچانە دای ببڕینیتن، با هۆڵی پەرلەمان نەبێتە بەشێك لە موزاییدات بەو ناوچانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، نە، باشە، نابێتە بە موزاییدە ئەو رای خۆی وتووە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ، ئەمە شەش مانگ پێش ئێستا لە فراکسیۆنی پارتیدا پرۆژەمان بەو بابەتە پێشکەش کرد ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا ئەو بابەتە بە ئێمە دەفرۆشنەوە و لە لیژنەکاندا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس نای فرۆشێتەوە، تکایە بەڕێز کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەرکوك دانەبڕاوی کوردستانە بە یاسا لە چوارچێوەی یاسادا ئەمری لێ دەکەین، بۆیە ئێمە هیچ پێویستیمان بە رێکەوتن نییە لە نێوان خۆماندا، ئەگەر بیگەیینینە ئەو رۆژەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان حیزبەکانی کوردستان لە سەر ناوچە کوردستانییەکاندا رێکەوتن بکەین دەبێت خەلەل لە خۆماندا هەبێت ئەوانە بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، باشە خاتوو بێگەرد دەرفەت بە جەنابت ئەدەم، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان ئەزانین کە رێ و شوینی یاسایی بۆ جێ کردنەوەی نوێنەرایەتی ناوچە کوردستانییەکانی کە ئێستا لە دەرەوەی هەرێمیش نینن، چونکە ئێستا خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانە ئەپارێزێ نوێنەرایەتی کردنیان لە پەرلەمانی کوردستان و جێ کردنەوەیان لە پەرلەمانی کوردستان ئەرکی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستانە بە پێی یاسا و ئێمە پشتگیری ئەوە ئەکەین کە بە زووترین کات لە رووی یاساییەوە موعالەجەی ئەم بابەتە بکرێت داخوازی هەموو فراکسیۆنەکانە بۆیە ئەم بابەتە لە رووی یاساییەوە موعالەجە ئەکرێت، خاتوو (بێگەرد) فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە لە ڕاستیدا ئەو وشەیە لە لای هیچ کەسێکدا بە کار نابێت کە ئێمە دەمانەوێ موزاییدە بە سەر کەسدا بکەین لە پەرلەمانی کوردستاندا و ئێمە ناوی کەرکوکمان نەهێناوە من وتوومە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە بەر ئەوە من داواکارم و پاشگەز نابمەوە لە قسەکەی خۆم کە وای لێ هات ببێتە موزاییدە و موزاییدەکاری بە سەر یەکتری دا داواکارم بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە با ئەو مەوزوعە کۆتایی پێ بێنین پێم وا بێت ئەمە دەبێتە زیاتر خیلافات لە نێوان فراکسیۆنەکان، کاك فەرهاد دەستت بەرز کردۆتەوە.

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بە ڕاگەیاندن پەنجا ساڵە باسی کەرکوك و خانەقین و شنگال ئەکەین بە ڕاستی لەوانەیە من داوای لێبوردن ئەکەم ئەم تەعبیرە بە کار دێنم هەندێ لە خەفیفەکانی زەمانی حکومەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا پێویست ناکات، باشە، سوپاس

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە مومکین نییە نەخرێتە دەنگدانەوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەوە قبول مەکەن کە نەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی ئێمە هەموومان لە پەرلەمانی کوردستان موتەفەقین پەیڕەوی ناوخۆ تەبیعەتێکی دەستووری هەیە، لە بەر ئەوە پشتیوانی قسەکانی کاك (فەرهاد) دەکەم ئەو پێشنیارە بیخەینە دەنگدان و شوێنێکی زۆر گونجاوە کە جێگای لە ناو پەیڕەودا بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ئیتر پێم وا بێت خیلافەکان گەورەتر ئەبێت، فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە میکانیزمێکمان بۆ گفتوگۆ دانا لە خاڵی دووەمیان ئێمە ئەگەر هەر پێشنیارێکی نوێ هەبوو دوو، سێ کەس پشتیوانی کردی ئەخەینە دەنگدانەوە و ئەم گفتوگۆ کردنە پێچەوانەی ئەم میکانیزمەیە کە خۆمان دامانناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، قسەکەت تەواوە راستە تکایە سیاغەی ئەخیری بکەن و بیخەینە دەنگەوە، ئەیخەینە دەنگەوە تازە سێ ئەندامی پەرلەمانی پشتیوانی کردووە، ئەیخەینە دەنگەوە ناکرێت تا بەیانی گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە بکەین تکایە سیاغەی ئەخیری بکەنەوە.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمەش قسە بکەین لە راستیدا من ئەڵێم، ئەگەر پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر (شێرکۆ) ناتوانی لە خۆتەوە قسە بکەی، تکایە لە شوێنی خۆی قسە مەکە، ناتوانی لە شوێنی خۆی قسە بکەی کاك رابون فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی تەکنیکیم هەیە ئەو لیژنە بەرێزەی کە لەوێن مەفروزە ئەوان لیژنەی یاساییان لەوێن باشتر نییە یاسا ناسەکانیشمان لەوێ بن ئەو بابەتانەی کە پێیان وایە کە لە گەڵ روحی پەیڕەوی ناوخۆ نایەت نەیخەنە دەنگدانەوە ئەو بابەتەیان وایە کێشەیان لە رووی یاساییەوە لە گەڵ روحی پەیڕەوی ناوخۆ دێت بیخەینە دەنگدانەوە ئەوە دەبێت ئەو لیژنەیە یەك لا بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان قسەکەی خۆیان کردووە پێم وا بێت کاك دکتۆر شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کوردستان بە ئەمری واقیع ئێستا لە ژێر دەستی هەرێمی کوردستاندایە پێشمەرگەخوێن لە سەر دەرژێت ئێمە ئەوەشمان پەسەند کرد کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی یاسایی و سیاسی هەرێمی کوردستانە، لە بەر ئەوە زۆر پێمان ئاساییە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت لە هەر خولێکی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی ئەو ناوچانە دیاری بکرێت ئێمە ئەگەر چاوەرێ بین لە بەغدا بۆمان یەك لا بکەنەوە تا رۆژی قیامەت یەك لا نابێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، با لیژنە قسە بکەن فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوە بە بیر دێنمەوە ئێمە بە ماوەیەکی زۆر پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان خەریکی ئەم پرسە بووین هەمووشمان بە گرنگمان دانابوو کاری پەرلەمانی بەو پەیڕەوە نوێیە بخرێتە سەر سکەیەکی دیکە و نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکان کە (13) ئەندامین لەو لیژنە کاتییەدا نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانمان کردووە بە داخەوە ئەمەی ئێستا لێرە دروست دەبێت لە جەدەلی ناو پەیڕەوەکە لە لیژنە کاتییەکەدا دروست نەبووە بەشێك لەم ڕەئیانە کە ئێستا دێتە پێشەوە هیچی حوزوری نەبووە واش ڕێکەوتووین کە ئێمە ئەم پەیڕەوە بە نەرمترین شێوە بە ئاسانترین شێوە تێبپەڕێنین و ئەگەر نا زۆری ئەو بەڕێزانەی نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی کردووە بە ڕاستی ئێمە ئیحراج ئەبین بەتال ئەبێتەوە ئەم پەیڕەوە دڵنیا بن بۆ خولی پێنجیش بڕواتەوە تەواو نابێ، بۆیە ئومێد دەکەم هەموو فراکسیۆنەکان هاوکارمان بن بۆ ئەوەی کە هەندێ پرس کە هی ئێرە نییە بیخەینە شوێنێکی تر بە تەبیعی بڕوات هەندێ پرسیش هی ئێرەیە هەر بە تەبیعی تێ بپەڕێ، ئەگەر نا، بە ڕاستی پێم وایە لیژنەکەش ئێمە ئیحراج ئەبین بەو شێوەیەش ناتوانین ئەم پەیڕەوە بەرێوە بەرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك سۆران، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە فراکسیۆنەکان ئەپرسم، یەعنی بۆچی خەڵکی موختەس دائەنێن بە ناو ئەو جۆرە لیژنانەیە، بۆ ئەوە نییە کە ئەگەر بابەتێکی وا هاتە پێشەوە یەك لایی بکەین لەوانەیە کە ئایا ئەمە جێگەی ئەوەیە بخرێتەوە دەنگدانەوە یا جێگای ئەوە نییە، ئەگەر وا نەبێت خۆ پێویست ناکات خەڵکی موختەس دابنێن هەر کەسێك بێت دایبنێن مادەم هەموو شتێك هەر بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی بە ڕاستی ئەم شتانە حەقێك بە لیژنەکەی بدەن کە یەك لای ئەوانە بکاتەوە بۆ ئەوەی دوواجار ئێمە ڕەخنەی دەرەوەی یاساییمان دێتە سەر ئێستا خەڵکانی یاسایی هەن گۆییان لە ئێمەیە گۆیمان لێ ئەگرن ئەزانین چی ئەکەین چی ناکەین تێ ئەگەن لە وەزعەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان دەستیان بەرز کردووتەوە دڵنیام دیسان ئەو گفتوگۆ کردنە لە سەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا کە لەو مونەصەی دانیشتووین هەموو رەنگە جیاوازەکانین لەو فراکسیۆنانە ئێمە لە دەرەوەی فراکسیۆن و لە دەرەوەی سیاسەت پێمان وایە و داوای هاوکاریش لە ئێوە دەکەین و پێمان وایە لە گەڵ ئەوەش کە دکتۆرە (بەهار)یش گۆتی تەواو پشتگیری ئەکەین ئەو بابەتە زۆر زۆر گەورە هەلدەسەنگێنین رەئیەکەی بەڕێز (بێگەرد) خانیش زۆر گەورە هەڵدەسەنگێنین، بەڵام وەکو ئەو ستافەی کە لێرەین و جێگای متمانەی ئێوە بووین و ئێوە ئێمەتان ناردووە داواتان لێ دەکەین ئەو بابەتە شوێنی ئێرە نییە داوا ئەکەین نەخرێتە دەنگدان، ئەگەر سیقەتان بە ئێمە هەیە پێمان خۆشە برۆینە سەر بابەتێکی تر و ئەگەر بەو شێوەشە کە ململانێ نێوان فراکسیۆنەکانە و ئەوەیە بینە ناو ئێرە من بەڵێنتان پێ دەدەم وەکو کاك سۆرانیش گۆتی ئەو پەیڕەوە هەر وەکو خۆی دەمێنیت قەت لە دایکیش نابیت، ئەگەر حەریصن لە سەر ئەوەی ببینە خاوەن پەیڕەو تۆزێك لە گەڵ مرووەت بنوێنین پێمان وایە ئەو بابەتە نەخرێتە دەنگدان هەمووشمان رەئی هیچ لایێك نییە رەئی ئەوەیە رەئیەکی قانوونیە نەك رەئیەکی سیاسیە، بۆیە با ئەو بابەتە تێ پەڕینین و زیاتر لەوە موناقەشەی نەکەین بچینە سەر ماددەیەکی تر و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێم وا بێت هیچ گرفتێك نایەتە کایەوە، ئەگەر بڕیارێکمان نەبێ کە بە یاسا ئەم پرسە چارەسەری بکەین لێرەش ئەگەر دای بنین هەر بە یاسای هەڵبژاردن چارەسەر کەی تەنانەن دەنگیش بینین هەر ئەبێ بە یاسای هەڵبژاردن چارەسەری بکەین کە مادەم وایە بۆ هەڵی نەگرین بۆ یاسای هەڵبژاردن لە کاتی یاسای هەڵبژاردندا مامەڵەی لە گەڵدا بکەین و ئەم پرسەی ئێستا زیاتر گفتوگۆ لە سەر نەکرێت ئێمە دوو حەلمان لە بەر دەستماندایە کاك (فەرهاد) تکایە لە سەر خۆ، دوو حەلمان لە بەر دەستماندایە حەلێکیان ئەوەیە کە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا ئەکەن لەمرۆوە هەر لە ئەمرۆوە پرۆژە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حازر بکرێ و پێشکەش بکرێ بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و ئەم بابەتە لەوێ مامەڵەی لە گەڵ بکرێ و لەوێ جێ بکرێتەوە و یان باس لەوە بکرێت کە سەرجەم پێکهاتەکان و شارەکانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتیان ئەکات، لیژنە سیاغەکییان هەیە با بیخوێنەوە ئەگەر پەسەند نەبوو بە لاتانەوە ئەوە گفتوگۆ لە سەر ئەم ماددەیە دوا ئەخەین تا رێکەوتنی لە سەر ئەکرێ و دوایی ئەنووسێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنە هەموومان هەموو ئەندامانی لیژنە لە سەر ئەم سیاغەیە رێکەوتوون بۆ ئەو ماددەیە، یەك : پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری کردنە مەرجەعی سیاسی و یاساییە لە هەرێمدا پیادەی ئەو دەسەڵاتانەی دەکات کە لەم پەیڕەوە و لە یاسا کار پێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، دوو :

پەرلەمان لە ژمارەیەك ئەندام پێك دێت بەو پێیە كە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا هاتووە، بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هەڵدەبژێردرێتن و نوێنەرایەتی سەرجەم كاتەكانی گەلی كوردستان _ عێراق دەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو كاتە هەرێمەكە لەوێ نامێنێت ئەویش ئەبێتە كوردستان، پێكهاتەكانی گەلی كوردستان، بەرێزان ئەوە ئەخەمە دەنگەوە گفتوگۆ لە سەر ئەم ماددەیە دوا بخەین تا رێكەوتنی لە سەر بكەین كێ لە گەڵ ئەوەیە گفتوگۆ لە سەری دوا بخەین تا رێكەوتنی لە سەر ئەكرێ ئەم ماددەیە، ماددەی دوو، كێ لە گەڵییەتی؟ كێ لە گەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە گفتوگۆ لە سەری دوا بخەین تا ئەگەینە رێكەوتن لە سەری؟ كێ لە گەڵییەتی لە سەر دواخستنەوەی ئەو ماددەیە؟ ئاخر ماددە بە یەكەوە ئەخرێتە دەنگەوە، موشكیلە نییە ئەوە دەنگی لە سەر درا ئەو بەشەی با بینیت، كاك (سالار) جەنابیشت ئەزانیت ماددە ئەخرێتە دەنگەوە دوایی ناكرێت یەك برگە بە جێ بێڵین بەس ئیزافەمان خستووتە دەنگەوە، ئیزافەكەی خراوتەوە دەنگەوە، كێ لە گەڵ ئەوەیە گفتوگۆ لە سەر ئەم ماددەیە دوا بیخەین؟ (4) كەس لە گەڵییەتی، كێ دژییەتی دوا بخەین؟ تا ئەوە دیسانەوە گفتوگۆ بكرێت سەعاتێكی تر گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە ئەكرێت یەك سەعاتی تر، لە بەر ئەوە پێویستە گفتوگۆی لە سەر نەكەین بیانخەینە دەنگەوە یەك بە یەك پێشنیارەكان بخوێنەوە ئەیخەینە دەنگەوە كامە دەنگی هێنا ئەڕوا تەواو، یەعنی هیچ كێشەیەك نییە پێشنیارەكان بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵێ فەرموو، بەس ئەوە ماوە؟ ئەو پێشنیارەش بیخەینە دەنگەوە، بەرێزان دانیشتنەكەمان بۆ ماوەی (15)خولەك رائەگرین تكایە سەرۆكی فراكسیۆنەكان بێنە ژووری سەرۆكایەتی.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی**

**دووشەممە ڕێکەوتی** 2015\9\21

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2015/9/21

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2015/9/21 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (4)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2015/9/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە، بەپێی بڕیاری ژماره (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)می یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ساڵی (1992) پاڵپشت بە مادده (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ساڵی (1992)ی هەمواركراو،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژماره (4)، ڕۆژی دانیشتن (2015/9/21)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژماره (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژماره (4)ی خولی پایزەی ساڵی (2) لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (2015/9/21) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت،

1. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەكراوە، بەپێی بڕیاری ژماره (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)می یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ساڵی (1992) پاڵپشت بە مادده (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ساڵی (1992)ی هەمواركراو، لە دەستپێك داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی كوردستان بخوێننەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (3) لە بەرواری (2015/9/20) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

1 ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2 ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو هەروەها خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە،

3 ـ گفتوگۆکردن لە سەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبوانی کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی لە بەرواری (2015/9/20) مۆڵەت پێدراو بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (1. ئاری محمد (ئاری هەرسین) مۆڵەت، 2. ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت، 3. تحسین اسماعیل ـ مۆڵەت 4. پەری صالح ـ مۆڵەت 5. جمال عثمان ـ مۆڵەت 6. جودت جرجیس ـ مۆڵەت، 7. دلێر مصطفی ـ مۆڵەت 8 ـ سهراب میکائیل ـ مۆڵەت 9. شێرکۆ جودت ـ مۆڵەت 10. گۆران ازاد ـ مۆڵەت 11. صالح بشار ـ ئامادەنەبووە، 12. عبدالله جاسم ـ مۆڵەت 13. عمر صالح ـ ئامادەنەبووە 14. کەژاڵ هادی ـ مۆڵەت، 15. کنعان نجم الدین ( حاجی کاروان) مۆڵەت 16. ماجد عثمان ـ مۆڵەت 17. محمد علی ـ ئامادەنەبووە، 18. محمود عمر ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی (1) لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، با لیژنەی کاتی پەیڕەو بفەرموون بۆ سەر منەصە بۆ دەست پێکردن بە گفتوگۆ، فەرموو ماددەی (21) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم ئەندامێتی: ماددەی (21) دروستی ئەندامێتی، رای یەکەم: رای بەشێك لە ئەندامانی لیژنە پێیان وایە دەبێت دروستی ئەندامێتی لە پەیڕەو بمێنێت بەم شێوەیە بێت: 1. مەبەست لە دروستی

ئەندامێتی دڵنیا بوونە لە باری یاسایی ئەندام لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پاڵاوتنی تاکو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و بوونی بە ئەندام، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (21) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992)ی هەمووارکراو، ئاماژە پێدراوە،

2ـ پەرلەمان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی لیژنەیەکی کاتی لە سەرەتای هەموو خولێکی هەڵبژاردن پێك دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو تانانەی پێشکەش کراون لە سەر دروستی ئەندامێتی، پێك دێت لە ژمارەیەك ئەندام کە لە (5) کەمتر نەبێت و، لە (7) زیاتر نەبێت، بەمەرجێك لە نێوان ئەندامانی لیژنە ئەندامانی تانە لێدەر یان تانە لێدراو لە سەر دروستی ئەندامێتی تێدا نەبێت، لیژنە کە لە یەکەم دانیشتنی دا سەرۆك و بڕیاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و کارەکانی بەپێی ئەو حوکمە تایبەتیانەی کە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان دانراون لەم پەیڕەوەدا بەڕێوە دەبات.

3ـ هەموو ئەندامێك مافی هەیە تانە لە هەر ئەندامێتی بدات، هەروەها هەر پالێوراوێك لە لیستی براوە بۆی هەیە تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵ کردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستی ئەندامیەتیەکەی بکات و لە ماوەی (30) ڕۆژ، لە سوێند خواردنی ئەندام.

4ـ تانەکان بە نووسین لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەمان، دوای هەڵبژاردن پێشکەشی سەرۆك دەکرێت و ئەویش ئاڕاستەی لیژنەی پێداچوونەوەی دروستی ئەندامێتی دەکات.

5ـ لیژنە وێنەیەکی تانەکە بۆ ئەندامی تانە لێدراو دەنێرێت، بۆ ئەوەی لەو ماوەیە بۆی دیاری دەکرێت بەرگری خۆی پێشکەش بکات، هاوکات بۆی هەیە ئەو بەڵگانە ببینێ کە لە سەری پێشکەش کراون.

6ـ لیژنەکە پێداچوونەوە بە داوای تانە لێدان دەکات و بۆی هەیە هەموو کۆنووس و بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانە لێدراو ببینێت و بانگهێشتی شاهێد کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بە ڕاستی بکات، هەروەها ڕاپۆرتەکەی لە ماوەی کە لە (30) ڕۆژ، زیاتر نەبێت لە ڕۆژی ناردنی داواکە پێشکەش دەکات، دواتر پەرلەمان دروستی ئەندامێتی بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ دەنگی ئامادەبوان یەك لا دەکاتەوە.

7ـ لە کاتێکدا کە تانەکە جدی نەبوو یان زانیاری نادروستی لە خۆ گرتبوو بە ئامانجی لەکەدارکردنی ئەندام لیژنە ڕاپۆرتێك دەداتە سەرۆکی پەرلەمان ئەویش بۆی هەیە بیداتە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنی یاسایی بەرامبەر تانە لێدەر، هەروەها بۆ تانە لێدراو هەیە خۆی ئەم ڕێ و شوێنە ڕاستەوخۆ بگرێتە بەر.

ڕای دووەم: بەشێکی ئەندامانی لیژنە پێیان وایە پێویست ناکات دروستی ئەندامێتی لە ناو پەیڕەو هەبێت و زیادەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ مامۆستا عبدالرحمن نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوكاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە جیاتی ئەوەی ئێمە موناقەشەیەكی زۆر بكەین خۆی دوو را هەیە، بخرێتە دەنگدانەوە كۆتایی پێ بێنێ، چونكە رای یەكەمیان پێم وابێ ئیشی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكانە لە راستیدا لێرە دەكرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس هەر دەبێ موناقەشە بكرێ، هەندێك لە ئەندامان پێیان وایە كە بمێنێ، هەندێك لە ئەندامان پێیان وایە لا ببرێ، هەر دەبێ موناقەشەی ئەوە بكرێ، چونكە هەندێك لە ئەندامان رایان وایە كە بمێنێ،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناوی تۆماركردووە بۆگفتوگۆكردن لە سەر ماددەی (21)ی پەیڕەوی ناوخۆ ( قادر وەتمان، فرهاد حەمە صالح، تەلار لطیف، شوان شێخ احمد، ڤەمان فیصل، عباس غزالی، شیلان جعفر، سالار محمود، مروان گەڵالی، شێركۆ حەمە امین، بەهار عبدالرحمن، بهزاد دەروێش، ایوب عبدالله، پەروا علی، ابو كاروان، ایدن معروف، غریب مصطفی، بیَستون فائق، جوان اسماعیل، شكریة اسماعیل، د. سرووود سلیم، ڤالا فرید، د. شوان قەڵادزەیی)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای یەكەمم، رای یەكەمان لا پەسەندە، كەواتە دروستی ئەندامێتی بمێنی، چونكە راستە كۆمسیۆن بۆ ئەم مەبەستە بە ئەركی خۆی هەڵدەستێ و دیراسە دەكات، بەڵام لەوانەیە هەندێك لە مەرجەكانی خۆ كاندید كردن لەگەڵ هەندێكیان جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە لەوانە زوو كۆمسیۆن بگات بەو راستیەی كە كەسەكە هاووڵاتی كوردستانی عێراقە یان لە رووی تەمەنەوە ئەمە زوو یەك لا دەبێتەوە، بەڵام كۆمەڵێك مەرجی تێدایە كاتی زیاتری پێویستە و، كۆمسیۆنیش لەو فەترە زەمەنیەی كە كەسەكان خۆیان كاندید دەكەن تا راگەیاندن پەسند كردنی یاخود رەتكردنەوەی كاتی زۆری لەبەر دەست دانییە، بۆیە دروستی ئەندامێتی بمێنێ، خاڵی سێیەمیش: پێم وایە كە ئەو ماوەیەی كە (30) رۆژە تەحدید كراوە كەمە، من پێم وایە ئەم دەرگایە هەر ئاواڵا بێت و، ئەگەر ئەم دەرگایەش ئاوەڵا نەبێت ئەوە ماوەكە زۆر كەمە بكرێت بە (90) رۆژ، لەبەرئەوە (30) رۆژ زۆر كەمە بۆ ئەوەی كە كەسێك ئەگەر خوا نەكردە دروستی ئەندامێتی تەواو نەبوو (30) رۆژ یان بەڵگە نەبێت یان ئەگەر بەڵگەش هەبێت چاو پۆشی لێ بكرێ لەوانەی كە بەڵگەیان لەبەر دەست دایە، بۆیە (30) رۆژ پێویستە دەرگاكە ئاوەڵا بێت كە ئەمە

شتێکی باشه یاخود بکرێ به (90) رۆژ، ئەگەر قەراریش بێ کاتیش تەحدید بکرێ کاتەکە کەمە بکرێ بە (90) رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دامە ئەو ماددەیە زیادە، لەبەرئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن هەیە لەوێ فلتەر هەیە، شت هەیە، دەکرێت لەوێ پێش ئەوەی ئەو هەموو هەڵمەتی راگەیاندن و ماندووبوون و ئەم وەزعانەش بکرێ، دەکرێ لەوێندەر حیزب و لایەنە سیاسیەکان هەرچەندە هەمووومان لە سەنگەرین لەیەکتر، دەکرێت لەوێ جێبەجێ بکرێت، نەوەك لەو لیژنەیەی لە کاتی دروست دەکرێتن، و ئەگەر دروستیش کرا، کاك قادریش ئیشارەتی پێدا ئایا ئەو لیژنەیە چونکە کاتییە کە کاتییە هەل و مەرج ئەم (30) رۆژەیە یاخود بەردەوام دەبێ لەوانەیە هەندەك نەزانرێ تانە تەشەنەکان دوا بکەوێ، بەشێوەیەکی گشتی من لەگەڵ ئەوەمە ئەو ماددەیە زیادە و نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حسین.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەلا مەروان گەلالی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، من لەگەڵ رای یەکەم دام، کە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەرئەوەی شەرت نییە لە فلتەری کۆمسیۆن هەموو شتێك ساغ بێتەوە بۆ نموونە لە پەرلەمانی عێراق سوێندی یاسایشیان خواردبوو، بەڵام دوایی کە ئەو فلتەرەیان بۆ دانرا متمانەیان لێ سەندرایەوە، خاڵی یەکەم: تەعدیل بکرێتن، کە بەم شێوەیە پێناسەی دروستی ئەندامی بکرێتن و، جیا بکرێتەوە لە مەرجەکانی خۆپاڵاوتن کە دیاری کردنی لێرانە مەرجەکانی خۆپاڵاوکردنی دیاری کردووە کە ئیشی کۆمسیۆنە ئیشی ئەو لیژنەیەی پەرلەمانی نییە دەستان خۆشبی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەمەوێ تەنها یەك تێبینی بە بەڕێزتان بڵێم ئەندامانی پەرلەمان، گوێ لە رای هاورێکانتان بگرن، ئەو رایەی کە جێی سەرەنجتانە و، ئێوەش پێی رازین تکایە پشتیوانی بکەن، چونکە وەکو خۆتان دەزانن لە دانیشتنی یەکەمی وتو وێژکردن لە سەر پەیڕەو بڕیاری ئەوەمان داوە، کە بە دەنگدان هەر رایەك (3) کەس پشتیوانی نەکردبێ ناخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە ئەگەر هەر رایەك جێگەی سەرنجتان بوو دەتوانن پشتیوانی لێ بکەن سەرە رای ئەوەی کە قسەکانی خۆتان دەکەن، فەرموو ابو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای دووەم دام لەبەرئەوەی کۆمسیۆنی باڵا شەرتەکانی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای دووەم دام، واتە بە پێویستی نازانم ئەم ماددەیە هەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە، یەکەم: کاندید کە سوێندی خوارد بەپێی یاسا دەبێتە ئەندامی پەرلەمان و، هەموو ماف و حەقێکی ئەندامێتی پەرلەمانی هەیە و، پێویستە ئەم پرۆسەیە پێش سوێند خواردنی ئەنجام بدرێ، وەهەروەها ئەمە کاری کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە و، پێویستە مەرجەکانی کاندید فەراهەم بکات لەوێ یەك لایی بکرێتەوە و، خاڵێکی تر دەشێت ئەمە بسپێردریت بە دادگای باڵا یاخود دادگای تەمیز بۆ یەك لایی کردنەوەی ئەم کێشەیە و، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە لە راستیدا تا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا حاڵەتی وا رووی نەداوە، یەعنی ئەم مەرجە لە پەیڕەوی ئەم ماددەیە لە پەیڕەوی ناوخۆشدا هەبووە تا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا حاڵەتی وا رووی نەداوە و، رەنگە هەمووشمان مولاحەزەشمان هەبوو بێت لە کاتی خۆیدا، بەڵام بەهەر حاڵ من ناچمە ئەو تەفاسیلەوە، بۆیە لە سەر ئەو ئەندامانەی لە خولەکانی رابووردوو دابوون هەڵبەتە مەبەستم لەوەیە، بۆیە من لەبەرئەم هۆیانە لەگەڵ خاڵی دەەم دام و، بە زیادەی دەزانم و، ئەگەر هەر هاتوو رای یەکەم سەرکەوت، ئەوا من بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی سوێندی یاسایی بخوا هەر ئەندامێك ئەم رێکارەی لەگەڵدا بگیرێتەبەر، واتا ناکرێت ئەندامێك سوێندی یاسایی بخوات و ببێ بە پەرلەمانتار و ماف و حقوقی پەرلەمانتاری وەربگرێ ئینجا بێی ئەم رێکارەی لەگەڵدا بگریتەبەر و، لە راستیدا ئەمە ئیشی پەرلەمانیش نییە جێبەجێی بکات، بۆیە من لەگەڵ رای دووەم دام، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێکێ سوڵبین کاری پەرلەمانی مانە ئەڤێ رەئییا ئێکیە کو دڤێتن ئەڤ بەشێ تەعنا لێدانا دروستیا ئەندامەتیا پەرلەمانیا د کەتن دڤێتن بمێنێتن، بەس بتنێ هندەك سەرنج مە هەنا کو ئەو ژی خاڵە ئێکێ دەسپێکەتن، ئێکیش کارا ئەساسیا پەرلەمانێ، دەست پێکا دەست بکار بوونا وی دڤێت ئەڤ لیژنە هەبیت پێکهینانا تلقائیەن، یەعنی پشتی بورینا مەسەلەن دوو رۆژا، سێ رۆژا یەکەم دانیشتن دڤێتن ئەڤ لیژنا بێت پێکهینان، بەس لڤێرێ پیچەك تەناقوز هەیە کو دەمەك دبیژی مەرجەکی ئەندامێت وێ لیژنێ نابیتن

تانه لێدەر یان تانه لێدراو بن، کەواتە ئەگەر ل دەست پێکی پەرلەمانی لیژنەك پێکهینابیتن چاوا ئەو دێتن زانین کو ئەندامێت ڤێ لیژنێ نێت تانه لێدەر و تانه لێدراو؟ ئەڤە ئێك، دوو، ل خالە شەشێ بەحسیت دکەتن بیژتن پەرلەمان دروستیا ئەندامێتیت زۆرینا دوو ل سەر سێ ئیکلایی کاتن، مەبەست لڤێرێ گەلەك وازیح نینە، دروستیا ئەندامیەتی چاوا ئیکلایی کەتن؟ ئەگەر بەلگە نەبی کو ئەڤ تەعنا هاتیە لێدانێ ل جیهێ خۆ دایە، چاوا پەرلەمان یەکلا بکاتن؟ ل بەر هەندێ ڤێرێ پیچەك لێکدنەکا دی بۆ ڤێ ماددێ زەرووریە و ماناوێ گەلەکا پێدڤیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ گومانم نیە کە هەمووتان دڵسۆزن بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام قسەکانم وەکو تێبینی ئەکەك تکایە گوێم لێ بگرن........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو ماددەیە؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

بەڵێ سەبارەت بەو ماددەیە، پەرلەمان وەکو پرەنسیپ، پەرلەمانتار وەکو پرەنسیپ ئەوەندە گرنگ و گەورەیە کە ئەبێ زۆر بە هەیبەت تر و زۆر بەڕێزترەوە سەیری بکرێ لەو کوردستانە، پەرلەمانی کوردستانیش پەرلەمانی نەتەوەیەکی داگیر و دابەش کراوە کە پڕە لە مەشاکیلی ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوە دروستی ئەندامیەتی ئەگەر لە هیچ پەرلەمانێکی دونیا نەمێنێ پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان بمێنێ، مەسەلەی ئەندامیەتی لە پەرلەمانی کوردستان تەنیا موڵکی ئەندامی پەرلەمان نیە، خەڵکی کوردستان پەرلەمان هەڵئەبژێرن، بۆیە بەڕای من هاووڵاتیش بتوانێ تانە لە ئەندامی پەرلەمان بدات، چونکە لەو وڵاتەی ئێمە (100) ساڵە داگیر و دابەش کراوین، جاش، بەعسی، جەیش شەعبی، موخابەرات، هەمووی لەو وڵاتەی ئێمە هەبووە، ڕاستە زۆری بە زۆری بووە، بە ئیحراج بوون بووە، ئەسلەن ئێمە پێویستە لەو پەرلەمانە بنووسین لە پەیڕەو ئەوەی کە باوك و دایکیشی لە ڕیزەکانی دوزمن بووبێ بۆی نیە بێتە ئەو پەرلەمانە، پەرلەمانی کوردستان وا گاڵتەیە؟ پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەوەندە گەورەی ڕابگرین هەرکەسێ بێتە ئەو پەرلەمانە هەست بکات گەورە ئەبێ، پەرلەمان بچووك نیە، پەرلەمانی کوردستان پێویستە هاووڵاتیش مافی تانە لێدانی هەبێ لە ئەندامیەتی پەرلەمان، نەك پەرلەمانتار، ئەوە بهێڵێنەوە، بڵێین هاووڵاتی و ئەندامی پەرلەمان مافیان هەیە تانە بدەن لە ئەندامیەتی بۆ نموونە من، ئەوە یەك، دوو، ئەوەی کە ئەڵێ لیستەکەی خۆی، تۆ بۆت نیە بەس تانە بدەی لە لیستەکەی خۆت، بۆت هەیە تانە بدەی لە لیستەکانی تریش، ئەوە وەکو ڕەخنە لە خۆ گرتنەکەی شاخە، ئێمەیان فێر کردبو ڕەخنە لە خۆ

گرتن، بۆت نیە ڕەخنە لە موقابیلەکەت بگری، بەڵام بۆت هەیە لە خۆتی بگری، دووەم، بەراستی بڕادەران (30) ڕۆژ زۆر کەمە، (30) ڕۆژ تێپەڕ ئەبێ سەدان کەس هەیە ئەزانێ بۆ نموونە من خائین بووم هەر بیریشی ئەچێ لەو (30) ڕۆژە، پێویستە (30) ڕۆژەکە کراوەبێ، و هاووڵاتیش بۆی هەبێ تانە بدات لە مافی ئەندام.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە کاتت تەواو بوو، فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەی بمێنێتەوە، چونکە دروستی ئەندامی مەرجێکە بۆ ئەندام بوونی پەرلەمان، بەلأم بە گۆڕانێکەوە، خاڵی یەکەم بمێنێ، خاڵی دووەم پێویست ناکات پەرلەمان لیژنە دابنێ، لە کاتی هەر گرفتێك و ئەندامێك دێتە پێش تانەی لێ دەدرێ یان تانە بێت با دەزگای دادوەری یەکلایی بکاتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو بەهار.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕای دووەم بە گونجا ئەزانم بەو ئیعتیبارانە، یەکەم ئەوە کاری کۆمیسیۆنە، بە تایبەتیش کە ئێستا کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەوان بە دوای ئەوە ئەچن کە لە مەرجەکانی کاندید هاتووە کە ئەو کەسانەی خۆیان کاندید ئەکەن لە یاسای هەڵبژاردن وەکو مەرج هاتووە، ئەو کەسە نابێ هیچ تانە و گومانێکی لەسەر بێ، کەواتە ئەبێ ئەوانە تەحقیقی ئەوەیان کردبێ، ئەوان دیراسەی ئەوەیان کردبێ، خاڵێکی تر ئەو کەسە دەنگی پێدراوە لەلایەن هاووڵاتیەوە، یەعنی دوای ئەوەی کە دەنگی پێدراوە و بۆتە نوێنەری خەڵك دوای ئەوە ئەو کارە بکەی نەگونجاوە، ئەبێ هەر لە ئەساسەوە ئەوە بکەی، نەك خەڵك دەنگی پێ بدات دوایی بەو شێوازە، خاڵێکی تر لە ڕاستی پەرلەمان موئەسەسەیەکی تەحقیقی نیە ئەوەندەی موئەسەسەیەکی بەدواداچوون و یاسا دەرکردنە، بۆیە وەکو موئەسەسەیەکی تەنفیزی ئەوە جێ بەجێ بکات، لە هیچ خولێکی پەرلەمانیش ئەوە لە ڕووی عەمەلیەوە جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە من ڕای دووەمم پێ پەسندە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر سرود.

**بەرێز د.سرود شێخ سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە خاڵی یەکەم ئەکەم کە هەمووی بمێنێتەوە، راستە لە کۆمیسیۆن ئەو مەرجانە هەیە، بەڵام ناکرێ کۆمیسیۆن تەنیا فلتەر بێ، لەبەر ئەوە ئەزانین و ڕەخنەمان هەیە لەسەر کۆمیسیۆن، لەسەر ئەساسی موحاسەبەی حیزبی دروست بووە، سبەی، دووسبەی بە تەئکید موساوەماتی حیزبی ڕۆڵی سەرەکی ئەبێ لەو بابەتە، پێشنیار دەکەم لە فەقەرەی دووەم کە ئەڵێ لیژنەی کاتی لەسەرەتای هەموو خولێك هەڵدەبژێرێ، پێشنیار ئەکەم تەقدیم و تەئخیر بکرێتەوە، ئەگەر تعون نەبێ پێویست ناکات ئەو لیژنە ئەسلەن تەشکیل بکرێ، یەعنی ئەگەر تعون نەبێ تەشکیل ناکرێ، ئەگەر تعون هەبێ ئەوکات لیژنەکە تەشکیل ئەکرێ، سوپاس.

**بەرێز بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر سرود، فەرموو کاك ئایدن.

**بەرێز ئایدن معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ڕای یەکەم زیادە، لەبەر ئەوەی لە کاتی پاڵاوتن تا هەڵبژاردن ورد بین کردن و لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەندامیەتی یەکێکە لە ئەرکەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمیی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو تەلار خان.

**بەرێز تەلار لطیف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەر ئەو هۆکارانە، یەك، پشتگیری ئەو بەرێزانە ئەکەم کە فیعلەن وایە کۆمیسیۆن ئەو کەسانەی هەڵبژێردراون و دەرچوون و سوێندنی یاساییان خواردووە بە فیلتەری کۆمیسیۆن رۆیشتووە، لەبەر ئەوە ئەو مەرجانەی تەواو کردووە، دواتر ئێمە هەندێ میکانیزم هەیە کە لە بڕگەی یەکەم ئاماژەی پێ نەکراوە ئەوە کاری دادگایە، ئەوە کاری ئەو لیژنەیە نیە، میکانیزمی دیاری نەکراوە، بۆیە گرنگە ئەو ڕێکارە یاساییانە بۆ نموونە لەو حاڵەتانە بدرێتە دەستەی نەزاهە، ئێمە دەستەی نەزاهەمان هەیە، ئەتوانن لە ڕێگەی دەستەی نەزاهە لە کاتی بوونی ئەو شتانە کە لە ژێر چاودێری پەرلەمانە ئەتوانین ئەو خاڵانە لەبەر چاو بگرین، ئەوەشمان لە یاد نەچێ لە هەر حاڵەتێك ئیدیعای عامان هەیە، ئەگەر ماوەکەشی بەسەر چوو لە ڕێگەی ئەوان ئەتوانین کاری خۆی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیلان خان.

**بەڕێز شیلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی یەكەمم، بۆیە قسەكانم دووبارە ناكەمەوە، پشتگیری ئەم هەڤاڵانە ئەكەم، بەڕێز كاك قادر وەتمان، بەڕێز ڤەمان، بەڕێز كاك عباس، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غریب مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕایەم كە دروستی ئەندامیەتی پێویستە بمێنێ، بەلاَم تەنیا ئەوەندە بمێنێ ئەگەر تانەیك سەریهەڵدا لە ئەندامێك میكانیزمێك هەبێ لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كە چارەسەری حاڵەتەكەی پێ بكرێ، میكانیزمەكەش پەیوەندی نیە بە پەرلەمانی كوردستانەوە، پەیوەندی هەیە بە دادگای لێكۆڵینەوە، واتە ئەگەر تانەكە جدی بوو سەرۆكی پەرلەمان بیداتە دادگای لێكۆڵینەوە، بەلاَم دادگای پابەند بكرێ، كاتی بۆ دیاری بكرێ بۆ چارەسەری كێشەكە، بۆیە ئەو دەقەم داڕشتووە (سەرۆكی پەرلەمان دۆسیەی تانە لێدانەكە ڕەوانەی دادگای لێكۆڵینەوە ئەكات، پێویستە دادگاش لە ماوەی یەك مانگ ئەنجامی داوای تانە لێدانەكە یەكلایی بكاتەوە و وەلاَمی پەرلەمان بداتەوە) سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەوە بنێری ئەوەی نووسیوتە، فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەبوونی مەرجی ئەندامیەتی گرنگە، هەرچەند ئەندامی پەرلەمان تا ئەوكاتەی دێتە هۆڵی پەرلەمان پێشتر بە چەند فیلتەرێك تێئەپەڕێ، بیرمان نەچێ فیلتەری كاندید بوون لە پێش فلتەری ئەندامیەتیە، ئەوەش ئەسپێردرێ بە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، و بە یاسای كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ئەو پەیڕەوەی كە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن كاری پێ ئەكات، بۆیە لە نێوان فلتەر بۆ كاندید بوون و فلتەر بۆ ئەندامیەتی ئەوە دوو مەسەلەی جیاوازە، ئەوەی ئێستا پەیوەستە بە فلتەر بۆ ئەندامیەتی بەدیلی ئێمە مەسەلەی مەرجی ئەندامیەتی گرنگە بمێنێتەوە، من پرسیارێكم لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی دەستووری هەیە، پەیڕەوەكەی ئێستا وەكو بەشێك لە بنەما وەرئەگیرێ یان تەنیا ڕاپۆرتەكە بە بنەما وەرئەگیرێ لە كاتێكدا ڕام وایە ئەسلی ماددەی (24) بەشی یەكەم كە ئەندامیەتی مەرجەكانی دروستی ئەندامیەتی دەستنیشان كراوە زۆر بە دەقیقی هاتووە، ڕاستە كاری پێ نەكراوە لە خولەكانی ڕابردوو ئەم خولەش تەبیعەتی پەرلەمان و سروشتی عەمەلیەی سیاسی و دیموكراسی وابووە، ئەگەرنا تەسەوڕم وایە لە ئاییندە ئەم خاڵە ئەبێتە یەكێ لە خاڵە گرنگەكانی ناو پەیڕەوی ناوخۆ كە لەسەر مەرجی ئەندامیەتی و دروستی

ئەندامیەتی کاری لەسەر بکرێ، بۆیە مانەوەی ئەو بڕگانەی کە لە ئەسلی پەیڕەوەکە هاتووە زۆر گرنگترە، ئەگەرنا بەشی دووەمی بمێنێتەوە کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەر ئەوەی فلتەرێکی زۆر گرنگ هەیە، تەبعەن پشتگیری ئەو قسانەی هاوڕێیانم ئەکەم، دووبارەی ناکەمەوە، یەکێ لەو فلتەرە گرنگانەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی خەڵکە، بە تایبەت بۆ ئەم خولە و خولەکانی داهاتوو کە قائیمەکە کراوەیە، یەعنی خەڵکی کوردستان دەنگ و بڕیاری داوە کەسێك ببێتە ئەندامی پەرلەمان، چۆن ئەو حەقە لە خەڵکی کوردستان ئەسەنی؟ خۆ ئەگەر قەرار وابێ هەر کاندیدێك یەکێ لەو خاڵە خراپانەی تێدا بێ کەنەبێتە ئەندامی پەرلەمان بێگومان خەڵکی کوردستان ئەتوانێ عقوبەی بدات و نەهێڵێ بێتە پەرلەمانەوە، بۆیە ئەکرێ ئەوەی ئێستا باسی ئەکەین ئەو توند کردنەوەیە ئەکرێ لە کاتی ئینتیخابات و ئەو ڕەئیەش کە دوێنێ جێگەی نیقاش بوو لە نێوان ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی تریش ئەوە دەست بەرین بۆ تەعدیل کردنی یاسای ئینتیخابات، بەلاَم لێرە ئەندامیەتی لە ئەندامێکی پەرلەمان بسێنین ئەی ڕەئی خەڵك چی لێ بکەین کە ئەو ئەندامە (30، 40) هەزار دەنگی هێناوە؟ بۆیە ئەوە پێچەوانە ئەبێ لەگەڵ ڕەئی خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر کابرایەك گەیشتە پەرلەمان و بەو هەموو فلتەرانە دەرچوو، گەیشتە ئێرە، رقمم هەڵنەستێنن لە خولی یەکەمی پەرلەمانەوە بەعسی دەرکەم تا ئەگاتە ئێستا...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو کاك فەرهاد، موناقەشە بەردەوامە، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونا من دروستیا ئەندامیەتیا تا بێتە سەلماندن سێ قۆناغە، قۆناغە ئێکێ کاندید کرنا، مەرجێت کاندید بوونێنە، ئەڤە ئەرکێ کۆمیسیۆنێیە، قۆناغە دوێ پشتێ ڕاگەهاندنا ئەنجامان، ئەڤەش کۆمیسیۆن دگەل مەحکەمە تەمیزێ، گەلەك جارەش تەعنا هاتیە لێدان، مەرحەلا سێ ئەندامەتیا، پێویستە ل هۆلا پەرلەمانێ، ئەم لگەر هەنێدن کو ئەڤ قۆناغا سێ بمێنیت، دروست بوونا ئەندامیەتی پەرلەمان فیعلەن با

لیژنه پێك بینیت، ئەم دگەل ڕەئیا ئێکین، چونکی قەناعەتم وایە فلتەرەکی یەدەگەیە، پێویستە بمێنیت، خاڵە دووش ئەم دگەل هەندێین کو سێیەم بەحس دکەت (30) ڕۆژ بۆچوونا مە کەمە، ببیتە (60) ڕۆژ باشتر بیت، و خاڵە شەشێش پێ باشە کە بیژیتن دواتر پەرلەمان دورستی ئەندامیەتی بە زۆرینەی سێ لەسەر دوو ئەوە دی بێتە جێ کو بیژیتن ئەگەر ئەڤ تەعنە هاتنە سەلماندن سەرۆکا پەرلەمانێ پێشکەشی وێ لیستێ بکەتن، و ئاگادار بکات و ئیکلا بکات، نەیەتە دەنگدانە پەرلەمانێ باشترە ب قەناعەتا من، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەیوب.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەر ئەوەی ئەوە دووبارە کردنەوەی کاری کۆمیسیۆنە، وەك ئەڵێن وەردانەوەیەتی، تا ئێستاش ئەو ماددەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ هەبووە و جێ بەجێ نەکراوە، تەنیا پەیڕەوی ناوخۆی پێ قەبە کراووە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە پێویستە فلتەرەکانی کۆمیسیۆن بەهێزتر بکرێ، چونکە لەگەڵ ڕایەکەی یەکەم باسی ئەوە ئەکات ئەگەر تانە لەسەر ئەندامێك هەبوو، زانیاریەکان نا دروست بوون ئەوە ئیحالەی دادگایەکی تایبەت ئەکرێ، کەواتە با بۆ هەردوو حاڵەت، بۆ دروستی و نا دروستی با ئیحالە دادگای تایبەت بکرێ، چ پێویست ناکات ئێمە لە ناو پەرلەمان لیژنەی بۆ پێکبێنین، و هەندێ لە هەڤاڵان ئەڵێن پێش سوێند خواردن، باشە ئەندامێکی پەرلەمان کە سوێندی یاسایی نەخوارد بووبیچ، نەبووبێتە ئەندام، چۆن ئەتوانێ ببێتە لیژنە لەسەر پاڵێوراوێك؟ پاڵێوراو چۆن ئەتوانێ ببێتە لیژنە لەسەر ساغ کردنەوەی ناوی پاڵێوراوێکی تر کە بزانێ دروستە، سوێندی یاسایی نەخواردووە و نەبۆتە ئەندام، بۆیە وا بە پێویستی ئەزانم کە ڕووبەڕووی دادگای تایبەت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بۆم بە خاڵی پەیڕەو حیساب بکەن مەمنون دەبم، نازانم خاڵی پەیڕەویە یان نا......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ خاڵی پەیڕەوی بێ.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

من پشتیوانی سەد لە سەد لە قسەکانی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش خاڵی نیزامی نەبوو، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای یەکەم ئەکەم، بە زیادەشی نازانم، پێویستە هەبێتن، دروستی ئەندامیەتی چونکە ئەگەر تەتبیقیش نەکرابێ عادەتەن کە پێویست ئەبێ ئینجا تەشریع نەقسی لێ ئەکەوێتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی (56) لە بڕگەی (11) ئەڵێ (یەکلایی کردنەوەی ئەو تانانەی پێشکەش کراون لە بارەی دورستی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، ئەندامیەتیش بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادە بووانەوە نەبێ هەڵناوەشێتەوە)، واتە ئەوە وەکو قاعیدە عامە هێناویەتی کە دروستی ئەندامیەتی یەکێکە لەو هۆکارانەی ئەکرێ ئەندام پەرلەمان ئەندامیەتی خۆی پێ لەدەست بدات، ئەوەی کە لە ناو پەیڕەو هاتووە وردە کاری ئەو بابەتەیە، واتە لە ناو قانونی هەڵبژاردن باسی کردووە کە یەکێ لەو خالاّنەی ئەندامیەتی پێ لەدەست دەدەی ئەوەیە کە ئەگەر دروستی ئەندامیەتیت تەواو نەبێ، ئینجا پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە وردی کردوە لە دەستدانی ئەو ئەندامیەتیە چۆنە، بەو شێوازەی هاتووە، تەنیا داواکاری من ئەوەیە لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنە کە پێداچوونەوەیەك بۆ ئەو خاڵە بکەن لە کاتی سیاغە کردنەوەی، دەنا تەئکید لەسەر مانەوەی ئەکەم، بە زەڕووریشی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز شوان مصطفى قەلاّدزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەر ئەوەی جەماوەر دەنگی پێداوە، ئەوە تەداخولە لە ڕەئی خەڵك، بەلاّم پێویستە فلتەرەکانی کاندید کردن زیاتر بکرێن، و لەگەڵ بەشێکی زۆری ڕەئیەکانی کاك فەرهاد سەنگاویم، ئەوەی کە مەسەلەیە خیانەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بەعسی بوونە ئەوانە زیاتر چڕ بکرێتەوە، چونکە لە خولەکانی پێشوو ئەوە هەندێ لەو هەلاّنە بووە، و ئەو موحەقیقانەی کە عیلاقەیان بە کاروباری یاساییەوە هەیە زیاتر لە یاسای هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنی بالاّی زیاتر ڕۆڵ ببینن، و ئەو بابەتەی تەندورستیش تا ئێستا هەیمەنەی حیزب بەسەر زۆر شت زاڵە، ئەگەر بمێنێ لەوانەیە یەکێ تۆمەتی بۆ دروست بکرێ، ئەگەر هیچشی نەبێ، وەکو چۆن ئێستا ئەبینن لە ڕاگەیاندنەکان باس ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕای دووەمم، چونکە لە ڕاستی دا ئەو کارە ئەکەوێتە ئەستۆی دوو موئەسەسەی تر، کە ئێمە کۆمیسیۆنی بالآمان هەیە، و دادگاشمان هەیە، ئەتوانین ئەو شتانە بەوان ڕاسپێرین، بەلأم ئەکرێ مەرجی ئەندامیەتی توندو تۆڵ تر بکرێتەوە، دواتر ئەوکاتی کە پەرلەمانتار یان ئەو کەسەی کە کاندید دەبێت و دواتر دەردەچێت و سوێندی یاسایی دەخوات، پێم وا نییە وا بە ئاسانی ئەندامیەتی لێبسەندرێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەو کاتانەدا کۆمیسیۆنی باڵای هەلبژاردن کە ئێمە یان سیقەمان پێیان نییە یان ئەگەر سیقەمان پێیانە مەرجەکان توندو تۆڵتر بکرێت، بۆ ئەوەی کە ئەو ئەرکە ئەرکی ئەوان بێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پەروا علی، د. جوان اسماعیل فەرموو،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ خاڵی دووەمم، دروستی ئەندامیەتی ئەوەی نەمێنێت لەگەڵ بڕادەران، چونکە بلفعل فلتەرێك دابنرێت لە کۆمیسیۆن کۆمەڵێك مەرج هەیە، واتە ئەندام پەرلەمان ئەو مەرجانەی بینیوە مەعقول نییە ببێتە نوێنەری خەڵك پاش سوێندەکەی بێی تەعنی لێبدەی، بڵێت بسم الله، تۆ ڕاست تەعن لێدان لە ئەندام پەرلەمانی دەست پێبکەی، لەگەڵ ئەمەدا نیم زۆریش ئیتلاعم کرد لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی وڵاتان بە تایبەتی پەیڕەوی ناوخۆی عێراقی مەسەلەی تەعن باس نەکراوە، دووەم لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەندام پەرلمان پاش سوێندخواردنی لە پەرلەمان تەعنی لێبدرێت و پاشا ئیقتیراحیش بدەی کە هاووڵاتیش تەعنی لە ئەندام پەرلەمان بکەن، کە تۆ وا لە نوێنەرانی پەرلەمان بکەی کە ئەوان کردوویانە نوێنەری خۆیان، ئەگەر هات و عەلامەت ئیستیفهامەك لەسەر ئەندام پەرلەمانێك هەبێت یان ڕابردوویان خراپ بێت، مەعقول نییە تو تەعمیمی بکەی لەسەر هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، ئەمە هەیبەتی پەرلەمانی پێ دەشکێت ئەندام پەرلەمان هەیە لە قاعەی دانیشتووە لەو خولە و خولەکانی ڕابردوو، ئەسحاب حەقن، ئەسحاب مێژوویەکی خاوێنن و سلوکێکی میهەنی بەرز و لە شوێنی بەرز هاتوونە و خزمەتی هاووڵاتی کوردستان بکەن و بەرەو پێشەوە ببەن، من لەگەڵ مەسەلەی تەعنی ئەندام پەرلەمان نیمە و ئەمە کاری کۆمیسیۆنە و کاری پەرلەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، د. شکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای یەكەمم، پێم باشە ئەم فلتەرە بمێنێتەوە، وەكو مەسەلەی كوردی هەیە دەڵێت ئەوەی پەرێزی پاك بێت لە هیچ شتێك ناترسێت، دیارە من بە پێویست دەزانم لە ساڵانی رابردوو هەم لە پەرلەمانی كوردستان و هەم لە پەرلەمانی عێراق توانیویانە ببن بە ئەندام پەرلەمان لە كاتێكدا كە شتی خراپیان لەسەر بووە، بۆیە دروستێتی ئەندام و هێشتنەوەی ئەم فلتەرە بە دروستی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، رای لیژنە، كاك د. فرست فەرمووو،

**بەڕێز د. فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بنەڕەتدا ئەم ڕایە بە دوو ڕا هاتووە، بۆیە لەوانەیە ئێمە لە ناو ئەندامانی لیژنەش تێڕوانینی جیاواز هەبێت، بۆیە زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی كە پەیوەستە بە خۆم چەند خاڵێك دەخەمەڕوو و دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، لە هەردوو حاڵەتدا ئێمە نابینین پێشێل هەبێت، بەڵام ئەو روونكردنەوانەی پێشكەشی دەكەین تەنیا بۆ بەرچاورونی ئێوەی بەڕێزە، خاڵی یەكەم ئەوەندەی ئێمە بەرچاوروونیمان لە پێڕەوی ناوخۆی وڵاتانی دونیا پێداگەڕاین و بینیمان بێجگە لە پێڕەوی ناوخۆی عێراق زۆربەی ئەو پێڕەوانەی سەیرمان كرد دروستی ئەندامێتی تێدا هاتووە تەنانەت بە پێڕەوی هەندێك وڵاتی ئەورووپیش كە لە لای ئێمە هەن، هەركەسێك حەز بكات دەتوانین بخەینە بەردەستی، خاڵی دووەم، لەبەرچی هەوڵماندا زۆربەی ئەو ئستانداردانەی لە پێڕەوی ناوخۆی دونیادا هەیە لێرە جێ بكەینەوە؟ چونكە پێڕەوی ئێمە تەواو ببێت ئێستا بە كۆمەڵێك مستندی لە لای كۆمپانیای ئێن دی ئەی و ئەوانە، كە تەواویش بێت وەری دەگرن بزانن ئەو مەعاییرانەی لە پێڕەوی ولاتانی پێشكەوتوو هەیە ئێمە جێ بە جێ مان كردووە، بۆیە ئێمە هەوڵماندا لەو خەتە گشتییە كە پێڕەوی وڵاتان تۆمارییان كردووە پابەند بین پێیەوە و بنووسین و مەبەستم لێرە هەبێت، خاڵی دووەم كاتێك ئەم بابەتەمان لێرە داڕشتووە كۆمەڵێك زەمانات دراوەتە ئەندامی پەرلەمان، ئەوەی كە تانەی لێدەدرێت، جاری وەك ئەوەی د. ڤالا باسی كرد لە ماددەی (56) لە فەقەرەی (11) لە ناو یاسای هەڵبژاردن تەسبیتی كردووە كە دەبێت دروستی ئەندامێتی هەبێت، كە چۆن لیژنەیەك پێك بێت و ئەو لیژنەیە دەبێت بەڵگەی هەبێت و ئەو بەڵگانە كەسی تانە لێدراو ببینێت و كەسی تانەلێدراو دیفاع لە خۆی بكات و ئەوجا دێتە پەرلەمان و بە دوو لەسەر سێی ئەندامان و مودەی دیاریكراو، كۆمەڵێك ئیجرائات زۆر وەكو زەمان و ئەگەر بێت و كەی دیش بوو، واتا ئەو فایلەی بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە دروست كراوە راست و دروست نەبوو ئەو ئەندامە بۆی هەیە و سەرۆكی پەرلەمان دەیداتە مەحكەمە و لێكۆڵینەوە لەگەڵ ئەو كەسەدا دەكرێت كە ئەو شتە ناراستەی بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە دەركردووە بەشێكی زۆری ئەندامان باسی ئەوەیان كرد چۆن دەكرێت یەكێك سوێند بخوات و نوێنەری گەل بێت و ئەو

لیژنەیـەی لەسـەر دروسـت بكرێـت؟ و چـەند ماددەیـەكی تـر دوای ئـەو ماددەیـە دێـن مەسـەلەی نـەمانی ئەندامێتی و ئەوانە ئەگەر (3) ساڵ و (11) مانگیشت تەواوت كردبێت یەكێك لە مەرجـەكانی عوزویـەتت لە دەست دا ئەوە ئەندامێتی لە دەست دەدەیت، مانای وایە كـە تـۆ سـیقەی خـەڵكت وەرگـرت و تـەواو ئـەوە سیقەی ئەبەدییە و پەیوەستە بەو شروتانەی كە قانون بـۆتی دیـاری كـردووە، بۆیـە بۆچـی دانـراوە؟ مـادام كۆمیسیۆن هەیە بۆ ئەمە هەبێت؟ ئەمە بۆ چەند حاڵەتێكە، ئەگەر شتێك بەسەر كۆمسیۆندا ڕەت بوو یان كۆمیسیۆن بە سەبەبێك لە فەترەكەی كە دیاری كراوە نەیتوانی بەسەر ئەو فلترە تێپەڕێت لەسەر پاشخانی ئەو كەسە یان تەنانەت لە لیستەكەی خۆی بە سەبەبێك حزبەكەت غەدری لە تۆ كرد و یـەكێكی تـر پـێش تۆی خست ئەو ئەندامە هەم لە لیستەكەی خۆی و هەم عـامیش دەتوانێـت لـە ئـەو شـروتانەی كـە هەیـە و دیاری كراوە، جارێكی تر تەئكید دەكەینەوە مادام لە ناو یاسای هەڵبژاردنیش ئاماژە پێكراوە و گرنگـە ئـەو پێڕەوە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن بگۆنجێنین و سەبارەت بە پێڕەوی ناوخۆ كە ئێستاش بەركارە، باسی كراوە ئێمە دەتوانین لە لای ئێمە ئەوە ئەسلە و ئەو پرۆژەی ئامادەمان كردوە ئەوە ئەسلەبۆ موناقشە، بەڵام هـەر ماددەیەك هـەر ئەنـدامێكی بـەڕێزی پەرلـەمان پێـی باشـە لـە پێـڕەوی بـەركار پێشـنیاری بكـات بهێنینـەوە دەكرێت بە پاڵپشتی (2) كەس ببنە (3) و بخەینە دەنگدان و ماددەی پێشوو كە ئێستا بەركارە وەكو خـۆی پەسەندی بكەین، بۆیە ئێمە بە دیراسە كردنی ئەم حاڵەتانە پێمان وایە كە بوونی ئـەو بابەتـە لەبـەر ئـەو ئستاندارەدانەیە كە باسم كرد لە پێڕەوەكە بە زەرووری دەزانین، بەڵام جێ بـە جـێ نـەكردنی مادەكـانی كـە پەیوەسـتن بـە دروسـتی ئەنـدامێتی لـە ساڵانی رابـردووە نابێـت ببێتـە سـەبەب بـۆ هـەڵگرتنی لـە قـانونی عقوباتی عێراقی لە ساڵی ﴿1969﴾ دەرچووە ماددەی تێدایە تا ئێتسا هـەر جـێ بـە جـێ نـەكراوە و زۆر ئاساییە و ئەگەر مادەیەك جێ بە جێ نەكرا نابێتە ئەگەر بۆ لابردنی، ئـەو پاسـاو نییـە بـۆ لابردنـی و دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتگیریم لە قسەكانی د. فرست، ئەو دوو رایە كە هات بۆ لیژنەكە لەسـەر چـەند ئەساسـێك هـات رای یەكەم، ئەساس ئەوە بوو كە دەمانویست ئەندامێتی لە فلتەر بۆ كاندید بـوون جیـا بكەینـەوە كـە كـاك سالار ئاماژەی پێكرد و دەرفەتی تر بـدرێت بـۆ ئـەوەی جـارێكی تـر پێداچـوونەوە بـۆ دروسـتی ئەنـدامێتی ئەندامان بكرێت دوای ئەوەی دەبنە ئەنـدام، بـەڵام زەمانـات مـان داوە، كـە یـەكێك لـە زەمانـات ئەوەیـە كـە هەندێك بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان كرد دەرگاكە واڵا بكرێت، یەكێك لە زەمانەكان ئەوەیە كە ئەو حەقە بـە خـراپ بـەكار نـەهێنرێت موددەمـان تەحدیـد كـردووە، تانـەدان لـە دروسـتی ئەنـدامێتی دەبێـت لـە وەرزی یەكەمی دەستپێكردنی خولەكەدا بێت ، واتا نـەك دوایی لەبەر هۆكارێك بێـت بـێن ئـەم ماددەیـە بـە خـراپ

بەکاربهێنرێت لە دژی ئەندامان، بۆیە ئەو زەمانەمان داناوە و یەکلایی کردنەوەکەش ﴿30﴾ رۆژمان داناوە، بۆ ئەوەی کە لە لای لیژنەکە ئەو مەسەلەیە نەمێنێت و جارێکی تر بە هەڵواسراوی، ئەمانە زەمانن بۆ ئەوەی کە ئەم ماددەیە ئەگەر بمێنێت بە خراپ بەکار نەهێنرێت و سەبارەت بەو وتووێژانەی کە کرا پێم وایە ئەو پێشنیارەی ﴿3﴾ کەس پشتگیری کرد کە موددەکە زیاد بکرێت ئەوەش ئێمە ئەو روونکردنەوەیەمان دا دواتر دەنگی ئەندامان یەکلایی دەکات، هەروەها ئەوەی پاڵپشتی مان کرد بۆ دانانی ئەو رایە، جگە لەوەی یاسای هەڵبژاردن کە باس کراو لە یاسای هەڵبژاردن کە لە ماددەی ﴿56﴾ هاتووە و لە دەستوری عێرق هاتووە، بۆیە لە پێڕەوی پەرلەمانی عێراق نەهاتووە لە ماددەی ﴿52﴾ لە دەستووری عێراق کە باس لە ئیشەکانی پەرلەمان دەکات دەڵێت (يبدو مجلس النواب في صحة عضوية اعضائه خلال ثلاثين يوما من تاريخ تسجيل الاعتراض باغلبية ثلثة اعضاء) واتە لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق نەهاتووە، چونکە لە دەستووردا هاتووە هەروەها سەبارەت بەوەی کە تەئمیمی بکەین لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، نەخێر تەعن بۆ ئەوەیە کە پرسیارێك لەسەر ئەندامێنی هەبێت ئەگەرنا بۆ هەموو ئەندامێك تەئمیم ناکرێت و زەماناتی زۆر یەکلایی دەکرێتەوە، ئینجا سەبارەت بەوەی کە لیستی خۆی بۆی هەبێت،نەخێر وا نییە، ئێمە وتوومانە هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆی هەیە تانە لە ئەندامی تر بدات ئینجا بۆی هەیە تانە لە لیستی بۆی هەیە تانە لە لیستەکەی خۆی بدات، واتە ئەندام بۆی هەیە و بەم شێوەیە تەنزیم مان کردووە، ئەو لیژنەیە کە تەشکیل دەکرێت وتیان پێش سوێند خواردن ئەمە لەگەڵدا بکرێت ئەو لیژنەیە کە لە پەرلەمان و لە لایەن سەرۆکایەتی تەشکیل بکرێت کەواتە ناکرێت پێش سوێندخواردن تەشکیل بکرێت لە رووی تەکنیکییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك ابوبکر فەرمود،

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای یەکەم دام کە ئەم فلتەرە لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ماوەکەدا نیم پێویستە بە رەهایی بمێنێت، چونکە لەوانەیە لە کۆتایی خولەکەدا خائینێك دەرکەوێت و تەنانەت لە خولەکانی پێشووتریشدا چۆن وەکو وتاربێژەکەی شۆرشی فەرەنسی میرا بوبێت لە گۆڕەکەش دەریان بهێنی، بەڵام من گۆمانم لە جێ بە جێ کردنی ئەمە هەیە تا حزبەکان داڵدەی بەعس و جاش و سیخۆڕ و بکوژەکان پێشمەرگە و ئەنفالچییکان بدەن، نەك لە ئەندام پەرلەمان ئەوان لە دیوانی حزب کاتێك خزمەتی جاشایەتی بە پێشمەرگایەتی حساب دەکرێت ئیتر چ باکیان بە ئەندامی پەرلەمان هەیە کاتێك دیوەخانەیان بۆ دەبردرێت و زەوی و بەنزینخانەیان دەدرێتێ کە باخ و ڤێلایان هەیە تەماعیان لە ئەندامێتی پەرلەمان نییە، ئەو قەتعەیەی لە پارێزگای هەلەبجە نووسراوە کە بۆ بەعسییەکان نییە بێنە ژورەوە، رۆژانە بەعسییەکان لە ناو شاری هەڵەبجە تەراتێن دەکەن، تەنانەت کاندیدی بەعسی تەرشیح

کراوە بۆ ئەوەی بێتە پارێزگاری هەڵەبجە خوا رەحمی کرد نەبێت بە پارێزگار، لەبەر ئەوە دووەم پێوەری جاش و سیخوری و ئەوانە چییە؟ بە پێی یاسا ریشەکێش کردنی بەعس تا ئەندامی فیرقە لەقەلەم دەدرێت، لەبەر ئەمە ساخ نابێت و لەگەڵ مانەوەی مادەکەدام و گۆمانم هەیە کە وەکو خۆی جێ بە جێ بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، گەشە خان فەرموو،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەی هاوڕێکانم دووبارە ناکەم سەبارەت بە رای یەکەم و دووەم، بەڵام سەبارەت بەو مودەیەی کە هەندێك ئەندامی پەرلەمان پێی کەم بوو لە برگەی ﴿3﴾ لە ماوەی ﴿30﴾ رۆژ ماوەی تانە لێدانی دروستی ئەندامێتی بێت و لە برگەی ﴿4﴾ باس لەمە دەکات کە وەرزی یاسادانانی دوای هەڵبژاردن و وەرزی یاسادانانی یەکەم واتە چوار مانگ دەکات، بۆیە لەگەڵ رای ئەندامان یەکی دەگرێتەوە ئێمە وەکو لیژنە پێمان باشە کە هەر برگەی ﴿4﴾بمێنێت و موددەی ﴿30﴾ رۆژ لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، منی خان فەرموو،

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای یەکەمدام و ماوەکەی کراوە بێت و تەنیا ﴿30﴾ رۆژ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ، کاك سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئەم ماددەیە لە کاتێکدایە کە ئێستا زۆرترین تەشهیری ناڕەوا دەخرێتە سەر پەرلەمانتار، چونکە ئەگەر پەرلەمانتارێك هەبێت ئالییەتی پەرلەمانتاری و تانە لێدان لە پاکێتی هەبێت ئەوە کۆی پەرلەمان لە سەرۆك تا ئاخیر دەکەوێتە ژێر پرسیار، من لەگەڵ مانەوەی ئەم ماددەیەم و لەگەڵ رای یەکەمم و بە کراوەیش، واتا مودەیەك نەبێت لەو مودەیە نەتوانرێت شت ئامادە بکرێت، بۆیە لەگەڵ مانەوەی دام، رای یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سەرەتا لەگەڵ مانەوەی ماددەكە بووینە مودەكە كە ﴿30﴾ ڕۆژە بكرێتە فری و كراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، موناقشەكە بەردەوام دەبێت لەسەر ماددەی ﴿22﴾، فەرموون بخوێننەوە،

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەركەكانی ئەندام:

یەكەم: ئەندام بە ئامادەبوونی لە دانیشتنەكانی پەرلەمان پابەند دەبێت ئەگەر بە بێ هۆیەكی ڕەوا ئامادەی دانیشتن نەبوو سەرۆك پەرلەمان بە نووسین سەرنجی رادەكێشێت، ئەگەر ئامادەنەبوون دووبارە بوو لە ﴿5٪﴾ لە مووچەكەی لە هەر دانیشتنێك كە ئامادە نەبێت دەبڕدرێت، ئەگەر ئامادەنەبوون لە ﴿3﴾ دانیشتنی یەك لە دوای یەك یان ﴿5﴾ دانیشتنی پچر پچر بێت لە ماوەی یەك وەرزی یاسادانان، ئەوا ئامادەنەبوونەكەی لە ماڵپەری تایبەتی پەرلەمان بڵاودەكرێتەوە ئەمە وێرای بڕینی مووچەكەی ئامادەنەبوون، ئەگەر ئامادەنەبوونی دوای ئەم دووبارە بوویەوە ئەوا سەرۆك بۆی هەیە بابەتەكە بخاتە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمانیش دەتوانێت بۆ روونی دەنگی ئەندامەكانی بە لەدەستدانی ئەندامێتی لەقەلەمی بدات.

دووەم: ئەندام پابەندە بە ئامادەبوون لە دانیشتنەكانی ئەو لیژنەی تێدا ئەندامە و هەروەها لیژنە بۆی هەیە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامەكانی بە دەست لەكاركێشاوە لە قەلەمی بدات ئەگەر بە بێ هۆی رەوا لە ﴿3﴾ دانیشتنی یەك لە دوای یەك یان ﴿5﴾ دانیشتنی پچر پچر لە ماوەی یەك وەرزی گرێ دان ئامادە نەبوو،.

سێیەم: ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەكانی پەرلەمان بە هۆی راسپاردنی بە ئەركی فەرمی لە لایەن پەرلەمان بە ئامادەنەبوو دانانرێت.

چوارەم: لەبەرواری ئەنجام دانی سوێندی یاسایی ئەندام پەرلەمان بە دەست لەكاركێشاوە لە كارەكەی پێشوو دادەنرێت، پێویستە پەیوەندی بەوكارە ببرێت و پابەند بێت بە خۆ تەرخان كردن بۆ كاری پەرلەمان.

پێنجەم: نابێت ئەندام لە ماوی خولی هەڵبژاردن گرێ بەست لەگەڵ پەرلەمان یان حكومەت بۆ خۆی یان لە رێگەی كەسانی تر ئەنجام بدات و نابێت سیفەتی ئەندامەتی خۆ ی ئیستغلال بكات یان بەكاری بێنێت و یان رێگە بدات سیفەتی نوێنەرایەتی یەكەی بۆ كارێكی بازرگانی یان دارایی بەكار بهێنرێت.

شەشەم: پیادەكردنی ئەركی كاری حزبی یان سەندیكایی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بە پیادە كردنی كاری وەزیفی یان پیشەیی هەژمار ناكرێت.

حەوتەم: نابێت ئەندام دەست وەربداتە كارەكانی هەر یەك لە دەسەڵاتەكانی دادوەری و جێ بە جێ كردن تەنیا لە پسپۆڕێتی یاسادانان و چاودێری نەبێت.

هەشتەم: نابێت ئەندام كۆكردنەوە بكات لە نێوان ئەندامێتی پەرلەمان و ئەندامێتی لە ئەنجومەنێكی دی لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەكان پێویستە لەسەر ئەندام لە ماوەی ﴿8﴾ رۆژ لە رێكەوتی راگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن یەكێك لە دوو ئەنجومەنەكەدا هەلبژێرێت بە پێچەوانەوە وا سەیر دەكرێت كە ئەندامێی لە پەرلەمانی هەڵبژاردووە.

نۆیەم: هەركاتێك ئەندام پۆستێكی وەزاری وەرگرت ئەوا بە دەست هەلگرتوو لە ئەندامێتی پەرلەمان هەژماردەكرێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سۆران عمر بۆ خوێندنەوەی ماددەی 22، دەرگای موناقشە دەكەینەوە، فەرموون،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان تۆمار كردووە بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ماددەی (22)، (بێگەرد دڵشاد، قادر ئۆتمان، صالح فقێ، سعید مەسیفی، سالار محمود، مریم صمد، دلێر مصطفی، شێركۆ حەمە امین، بێستون فائق، بەهزاد دەروێش، بەهار عبدالرحمن، غریب مصطفی، د.شوان قەڵادزەیی)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، گفتوگۆكان بەردەوام دەكەین، بەڕێز بێگەرد دڵشاد فەرمو.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد (بێگەر تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من لەسەر خاڵی سێیەم ئامادە نەبوونی ئەندام لە دانیشتنەكانی پەرلەمان، من داواكارم كە خاڵێكی تر یاخود بڵێین ئەوەی كە من دامناوە ئیزافە بكرێ یان بۆ خاڵی سێیەمیان وەكو خاڵێكی تر ئیزافە بكرێ، چونكە هەر لەم خولەی پەرلەماندا یەك، دووجار رووبەڕووی هەندێك گرفت بووینەوە لەسەر ئەو حاڵەتانە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، جاری وا هەیە ئەندامێك گرفتێكی هەیە لەسەر بڕگەیەك یاخود دەیەوێ بایكۆتی دانیشتنەكە بكات، یان فراكسیۆنێك لە ناو هۆڵی پەرلەمان بایكۆتی دانیشتنەكە دەكات زۆرجار بە غیاب حیساب كراوە، من داواكارم كە ئەمە وەكو بڕگەیەك ئیزافە بكرێت، لە كاتی دانیشتنی پەرلەمان بەجێ هێشتنی هۆڵی پەرلەمان لەلایەن ئەندامێك یان فراكسیۆنێك بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی یەکەم من پێموایە ئەم دەقە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەندام بە ئامادەبوونی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەند دەبێت ئەگەر بێ هۆیەکی رەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو سەرۆکی پەرلەمان بە نووسین سەرەنجی رادەکێشێ، ئەگەر ئامادە نەبوو دووبارە بۆوە لە (5٪)ی مووچەکەی لە هەر دانیشتنێك کە ئامادە نەبێت دەبڕدرێت، هەروەها ئەمە پێش بخرێت لە ماڵپەڕی تایبەتی ناوی بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر ئامادە نەبوو لە سێ دانیشتنی یەك لە دوای یەك یان پێنج دانیشتنی پچڕ، پچڕ، ئەندامیەتی بە کۆتا بێت، یەعنی تاوەکو ئێرە دەقەکە تەواو بکرێت، چونکە لە ماددەی (43) یاسای هەڵبژاردن کە کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی دیاری کردووە تێیدا هاتووە (ئامادە نەبوونی ئەندامێك لە سێ دانیشتنی یەك لە دوای یەك ئەندامیەتی بە کۆتا دێت)، راستە ئەگەر ئەمە پەسەند بکرێ کار بەمە دەکرێت، لەبەر ئەوە مێژووی ئەمەیان تازە تر دەبێت، بەڵام من وا بە باشی دەبینم، چونکە ئێمە متمانەمان پێ لە یەك وەزیر وەرنەگیراوەتەوە لە مێژووی ئەم پەرلەمانەدا، ئینجا بێین وەکو پەندە کوردیەکە خەریکی ئەوەبین لێرە متمانە لە ئەندامانی پەرلەمان وەرگرینەوە، هەروەها من پێموایە خاڵی دووەمیش سەرۆکی لیژنە مافی ئەوەی نەبێت کە ئەندامی لیژنەکە لە لیژنەکە لابەرێت لەبەر هۆکاری ئامادە نەبوون، هەر چەندە من خۆم باوەڕم بە ئامادەبوون هەیە و لە مێژووی دەستپێکی ئەو پەرلەمانەش یەك جار مۆڵەت بوومە، بەڵام سەرۆکی لیژنە مافی لابردنی ئەندامەکانی لیژنەی نەبێت بە هۆکاری ئامادە نەبوون، لیژنە راپۆرت بەرزبکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو کاتەی کە ئەندامی لیژنەکە لە سێ دانیشتنی یەك لە دوای یەك یان لە پێنج دانیشتنی پچڕ، پچڕ لە ماوەی وەرزێکی یاسادانانیدا ئامادە نابێت ئەمیش میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە متمانەی لێ وەربگرێتەوە، چونکە لە ناو پەرلەمان ئەندامانی لیژنە دیاری دەکرێت، یان متمانەیان پێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەدا پشتگیری لە (بێگەرد خان) دەکەم، واتە ئەگەر جێ هێشتنی هۆڵی کۆبوونەوەکان بە هۆکارێکی سیاسی بوو، یەعنی بایکۆت کردن بوو، نەك بە عەمدی ئامادە نەبوو، ئەوە بڵێین بە نەهاتوو دانەنرێت، هەروەها با بڵێین نەهاتن لە لیژنەکانیشدا هەمان سزای ئەوەی هەبێت نەهاتن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، یەعنی ئێستا بۆ نموونە لێرە نابینرێت ئەگەر لە دانیشتنەکانی لیژنەکاندا ئامادە نەبوو ئەو ئەندامە، ئەی ئەوە چ رێکارێکی بەرامبەر دەگیرێتەبەر، من ئەو دوو سەرەنجەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان قەلاّدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام پێش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بە نووسین سەرەنجی ئەو ئەندامە رابکێشێت، ئاگاداری فراکسیۆنەکەی بکاتەوە، بۆچی ئەو ئەندامە ئامادە نەبووە، دووەمیش لەگەڵ رەئیەکەی بەڕێز (خاتوو بێگەرد)م، کە بایکۆت کردن بە رەسمی تۆمار بکرێت کە بە ئامادە نەبوون ئەژمار ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەك و خاڵی دوو بە کراوەیی هێشتراوەتەوە دەڵێ بۆی هەیە سەرۆك، واتە دەتوانێ سەرۆك بۆشی نەبێت، بۆیە ئەوە حەسربێ و با تەفسیر هەڵنەگرێت کە ئەو ئیجرائاتانە بکرێ لە خاڵی یەك و لە خاڵی دووەمدا، لە خاڵی سێیەمدا بە ئەرکێکی پەرلەمان، ئەگەر ئەرکی لیژنەشی بۆ زیاد بکرێ رەنگە هەندێجار لیژنەیەك ئەندامێك راسپێرێت بە ئەرکێکەوە، بۆیە لەلایەن پەرلەمان یان لیژنەکەی بۆ زیاد بکرێت، خاڵی حەوتەم: لە دوای پسپۆریەتی لە یاسادانان و چاودێری بەدوا داچوونیشی بۆ زیاد بکرێت کە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەرلەمان، خاڵی هەشتەم: لە بری ئەو هەشت رۆژە دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەگەر سوێندی یاسایی بێت باشترە، ئەو رۆژەی کە ئەندامی پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخوات، هەروەها بۆ زیاد کردنی ئەو خاڵەش بۆ بایکۆت کردن من پشتگیری لە قسەکەی (خاتوو بێگەرد) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم خالاٌ (7)ێ بە شێوەیەکی نەگەتیف هاتیە نڤیسین، مە پێ باشە پۆزەتیف بێت، بەو شێوازەی بێت، یەعنی وشەی نابێت ئەز دبێژم یا ناشرینە، کارێ خۆ ئەنجام دەدات لە چوارچێوەی پسپۆریەتیا خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی هەشت و خاڵی نۆ بە تایبەتی خاڵی نۆ لە ماددەی (25)، لە مەرجەكانی نەمانیەتی ئەندامدا هاتووە، بۆیە لێرە زیادەیە بە تایبەت خاڵی نۆ كە دەڵێ هەر ئەندامێك پۆستێكی وزاری وەرگرت ئەوە لە ماددەی (25)دا هاتووە كە ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی وەزیران ئۆتۆماتیكیەن لێرە ئەندامیەتی لە دەست دەدات، بۆیە زیادەیە، دەكرێ ئەمە هەر دووكی هەڵگرێت خاڵی هەشت و نۆ لە ماددەی (25)، نەمانیەتی ئەندام لە فەقەرەی سێ سەیری بكە وەرگرتنی یەكێك لە پۆستەكانی سەرۆكایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، هەر پۆستێكی دی فەرمی، واتە هەردوو فەقەرەی هەشت و نۆ دەگرێتەوە و لێرەدا هەیە، بۆیە ئەوە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەندەی گەڕام لە ناو خاڵەكانی ئەندامیەتی، ئەركەكانی ئەندام، ئەوەم نەبینی، نەكەوتە بەرچاوم كە باسی پاراستن و نەدركاندنی زانیاری بكات، چونكە ئەندام بەو پێیەی كەوا حەقی چاودێری و بەدەست هێنانی زانیاری هەیە، دەبوایە ئاماژەی پێ بكرایە كەوا لە چ شوێنێك بتوانێت ئەو ماف و زانیاریانەی بە دەست نەهێنین كە ئەو بە دەستی دەهێنێت بە پێی پێگەكەی خۆی بی پارێزێت، ئینجا بە رای من خاڵێك زیاد بكرێ بنووسرێ نابێ ئەندام هیچ زانیاریەكی تایبەت بە وەزارەتێك یاخود دەستەیەك، یاخود ئەو شوێنەی ئەو كاری چاودێری و ریقابی لەسەر دەكات بدركێنێت بۆ لایەنێك، ئیلا مەگەر بە رەزامەندی سەرۆكایەتی پەرلەمان بێت، بۆ نموونە هەندێ وەزارەت هەن مەجبورن هەندێ زانیاری ورد یان هەندێ زانیاری نهێنی بدەن بە ئەندامی پەرلەمان بەو پێیەی كەوا كاری خۆیەتی، ئەركی خۆیەتی، بەلاَم لەوانەیە هەندێ ئەندامی پەرلەمان ئەو واجیبە لەوانەیە هەندێ جار، لەوانەیە لە داهاتوو پێشێلی بكات و بیداتە لایەنێك كەوا حەقی پێدانی نەبێت، من داوا دەكەم لێرە وەكو ئەرك، وەكو واجیب ئەندامی پەرلەمان هەر زانیاریەك كەوا پێویست بێت بدركێنێ، ئیلا مەگەر بە رەزامەندی سەرۆكایەتی نەبێت، لێرە ئاماژەی پێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سعید مەسیفی فەموو.

**بەڕێز سعيد محمد سعيد (سعيد مەسيفى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانى پەرلەمان، لە ماددەى (22) ئەركەكانى ئەندام، بڕگەى دوو: ئەندام پابەندە بە ئامادەبوون لە دانيشتنەكانى ئەو ليژنەيەى كە ئەو تێيدا ئەندامە، يەعنى ئەگەر دانيشتن لە دواى دانيشتن ئامادە نەبوو سەرۆكى ليژنە دەتوانێت لە ئەندامیەتى بە كۆى دەنگ لاى ببات، بەلأم ئەو ئەندامانەى كە لەو ليژنانە ناتوانن، لەبەر ئەوەى ئەندام بۆ هەر ليژنەيەك لە ناو پەرلەمان بە زۆرينەى دەنگى ئەندامانى پەرلەمان دەنگى پێ دەدرێت، پێويستە بە راپۆرتێك سەرۆكايەتى پەرلەمان ئاگادار بكرێتەوە و ئەو كاتە لە ناو هۆڵى پەرلەمان بتوانى متمانەى لێ بسێنرێتەوە لەو ليژنەيە، هەروەها خاڵى تر من پشتيوانى لە (كاك د.شێركۆ) و (بێگەرد خان) دەكەم، بۆ ئەوەى خاڵێك زياد بكرێ كە بايكۆت كردن بە غيابات حساب نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى لە قسەكانى (خاتوو بێگەرد) دەكەم، لە كاتى بايكۆت كردندا ئەندام بە غياب حساب نەكرێت، بەلأم ئەمە لە مافەكانى ئەندامدا جێ بەجێ بكرێت، چونكە مافێكە كە بايكۆت كردن بە غياب حساب نەكرێت، سەبارەت بە خاڵى دووەم كە لێژنە بۆى هەيە، من دەڵێم ئەمەى بۆ ئيزافە بكرێت بە هەماهەنگى لەگەڵ سەرۆكايەتى پەرلەمان ليژنە بۆى هەيە بە دوو لەسەر سێى دەنگى ئەندامەكانى بە دەست لە كاركێشاوە لە ليژنەكە لە قەڵەم بدرێت، هەروەها لە رووى سياغەوە هەر سەبارەت بە خاڵى دووەم كە ئەندام پابەندە بە ئامادەبوون لە دانيشتنەكانى ئەو ليژنەيەى تێيدا ئەندامە، ئەگەر بەبێ هۆى رەوا لە سێ دانيشتنى يەك لە دواى يەك، يان پێنج دانيشتنى پچڕ، پچڕ لە ماوەى يەك وەرزى گرێدان ئامادە نەبوو ئينجا بچيتە سەر ئەوەى كە ليژنە بۆى هەيە، ياخود ئەو پێشنيارانەى كە كردم بە هەماهەنگى لەگەڵ سەرۆكايەتى پەرلەمان لەگەڵ ليژنە بۆى هەيە بە دوو لەسەر سێى دەنگى ئەندامەكانى بە دەست لەكار كێشاوە لە قەڵەمى بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من سێ خاڵ دەخەمە روو، خاڵى يەكەميان: پرسيارە لە ليژنەى بەڕێز ئايا ئەم ئەركانە دەستەى سەرۆكايەتيش دەگرێتەوە؟ چونكە لە ئەرك و دەسەڵاتەكانى دەستەدا ئاماژە بەو رێ و شوێنانە نەكراوە بۆ

**ئامادەبوون و ئامادە نەبوون، خاڵی دووەم: پێشنیار دەکەم ئەو پرسەی کە پەیوەندی بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و دواتر بە هەر هۆیەکەوە بایکۆت دەکرێت بە غیاب ئاماژەی پێ نەکرێت، خاڵی سێیەمیش: ئەوەیە دیقەتی زیاتر بکەن لە برگەی حەوت ئایا ئەمە تەداخول کردن نییە لە کاری بەدوا داچوون و یاسادانانی پیشەیی کاری پەرلەمان؟ یەعنی تەفزیل کردنی دەسەلاتەکانی تر نییە بەسەر دەسەلاتی یاسادانانیدا سەبارەت بە چاودێری کردن و یاسادانان، هیوادارم ئەو خاڵەیە هەر جێگای نەبێتەوە لەم ماددەیەدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز مریم صمد فەرموو.**

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لە ماددەی (22)، لە خاڵی دوو من پشتگیری لە هەڤالآنم دەکەم کە پێویستە بە راپۆرتێك دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها لە خاڵی سێیەم پشتگیری لە رای هەڤالآنم دەکەم دووبارە لە کاتێکدا بایکۆت کردنی هەر ئەندامێك غیاب نەدرێت، هەروەها لەگەڵ ئەو رایەم کە خاڵی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) لابرێت، یەك پێشنیارم هەیە ئەگەر بکرێت برگەیەك زیاد بکرێت، خاڵێك زیاد بکرێ بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە سێ دانیشتن یەك لە دوای یەك کۆبوونەوە نەکات ئەو لیژنە، یەعنی چۆن بڵێی ئیجرائاتێکی لەگەڵ بکرێت، یان ئەوەتا دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێنێتەوە، یاخود بە غیاب لە قەڵەمی بدات، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز د.ڤالآ فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە خاڵی یەکەمدا هاتووە ئامادە نەبوونەکە لە ماڵپەڕی تایبەتی پەرلەمان بلاّو دەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش بڕینی مووچەکەی لە ئەنجامی ئامادە نەبوونە، من پێموایە بلاّوکردنەوەی ناوی ئامادە نەبوو لە ماڵپەڕی تایبەتی پەرلەمان کارێکی رەوا نییە، ئەگەر بکرێت ئەندامانی لیژنە ئەم دەقە هەڵبگرن، لەبەر ئەوەی بڕینی مووچەکەی کافیە بۆ ئەو بابەتە، ئەوە زیاتر دەچێتە بابی بابلێین بلاّو بوونەوە بە ئامادە نەبوو بە کارێکی رەوای نابینم بۆ ئەندامی پەرلەمان کە لە ماڵپەڕی پەرلەمان بلاّو بکرێتەوە و بگوترێت ئەوە ئامادە نەبووە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو کاری علمی خۆی دەکات، ئەگەر باکی نەبێت بەوەی کە کارەکانی خۆی ئەنجامدا ئەوە پەرلەمان دەتوانێ بە جۆرێکی تر سزای بدات هەر لە بڕینی مووچە تا سەحبی سیقە و لە دەستدانی ئەندامیەتی، بۆیە لەگەڵ بلاّوبوونەوەنیم لە ماڵپەڕی پەرلەمان، هەروەها ئەوەی کە پەیوەندی بەوە هەیە کە بایکۆتی ئەندامی پەرلەمان بە ئامادە نەبوو**

ئەژمار نەکرێت، ئەوە خاڵێکە دەبێ زۆر بە وریایی کاری لەسەر بکرێت، چونکە مەسەلەی بایکۆت کردن واتە نەگەتیڤە، تۆ لێرە تەنزیم کردنی نەگەتیف و پاساودان بە ئامادە نەبوون دەبێ زۆر بە حەزەر لە یاسادا تەعامولی لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەو کە ئامادە نابێت تۆ دێی پاساوی پێدەدەی دەڵێی ئەوە بایکۆتە بە ئامادە نەبوو حیسابی مەکە، جا ئایا ئامادە نەبوونەکە ئەو حەقی بایکۆتە تۆ دەدەی بە فراکسیۆن یان دەیدەی بە تاکە ئەندامێکی پەرلەمان، لەوانەیە ئەندامی پەرلەمان لە وەرزێکدا لە (10) جەلسە ئامادە نەبێت تۆ نەتوانی سزای بدەی، ئەگەر تەنزیمت نەکردبێتەوە، ئەو دەڵێ من بایکۆتم کردووە، تۆ چۆن دەتوانی بیسەلمێنی کە ئەوە بایکۆتی کردووە، یاخود دەیەوێ کارەکانی خۆی ئەنجام نەدات، بۆیە پێموایە ئەو پێشنیارە پێشنیارێکی نەگەتیڤە و بالزات لەگەڵ ئەو توندیەیە تەنزیمیان کردووە بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان ئامادەبێت، بۆیە داوایان لێ دەکەم زۆر بە دەقیقی تەعامول لەگەڵ ئەم بابەتە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرمووو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای پەخشندەو میهرەبان، من دوو سەرەنجم هەیە لەسەر خاڵی یەك و لەگەڵ خاڵی شەش، خاڵی یەك: کە باسی ئامادە نەبوونی ئەندامی پەرلەمان دەکات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەراستی ئامادە نەبوونی ئەندامی پەرلەمان لە دانیشتنی پەرلەمان یان لە دانیشتنی لیژنە کارەساتە، ئەوەی کە نووسراوە ئەگەر بەبێ هۆیەکی رەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو سەرەنجی ئەو لیژنە بەڕێزە رادەکێشم دانیشتنەکان بکرێت بە دانیشتنێکی نەبوو، چونکە  دانیشتنەکان رەهایە، دەبێ ئەو رەهایە سنووری بۆ دابنرێت، ئەگەر چی دواتر راست کردنەوەی بۆ کراوە لە پەرەگرافی دوایی خۆیدا، پاشان پشتیوانی لە رایەکەی (د.ڤالآ) دەکەم لە ماڵپەڕی تایبەتی پەرلەمان بلاوکردنەوەکەی بە پێویست نابینم، هەر چەندە سزاکەی بۆ قورستر بکرێت، لە خاڵی شەشەمدا سەرەنجی من لەسەر خاڵی شەشەم یەکگرتنەوەی کاری حزبی لەگەڵ کاری ئەندام پەرلەمانی، ئەم بابەتە ئەگەر چی ترسم هەیە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانتاران پشتیوانیم لێ نەکەن، هەروەها ئاگادارنیم ئاخۆ لە هیچ پەرلەمانێکی دونیادا وایە، خۆزگە پەرلەمانی کوردستان ببوایەتە یەکەمین پەرلەمان کە کاری حزبی و کاری پەرلەمانتاری بە یەکەوە کۆ نەکردبایەتەوە، چونکە کاری ئەندامی پەرلەمان لێرە نوێنەرایەتی میللەتە، نوێنەرایەتیەك کە لە لوتکەی ئەمانەتە، کە ڕەنگە کاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گەلێ، گەلێ سەنگین بێت، ئەگەر دادوەرێك سەرەتا دەستبەکار دەبێت، سوێندی یاسایی بخوات کە پەیوەندی بە حزبەوە نەمێنێت، ئەوا بۆ کاری ئەندام پەرلەمان بەڕاستی زۆر بە پێویست تری دەبینم، چونکە هەندێ جار بەرژەوەندی حزب، لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یەك ناگرێتەوە، من بەچاوی خۆم چەندجار ئەوەم بینیوە کە دەنگدان لەسەر بابەتێك کراوە، ئەندامی پەرلەمان دەنگی داوە، لەکاتێکدا دڵنیا بووە لە 100٪ زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم

**کاری حزبی جیابکرێتەوە لەکاری ئەندام پەرلەمانی، من دەقێکم نووسیوە بۆی( پێویستە ئەندام لەڕۆژی سوێند خواردنیەوە دەست لەکار کێشانەوەی فەرمی خۆی لە حزب ڕابگەیەنێت) ئیتر خۆ ئەو دۆستایەتی هەر ئەمێنێت لەگەڵ حزب، بەڵام ئەندامی حزب نەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کاك عبدالرحمن علی، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵڵا من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە ئێمەی پەرلەمانتاران، کاری سەرەکیمان لە 80٪ کاری ڕۆژانەمان لەناو لیژنەکانی پەرلەماندایە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها لە 20٪ی لەهۆڵی پەرلەماندایە، بۆیە پێم وایە و پێشم باشە، ئەو سزایە وەکو ئەوەی سزای ناو نراوە، کە لە 5٪ی بڕینی مووچەکەیە، هەر پەرلەمانتارێك لە هۆڵی پەرلەماندا ئامادە نەبوو ئەو بڕەی لێ دەبڕن، هەمان سزاش بۆ ئامادە نەبوونیش لە لیژنەکان بکرێت لەڕاستیدا، چونکە ئێمە زۆرینەی کارەکانمان لەوێدایە، بەداخەوە زۆرێك لە لیژنەکان ئەندامەکان ڕەنگە بچێت (5) دەقەیەك لەوێ بێت و واژوویەکی ئامادەبوون بکات ئەمە گرفتە، شتێکی تر باسی متمانە سەندنەوە لە ئەندام دەکرێت لەناو لیژنەکاندا، ئێمە لەناو هۆڵی پەرلەماندا دەنگ بە ئەندام بوونی هەر پەرلەمانتارێك دەدەین لەناو لیژنەکان، بەڵام ناکرێت لە لیژنەکەی خۆیدا مافی ئەندامێتی لێ وەربگیرێتەوە، تەنانەت بۆ گواستنەوەی بۆ لیژنەیەکی تریش لەناو هۆڵی پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدەین، بۆیە پێم باشە ئەو دەسەڵاتە بەلیژنە نەدرێت، بەئارەزووی خۆی یان پەرلەمانتارێك چەند کۆبوونەوەیەك ئامادە نەبوو مافی ئەندامێتی لەو لیژنەیەدا نەمێنێت، ئەوە هەڵبگیرێت لە هۆڵی پەرلەمان ساغ بکرێتەوە، خاڵێکی تر من پشتگیری تەواوی ئەو بۆچوونەی کاك سالار دەکەم، کە خاڵی حەوتەم شتێکی زیادەیەو ئەمە جۆرێك لە کۆت و بەندی بۆ پەرلەمانتاران دروست کردووە، کە بەهیچ شێوەیەك نەچین بەلای مەسەلەی دادگاکان کە ئەوە بەڕاستی خاڵێکی زیادەیە بەڕەئی من، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، کاك دلێر مصطفى، فەرموو.**

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، لەسەر (ئەندامی پەرلەمان کە پابەندە بە تەفەڕوغی تەواو لەهەر پیشەیەك)، ئەو (پیشەیە) بکرێت بە (وەزیفە)، چونکە پیشە، شتی تریش دەگرێتەوە، خاڵێکی تر (نابێت ئەندامی پەرلەمان دەست وەربداتە کارەکانی هەر یەك لەدەسەڵاتەکان)، پێم وایە ئەوە دەست بەستنەوەیە، چونکە مەبدەئی دەستوری (لا سلطات على القضاء) تەنها بڕیاری دادگا دەگرێتەوە، وە لە ئموری ئیداری و**

تەنزیمی و مالی و هەیکەلی، مافی پەرلەمانە چاودێری سوڵتەی قەزائی بکات، لەخاڵی هەشتیش، پیشە، لەکۆتاییدا هاتووە، کاری وەزیفی یان پیشەیی هەژمار ناکرێت، ئەو پیشەییە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور قادر، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی حەوت هەیە، نابێت ئەندام دەست وەربدا،چەند پەرلەمانتارێکیش ئاماژەیان پێ کرد، چونکە لە ماددەی(56) ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بەڕوونی لەماددەی (56)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەرك و دەسەڵاتی پەرلەمان بەڕونی دیارە، بۆیە ئەو بڕگەیە بە زیادە دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێزتان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیەش تەواو بوو، تکایە ماددەی (23) بخوێننەوە، باشە دکتۆرە بەهار قسەتان هەیە، لەسەر قسەکانی ئەندامان، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە زیاتر لە (3)ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان باسیان لەوە کرد کە نەهاتن لە لیژنەکان هەمان سزای نەهاتنی ناو هۆڵی پەرلەمانی هەبێت، ئەوە لە ماددەی(33)لەم پڕۆژەی پەیڕەوەی کە لەبەردەستی بەڕێزتاندایە هاتووە، وتوومانە ئەو حوکمانەی لەپەیڕەو تایبەتن بەئامادە بوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەسەر ئامادەبوون لەدانیشتنی لیژنەکانیش جێبەجێ دەبێت، بۆیە ئێمە لەوێدا کە باسی لیژنەمان کردووە لیژنە هەمیشەییەکان، ئەو خاڵەمان جێگر کردووە، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم: ئەویش زیاتر لە سێ ئەندام داوای ئەوەی کردووە، کە ئەم خاڵە نەمێنێت، ئەوە دواتر دەبێت بە ئیقتراح، بەدەنگدان یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە بووە کە زەبتی ئەوە بکرێت ئەندامی پەرلەمان لەچوارچێوەی کاری خۆیدا کار بکات، تەنها مەبەستی ئێمە ئەوە بووە، بەڵام دواتر ئەمە ئەبێت بەدەنگدان یەکلایی بکرێتەوە، چونکە زیاتر لە (3) ئەندامی پەرلەمان داوای کردووە، سەبارەت بەوەی کە نابێت هیچ ئەندامێکی پەرلەمان زانیاری تایبەت بدات بە وەزارەتەکان، ئەوە پێم وابێت نابێت لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەندامی پەرلەمان تەقید بکرێت، ئەندامی پەرلەمان ئەرك و مافی خۆی دەزانێت، بۆیە پێم باش نیە ئەندامی پەرلەمان لە پەیڕەودا پێی بووترێت نابێت زانیاری بدات بە خەڵکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێش ئەوەی کاك ابوبکر قسە بکات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بزانن ئەگەر نوسخەی کۆنی پەیڕەوتان لایە داوا بکەن بۆ ئەوەی بیگۆڕین بۆ نوسخە نوێیەکە، ئەشتوانن هەر بەوە بەراوردی

بکەن، خاڵی حەوتەم لەماددەی (22)ئەرکەکانی ئەندام، لێرە باس لە دەسەڵاتی دادوەری ئەکات، ئەگەر لای ئێوە شتێکی ترە تکایە داوا بکەن بۆ ئەوەی بیگۆڕن بە وێنە تازەکەی هەموارەکە، بۆ ئەوەی لەکاتی گفتوگۆدا ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بن، کاك ابوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەهار خانم ئەکەم، کە بایکۆت کردن وەکو مافێکی ئەندام پەرلەمان بێت، نەك لێرەدا بنووسرێت، ئەم دەقەش زیاد بکەین لە مافەکان(ئەندام بۆی هەیە بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات، وەك دەربڕینی هەڵوێست، بەهەر هۆکارێك بێت، ئەو بایکۆت کردنە بەتەنها بێت یان چەند پەرلەمانتارێك، یان فراکسیۆنەکە پێی هەڵبستێت)، یەعنی وەکو مافێك ئاماژەی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر فرسەت، جەنابیشت قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە زیاتر لە (3) ئەندام پێشنیازیان کردووە، لە صیاغە ئەوانە دەخەینە دەنگدان، بەڵام هەر بۆ ڕوونکردنەوە ئەوەی کە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی لە سایتی فەرمی کە هاوڕێکانم باسیان نەکرد، دەکرێت هەڵبگیرێت، ئەوە ئاساییە، باوەڕ ناکەم کێشەمان هەبێت، بۆیە ئەوەمان دانا تا ئەندام وەکو حرسێك ئامادەی دانیشتنەکان بێت، بەڵام ئەگەر پێتان زیادە هەڵی دەگرین، سەبارەت بەوەی لیژنەکان، بەتەئکید کە دێینە سەر کاری لیژنەکان، هەمان ئەو ڕێکارانەی کە لێرە هەن لەسەر ئەندام لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەهەمان شێوەش لەسەر ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان وەکو یەك یەکسانمان کردووە، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم، یەعنی ئێمە دیاریمان کردووە، خۆ ئێمە لە پەرلەمان جگە لە کاری یاسادانان و چاودێری کردن کاری ترمان نیە، هەر ئەوە کارمانە، واتە لەو چوارچێوە ئەندامی پەرلەمان دەستی کراوەیە، هەرچی بیەوێت بیکات، بەڵام لە دەرەوەی ئەوە، بۆیە ئەوەمان داناوە تا بەهەمان شێوە دەسەڵاتەکانی تریش ڕێگە بەخۆیان نەدەن لەدەرەوەی ئیشی خۆیان بەهیچ شێوەیەك قسە لەسەر کاری پەرلەمان بکەن، ئەوەش ئیلتیزام کردنە بەو پرەنسیپەی کە پێی ئەوترێت پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، وە پرەنسیپێکی گەورەیە، بۆیە دەبێت هەموومان ڕێزی لێ بگرین، لەسەر ئەو بنەمایە و بەهیچ شێوەیەك ئەوە کەمکردنەوە نیە، ئەرکی پەرلەمانە، ئەوەی تریش کە باس کرا، ناکرێت ئەندامی پەرلەمان وەکو قازییەك بێت، بمانەوێت یان نەمانەوێت کاری سیاسی لەم پەرلەمانە ئەکرێت، لەهەموو پەرلەماناتی عالەمیش ئەکرێت، بۆیە بەتەسەوری من ئەمە شتێك نیە کە بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، کە کاری حزبی لە پەرلەمان قەدەغە بکەین، وە هەمووشمان نوێنەری حزبەکانیشین، وە لەهەموو دونیاش وایە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە ماددەی (23) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (23) مافەکانی ئەندام

1- لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەندامێتی ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو، ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە ئەندامانی خولەکانی پێشووتری پەرلەمان دەتوانن لەم مافەبەهرەمەند ببن.

2- ماوەی ئەندامێتیەکەی بۆ مەبەستی سەرموچەو پلە بەرز کردنەوە تەرقیە و خانەنشینی هەژمار دەکرێت .

3- ئەندام بۆی هەیە مۆڵەتی نەخۆشی بەپێ ی ڕێکارەکان وەربگرێت .

4- سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتێکی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی کرد بۆ ماوەیەك کەلە (15) ڕۆژ تێپەر نەکات لە ماوەی هەر وەرزێك لە وەرزەکانی گرێدان

5- هەریەك لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن کە بە یاسا ڕێکدەخرێت .

6- ئەگەر ئەندامێك لەکاتی یان لە ئاکامی ڕاژەی لە پەرلەمان یان بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بۆ میراتگرانی تەرخان دەکرێت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، تکایە ناوەکانتان دەنووسین، کاك عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غەزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی سێیەم: هەموو مرۆڤێك قابیلی ئەوەیە نەخۆش ببێت، بۆیە نەخۆشیش پێویستی بە مۆڵەت هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە نەخۆشی ببێت بە نەخۆشی ماوە درێژ، خولێکی پەرلەمانی چوار ساڵە، لەو چوار ساڵە هەمووی نەخۆش بێت، بەمەرجێکی تێدا بێت کە لەوەرزێکی یاسادانان تێپەڕ نەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شکریە خان، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی یەکەم، حەز دەکەم لیژنەکە ڕوونکردنەوەی زیاترمان بداتێ، ئایا مەسەلەی خانەنشینی، یاخود گەڕانەوە بۆ وەزیفە ئیختیاری تەواوی تێدایە، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سرود فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم مەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەم نووسراوە (لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەندامێتی، ئەگەر مەرجێك لەمەرجەکانی لەدەست نەدابوو، ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفەکەی، ئەندامانی خولەکانی پێشووتری پەرلەمان دەتوانن لەم مافە بەهرەمەند بن) ، ئەمەوێت ئەمانەی تێدا زیاد بکرێت، بەتایبەتی من موعاناتێکی زۆرم هەیە لەگەڵ ئەوەدا، ( ئەندام بۆی هەبێت ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش مولزەم بێت بەوەی کە کەمترین ماوە(دوو هەفتە) زۆرترین ماوە(چوار هەفتە)وەڵامی نووسراوەکەی بداتەوە، یەعنی لەڕاستیدا بۆ نموونە من خۆم جاری وا هەیە نووسراوێك ئەهێنم بەدوومانگ هەر لەم پەرلەمانە دەرناچێت، ئەمە یەکێکە لەوانەی کە لەبەردەستمدایە، بۆیە لەڕاستیدا ئەبێت ئەندام خۆی ئەو مافەی هەبێت کەڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکات، من ئەو پرسیارەم کردووە کە لەڕاستیدا دەکرێت، لەوڵاتانی پێشکەوتوو ئەمە هەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە بەخوێندنەوە دەیخوێنمەوە(یەکەم: ئەندامی پەرلەمان لە سەرجەم دەزگاو دامەزراوەکانی هەرێمدا مامەڵەی کەسایەتی پلە بڵندی بۆ دەکرێت، بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری تایبەت بە پەرلەمان و نابێت هیچ ڕێگری و دەستخستنە ڕێگای بکرێت، لەهیچ بازگەو دەزگایەکی ڕەسمی هەرێمدا)، (دووەم: ئەندام دەتوانێت بەشێوەی فەرمی داوای زانیاری و دۆکۆمێنت لە دامەزراوەکانی هەرێم بکات، وێنەیەکیش لەداواکارییەکە ڕەوانەی دەستەی سەرۆکایەتی دەکرێت و پێویستە لایەنی پەیوەندیدار لەماوەی (10)ڕۆژ لەوەرگرتنی داواکارییەکە وەڵامی ئەندامەکە بدرێتەوە، ئەگەر ئەو لایەنە نەیتوانی ئەو بەڵگانە بخاتە بەردەستی ئەندام، ئەوە پێویستە بەنامەیەکی فەرمی ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەر ئەندام سوور

بوو لەسەر داواكارييەكەی ئەوە لەو بارەوە لیژنەی ناوەند دوابڕیار بدات)، ئەندامی پەرلەمان بەتاك یان بەكۆ دەتوانن سەردانی سەرجەم فەرمانگەو دامەزراوەكانی هەرێم بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە كاتت تەواو بوو بەرێز دكتۆر شێركۆ دەتوانی پێشنیارەكانت بنێری بۆ لیژنە، بەرێز دكتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە رابردوودا هەمواریێكمان پێشكەش كرد بۆ یاسای خانەنشینی یەكگرتووی عێراق لە خووە حكومەتی هەرێم گووتی لە بەر بێ بوجەی پێمان جێ بە جێ ناكرێت، بەڵام لە وێدا ئێمە ئەو ماددانەی لە عێراقیش دەستییان بۆ نەبن ئێمە چاكسازیمان تێدا كرد بۆ ئەوەی بگونجێ لە گەڵ واقیعی هەرێمی كوردستان لێرە پەیوەست بە خاڵی یەكەم لە كاتی كۆتایی هاتنی ئەندامییەتی، ئەگەر مەرجێك لە مەرجەكانی لە دەست نەدابێت بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە لێرەدا زۆر گرنگە لیژنە بەرێزەكە ئەوە بە هەند وەربگرێت وەكو حەلی وەسەت بۆ ئەم قۆناغەی ئیستا پەرلەمانتار سەر پشك بكرێ لەوەی كە بەم یاسا بەركارەی هەیە كە ئێستا خانەنشین دەبێت یا خود ئامادەیە رازی بێت بەو موچەی كە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزیفەكەی خۆی سەر پشك كرێت لەوەیاندا بۆی ئەوەی ئێستا سێ صەد پەرلەمانتار لە هەرێمی كوردستان خانەنشینن كە ئەو سێ صەدە دوو صەد یان سێ صەدیان خزمەتییان بەو هەرێمە كوردستانە كردبایە بە بێ ئەوەی هیچ خەرجییەكی تر لە سەر حكومەتی هەرێم بوستێ، كەواتە سوودەكە لە مەدایە پەرلەمانتار كە پەرلەمانتاری تەواو كرد بگەڕێتەوە سەر وەزیفەكەی خۆی، بەڵام ئەوەشی لە بەردەم دا بێت كامەیان هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر موچەی خانەنشینی پەرلەمانتاری یا خود ئەو موچەیە كە ئەچێتەوە سەر وەزیفەكەی خۆی، هیوادارم جێگەی بكەیتەوە ئەوە هەم بۆ پەرلەمانتار هەم بۆ كوردستان هەم بۆ كەم كردنەوەی خەرجی سوود دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی هەموو رایەكانی كاك دكتۆر شێركۆ ئەكەم و پشتیوانی هەموو رایەكانی كاك دكتۆر عزت ئەكەم، پاشان لە سەر خاڵی چوار سەرنجم هەیە سەرۆك بۆی هەیە مۆلەتێكی ئاسایی بداتە ئەندام وا ئەبینم مۆلەتێكە ئاسایی یەك مۆلەت ئەگرێتەوە كە پانزدە (15) رۆژ ئەگرێتەوە دراشتنەكە بەم جۆرە بێت بكرێتە مۆلەتی ئاسایی، سەرۆك بۆی هەیە مۆلەتی ئاسایی بداتە ئەندام پەرلەمان، واتە یەك جار لە

**ڕۆژێك تا پانزده (15) ڕۆژ ئەگرێتەوە ئەمە پاشان كە پانزده (15) ڕۆژ تێپەر نەكات ئەوەی بۆ ئیزافەی بكرێت بە سەر یەكەوە یان بچڕ بچڕ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس مامۆستا بۆ جەنابت، بەڕێز كاك شوان فەرموو.**

**بەڕێز شوان مصطفى قەلادزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتیوانی لە ڕەئیەكانی كاك دكتۆر شێركۆ حەمە ئەمین دەكەم، بڕگەی یەكەمیش بەو شێوەیەش دابڕێژرێتەوە : ئەندام ئەگەر لە كاتی كۆتایی هاتنی خۆلی پەرلەمان مەرجی ئەندامێیەتی لە دەست نەدا بوو بی هەیە بگەڕێتەوە سەر پێشەكەی پێشوو ئەم مافە ئەندامەكانی پێشووش دەگرێتەوە، بڕگەی چوارەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە : سەرۆك لە كاتی پێویستدا بۆ هەر وەرزێك لە وەرزەكانی ساڵ بۆی هەیە مۆلەت بداتە ئەندام بۆ ماوەیەك كە لە پانزده ڕۆژ (15) تێپەر نەكات، بڕگەی پێنجەمیش بەو شێوەیە : ئەگەر ئەندامێك لە ماوەی كاری پەرلەمانیدا كۆچی دوایی كرد بە پێی یاسا كارپێكراوەكان خانەنشین دەكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس كاك شوان، بەڕێز كاك قادر فەرموو، لێرە نییە؟ بەڕێز كاك فەرهاد فەرموو.**

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یەكەم پشتگیری لە قسەكانی دكتۆر عزت ئەكەم، دووەم، شتەكانی ترم گووتران.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، كاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من ڕام وایە خاڵی سێیەم و چوارەم یەك بخرێت لە ماددەی پێشوودا باسی بوریژندرا كە ببەسرێتەوە بە مافەكانی ئەندامەوە كو ئەویش پەیوەستە بە بایكوت كردنی دانشتنەكانی پەرلەمان، بۆیە ئەم بابەتە چ ئیجابی بێ یان سلبی مافێكی ڕەوایە یەكێكە لە پراسیبەكانی كاری پەرلەمانی و ناكرێت بە حاڵەتێكی نیگەتیف تەماشا بكرێت بۆیە پرسێكی بەدیهیە لە هەر حاڵەتێكدا كە ئەندامی پەرلەمان یان فراكسیۆنی پەرلەمانی یان گرۆپی پەرلەمانی یان لیژنەی پەرلەمانی بیەوێ لە سەر پرس و بابەتێك كە خۆی بڕوای پێیەتی بایكوتی دانیشتنەكان بكات ئەوە بەستراو بوو بە ئەركەكانەوە و ئاماژەش بەوە كرا كە لە پرسی مافەكاندا باس بكرێت بۆیە من ئەم باسە هێنامە پێشەوە، چونكە لیژنەی بەڕێز وڵامێكی كۆنكرێتی بۆ**

ئەم پرسە نەبوو کە لە هەمان کاتیشدا بە حاڵەتێکی نێگەتیف دارێژرا، لە بەر ئەوە من بە پرسێکی ئیجابی هەموو پەرلەمانێکی زیندووی دونیا ئەزانم بۆیە ناکرێ لە مافەکانیشدا ناو بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك سالار، کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز ئەندامانی پەرلەمان، لە مادده بیست و سێ لە برِگە یەکەم بەشی کۆتاییەکە لابرێتن لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لە دەست نەدا بوو ئەندام بۆی هەیە بگەرێتەوە سەر وەزیفە، بەڵام ئەوانەی خۆڵی پێشتر و چەند ساڵە وازیان هێنایە وەکو ئەوانە پێویست ناکەت لە سەر ئەوە بنووسرێت، بەس خاڵی دووەم لە رووی یاساییەوە ئەندام پەرلەمان لە کاتی سوێند خواردنی بە دەست لە کار کێشانەوە هەژمار دەکرێت ئیستیقالەی لە سەرە ئایا دەتوانێت کەسێك ئیستیقالەی بدرێت و بگەرێتەوە لە سەر کاری وەزیفی خۆی یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، وابزانم ئیستقیالە کراوە بە ئینفیکاك ئەوەی کە من سەرنجم هەیە، یەعنی دەست کێشانەوە دەست لە کار هەڵگرتن، بەڵام ئەو سەرنجەی کاك سالار باسی کرد پێش ئەوەی بەرێزان ئەندامانی لیژنەی کاتی پەیرِەو و وڵامانی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە ئەمەویست ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی سەرنجی جەنابتان بۆ ئەوەی رِابکێشین کە پێویست ئەکات پرسی بایکوت کردنی ئەندامان رێك بخەین و راستە بەڵێ ئەمە مافێکە مافێکی ئەندامی پەرلەمانە مافێکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانە، بەڵام ئەمە رێك بخەین بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە غیاب لە ئامادە نەبوونی ئەندام پەرلەمان پێویست ئەکات، یەعنی حاڵەتێکی بۆ بدوزینەوە و داواکاری پێشکەش بکات رای خۆی بە بەیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات داواکارییەکی هەبێ یان داخوازییەکی گشتی هەبێ پرۆژە یاسایەك داواکاری بێت شتێکی لەم بابەتە بێت بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لەوەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان رەنگە ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان نەبن ئێستا ئەندامی پەرلەمانمان هەیە ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان نەبووە ئەمرِۆ نامەیەکی ئاراستەی کردووین داوای ئەوە ئەکات وەکو بایکوت بۆ حیساب بکەین ئاخر ئەمە ناکرێت، یەعنی لە دوای ئەوەی کە تۆ لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادە نەبووی ئێستا داوای ئەوەی بکەی کە بە بایکوت بۆی هەژمار بکرێت لە کاتێدا لە پەیرِەوەی ئێستای بە کاری پەرلەمانی کوردستان پرسی بایکوت رێك نەخراوە بە شێوەیەکی عورفی لە ماوەی رابردوو هەر ئەندامێکی پەرلەمان لە کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بابەتێکی بە دڵ نەبوو بێ بەرنامەی کاری بە دڵ نەبوو بێ یان شێوازی مامەڵەی ئێمە بە دڵ نەبوو بێ هەستاوە رۆشتووتە دەرەوە و بایکوت بۆمان هەژمار کردووە، بەڵام یەعنی ئەو پرسە پێویستە رێك بخرێت، بەرێزان لە لیژنەی کاتی ئەگەر سەرنجێکتان هەیە فەرموون، بەرێز دکتۆرە رێواز فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕوونكردنەوەی بڕگەی یەكەم لە ماددەی بیست و سێ ئێمە ئەزانین، یەعنی هێنانی ئەو بڕگەیە لێرەدا ڕەنگە لە ڕووی شكلییەوە وا دەربكەوێت كە تەعدیل كردنی یاسای خانەنشینیە، بەڵام ئێمە بۆیە وەكو مافێك دەستمان بۆ بردووە بۆ ئەوەی كە هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەنانەت خولەكانی پێشووش داوایان كردووە و خواستیان ئەوە بگەڕێنەوە سەر وەزیفە و ئێمە زانیاریمان هەیە كە تەنانەت داواكاریشیان پێشكەشی دامەزراوكانیان كردووە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدراوە بگەڕێنە سەر وەزیفەكانی خۆیان بۆ بەڕێزان هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەمە مافێكی ئیختیاریە ئەندجامی پەرلەمان ئەتوانێ لێ بەهرەمەند بێ و ئەتوانێ خانەنشین بێ بە گوێرەی یاسا كار پێكراوەكان و ئێمە لە لیژنەكە دوای موناقەشەیەكی زۆر ئەمەمان داناوە و پێمان وایە ئەمە مافێكە ئەندامی پەرلەمان هەیە حەز دەكات بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە، بەڵام دەزگای موئەسساتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێگەی گەڕانەوەیان پێ نادەن لە كاتێدا هەندێكیان گەنجن تەمەنیان زۆر لە خوار چل ساڵەوەیە، سەبارەت بەوەی بۆچی خولەكانی پێشووتر ئەگرێتەوە وەكو ڕوونم كردەوە بەڕێزێك داوای كرد ئەو خولەكانی پێشوو نەگرێتەوە هەندێك لە ئەوانیش دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر وەزیفەكەی خۆیان بۆیە حەقە ئەم مافە بۆ ئەوانیش بە هەمان شێوە بێت، سەبارەت بە داواكارییەكانی بەڕێز دكتۆر شێركۆ بەشێكی زۆری داواكارییەكانی سەبارەت بە وەڵام دانەوەی پرسیار و دیاری كردنی ماوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ كردن بۆی وەڵامی پرسیارەكانی بداتەوە بەڕێزیان دەبێ سەیری ماددەكانی (64، 65، 66، 67، 68)ی ناو پرۆژەكە بكات كە تایبەتە بە پرۆسەی ئاراستە كردنی پرسیار جگە لەوەی كە داوا ئەكات كە ئەندام پەرلەمان بۆی هەبێت ڕاستەخۆ پرسیار بكات ئەوەیان لە ڕاستیدا لە ناو ئەو پرۆژەیەدا ڕێك نەخراوە، بەڵام سێ ئەندامی پەرلەمانیش پشتیوانی كردووە ئەوە ئەكرێت دواتر قسەی لە سەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێم وا بێت بەهار خان ویستوویەتی ناو تومار بكات، بەڵام ناوی تومار نەكرا بوو هەر ناو نەخوێنرایەوە ئێستا ئەم جارە هەر ناو نەخوێنرایەوە بۆ جاری پێشوو، ئەگەر قسەیەكت هەیە فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی دكتۆر شێركۆ ئەكەم هەروەها تەئكید لەو پێشنیارە ئەكەمەوە كە لە ئەركەكانە باسی بایكوت كرا لە مافەكاندا جێ بكرێتەوە بەو سیاغەیە كە مامۆستا ئەبوبەكر هەڵەدنی خستیە ڕوو هەروەها سەبارەت بە خاڵی سێیەم كە ئەڵێ ئەندام بۆی هەیە مۆڵەتی نەخوشی بە پێی ڕێكارەكان ئەو ڕێكارانە ئەگەر لیژنە ڕوونكردنەوەیكمان بۆ بدەن ڕێكارە یاساییەكان، عورفیەكان، ئیجازەی نەخۆشی چییە؟ ئەگەر ڕوونكردنەوەمان بۆ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ وەزیفەی پێشوو ئەوە سیاغە دەکەینەوە لە سیاغە کێشەی هەیە، بەڵام ئێستا لە سەر ئەو بابەتە رەئیەکی تریش هەیە دواتر لە کاتی با بڵێین سیاغە کردن دەیخەینە دەنگدان ئەویش ئەوەیە کە گەراشەوە سەر پشك بیت کامە مووچە هەڵئەبژێری خانەنشینی، یەعنی وەزیفەکەی خۆی ئەوە هەموو ئەو سیاغانە ڕێك دەخەین و دەخەینە دنگدان سەبارەت بەوەی کە بەڕێز دکتۆر شێرکۆ باسی کرد، ئەگەر کاك دکتۆر شێرکۆ سەیری کاری لیژنەکان و سەیری رەقابەش بکات لەوێ زۆر بە ڕێك و پێکی هەموو ئەو خاڵانە جێگە کراوەتەوە جگە لە ئەو خاڵەی کە وەکو دکتۆرە ڕێواز باسی کرد ئەندام دەتوانرێت راستەخۆ نووسراو بکات پێم وایە، ئەگەر یەعنی نموونەی یەك پەرلەمانی دونیاش هەبێت پەرلەمانتار بە بێ ئەوەی کە، چونکە ئێمە قسە دەکەین و ئاراستەی دەستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکەین چۆن دەتوانین سەرۆکی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی راستەخۆ نووسراو ئاراستە بکەین؟ و ئەوە لەوانەیە زەمانەتی کاری پەرلەمانی ئێمە تێك بدات و لە زەمانەت کردنی ئەو مەوعیدانەی کە هەیە بۆ گەرانەوەی نووسراو کێ زامنە؟ دەستەی سەرۆکایەتی زامنە، بۆیە ئاراستە کردنی راستەخۆی نووسراو ئەگەر زەرەیەك بیت بە دەرەجە یەك لە ئێمەیە لە ئەندامانی پەرلەمان، چونکە فەوزایەك دروست دەکات ئەتوانێت خۆی بدوزێتەوە لەو کاتانەی کە دیاری کراوە چۆن دەڕوات چۆن دێت، ئەو رسوماتە کە هەیە بۆیە پێم وایە لە رووی پەیڕەوییەوە ناکرێت، ئەگەر پشتگیریش بکرێت بیخەینە دەنگدان، چونکە ئەسلەن شتێك نییە لە هیچ پەرلەمانی دونیا شتی وا هەبوو، بەڵام ئەوەی تر بەڕێز کاك دکتۆر شێرکۆ هەموویان هەیە و لە هەر شوێنێك زانیت ئەو خاڵانە نییە ئێمە لە بەر ئەوەی سێ کەس پشتگیری کردووە دەخەینە دەنگدان و دیراسە دەکەین، بەڵام پێمان وایە هەموومان لە رەقابە و لە کاری لیژنەکان جێگە کردووتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کەس قسە نییە لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە؟

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەربارەت بەوەش کە مەسەلەی بایکوت کردن وێڕای ئەوەی جەنابیشت روونکردنەوەت دا دکتۆرە ڤاڵاش قسەی لە سەری کرد، بەڵام لە لایەن سێ ئەندامی پەرلەمانەوە پشتگیری کراوە لە کاتی سیاغە کردنەوە لە ناو مافەکانی ئەندام دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەستت خۆش بێ، جا ئێستا ماددەی بیست و چوار (24) بخوێننەوە بەڕێزان، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆیەوە.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و چوار (24) : پارێزبەندی پەرلەمانی (الحصانە البرلمانیە)، یەکەم : ئەندام ئازادی ئاخاوتن و رادەربڕینی تەواوی هەیە لە کاتی ئەنجامدانی بەکارەکانی لە ناو پەرلەمان یان لە لیژنەکانی پەرلەمان سەبارەت بەو بابەتانەی دەخرێنە روو بۆ گفتوگۆ کردن بە شێوەیەك ڕەچاوی رێزگرتن لە دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم لە چوارچێوەی کارپێکراوەکان بکات، دووەم : نابێت ئەندام راوە دوو بنرێت یان لێکۆلینەوەی لە گەڵ بکرێن یان ماڵ و نووسینگەکەی پشکنینی بۆ بکرێت یان دەستگیر بکرێت بە بێ مۆلەتەی پێش وەختی پەرلەمان تەنها لەو حاڵەتە نەبێ کە تاوانێکی بینراوی ئەنجام دابێت، سێیەم : لایەنی دادوەری تایبەتمەند لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری داوای هەلگرتنی پارێزبەندی هاوپێچ لە گەڵ پەراوی ئەو دوسییەی کە بابەتی رێ و شوێنە سزاییەکان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت، چوارەم : سەرۆکی پەرلەمان داواکارییەکە لە گەڵ پەراوەکەی دوسییەکە دەنێرێت بۆ کاروباری یاسایی بۆ دیراسەت کردن و پێشکەش کردنی راپۆرتێك لە ماوەیەك کە لە دە رۆژ تێپەر نەکات، ئەگەر لەو ماوەیەدا راپۆرتەکەیان پێشکەش نەکرد سەرۆك دەتوانێت بابەتەکە راستەخۆ بخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لە سەر هەلگرتنی پارێز بەندی لە سەر ئەندامی تومەتبار یان رەتکردنەوەی، پێنجەم : پەرلەمان و لیژنەی یاسایی لە رووی بوون و نەبوونی بەلگەی تاوان لە دوسییەکەی ناڕوانن تەنها ئەوە یەك لای دەکەنەوە کە مەبەست لە داوەکە ڕاگرتنی کاری نوێنەرایەتی ئەندام نییە، شەشەم : بڕیاری هەلگرتنی پارێزبەندی پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانە لە دەرەوە وەرزەکانی یاسا دانان دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار لە سەر هەلگرتنی پارێزبەندی دەدات، حەوتەم : بڕیاری هەلگرتنی پارێزبەندی تەنها بۆ ئەو کردە تاوانییەیە کە لە داواکەی دادوەر هاتووە لە سەر کردەکانی دیکەی ئەندام جێبەجێ ناکری، هەشتەم : ئەگەر ئەندام تاوانێکی لە جۆری جینایات لە ناو حەرەمی پەرلەمان ئەنجام بدات لە سەر سەرۆك پێویستە فەرمات بکات بە دەستگیر کردن و گلدانەوەی لە شوێنیکی دیاری کراو ئینجا رادەستی دەسەلاتی دادوەری بکات، بەلام ئەگەر تاوانەکە لە جۆری کەتن جونحە بوو سەرۆك بۆی هەیە دەسەلاتی دادوەری ئاگادار بکاتەوە بۆ گرتنە بەری رێ و شوێنی یاسایی پێویست بەرامبەری، نۆیەم : ئە ئەندامەی پارێزبەندی لە سەر هەلگیراوە و رانەگیراوە، واتە تەوقیف لە یە کێك لە گرتووخانەکان بۆی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و دانیشتنی لیژنەکان بکات و بەشداریش بێت لە گفتوگۆ کردن و دەنگدان، دەیەم : ئەندام لە رۆژی سوێند خواردنی یاسایە پارێزبەندی پەرلەمانی دەبێت و ناتوانێت بە بێ مولەتی پەرلەمان تەنازولی لێ بکات، یانزدە : ئەگەر پەرلەمان داوای هەلگرتنی پارێزبەندی رەت کردەوە بە

بێ پێشکەش کردنی بەڵگەی نویێ لە سەر هەمان بابەت داواکاری نوێ پێشکەش ناکرێتەوە، داونزدە : لە سەر زیاد کردنی بڕگەیەکی دی بۆ ئەو ماددەیە دوو را هەیە، رای یەکەم پێ وایە ئەو بڕگە زیاد بکرێت (دوای تەواو بوونی خۆلی پەرلەمان مافی سکاڵەکە لە سەر گرتنە بەری رێ و شوێنی یاسایی بەرامبەر پەرلەمانتار پارێزراو دەبێت)، رای دووەم : پێویست ناکات ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ ناوی خۆی ئەنووسێت بۆ قسە کردن لە سەر ئەم ماددەیە؟ خاتوو بێگەرد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر خاڵی (12)، لەسەر زیادکردنی بڕگەیەکی تر، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی بێگەرد خان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز کاك بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: (بەشێوەیەك ڕەچاوی ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم بکرێ) تۆزێك مەتاتییە، ئەوە ئەگەر هەر لابرێ باشترە، فەقەرەی حەوتەمیان ئەوە ڕێزمانەوانییە، دەڵێ (بڕیاری هەلگرتنی پارێزبەندی تەنها بۆ ئەو کردە تاوانییەیە کە لە داواکەی دادوەری دا هاتووە)، ئەوەی ئەخیری کە دەڵێ (لە سەرکردەکانی دیکە جێبەجێ ناکرێ) پێویست ناکات، چونکە لێرە (تەنها) هاتووە، مادام (تەنها) بۆ ئەو کردە تاوانییەیە، واتا ئەوەی ئەخیر (لە سەرکردەکانی دیکە) زیادەیە و پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی)؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی کە دەڵێ (ڕێزگرتن لە دامەزراوە حکومییەکان)، لەوانەیە بەو پاساوەوە هەندێك سنوور بۆ ڕەئی و کار و چالاکی پەرلەمانتارەکان دابندرێت، دووەمینیش ئەوەی لابردنی حەصانە لەسەر ئەندامی پەرلەمان، لە خاریجی خولی تەشریعیش هەر لە صەلاحیەتی دەستەی سەرۆکایەتی نەبێت، لابردنی حەصانە بەس بۆ زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێتەوە، بوونی سکاڵاش ئەوە نەبێ بە کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان سکاڵاکەر بۆی هەبێ ئەو سکاڵایە بجوولێنێ، لە هەموو کاتێك دا بۆی هەبێت ئەگەر هەر پەرلەمانتارێك پێویستی بەوە بوو شەکوای هاووڵاتیانی لەسەر بێت، سکاڵای خۆی لەسەر بەرز بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان؛**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەرویش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (24) خالا (6) ئەز دگەل هەندێمە دەنگێ، یێ نڤیسی (دەنگێ زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان) ببیتە (دەنگی ڕەها بێت)، ئەڤە خالێك، خالا (2) پشتگیریا ئاخافتنا بێگەرد خانی دکەین سەر خالا (12)، یادیش من پێ باشە خالەکا دی ئیزافە بیتن ئەگەر لیژنا پەیڕەوی نەبیتن، ئەگەر هاتو بڕیار هاتە دان بۆ هەلگرتنا پارێزبەندی ئەندام پەرلەمان، پاشان دادگای بێ تاوانی ئەندام پەرلەمانی سەلماند، پێویستە ئەندام پەرلەمان لە هولا پەرلەمانێ رابگەیێنێ کو ئەڤ ئەندام پەرلەمانە بێ تاوان دەرچوو، چونکی دا ئەڤ مافە بۆ بزڤرینتەڤە ئەڤ تەشهیرا پێ هاتیە کرن، چونکی مادام لە هۆلا پەرلەمان پارێزبەندی ل سەر راکر لازمە پەرلەمان جارەکا دی ڤێ بوعدێ مەعنەوی بۆ بزڤرینتەڤە و ئەم بێژین ئەڤ ئەندامە ئەڤ مافە هەبیت هەمی رێکارێن....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان؛**

بەرێز کاك بەهزاد ئاماژەی بە بڕگەکان دا بۆ ئەوەی بەرێزان

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەتا ئاماژەشم پێکرد گوتم خاڵەکی ئیزافی ئەوە هاتوو، ئەگەر بڕیار هاتە دان پارێزبەندی هاتە هەڵگرتن هۆلا پەرلەمانی، پاشان بێ تاوانی ئەو ئەندامە دەرچوو ل دادگایێ پەرلەمان دناڤ هۆلا پەرلەمانی جارەکا دی ڤی ئەوا مەعنەوی بۆ پەرلەمانی بزڤرینتەڤە کو بێ تاوان دەرچوو رابگەهینتن و ئەندام پەرلەمانیش بۆی هەبیت هەمی رێکارێن یاسایی بەرامبەر سکالا لێکەر دەتە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئەو تێبینییە بۆ هەمووتانە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە كاتی قسە كردن دا ئاماژە بەو بڕگەیە بدەن كە قسەی لەسەر دەكەن، بۆ ئەوەی بەڕێزان لە لیژنەی كاتی پەیڕەو بزانن كە لەسەر چ ماددەیەك قسە دەكەن، بەڕێز د.ڤالا فرید، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم لایەنی دادوەری تایبەتمەند لە ڕێگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەری داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی دەكات، من پێموایە ئەو فیلتەرەی كە دایانناوە زیادكردنە، كار بكرێت لیژنەكە بۆ سووك كردنی حەصانە، نەك بۆ قورسكردنی، بۆیە لە پەیڕەوی بەركار كە ئێستا كاری پێ دەكرێ، ئەوەیان نییە كە لە ڕێگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەری بێ، بۆیە داوا دەكەم وەكو خۆی دابڕێژرێتەوە، ئەو بابەتە هێندەی تر قورس نەكرێ، خاڵی چوارەم پێموایە زیادەیە، خاڵی پێنجەم بە هەمان شێوە زیادەیە، خاڵی حەوتەمیش زیادەیە، لەبەر ئەوەی كارەكان خۆی وایە، بۆیە داوای هەڵگرتنی ئەو خاڵانەش دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك سەركەوت سەرحەد، فەرموو.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە خاڵی دوانزە كە باس دەكات بۆ زیادكردنی، پێویست دەكات لابرێت، پێویستی بە زیادكردنی ئەو بڕگەیە نییە، چونكە ئەوە تەحصیل حاصلە، لە دوای نەمانی حەصانەی پەرلەمانی و دوای تەواوبوونی خولەكە سكالاكار دەتوانێ سكاڵاكە بجووڵێنێ، ماڤی سكاڵاكار پارێزراوە، یەعنی پشتگیری لە داواكەی بێگەرد خان و هاوڕێكان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی یەكەم دا پێشنیاز دەكەم ئاوای لێ بكرێ (ئەندام ئازادی ئاخاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لە كاتی ئەنجامدانی كارەكانی)، سەبارەت، یەعنی لە ناو پەرلەمان یان لە ناو لیژنەكان، لە ڕاستی دا لەگەڵ ئەوەدا نیم، لە كاتی ئەنجامدانی كارەكانی، مەبەستم ئەوەیە لە دەرەوەی پەرلەمانیش ئەگەر بە ئیشی پەرلەمانی كاری كردبوو، هەر وەكو حەصانە حیسابی بۆ بكرێ، لەوەی تر خاڵی (12) پشتگیری لەو هاوڕێیانە دەكەم، پشتگیری لە قسەكانی كاك بێستوون فایقیش دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك أبو کاروان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من کرا، بە تایبەتی ئەوەی کە ئێستا د.شێرکۆ وتی لە خاڵی یەکەم، منیش لەگەڵ ئەوەم پێویست ناکات لە ناو پەرلەمان یان لە لیژنەکانی پەرلەمان، خاڵێکی تر لێرە هەر لە خاڵی یەکەمە، ئەوەیە کە بە شێوەیەك ڕەچاوی ڕێزگرتن، پێموایە پێویستە نەك هەر لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، بەڵکو لە خودی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، چونکە زۆرجار بەڕاستی زۆر قسەی نابەجێش دەکەین، ڕێز لەوەش ناگرین، زۆرجار ئیتیهامی یەکتریش دەکەین، زۆرجار وای لێ هاتووە چۆن دەڵێین یەعنی ئەوە پێویستە داخیل بکرێت، چونکە زۆرجار وەکو ئەوەی لێهاتووە ئەو شیعرەی لەتیف هەڵمەتی لێهاتووە دەڵێ: (گەر دڵ کوێر بێ ڕۆژی ڕووناك شەوی تارە، ئەگەر پشیلە پۆلیس بێ هەموو مشکێ تاوانبارە)، با وریای ئەوە بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز د.عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی (12)، زۆرینەی زۆری ئەو تاوانانەی دەخرێتە پاڵ پەرلەمانتار لەبەر کاری پەرلەمانتاریەتی، بۆیە پشتیوانی ڕاکەی بێگەرد خان دەکەم، دوای تەواوبوونی کاری پەرلەمانتاری هەموو سکاڵاکانی لەسەر بسڕێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان ، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە بەشێك لە ماددەی (26) و (27)ی پەیڕەوە کۆنەکە بمێنێتەوە، چونکە لە هەندێ لەو خاڵانەدا ئازادی قسەکردنی پەرلەمانتار زۆر بەرتەسك کراوەتەوە، لە ڕاستی دا، بۆ نموونە خاڵی یەکەم/ (ئەندام ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی لە ناو پەرلەمان لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان، یەعنی تا ئەوێ بمێنێتەوە، ئەگەر قەرار بێ بمێنێتەوە، نەك ئەو ها تەحدید بکرێ و بەرتەسك بکرێتەوە، ڕاستە ئەندامی پەرلەمان پێویستە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات کە خراوەتە بەرنامەی کار، یەعنی لە دەرەوەی ئەو بابەتە قسە نەکات، ئەوە ڕاستە، بەڵام لە ڕاستی دا بەرتەسك کراوەتەوە، پشتگیری لە قسەکانی د.ڤالا دەکەم، پێویست ناکات بە نمونە، ئەم خاڵانە لابرێن، بۆ نمونە

لیژنەی یاسایی ئەگەر بە دروستی و ڕاستەقینەیی دۆسیەکەش نەڕوانێ، ئەی ئەم دۆسیەیە بۆ دەرچێ؟ بۆ نموونە خاڵی (4)، خاڵی (5) یەعنی ئەگەر ئەرکی لیژنەی یاسایی تەنانەت ئەوەش نەبێ لە دروستی و ڕاستەقینەیی دۆسیەکە بڕوانێ، یەعنی ئیش لەسەرچی دەکات؟ دۆسیەکە چی لێ دەکات ئەو لیژنەیە؟ تەنها ئەوەی سەیر دەکات کە ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی پەرلەمانتارەکە کراوە؟ یاخود ئەوەی کە دادگای تایبەتمەند ناردوویەتی؟ تەنها ئەوە تۆمەتێکی ڕاستەقینەیە لە ڕەگەزەکانی تاوان بەدی دەکرێن؟ تەصەور دەکرێن یاخود نا؟ بۆیە ڕاستە ئەندامی پەرلەمان ناکرێ پارێزراو بێ لە هیچ شتێك، لە کاتێك دا جینایەت دەکات و تاوانی گەورە یاخود کەتن، بەڵام لە هەمان کاتیش دا ناکرێ ئێمە زەمینەیەکی ئەوها بڕەخسێنین کە چۆت دادگا مەدەنییەکان بەردەوام دۆسیەکانیان دەنێرن بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و بۆ دادگا سەربازییەکان کە ڕایەلەیەکی بەهێز هەیە، بەردەوام دۆسیە دێت و دەچێ لەسەر کۆمەڵێك تۆمەتی زۆر لاوەکیش، لەبەر ئەوەی دوو دادگای لێك جیاوازن، ناکرێ پەرلەمانیش ئاوهای لێ بێ، پشتگیری لە قسەکانی بێگەرد خانیش دەکەم لەوەی کە وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی، ئەگەر قسەیەکتان هەیە، بەڕێز د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ڕوونکردنەوە لەسەر بابەتێك بدەم، سەبارەت بە بڕگەی (12) کە بە دوو ڕا هاتبوو، تەبعەن هیچ لەو دوو ڕایە کە بڕگەی (1) دەڵێ (ئەگەر ماوەی ئەندامێتی پەرلەمانی تەواو بوو مانای وا نییە کە ڕێگە بگرێت لە خەڵك کە سکاڵای هەبووە لەسەر ئەو ئەندامی پەرلەمانە، کە بە هەر هۆیەك لە هۆیەکان حەصانەی لەسەر هەڵنەگیراوە)، بڕگەی دیکە دەڵێ (ئەوە زیادەیە) ئەوە بەو مانایە نییە وەکو ئەوەی بەڕێز د.عزت باسی کرد، یەعنی ئیتر ئەندامی پەرلەمان تا هەتا هەتایە حەصانەی هەیە، ئەو شتەی کە لە خیلالی ئەو چوار ساڵەی کردوویەتی حەقی هاووڵاتی نییە، هەندێك جەرائیم هەیە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان کردبێتی و بە هەر هۆیەك لە ناو ئەو هۆڵە سیاسی بووە ئەو کوتلەیە، زۆر زۆر بووە نەیتوانیوە حەصانەی لەسەر هەڵگری، هیچ پاساوێکی قەزائی، قانونی ڕێگە نادات دوای ئەوە ئەو ئەندام پەرلەمانە پارێزراو بێ، یەعنی ئەگەر بڕگەکە نەشنووسین، ئەگەر بشنووسین و پێچەوانەشی بکەین، ئەوە نیزامی عاممە و مەبادیئی عاممە، قەزا دەوری خۆی دەبینی، سکاڵاکەر حەقی خۆیەتی، بۆیە نە ئەندامی پەرلەمان موقەدەسە، نە وەزیر موقەدەسە، نە سەرۆکی هەرێم، نە سەرۆکی حکومەت، نە سەرۆکی پەرلەمان، هەر کەسێك تاوانی کرد هاووڵاتی حەقی خۆیەتی سکاڵای لەسەر بکات، بۆیە ئەگەر بڕگەی (12)مان زیاد نەکرد مەعنای ئەوە نییە کە ئەندامی پەرلەمان سکاڵای لەسەر ناکرێ، سکاڵای لەسەر دەکرێ، بەڵام لەسەر ئەوەی هەبێ یان نەبێ، ئەوە دوو ڕایە و دەیخەینە دەنگدان و سێ کەس پشتگیری کردووە، بەخۆشی هەیە ڕایەکان،

زۆر زۆر ئاسایی یە، بە دەنگدان ئەم بابەتە یەکلایی دەکرێتەوە، سەبارەت بە باسێکی تر کرا کە من بەڕاستی دەمەوێ وەکو مولاحەزەیەکی عام باسی بکەین، باوەڕتان هەبێ، ئەوە ئەندامانی لیژنەکە لێرە ئامادەن، ئێمە کە زۆربەی زۆری ئەوانەی وەرمان گرتووە، یەعنی پشت بەستنە بەو پێوەرانەی لە پەیڕەوی ناوخۆی ولاَتانی دونیا، کە لە بەشێکیان بۆ نموونە ئەوەی سوید بەشێکە لە دەستووری ئەو ولاَتەش، زۆر ئاسایی یە کە بلێ ئەندامی پەرلەمان کە قسە دەکات ڕێز لە دامەزراوە دەستوورییەکانی بگرێت، حەز دەکەی شەش جوملەی دیکەشی بۆ زیاد بکەین، بەلاَم ئەگەر ئەم جوملەیە هەبوو، مانای وا نییە کە ئەوە غەدر لە ئەندامی پەرلەمان کراوە، یان ئازادی ئەندام پەرلەمان کۆتووبەند کراوە، ئەی ئەو دامەزراوە دەستوورییانە ئێوە بونیادتان نەناوە؟ بە دەنگی ئێمە نەهاتووە؟ چۆن ئەگەر نەصێك هەبێ ڕێزی لێ بگرین ئێمە پێمان وابێ ئەوە کۆتووبەندی ئازادی ئەندام پەرلەمان دەکات؟ لە هەموو دونیاش وایە، چۆن ئەندامی پەرلەمان ڕێز لە دامەزراوە دەستوورییەکانی خۆی ناگرێ؟ کە ئێمە دەبێ پارێزگاری لێ بکەین، ئێمە دەبێ حیمایەتیان بکەین، بە پێچەوانەوە هەر کەسێکی تر لە دەرەوەی ئێمە بێ تەشهیریان پێ بکات، ناویان بزڕێنێ، ئەوە ئێمەین دەبێ داکۆکیان لێ بکەین، قبولْ نەکەین لە هیچ کەسێك ئەو دامەزراوانەی کە ئێمە (حامي)ن، پارێزگارین، بۆیە بە تەصەوری من نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەندامی پەرلەمان حەساسییەتی بەرامبەر ئەم جوملانە هەبێ، بە پێچەوانەوە دەبێ پێش هەمووان خۆمان کۆتووبەند بکەین بۆ ئەوەی بتوانین خەلْکی تریش کۆتووبەند بکەین، ئەوەی تر، هەر بۆ ئاگاداریشتان لە بیدایەت کە موناقەشەمان کرد بەڕێزان، ڕەئیەك هەبوو ئەسلْەن حەصانە هەر هەلْگرین، بەلاَم دواتر چونکە لە زۆر پەیڕەوی ناوخۆی ولاَتان حەصانە هەر نەبوو، یەعنی هەیە پەیڕەوی ناوخۆ حەصانەی هەر تێدا نییە، حالْی ئەندامی پەرلەمانیش حالْی هەر کەسێکی ترە، بەلاَم ئێمە هێشوومانەتەوە، بۆیەش وەکو بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش باسیان کرد، ئەوەندەش با بلێین شلی بکەین، ئەوەندەش ئەوەی بکەین کە ئەندامی پەرلەمان موستەحیل بێ حەصانەی لەسەر هەلْبستی، هەموومان بەشەرین، قابیلی ئەوەی هەیە هەلْە بکەین، بۆیە ئەگەر هەلْەمان کرد بە پێی ئەو ڕێکارانەی ئێمە نووسیومانە حەصانە هەلْبگیرێ، سەبارەت بەو بابەتانەش کە گووترا زیادە و ئەوەیە، ئێمە ئەوەی کە سێ ئەندام پشتگیری کردبێ، دەیخەینە دەنگدان، کامە بڕگەی زیادە هەلْیدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (12) کە هات بە دوو ڕەئی، عیلاقەی بە مەبدەئێکەوە هەبوو کە لە قانونی عقوباتی عیراقی دا تەنزیم کراوە، ئەویش بریتی یە لە تەقادومی دەعوای جەزائی، ئایا دەعوای جەزائی بەسەر دەچێ؟ یەعنی ئایا کە کەسێك تاوانێك دەکات ماوەیەکی بەسەردا بچێ، مافی تاوان لێکراو، تاوان لەسەر کراو بەسەر دەچێ

بۆی نەبێ؟ ئەوە لە قانونی عیراقی دا ئەسڵ ئەوەیە کە دەعوای جەزائی تەقادوم ناکات، بەڵام لە قانونی ئسووڵی موحاکەماتی جەزائی یان لە ماددەی (3) مەجمەعەیەك جەرائیمی داناوە کە ئەم جەرائیمانە تەقادوم ناکات، یەعنی چەند ئیستیسنائێکی کردووە، بۆیە ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە هاتین ئەو موناقەشەیەمان کرد، وتمان بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەش کە تەقادومی دەعوای جەزائیش نایگرێتەوە، لێرەدا بیگرێتەوە، بەڵام ئەوە هەر بۆ ڕوون کردنەوە، دواجار ئەوە دوو ڕەئییە، بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (12) ڕای یەکەم زۆر بە ڕەهایی هاتووە، ئەوەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر فرسەت وتی و د.بەهار وتی، جیای نەکردۆتەوە کە جەزائی مافی سکاڵاکار دەمێنێتەوە، یەعنی دەڵێ دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانی مافی سکاڵاکار لە گرتنەبەری ڕێی یاسایی، واتا هەرچی دەعوایەك بە سەبەبی کارەکەش بێ کە پەرلەمانتارە کردوویێتی، دەمێنێتەوە و دوایی پەرلەمانتار دەبێ لە کۆتایی خولەکە ڕێگای تەنها مەحکەمەی بۆ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منی خان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (12) من لەگەڵ ڕای یەکەمدام، سەبارەت بە هەڵگرتنی چوارەم و پێنجەم و حەوتەم لە ماددەی (20) و (14) پشتگیری بەڕێز د.ڤالا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.بەهار محمود، قسەیەکی ترت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە باسی سکاڵا دەکەین، سکاڵا جەزائی یە، دەعوای مەدەنی تەنانەت هەڵگرتنی حەصانەشی ناوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەو پرسیارەی کاك سۆران وەجیهە، ئەگەر حەصانە هەڵناگری لە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە کاری پەرلەمانتارەکەوە هەیە، پەیوەندی بە ئەندامبوونی لە پەرلەمانەوە هەیە، دوای ئەوەی کە تەواو

**بوو، ئەو سکاڵایانەی کە بە هۆی کاری پەرلەمانییەوە بووە هەر دەمێنێ و بەردەوام دەبێ؟ بەڵێ، بەڕێز د. فرسەت، فەرموو.**

**بەڕێز د.فرسەت صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاری پەرلەمانی خۆ تاوان نییە، چ قوەتێك هەیە لەسەر کاری پەرلەمانی سکاڵا لەسەر ئەندامی پەرلەمان بکات؟ کاری پەرلەمانی مەشروعە، (100٪) مەشروعە، هەر کەسێك بە هۆی کاری پەرلەمانییەوە سکاڵای لەسەر بکرێ، خۆ مەحاکمی ئێمەی ئەوەندە ئەوە نین، یەکسەر سکاڵاکە ڕەت دەبێتەوە، ئەسڵەن کەسیش هەر ئەوەی ناکات، ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین تاوانە، کەسێکی کوشت، لە کەسێکی دا، کەسێکی بریندار کرد، ناوزڕاندنێکی گەورەی کرد، ئەوە لە ناو پەرلەمان بێ هەر تاوانە و هەر ڕەفعی حەصانە دەکرێ، لە دەرەوەی پەرلەمان بێ هەر وایە، ئەوەی بە هۆی کاری پەرلەمانییەوە بکرێ، هیچ قوەتێك نییە بتوانێت ئێستا و لە داهاتوو و لە پاش سەدساڵی تریش سکاڵای لەسەر بکات، بشچێ لەبەر ئەوەی ئێمە حەصانەمان پێ داوە هەرچی بیڵێ لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانی، هەرچی بیکات لە چوارچێوەی ڕۆڵی ڕەقابی، ئەوە مەحمییە قانونییەن، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێ سکاڵای لەسەر بکات.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ، باش، با بزانین نوقتەی نیزامی هەیە، کاك خلف، فەرموو.**

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناڕوونییەك هەیە، واتا لە نێوان ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێز بێگەرد خان و کاك د.عزت و هەندێك لە پەرلەمانتارەکانیش پێشنیاریان کرد، تێنەگەیشتن هەیە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی پەیڕەودا، تەصەور دەکەم قسەکە لەسەر ئەوەیە، ئەو کەیسانەی کە لە کاتی پەرلەمانتاری دا پەرلەمانتارێك پێی هەستاوە بەرامبەر بە دەزگایەکی گەورە، بەرامبەر بە کۆمپانیایەکی گەورە، دواتر کە ئەو پەرلەمانتارە حەصانەی نامێنێ دوای کاری پەرلەمانی، ئەم کۆمپانیا گەورە بە دنیایەك محامی و پارە و ئەوانەوە، ئایا جەوی هەرێمی کوردستان وای لێهاتووە کە ئێمە حەسانەی لێ هەڵبگیرێ یان ئەوە بکرێ، یان دەبێ ئەو پەرلەمانتارە تا قیامەت مەحامی بگرێ و لەڕێگەی دادگا بێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.ڕێواز فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبیرمە ئێمە کاتێ موناقەشەی ئەوەمان کرد باسی مافی هاووڵاتیەکمان کرد کە پەرلەمانتارێك بە هۆی هەڵنەگرتنی پارێزبەندیەوە نەچۆتە مەحکەمە مافی هاووڵاتیەك نەماوەتەوە و پەیوەندی بە کاری**

پەرلەمانی نەبووە، ئێمە ڕەنگە لەو مەسەلەدا دەقیق نەبووبین لە داڕشتندا، بەڵام ئەمنیەتەکەمان بەو شێوەیە بووە، بۆیە بۆ حەل کردنی حاڵەتەکە ئەگەر هاوڕێکانم لە لیژنەکە پێیان باش بێ سیاغەی دەکەینەوە بەو شێوەیەی لێ دەکەین، جگە لەو داوایانەی کە پەیوەندی بە کاری پەرلەمانی هەیە، دوای تەواو بوونی خولی پەرلەمان مافی سکاڵاکار لە گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر پەرلەمانتار پارێزراو دەبێ، یەعنی ئەو کاتە ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە، بەڵام حاڵەتی تر بۆ نموونە من لە دەرەوە بە سەیارەکەم لە منالێك دەدەم، یەعنی منالەکە دەمرێ، ئێ باشە ئەو هاوولاتیە کە ئێوە حەسانەم لێ هەڵناگرن لەبەرئەوەی لێرە فراکسیۆنەکەم بۆ نموونە تەحالوف دەکات لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تر باشە دواتر خاوەنی ئەو کەسە یان ئەو باوکە حەقی ئەوەی نییە سکاڵا لەسەر تۆمار بکات، لەبەرئەوەی من پەرلەمانتارم، یەعنی ئەوە بەس بۆ ئەوە، من دڵنیام هەموو هاوڕێکانم نیەتەکەمان پاراستنی مافی خەڵك بووە، نەك ئەوەی مافی کۆمپانیا و ئەوانە، لەبەرئەوە پێشنیارەکە بەو شێوەیە دەبێ و ئێمە سیاغەی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نوقتەی نیزامی تر هەیە کاك فرهاد فەرموو.

**بەڕێز فرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من قسەیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کە ڕێز لە دامودەزگاکانی حکومەت بگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەمە نوقتەی نیزامی نییە بەڕێز کاك فرهاد، ببورە، چونکە دەرگای گفتوگۆ داخرا لەسەر ئەو ماددەیە، کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بە خاڵی (12) هیوادارم باش سیاغە بکرێتەوە، ئەوەی دەعوای کەسییە و لەسەر کەسی پەرلەمانتار تا قیامەت با لەسەری بێ و تا دادگا یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە خاوەنی کۆمپانیاکان بەو هەموو سەرمایەو مەحامیانەوە هەیانە پەرلەمانتار دوای ئەوە لە پەرلەمانتاری ڕۆیشت نە تەحەمولی ئەوە دەکات نە لەگەڵ ئەوان پێك دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا داوای لێ بوردن دەکەم ئەگەر تۆزێك لە نوقتە نیزامی چوومە دەرەوە، تەنها ئەوەی کە من پێشتر گوتم یەعنی مەبەستم ئەوە نییە پرسیار هاوڕام پرسیار دەبێ لەڕێی پەرلەمانەوە بێ، بەڵام گرفتی هاووڵاتیەکە بۆ نموونە هاووڵاتی هەیە شتی هێناوە بۆ لای من سێ ساڵە مامەڵەکەی یان لە ئەنجومەنی وەزیرانە یان لە وەزارەتێکە، دە جاریش لە ڕێگەی پەرلەمانەوە محاوەلەی کردووە، دووەمیان (100٪) لەگەڵ ئەوەم بڕگەی (12) سیاغە بکرێتەوە، مافی هاووڵاتی هەمووی پارێزراو بێ ئێمە لە هیچ هاووڵاتیەك گەورەتر نین لە ڕاستی دا لە هەرێمی کوردستان دا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی (25) تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/25

نەمانی ئەندامیەتی

یەکەم/کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی لە یەکێك لەم حاڵەتانەدا دەبێ:

1/ کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان یان هەڵوەشاندنەوەی.

2/مردنی ئەندام.

3/وەرگرتنی یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، هەر پۆستێکی دی فەرمی.

4/ نەتوانینی ئەندام بۆ هەستان بە کارە پەرلەمانیەکەی کەبە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند ساغ کرابێتەوە.

دووەم/دەست لەکارکێشانەوە:

1/ئەندام بۆی هەیە بەدەر لە مەرج بەداوایەکی نووسراو دەست لەکارکێشانەوە لە پەرلەمان پێشکەشی سەرۆك بکات.

2/ پێویستە سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا داواکاریەکە بخاتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی لە هەر بارێك دا لە ماوەی (30) ڕۆژدا دەست لەکارکێشانەوەکە بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلایی بکرێتەوە.

3/ ئەندامی داواکار بۆی هەیە لە داواکەی پاشگەز ببێتەوە لەڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەکی نووسراو بۆ سەرۆك پێش دەنگدان لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی.

سێیەم/ لەدەست دانی ئەندامیەتی واتە (سقوط العضوية):

ئەندام لەم حاڵەتانە ئەندامیەتی لە دەست دەدات:

1/ لەدەستدانی شیاوی یاسایی.

2/ له دەست دانی یەكێك لـە مەرجـەكانی ئەندامیـەتی كـە لـە یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی كوردسـتاندا هاتوون.

3/ حوكم دران بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێكی ئەنقەست یان كەتنێكی ئابڕووبەر.

4/ ئامادەنـەبوونی ئەنـدام لـە كۆبوونـەوەكانی پەرلـەمان بـە پێـی بڕگـەی (1) لـە مـاددەی (22)ی ئـەم پەیڕەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، كێ ناوی خۆی دەنووسێ بۆ قسە كردن لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك ناضم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نەمانی ئەندامیەتی دا یـان كۆتـایی هـاتنی ئەندامیـەتی لـە بڕگـەی (3) پێشـنیار دەكـەم كـە بڕگـەی(3) هەڵبگیردرێت بە بۆچوونی من ئەوە زیادە لەبری ئەوە بنووسرێ بەهەر هۆكارێك لە هۆكارەكانی دەسـت لـە كاركێشانەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەم خاڵەی بۆ زیاد بكرێ، هەر ئەندامێك لەسەر داوای خۆی دەسـتی لەكاركێشایەوە هـیچ ماف و ئیمتیازاتێكی پەرلەمانی وەرنەگرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ایدن فەرموو.

**بەڕێز ایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئـەوە دام كـە لـە مـاددەی (25) لـە خـاڵی (3) وەرگرتنـی یـەك لـە پۆسـتەكانی سـەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و هەر پۆستێكی تـری فـەرمی، ئـەم خاڵـە هـەڵبگیردرێت لەبەرئـەوەی لێـرەدا باشتر وایە وەرگرتنی یەكێك لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یاخود پۆستی جێگـری ئەنجومـەنی وەزیـران یاخود پۆستی وەزیر نەبێتە هۆی كۆتـایی هـاتنی ئەندامیـەتی پەرلـەمان، لەبەرئـەوەی ئەمـە دەبێتـە هـۆی پتەوكردنی پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حكومەت ڕۆڵی پەرلەمان لە چاودێری كردن و كاروباری حكومەت نزیكمان دەكاتەوە لە سیستمی حكومەت وپەرلەمانی دا كە ئەم شێوازە لە هەنـدێك وڵاتـانی جیهـان تـاوەكو ئێستاش پەیڕەو دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك نازم کبیر دەکەم، لەبڕگەی یەکەم دا کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی لە خاڵی چوارەم دا نەتوانینی ئەندام بۆ هەڵسان بەکارە پەرلەمانیەکەی بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند ساغ کرابێتەوە، ئایا ئەوە لەناو هۆڵی پەرلەمان دا دەتوانرێ با بڵێین لەڕێگەی دەنگدانەوە ئەوە یەکلابکرێتەوە یان تەنیا لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە یەکلا دەکرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە تەئکید دەکەمەوە سەرنجی کاك د.فرست ڕادەکێشم پێم وابێ لە ماددەی (22) پێشنیارێکم بۆی کرد نەینوسی بوو، هەر لەوێش هاتووە کە لە ئەرکەکانی ئەندامە نابێ دوو وەزیفەی هەبێ، لێرە جارێکی تر هاتووە، بۆ ئەوەی ئاگاتان لێی بێ، گرنگیشە ئەم خاڵە بمێنێ، چونکە ناکرێ وەزیر بیت و ئەندامی پەرلەمان بی، لەسەر فەقەرەی (4) ئەمە ڕەکیکە و وشەی ساغ کرابێتەوە هاتووە، من بەم شێوەیەی لێ دەکەم کاتێك ئەندام نەتوانێ کارە پەرلەمانیەکەی ڕابپەڕێنێ کە بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند سەلمێنرابێ، لە فەقەرەی (2)شدا پشتگیری کاك د.شێرکۆ دەکەم خاڵێکی دیکە خۆ ئەندامێکی پەرلەمان کاتێ دەست لە کاردەکێشێتەوە ئەو حەقەی هەبێ تۆ دەیخەیتە دەنگدانەوە، مەسەلەن لەم خولەدا هەبووە ئەندامی پەرلەمان دەستی لە کارکێشاوەتەوە و بەڵام دوایی هاتووە دەنگی نەهێناوە، یەعنی ئەو حەقەش بدەینە ئەندامی پەرلەمان کە دەستی لەکارکێشاوە بە قبوڵ حساب بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەت بە خاڵی سێیەم وەرگرتنی یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران بەڕەئی من ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران لاببرێ، ئەگەر یاساش ڕێگە نەدات، یاساکانی تر هەموار بکرێنەوە، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە مۆدێلێکی زۆر سەرکەوتووشە وەزیر ئەندامی پەرلەمانە و سەرۆك وەزیران ئەندام پەرلەمانە، بۆ ئەوەی هەماهەنگیەکی باشتر هەبێت، هەم لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و

هەمیش وەزیرەکان نزیك بن لە خەڵك و بتوانن لە دەردو کـەموکوڕی خـەڵك تـێ بگـەن و داواکـاری خـەڵك جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (25) خاڵی (3) پشتگیری لە بەڕێز کاك نـازم و بـەڕێز کـاك علـی دەکـەم کـە هـەڵبگیردرێ باشـترە، لەبەرئەوەی هەڵگرتنی زیاتر چەسپاندنی نیزامی پەرلەمانییە کە هەمووومان داواکارینە و ئێستاش پـەیڕەو کراوە لە هەرێمی کوردستان، لە لەدەستدانی ئەندامیەتی، خاڵی (3) مەبەستیان چی بووە لە خاڵی سێیەم؟ تەنها ڕوونکردنەوە سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ئەندامانی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی پەیڕەو؟ بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی کە زۆرترین گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و ئێمەش زۆر گفتوگۆمـان لەسـەری کـرد ئایـا کاتێـك کـە کەسێك لەو پەرلەمانە بۆ وەزیر حـەقی هـەبێ وەزیـر بـێ و ئەنـدامی پەرلـەمان بـێ، ئەمـە قسـەیەکی زۆر ڕاستە لە سیستمی پەرلەمانی کە بابڵێین (بەریتانیا) دایکی سیستمی پەرلەمانییە و ئێستاش لـەوێ دەکـرێ ئەنـدامی پەرلـەمان وەزیـریش بـێ، بـەڵام ئێمـە سـەیری تەجروبـەی بەغـدامان کـرد هـەر سیسـتمەکە پەرلەمانیە، بەڵام لەوێ قەدەغە کراوە کاتێ کە بووە وەزیر یەکسـەر لـە پەرلـەمان دەسـت لـە کارکێشانەوە هەژمار دەکرێ، ئەمە وەکو ئەساس زۆر زۆر ئاساییە و تەقریبەن قاعیدەشە کە دەکرێ وەزیر بـێ و ئەنـدام پەرلەمان بێ مادام ئێمە سیستەممان پەرلەمانییـە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا سـەیرمان کـرد لـە کوردسـتان عەمەلی نییە، زۆربـەی ئـەو حاڵەتانـەی ڕوویانـداوە یەکسـەر کـە وەزیـر دەسـت بـەکاربووە کـە لـەو خولـەی ئێمـەش کـرا، یەکسـەر دەسـتی لـەکار کێشاوەتەوە، لـە دیـوەکی دیکـەش سـەیرمان کـرد کاتێـك کـە کەسـێك ئەندامی پەرلەمان بێ و وەزیریش بێ و لە لیژنەیەك بێ کە لە وەزارەتەکەی خۆیـەتی و تـۆزەك ئـەوە لـە لیژنـەی پـەیڕەو دیراسـەمان کـرد ئێمـە گەیشـتینە ئـەو ڕایـەی کـە بـۆ پەرلـەمان باشـترە یەکسـەر دەسـت لەکارکێشانەوە هەژمار بکرێ، ئەوەی تر کە کاك بێستوون باسی کـرد ئێمـە لـەوێ لـە مـاددەی (22) باسـی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەکانیش کراوە، یەعنی ئەو بڕگەیەی جەنابت، یەعنی ئەو ئەنجومەنە محافـەزات و ئەوانە ناکرێ لە هەمان کاتدا لە ئەنجومەنی محافەزە بـێ و لـە پەرلـەمانیش بـێ، ئـەوەش باسـکراوە، بـەڵام ئەوە یەکێکە لە شەرتەکانی کۆتایی هـاتنی ئەندامیـەتی، ئـەوەی تریـان سـەبارەت بـە بڕگـەی (3) پێمـوابێ د.ڤالآ باسی کرد لە دەستدانی ئەندامیەتی با هەر ڕوونکردنەوەیەکی عام بدەم کردمانـە سـێ بـەش یـەعنی

نـەمانی ئەندامیـەتی یـەکێکیان ئەوەیـە کـە کۆتـایی هـاتنی ئەندامیەتیـە بەشـێوازێکە یـەعنی لـە دەرەوەی ئیرادەی ئەندامی خۆی کۆتایی پێ دێت کە کەسەکە دەمرێ، ئەوەی تریان دەست لـە کارکێشانەوەی و خـۆی بـە ئـیرادەی خـۆی دەسـت لەکاردەکێشـێتەوە، یـەعنی کردمانــە سـێ بـەش، ئــەوەی تریـان لەدەسـتدانی ئەندامیەتییە بەهۆی سەبەبێك کە دیار نییە، مەسەلەن نەمانی شیاویەتییە جا عەقڵی لەدەست دەدات یان هەر مەرجێکی تر لە مەرجـەکانی کـە لـە یاسای هەڵبـژاردن هـاتووە، یـەك لەوانـەی تـر کـاتێ کـە کەسـەکە ئەندامی پەرلەمانە حوکم دەدرێت بە تاوانێـك کـە بـە عەمـدی ئـەنجامی دابـێ، یـان کـەتنێکی ئابڕووبـەری کردبـێ لـەو کاتـەی کـە ئەنـدامی پەرلەمانـە، لـەو کاتـە کـە ئـەو تاوانـەی کـردووە و حـوکم درا یەکسـەر ئەندامیەتەکەشی لەدەست دەدات، بۆیە ئێمە بەو شێوەیە پۆلینمان کرد بۆ ئەوەی ڕوونتر بێ و بـە تەئکیـد لەگەڵ ئەندامانی لیژنە پێیدا دەچینەوە لە کوێ پێویستی بـە ئیعـادەی سـیاغە بـێ بـە باشـتر کردنـی ئـەو ڕایانەی ئێوە کە بە تەئکید ڕای زۆر باشی تێدا بوو، ئێمە وەکو باسم کـرد هـەوڵ دەدەیـن لـە کـاتی خسـتنە دەنگدانی هەم ئەوانەی پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە و ئێمـەش هەسـتمان کـرد بەشـێکی زۆری ماددەکانمـان لەڕووی سیاغەوە پێویستیان بـە پێداچوونەوەیە تەئکیـد پێیـدا دەچـینەوە باشـتری دەکـەین و گونجـاوتری دەکەین ڕایەکانی ئێوە هەمووی بە نەزەری ئیعتبار وەردەگرین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هیچ ئیزافەیەکی تر نییە کەواتە ماددەی (26) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، کـاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/26

دەنگدان لەسەر لەدەستدانی ئەندامیەتی بەشێوەی نهێنی دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (26) ناوی خۆی بنووسێ، کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ دەنگدانی لەسەر لەدەستدانی ئەندامیەتی بەشێوەی نهێنی دەبێت و بە زۆرینەی ڕەها و واتە (50+1)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە من داوای ڕوونكردنەوەیەك لە لیژنە دەكەم، بۆ بەشێوەیەكی نهێنی بێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی كاتی پەیڕەو فەرموون ڕوونكردنەوەتان چییە؟ د.ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەی كە زۆرینەكەمان دانەناوە ئەوە دەبێ دیراسەی بكەین لە لیژنەكە، بەڵام ئەوەی كە كاك ناظم دەڵێ بۆچی نهێنی بێ، ئێمە زۆر موناقەشەی ئەمەمان كرد، زۆرجار ئەندامێكی پەرلەمان كە ئیستقالە دەكات، ڕەنگە ئەندامانی تری پەرلەمان ئیحراج بن بەوەی كە بڵێن بەڵێ یان نەخێر، ئێمە بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان لەو ئیحراجیە ڕزگار بكەین ئەوەمان داناوە كە نهێنی بێ، دواجار بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوە یەكلایی دەكەنەوە، تەبعەن سقوت و حاڵەتەكانی تریش بۆ ئەوەی خەڵك ئیحراج نەبێ، ڕەفیقەكەی ئیستقالە دەكات سقوتی ئەندامیەتی هەیە، پێویست دەكات كە تۆ دەنگی لەسەر بدەی بۆ ئەوەی كەس ئیحراج نەبێ و هەموو كەسێك بە شكلێكی مەوزوعی دەنگ بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ماددەی (27) كاك سۆران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (26) تەنها لەسەر سقوتی عزویەیە، یەعنی تەنها لە ماددەی (25) تەنها لەسەر بڕگەی سێیەمیەتی، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بێ.

ماددەی/27

ئەگەر كورسیەكی پەرلەمان بە تاڵ مایەوە ئەوا بە پێی یاسا كارپێكراوەكان كاندیدێكی تری هەمان لیست جێگەی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، كەس نییە؟ كەواتە گفتوگۆی لەسەر ناكرێ، بەڕێزان بەم شێوەیە هاتینە كۆتایی كۆبوونەوەی ئەمڕۆ، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمینكی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی** 2015\10\6

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2015/10/6

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2015/10/6 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2015/3/9 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵ پشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو،**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (5)، ڕۆژی دانیشتن 2015/10/6، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی پایزەی ساڵی دووەم، لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 2015/10/6 بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،**

**1. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵ پشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لە دەست پێکدا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،**

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی بەخشندەی میهرەبان، پوختەی دانیشتی ژمارە (4) لە بەرواری 2015/9/21، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

1- دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە،

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو هەروەها خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

3- گفتوگۆكردن لە سەر پەیڕەوی ناوخۆ كە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە ناوی ئامادەنەبوانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و لیژنەكانی پەرلەمان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی لە بەرواری (2015/9/21) مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (1- ئاری محمد - مۆڵەت، 2- ئێڤار ابراهيم - مۆڵەت، 3- - باپیر كامەلا - مۆڵەت، 4- تحسين اسماعيل - مۆڵەت، 5- پەری صالح - مۆڵەت، 6- جمال عثمان - مۆڵەت، 7- جودت جرديس - مۆڵەت، 8- حسن صالح - مۆڵەت، 9- زانا عبدالرحمن - مۆڵەت، 10- سهراب ميكائيل - مۆڵەت 11- شێركۆ جودت - مۆڵەت 12- صالح بشار - مۆڵەت، 13- گۆران ئازاد - مۆڵەت، 14- ڤیان عباس - مۆڵەت، 15- عادل عزيز - مۆڵەت، 16- عبدالله جاسم - مۆڵەت 17- عمر صالح - ئامادەنەبووە، 18- عمر عینایەت - مۆڵەت، 19- فرحان جوهر - مۆڵەت، 20- كەژاڵ هادی - مۆڵەت، 21 - ماجد عثمان - مۆڵەت، 22- محمد صادق - ئامادەنەبووە 23- محمد علی ياسين - ئامادەنەبووە 24- يروانت نيسان - ئامادەنەبووە، 25- يعقوب گورگيس - ئامادەنەبووە 26- محمود عمر - مۆڵەت، 27- كنعان نجم الدين - مۆڵەت) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. راپۆرتی بەدواداچوونی كۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان لە بەرواری (9/16/ 2015) تا (2015/10/6) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

1- لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجەییەكان: (9/16/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە ( عبدالله محمود مۆڵەت بووە، برزۆ مجيد مۆڵەت بووە)

2- لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی: (9/16/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە گشت ئەندامان ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون،

3- لیژنەی كۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان: (9/20/ 2015) كۆبوونەوەیان كردووە (كەژاڵ هادی مۆڵەت بووە ئاواز جەنگی ئامادەنەبووە)

4. لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان: (9/21/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (پەری صالح مۆڵەت بووە، کەژاڵ هادی مۆڵەت بووە، ئاواز جەنگی مۆڵەت بووە)

5. لیژنەی دەست پاکی: (9/30/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە ( ئیدریس علی مۆڵەت بووە، ئومێد حەمە علی مۆڵەت بووە، برزۆ مجید مۆڵەت بووە، گۆران ئازاد مۆڵەت بووە)

6. لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ( 10/1/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە ( رۆژا محمود ئامادەنەبووە، علی هالۆ ـ مۆڵەت بووە، صالح بشار ئامادەنەبووە، ـ عزت صابر ـ مۆڵەت بووە، فائق مصطفی ـ مۆڵەت بووە، بەیار طاهر ـ مۆڵەت بووە)

7. لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت: (10/4/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (مریم صمد ـ مۆڵەت بووە)

8. لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان: (10/5/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (ئاواز جەنگی ـ مۆڵەت بووە)

9. لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان:: (10/5/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (رۆژا محمود ـ مۆڵەت بووە )

10. لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر: (10/5/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە، گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون،

11. لیژنەی کاروباری مۆمەلگای مەدەنی: (10/5/ 2015) کۆبوونەوەیان کردووە (ناظم کبیر ـ مۆڵەت بووە، محمد علی یاسین ـ ئامادەنەبووە، ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت بووە)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەچینە سەر بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، پاڵ پشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، داوا لە لیژنەی کاتی پەیڕەو دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەستپێکردن بە گفتوگۆ لەم بوارە، فەرموون، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان نوقتەی نیزامیان هەیە؟ ئێمە پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان دانیشتنێکمان کرد لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان سەبارەت بەو بارودۆخەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە ئارا دایە، بەتایبەتی مەسەلەی قەیرانی نەدانی مووچە و، بەردەوام بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری ئەوە دراوە کە کۆبوونەوەیەکی هەردوو لیژنەی دارایی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لەگەڵ وەزیری دارایی ئەنجام دەدرێت لە نزیك ترین کاتدا و، بە هەمان شێوە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ حکومەت ئەنجام

بدرێت و، لە داهاتووشدا ئەگەر بە پێویست زانرا لە هەفتەی داهاتوو دانیشتنی پەرلەمانیش لە سەر ئەم بابەتە ئەنجام بدرێ، بۆیە ئەمە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان باسکرا، و بەم شێوەیە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بڕیاریان لێ داوە، بۆیە هەر بابەتێك پەیوەندی بەوەوە هەبێت نوقتەی نیزامی نییە؟ چونکە لەبەرنامەی کاردا نییە، فەرموو کاك یروانت،

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەێ رۆژێ هاتبووین بەس وەرەقەمان تەوقیع نەکردبوو نیوسەعات وەکی هەمی کەسان ئەز و کاك یعقوب دەرکەڤت بووین راتبمان وەرگرت و ئەم هاتین بەس جەلسە زی تەواو بوو لەورا مەوجود بووین دیارە ل پرۆتۆکۆل، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هەورامان،

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت هەرچەند سەرەتا فەرمووت نوقتەی نیزامی نییەلەو بابەتە، بەڵام پێم وایا توڕەیی و ناڕەزایی خەڵك و برسیەتی خەڵك

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە وەڵاممان دایەوە، پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، فەرموو کاك عباس غزالی

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو دەزانین لە رۆژانی رابوردوودا گوندی زارگەلی کەوتە بەر پەلاماری فڕۆکەکان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش پەیوەندی بە بەرنامەی کار نییە، کاك عباس جەنابت دەتوانی وەکو یاداشتێك ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەی، فەرموو خاتوو زوڵفا محمود

**بەڕێز زوڵفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەش (9/15) بۆ (10/5) کۆبوونەوەی لیژنەی ئەنجام داوە بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی، بەڵام ئیشارەتی پێ نەدرا لێرە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە راپۆرتەکەدا نەهاتووە دوایی دەتوانن ئاماژەی پێ بدەن، فەرموو کاك بهزاد دەروێش،

**بەڕێز بهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی راستی مە دڤێت پەرلەمان رولی خۆ ببینیت یا ئەکتیف بیتن، بۆ نمونە لیژنا ئاڤەدانکرنێ و نیشتەجێکرنێ ئەڤە (4) هەیڤا هیچ دانیشتنەك نەکریا، نە ئاماژە پێکرد کە دانیشتن نەکرینا، یەعنی سەبەب چنا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی وەکو یاداشتێك ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەی، فەرموو کاك بهزاد دەروێش،

**بەڕێز بهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەندە خاڵە نیزامیم هەبوو ل سەر ئەڤ وەلآمێ تەدابا ب راستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، جەنابتان ئاگادارن کە پێش جەژن من داوای پرساندم کردووە بۆ وەزیری سامانە سروشتییەکان، بە شەخسی و بە جەماعیش لەگەڵ چەندین پەرلەمانتاری تردا داوامان کردووە، دوێنێش یاداشتێکمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی کردووە (24) سەعات پێش کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بەوەی کە بڕیارێکی گرنگ بۆ ئەوەی کە پەرلەمان بتوانێ کە ڕۆلی حەقی خۆی ببینێ لە بڕیاردان لە سەر لێپرسینەوەو پرساندن و

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاداشتەی تۆ نەگەیشتۆتە ئێمە، فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لە سەر ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم مەوزووعە کە جەنابت دەفەرمووی کە پەیوەندی بە کارنامەی ئەمڕۆوە نییە، ئەم مەوزووعە لە پێش جەژنەوە ئێمە باسمان کردووە، هاتنی وەزیری دارایی بۆ هەردوو لیژنەکە عیلاجی کێشەکە ناکات، کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی حکومەت کێشەکە چارەسەر ناکات، وەزیر هەیە قەزیەی قانونی لە سەرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو یاداشتانەی ئێوە باسی دەکەن کە داواتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەت کراوە، پێویست دەکات کاتی دانیشتن دیاری بکرێ، بۆ ئەو پرسانە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و، ئەو کات ئێوە دەزانن ئێستا گرفتێك لە ئارادا هەیە و، شاراوەش نییە، ئێمە ئەمڕۆ لە

کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکاندا باسمان کرد کە پێویست دەکات ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، ئەو کاتە هەوڵ دەدەین دانیشتنەکانی پەرلەمان لە سەر ئەو بابەتانە بکرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاداشتەی تۆ نەگەیشتۆتە ئێمە، فەرموو د. شێرکۆحەمە امین،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەکانی من هەمووی نیزامییە؟ ئینجا تکات لێ دەکەم ڕێگەم پێ بدە قسەکانی خۆم بکەم، ئێمە لە (16)ی مانگەوە یاداشتمان پێشکەش کردووە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزانی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بە پێی ماددەی (54)یش کە ئەو حکومەتە لە لێپرسینەوە دەترسێ، لە سەحبی سیقە دەترسێ، من دڵنیای دەکەم سەحبی سیقە لەم پەرلەمانە روو نادات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بە ئارەزووی خۆت هیچ کێشەك نییە لەوەی کە دادەنیشی یان دانانیشی، جەنابت دەتوانی بە ئارەزووی خۆت هەر بڕیارێك دەیدەی بیدەی، بەڵام ئەگەر هەر یاداشتێکی ئێوە ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەنێنراوە بۆ حکومەت پرساندنتان کردووە بۆ وەزیرەکان، نەڕۆیشتووە بۆ حکومەت ئەوە ئێوە دەتوانن گلەیی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن کە بۆچی ئەم بابەتانە نەنێردراوە بۆ حکومەت، بەڵام کاتی کۆبوونەوە دەبێ دیاری بکرێت وەبەر مەبنای ئەوە، لەبەرنامەی کاردا دابنرێ و، دوایی قسە لە سەر ئەم پرسانە بکرێ، ئێستا ئەو ئەندامانەی پەرلەمان دەیانەوێ قسە لە سەر ئەم بابەتە بکەن، ئایا گرفتەکانی خەڵکی کوردستان هەر بە قسەکردنی ئێوە لە هۆڵی پەرلەمان بە مەنەلۆجی داخلی ئێوە قسە بکەن هەر بۆ ئەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قسەکانتان بڵاوببێتەوە هیچ لە کێشەکان چارەسەر دەبێ؟ ئێوە کەستان درێخیشتان نەکردووە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قسەی خۆتان بکەن، دەستان خۆشبێ ئیشێکی باشتان کردووە، حکومەت ئەگەر نایێ لە پەرلەمان جوابی پەرلەمانتاران بداتەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قسەی خۆیان دەکەن، بۆیە ئێمە دەمانەوێ کۆبوونەوەی پەرلەمان بەرهەمدار بێ، ئێستا هەموومان درك بەو کێشە و گرفتانە دەکەین کە خەڵکی کوردستان بە دەستییەوە دەناڵێنێ کە بەشێکی پەیوەندی بە باری بژێویانەوە هەیە، بەشێکی پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە و، ئێمەش خۆ لە سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەی خۆمان لەم بوارەدا کردووە، بەڵام نامانەوێ تەنها کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ مەنەلۆجی داخلی بێ، بۆ قسە و قسەی بەرامبەری ئەندامانی پەرلەمان بێ، لە بری ئەوەی کێشەکە چارەسەر ببێ هەندەی تر کێشەکە قووڵ ببێتەوە بەتایبەتی لە ناو پەرلەمانی کوردستان لەم ڕووەوە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێوشوێنەکانی قسەکردن و شێوازی قسەکردن و لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕێك خستووە کە پێویست دەکات ئەندامانی پەرلەمان داوا بکەن کاتی کۆبوونەوە دەست نیشان بکرێ وەبەر مەبنای ئەوە دوایی کۆبوونەوەیەکی مونتج ئەنجام بدرێ، ئێمە

ئەمڕۆ لە کۆبووەنەوە بووین لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەندێك ڕێوشوێنمان داناوە کە کاری لە سەر دەکەین، بە دڵنیاییەوە قەیرانەکانی خەڵك هی ئەوەیە لە پەرلەمان باس بکرێ، وەکو لە کۆبوونەوەی تریش باسم کردووە، ناکرێت پەرلەمان کۆت و بەند بکرێت لەوەی کە لێپرسینەوە وەزیرەکان نەکات و، هیچ یاساو ڕێسایەکیش ڕێگای بەمە نەداوە وەزیرەکان و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت پابەندبن بەو یاسایانەی کە پەیوەندی نێوان هەردوولامان ڕێك دەخات و، پێچەوانەی ئەوە پەرلەمان دەتوانی ڕێکاری خۆی بگرێتەبەر، فەرموو مامۆستا عمر صالح،

**بەڕێز عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز زانم کو پەیڕەوی ناوخۆ گەلێك کێم و کاسیا تێدا هەین، ئیحتیمالە مەوزووعە تەعلیقە عزویەتێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش هەر پەیوەندی بە بابەتەوە نییە، جەنابت دەتوانی ڕوونکردنەوەی خۆت لە دەرەوەی پەرلەمان بدەی، فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە بەناوی لە بەرنامەی کاردا قسەمان پێ مەبڕە، چونکە قسەکانمان یاساییە، ئێمە لەو ساتە وەختە کە لێرە ئەم گفتوگۆیە دەکەین خەڵك ڕژاوەتە سەر جادە مووچە و

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، منیش دەزانم هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندیش دەزانن خەڵك ڕژاوەتە سەر جادە، دەزانین خەڵك کێشە و گرفتی هەیە، بەڵام بەوەی تۆ لێرە باسی بکەی هیچ لە کێشەکە چارەسەر نابێ، فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز کاك سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ خۆمان لە کارکردن لە لیژنەی پەیڕەوی ناوەخۆ میکانیزمێکمان پەسەند کرد

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، پەیڕەوی ناوخۆ یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و سەرەکییەکان، تکایە ئەم بابەتە بەو ئاقارە مەبەن کە پەیڕەوی ناوخۆ گرنگ نییە، پەیڕەوی ناوخۆش گرنگە، بەتایبەتی بەشێك لەو کێشانەی کە ئێستا ڕوبەرووی پەیوەندی نێوان ئێمە و حکومەت بۆتەوە، پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە هەیە، فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی کاتی هەمواری پەیڕەو میکانیزمێکمان پەسەند کرد، بەپێی ئەو میکانیزمە یەکێك لە خاڵەکان ئەوەیە کە هەر پرسێکی تری گرنگ هاتە پێش (3) پەرلەمانتار داوا بکات یاخود بە کۆبوونەوەیەکی نا یاسایی، بۆیە لە دەرەوەی موزایەدە، لە دەرەوەی تەشەنوج و بریندارکردنی یەك، هەر (111) پەرلەمانتارەکەوە بە دەستەی سەرۆکایەتیشەوە فەرموو با دەست بخەینە ناو دەستی یەك موعاناتی خەڵك فەرموون با قسەی لێ بکەین بۆ ئەوەی ئەم ڕەد فیعلەی ئێستا لە ناو هۆڵەکەش هەیە بۆ پەرلەمانتاران دروست نەبێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکان ئەوەشمان باس کرد تەنانەت ئەگەر حکومەتیش نەیەتە پەرلەمان، کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێ لە سەر ئەم بابەتە، بەڵام باشتر وایە کە ئەم کۆبوونەوەیە بەرهەمدار بێت بە ئامادەبوونی حکومەت، فەرموو هیڤا خان،

**بەڕێز هیڤا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو بڕیاردەری لیژنەی دارایی دوو جار داوام کردووە کە وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ بەرچاوروونی بێنە لیژنەی دارایی، وەزیری دارایی حازر بوو کە بێتن بەتایبەتی لە سەر بودجەی (2016) و، بۆ مووچەی موەزەفینی حکومەت کە قسە بکات، بەڵام لیژنەی دارایی دەڵێت دەبێ ئیلا بێتە هۆڵی پەرلەمان، بۆ چ نەیەتە لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی دەتوانێ کەمێك کێشەکان چارەسەر بکات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بڕیاری لێدراوە، ئەوە دەکرێت، فەرموو د. شیرین،

**بەڕێز د. شیرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر چاوەڕێی بەرنامەی کاری پەرلەمان بکەین تا دوو مانگی تر دەبێ قسە نەکەین، هەزار و یەك کێشە لە دەرەوەی پەرلەمان هەیە، دەبێ ئێمە چاوەڕێی بەرنامەی کاری پەرلەمان بکەین ئەمە کاتی پەیڕەوی ناوەخۆ نەبوو ئێستا کەوتە بەرنامەی کار تا دوو مانگی تر

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتی پەیڕەوی ناوخۆیە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ هەر لە بەرنامەی کار بوو فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد لە بەرنامەی کاردا نییە، بەڵام بەپێی ماددەی (54) بڕگەی دوو و چوار، هەر ئەندامێك مافی هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات کەوا بیرۆکەیەك بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە پێی وەرگیرێت، کەواتە هەموو کەسێك لە ئێمە ئەو مافەی هەیە کە بیرۆکە بخەینە

روو بۆ حەل کردنی ئەم کێشەیە، من تەنها بە بەڕێزت دەڵێم و بە دەستەی سەرۆکایەتیش دەڵێم ئەنجومەنی وەزیران نایەنە ناو پەرلەمانەوە، و لە ناو ئەم پەیڕەوی ناوخۆشدا موعالەجە نەکراوە ئەگەر نەهاتن ئێمە چی بکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێمە موناقەشەی تازەی پەیڕەو دەکەین کە جەنابیشت دەزانی ئەم بابەتەی تێدا موعالەجە کراوە، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە موعالەجە نەکراوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با، ئەم بابەتە موعالەجە کراوە لە پەیڕەوی تازە، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، من ئەوەی کۆنەکە باس دەکەم، ئێمە کارێك بکەین چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین کە لەمەولا ئەنجومەنی وەزیران یان هەر وەزیرێك ئامادەنەبوو لە پەرلەمان ئەو کاتە ئێمە بەپێی ئەو پەیڕەوە تازەیە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان،

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە قسەی هاوڕێکانمان لە پەرلەمانی کوردستان مەبەست ئەوە نییە کە ئێمە بۆ راگەیاندنەکان یاخود بۆ ئیعلام قسە بکرێ ئەمە گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردییە، بە هەزاران خەڵك لەم رۆژەدا برسییە، بە هەزاران مامۆستا و فەرمانبەر لە سەر شەقامە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من مەبەستم ئەوە نەبووە کە قسەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ راگەیاندنە، باسی ئەوەمان کرد، وتمان دەمانەوێ کۆبوونەوەیەکی بەرهەمداری پەرلەمان لە سەر ئەم بابەتە بێتە کایەوە، نەك ئەوەی تەنها ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن و، ئەندامێکی تری پەرلەمان تەعلیق لە سەر قسەکەی بدات و، ئەمە لە کەناڵەکانی راگەیاندن بڵاو ببێتەوە، باسی ئەوەمان کرد کە ئەمە لە کەناڵەکانی راگەیاندنیش دەکرێ، بەڵام کاری بەرهەمداری پەرلەمان ئەوەیە کە وەزیر ئامادەبێ، لێپرسینەوەی لێ بکرێ، روونکردنەوەی خۆی بدات و، ئەو کاتە پەرلەمان بڕیار بدات، نەك ئەوەی پەرلەمان بەس قسە بکات، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خەمە، خەمی هەمووانە بۆ ئەوەی لەم جەدەلەش بترازێ و ئیحترامەن لە بازنەی موزایەدە دەرچێ، جەنابتان رایبگەێنن وەکو دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەم ماوەیە لە ئەولەویەتی کارەکانی پەرلەمان چارەسەرکردن و بەدواداچوون بێ بۆ ئەم کێشانە، ئیتر بەیانییە کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین لەگەڵ حکومەتدا بێینە سەر خەت، ئەمە خەمی هەموو (111) پەرلەمانتارانە، هی هیچ پەرلەمانتار و هیچ فراکسیۆنێك نییە بەتەنیا، ئەو شەقامەش هەموومان خاوەنی ئەم شەقامەین یەك بە یەکمان ئێوە ئەو بەڵێنە بدەن بۆ ئەوەی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڵێنە هەیە لە رابوردووش خۆت دەزانی لە خولی گرێدانەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش یەکێك لەو بابەتە هەرە سەرەکییەکان کە لە گفتوگۆی پەرلەماندا بووە ئەو قەیرانانە بوون کە لە هەرێمی کوردستان هەن، قەیرانی وزە، قەیرانی دارایی و، چەند کۆبوونەوەیەکمان بۆ کردوون و، ئێستاش ئێوە دەزانن کە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان بووە لە سەر ئەم بابەتە و، پەرلەمان لە سەر خەت بووە ئەو یاداشتانەش کە پەرلەمانتاران هەیان بووە ئاڕاستەی حکومەت کراوە، هەر بیرۆکەیەکیش لەلایەن پەرلەمانتاران هەبووە ئاڕاستەی حکومەت کراوە، فەرموو کاك جمال مورتکە.

**بەڕێز جمال عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتانەی کە دەرووژێندرێت یان باس دەکرێت شتێکی واقعییە و پێویستیشە باس بکرێت و فەرامۆشیشی نەکەین، بەڵام بەڕای من ئەو واقعیەتەی ئەمڕۆ و تەواوی کوردستان بەپێی تەجروبەی (501) ساڵ لەوەی پێشتر زۆر مەترسیدارترە، بۆیە ئەوەی جەنابت باست کرد جەلسەیەکی تایبەتی ببەسترێتن، زۆر بە زەرووری دەزانم، تەنانەت حیزبەکانیش بێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکرێت حیزبەکان بێن، بەڵام دەبێت حکومەت ئامادە بێت، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تکا دەکەم هەر هاورێیەك کە قسە دەکات وا لێك نەدرێتەوە ئەو پەرلەمانتارانەی کە قسە ناکەن، ئیتر ئەمانە نازانن کە کێشە هەیە و گرفت هەیە لەم وڵاتە و، پێشنیاریش دەکەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە هەر ئێستا بڕیار بدات حەفتەی دادێ، بانگهێشتی بەتایبەت ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز کە سەرجەم کێشەکانی ئەم هەرێمە پەیوەستە بەو (5) کەسەوە بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکرێن و بە هەموومان بە پەرلەمان و حکومەت و، بە هەموو دامەزراوەکان چارەسەری ریشەیی بۆ گرفتەکان بدۆزینەوە لایەنی کەم من ناڵێم هەموو چارەسەر دەکرێ، بەڵام هەندێکی دەتوانین چارەسەری بکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شوان قەڵادزەیی،

**بەڕێز شوان مصطفى باوەمیر قەڵادزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تکایە قسەکەم پێ مەبڕە، ئێستا لە دوو پارێزگا (سلێمانی و هەڵەبجە) دەوام راوەستاوە، مامۆستایان بایکۆتیان کردووە، ئەوانیش متمانەیان نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی نییە، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو کۆبوونەوەیە کە جەنابت باسی دەکەی بەیانی بە جدی بێینە سەر خەت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ جەنابت کۆبووینەوە کە جەنابت لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش قسەکانی خۆتت کرد، فەرموو د. شوان قەڵادزەیی،

**بەڕێز شوان مصطفى باوەمیر قەڵادزەیی::**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوێش هەمان قسەم کرد، بەس قسەکانم گوێ ناگرن، ئەمە وەکو گاڵتە کردن وایە بە خەڵکی کوردستان کە باسی پەیڕەو دەکرێت، جونکە بە راستی پەرلەمان لە دۆڵێکە و جەماوەر لە دۆڵێکە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسەیەی جەنابت لایەق نییە بە شوێنی پەرلەمان، بۆیە لە پرۆتۆکۆل دەسڕێتەوە ئەمە گاڵتە کردن نییە بە شوێنی خەڵك بەڕێزان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەکو دەستورێکی بچووککراوە وایە لە رێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەت پەرلەمان پەیڕوی ناوخۆ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، راستە کێشەکانی خەڵکیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئێوە دەزانن لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان درێخیان نەکردووە لەم ماوەیە لە بەدواداچوونی ئەم کێشانە، بەڵام لە هۆڵی پەرلەمانیش پێویست دەکات ئەم کێشەیە باس بکرێ، بەس بە شێوازێك بێت کە دەرئەنجامی ئیجابی لێ بکەوێتەوە، فەرموو ئێڤارخان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پەیڕەوە (149) ماددەیە بۆ هەموارکردنەوە، بۆ ماوەی مانگێك دەبێت تەنها (9) مادده رۆیشتووە، ئەگەر ئاوا بە خاوە خاوە بێتن تا سەری ساڵ تەواو نابین، بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکرێتن، پێشنیار دەکەم بە لای کەمی حەفتەی (3) رۆژ کۆبوونەوەکان بەردەوامیان هەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە چارەسەری بۆ کرا، هەر لە یەکەم کۆبوونەوە هەر بابەتێکی گرنگ هەبێ کە بتوانین لە پەرلەمان گفتوگۆی لە سەر بکەین، دەتوانین بیهێنینە بەرنامەی کارەوە و، موناقەشەی پەیڕەو بوەستێنین ئەو بابەتە گفتوگۆی لە سەر بکەین، فەرموو د. ابراهیم

**بەڕێز د. ابراهیم سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب راستی ئەز عەکسی هەڤالی خۆ د ئاخڤم، دەست خۆشیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دکەم بۆ ئەدائە وایە ئەڤرۆ، چونکە ئەکە ل دەسپێکا دەشتنێ مەیە پەرلەمانێ ئەدائە سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ ڤی رەنگی بایا ئەو هەموو موزایەدات و ئەو شەقام کوردی نە دەهاتە تێکدان ژ بەر هەندێ ئەڤرۆکە ئەدائە ڤی رەنگی رێ نەدان کە هەر کەسێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە دکتۆر پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، ببورە فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێگەتان بە زۆربەی ئەندامانندا لە سەر ئەوە قسە بکەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم ڕێگەم نەداوە، فەرموو کاك گۆران،

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دوو جوملە دەڵێم ئەگەر روخسەت بی، من پێم وایە هەموو ئەندامانی پەرلەمان هاوسۆزن لەگەڵ خەڵکی خۆپیشاندەر و موعاناتی خەڵك، بەڵام بەجۆرێك قسە دەکرێ وەك ئەوەی ئەم حکومەتە، حکومەتی بنکە فراوان نەبی، وەك ئەوەی ئێمە هەموومان دەنگمان بەو حکومەتە نەدابی، ئێستا لە ناو هۆڵی پەرلەمان لایەك نییە موعارەزە بی و لایەکیشمان لە دەسەڵات بی، هەموومان بەیەکەوەین و، دۆخی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەتبیعی عیلاقەی نێوان لە هەموو شتێك پەرلەمان و حکومەت هەیە، سەرەتا با بێن ئێمە وەزیرەکان بانگهێشتی لیژنەکان بکەین، لە خولی پێشووش دائیمەن وەزیر رۆژانە لە پەرلەمان ئیشی پێ دەبێ، هەموو رۆژێك ناکرێ تۆ بانگی جەلسەی بکەی، بانگی لیژنەکانی بکەین، ئەگەر لیژنەکان قەناعەت نەهات بە داتاکانیان، بە مەعلوماتەکانیان و، قەناعەتمان بە بۆچوونەکانیان نەبوو دوای ئەوە بانگهێشتی هۆڵی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بەڵام ئێمە پێویستمان بە باشترکردنەوەی عیلاقاتی نێوان سوڵتەی تەنفیزی و تەشریعی هەیە، ئەگەر دەمانەوێ خزمەتی خەڵك بکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە داخەوەین، کە ئەمرۆ نەدەتوانرا قسە لە سەر ئەم بابەتە بکرێ، چونکە مونتیج نەدەبوو و، ئەمە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان بوو، کە لە کورترین ماوەدا هەم لە لیژنەکانی پەرلەمان

لەگەڵ وەزیرەکان دابنیشن هەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و بەهەمان شێوە لە ماوەیەکی نزیکی داهاتووش کۆبوونەوەی پەرلەمانیش لە سەر ئەم بابەتە ئەنجام بدرێ، ڕێنەدانی ئێمە بۆ قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە دەرخەری ئەوە نییە کە ئێمە لە کێشە و گرفتەکانی خەڵك ئاگادار نین، ئێوە بۆخۆتان دەزانن هەموومان ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی خەڵکین، بەڵام دەبێت بەشێوەیەك باس بکرێت کە دەرئەنجامێکی ئیجابی لێ بکەوێتەوە، نەك ئەوەی جارێکی تر وەکو باسم کرد لە هۆڵی پەرلەماندا پەرلەمانتاران وەکو مەنەلۆجێکی داخلی لەم بابەتانە قسە بکەن و، ئەگەر تەنانەت بە باشیشتان زانی لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئەگەر حکومەتیش ئامادەنەبوو هەم گرفتی ئامادەنەبوونی حکومەت چارەسەر بکەین، چ ئەو پێشنیارانەی کە باسکرا لە باشکردنەوەی پیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەماندا یان بە هەر ڕێکارێکی یاسایی کە ئەندامانی پەرلەمان چ لە پەیڕەوی ناوەخۆ بە گونجاوی دەزانن چ لە یاساکانی پەیوەندیدار بە گونجاوی دەزانن دەتوانرێ چارەسەری ئەو پرسانە بکەن، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان بەڕێزان فەرموون لە سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی پەیڕەو، ئێستا وابزانم دەنگدان دەکەین لە سەر ئەو بەشەی کە پێشتر گفتوگۆی لە سەر کرابوو، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ڕایانەی کە لەسەر ماددەی (21 تا 25) هەبوو لە بەشی چوارەم دامانڕشتوونەتەوە، ئێستا ماددە بە ماددە لەگەڵ هاوڕێکانمان ئەیخەینە بەر دەستان، بەڵام بەر لەوەی باسی ئەوە بکەین وەکو خاڵی پەیڕەوی ئەگەر لێمان وەرگری ئەمانوێ دوو قسە بکەین، بەڕێزتان ئەزانن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بڕگەی (2) ماددەی (7)، و بەپێی بڕگەی (1) لە ماددەی (5) پەیڕەوی ناوخۆ لە بەرنامەی کاردا دانراوە، و ئێمە وەکو بەڕێزیشت ئاماژەت پێ کرد میکانیزمێکی پەسند کردنی ئەو پەیڕەوەمان پەسند کرد، لە یەکێ بڕگەکان لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەوی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەتوانێ خاڵی پەیڕەوی وەرگرێ، و داوای ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار دا بکات، و هەر بابەتێکی گرنگ بێتە پێش ئەتوانێ گفتوگۆی لەسەر بکات، بەڵام لە هەموو جەلسەکان و لە ئیعلامیش ڕۆژانە گوێبیستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەبین بەوەی کە پەیڕەو کارێکی گرنگ نیە، و خۆ دزینەوەیە، ئێمە بەراستی ماندو بووین بەو پەیڕەوە، ئێستاش ئەگەر ڕەئی ئێوە بەو شێوەیەو هەمووتان قسە ئەکەن، فەرموو بیخەنە سەعاتێکی تر، ئێستا پەیڕەو لە بەرنامەی کار دەربهێنن، جونکە دەستەڵاتان هەیە، و هەر بابەتێك کە بە ئێوە گرنگە بیخەنە بەرنامەی کار، بەڵام بە تێروانینی ئێمە دووبارە کردنەوەی ئەوە و بە شێوەیەکی بەردەوام و لە ئیعلام و لە ناو هۆڵی پەرلەمانیش هەم پێگەی ئەو پەیڕەوە ناوخۆیە کە قانون و دەستووری ئێوەیە، و لە داهاتوو ئەبێتە دەستووری ئێوە، بە تەسە,ری من لە شەئنی ئەو پەیڕەوە دێنە خوارەوە، دووەم، ئەو ئێمە ئەو پەیڕەوەمان بۆ چەند خولی داهاتووش نووسیووە، بەو ڕۆحیەتە و بەو شێوازە گفتوگۆی لەسەر بکەین باوەڕ ناکەم پەیڕەوێکی باشتر دەرچێ لەوەی ئێستا لەبەردەستان هەیە، یەعنی باشتر نابێ لەو پەیڕەوە بەرکارەی لەبەر دەستان دا هەیە، بۆیە هیوادارم لەو دۆخە دەربێین، ئەگەر بڕیارە موناقەشەی پەیڕەو بکەین با بە جدی موناقەشەی بکەین، ئەگەر بڕیاریش نیە ئەوە دەستەڵاتی خۆتانە، فەرموو هەر ئێستا بیخەنە دەنگدان با لە بەرنامەی کار لای بدەین، تێبینی دووەم بەشێکی ئەندامانی پەرلەمان گلەیی ئەوەیان هەبووە لە کاتی ئەوی کە قسە ئەکەن و ڕائەکان ئەخەنە ڕوو ئێمە وەڵامی هەموویان نادەینەوە، ئێمە کە وەڵام نادەینەوە ناوی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ناهێنین مانای ئەوە نییە پێشنیازی ئەو لە جێگەی خۆی نەبووە، یان بە گەورەمان دانەناوە، ئێمە هەمووی تۆمار

ئەكەین، ناو بە ناو، لەگەڵ هاوڕێكان، دواتـر كـە دێـین ماددەكـان سـیاغە ئەكەینـەوە هـەمووی لەبـەر چـاو ئـەگرین، تەنیا ئەوانە وەلاَم ئەدەینەوە كە پێویستی بە ڕوون كردنەوە هەیە، و پێویستی بە وەلاَمدانەوە هەیە، ئەگەرنا ڕەئـی هەمووان موحتەرەمە، و هەمووی حیسابە، و هەر ڕەئیەیكیش سێ ئەندام پشتگیری كردبێ بە دڵمان بـێ یـان نـا بـە دڵنایی ئەیخەینە دەنگدان، دێینە سەر ماددەی (21).

ماددەی (21):

لە سەرتا ئەبێ ئەوە ڕوون بكەینەوە ئەو ماددە دوو ڕای لەسەر هەبوو، یەكیان ئەوە بوو كە دروستی ئەندامیەتی لە ناو پەیرەو بمێنێ، ڕایەكی تریش لەگەل ئەوە بوو كە دروستی ئەندامیەتی لە پـەیرەو نـەمێنێ، بـەپێی ئـەو پێـوەرە بێ ئەبوایە بمانخستبوایە دەنگدان، بەلاَم دوای ئەوەی بەشێك لەو ئەندامە بەرێزانەی پەرلەمان بەشـداریان كـرد لـە گفتوگۆ، ئـەوەیان بـیر ئێمـە خسـتەوە كـە لـە مـاددەی (56) لـە یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمان ژمـارە (1) ی سـاڵی (1992) ی هەموار كراو هاتووە كە ئەبێ لیژنەیەك بۆ دروستی ئەندامیـەتی پێـك بێـت، مانـای وایـە نـاتوانین ئـەو بڕگەیە بخەینە دەنگدان، چونكە لە ماددەی (56) ئەوە بـە ڕوونـی هـاتووە، دروسـتی ئەندامیـەتی لـە نـاو پـەیرەوی ناوخۆ دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە بیخەینە دەنگدان پێچەوانەی ماددەی (56) ی یاسای پەرلەمانـە، و هـەر لـە بڕگـەی (3) لە ماددەی (21) بەشێكی بـەرێزی ئەنـدامان داوایـان كردبـوو (30) ڕۆژ كەمـە، ئـەبێ زیـاتر بكـرێ، ئێمـە ئـەو (30) ڕۆژەمان هەڵگرتووە، ئیكتیفامان كردووە بە بڕگەی (4) كە تێدا هاتووە یەك وەرزی یاسای دانان لەبەردەسـت دایە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تانـە لـە دروسـتی بـدەن، ئەگـەر شـتێكم لـەبیر نەچـووبێ پـێم وایـە لـە مـاددەی (21) تەنیا ئەو دوو بابەتە هەبوو، یەكیان ناخەینە دەنگدان، ئەوەی تریش ئـەو (30) ڕۆژە لـە بڕگـەی سـێیەم لـە ماددەی (21) هەڵئەگرین، بۆیە داوا ئەكەین كە ماددەی (21) وەكو ئەوەی باسمان كرد بیخەینە دەنگدان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو كاك فەرهاد.

**بەرێز فرهاد سەنگاوی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو گفتوگۆیە ئێمە سێ كەس زیاتر داوامـان كـرد كـە چـوار سـاڵەكە كراوەبـێ، چـونكە ئەنـدام پەرلـەمانێك لەوانەیە لە كۆتاییدا مەعلوماتێكی پێ بگات كە من كابرایەكی خراپم و خائینم، لەبەر ئەوە لـە سـێ كـەس زیاتر داوامان كرد كە ئەوە ئۆپن بێ نەك وەرزێك بێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر بەرێزیشت هەمان تێبینیە؟ فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەرێز د.بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی کاك فەرهاد تەواوە، کاك قادر، کاك فەرهاد، شیلان خان داوای ئەوەیان کرد کە ئەو ماوەیە والاّ بێ، و کاك بەهزادیش وتی (30) ڕۆژەکە بکرێ بە (60) ڕۆژ، بەلاّم ئێمە کە ئەم بابەتە و ئەم حەقە بۆ ئەوەی نەکرێتە تەهدید لەسەر ئەندامی پەرلەمان، خۆ لەوانەیە ئەوە لایەکی وەك ئەوەیە کە کاك فەرهاد بیری لێ ئەکاتەوە، ئەوانەی خاوەنی پێشنیارەکە بیری لێ ئەکەنەوە، بەلاّم لایەکی تری هەیە کە ڕەنگە بە والاّیی بمێنێتەوە، خراپ بەکار بێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش ئێمە کە ئەو تیبینیە ئەدەین بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لە دەنگدان بڕیاری خۆیان بدەن لەسەر ئەو بابەتە، لەبەر ئەوەی (3) کەس داوای کردووە بەڵێ ئەو پێشنیارە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، لە کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی ئەکرێ مەرجێك ئیزافە بکرێ لەوەی ئەگەر ئەندام یەکێ لە مەرجەکانی بە ئەندام بوونی لە پەرلەمان لە دەست دا، و ئەکرێ ئەوەش وانیە؟ لە برگەی سێیەم لە ماددەی (21) لەوێ ئاماژە بەوە دراوە کە هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە تانە لە ئەندامییەتی هەر ئەندامێکی تر بدات، و هەر پاڵێوراوێك لە لیستی براوە بۆی هەیە تانە لە ئەندامیەتی ئەندامی براوە لە لیستی خۆی لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵ کردنەوەی هەڵبژاردن و دروستی ئەندامیەتیەکەی بکات لە ماوەی (30) ڕۆژ لە سوێند خواردنی ئەندام، داوای ئەوە ئەکرێ کە (30) ڕۆژەکە هەلگیرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە (30) ڕۆژ هەلگیرێ؟ فەرموو دکتۆرە بەهار نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پێشنیاری ئەوان وەکو خۆی بێ پێویستە بڕگەی (3)، (4)، چونکە لە بڕگەی (3) نووسیوومانە لە ماوەی (30) ڕۆژ، لە بڕگەی (4) نووسیوومانە تانەکان لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەم، کەواتە ئەبێ ئەوە بخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماوەکە بە والاّیی بهێلدرێتەوە، ئەگەر ئەوە دەنگی هێنا ئەوکات ئەبێ بڕگەی (3) و (4)م ڕێك بخەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماوەی بۆ تانەدانە لە ئەندامیەتی ئەندام بە کراوەیی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵە؟ (22) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (40) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند نەکرا، ئێستا ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەو تەعیدلانەی کراون لەلایەن لیژنەکەوە ئەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی چوارەم
## ئەندامێتی

**مـــاددەی** ( 21 )

**دروستی ئەندامێتی**:-

**ڕای یەکەم** :- ڕای بەشێك لە ئەندامانی لیژنە پێیان وایە دەبێ دروستی ئەندامێتی لە پەیڕەو بمێنی بەم شێوەیە بێت .

**یەکەم** :- مەبەست لە دروستی ئەندامییێتی دڵنیا بوونە لە باری یاسایی ئەندام لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پاڵاوتنی تاکو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و بوونی بە ئەندام بەپێی ئەو مەرجانەی کەلە ماددەی (21) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) یساڵی (1992) ی هەموار کراو ئاماژەی پێدراوە

**دووەم** :- پەرلەمان لە ڕێگەی هەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتی لەسەرەتای هەموو خولێکی هەڵبژردن پێك دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو تانانەی پێشکەش کراون لە سەر دروستی ئەندامێتی، پێك دێت لە ژمارەیەك ئەندامکە لە (5) کەمتر نەبێت و لە (7) زیاتر نەبێت ,بە مەرجێك لە نێوان ئەندامانی لێژنە، ئەندامی تانە لێدەر یان تانە لێدراو لەسەر دروستی ئەندامێتی تێدانەبێت. لیژنە کە لە یەکەم دانیشتنیدا سەرۆك و بریاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژرێت و کارەکانی بەپێ ی ئەو حوکمە تایبەتیانە کە بۆ لێژنەکانی پەرلەمان دانراون لەم پەیڕەوە دابەرێوە دەبات.

**سێ یەم** :- هەموو ئەندامێك مافی هەیە تانە لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی دی بدات ، هەروەها هەر پاڵیوراوێك لە لیستی براوە بۆی هەیە تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵ کردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستی ئەندامێتیەکەی بکات

**چوارەم** :- تانەکان بە نووسین لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەمان دوای هەڵبژاردن پێشکەشی سەرۆك دەکرێن و ئەویش ئاراستەی لێژنەی پێداچوونەوە بە دروستی ئەندامێتی دەکات .

**پێنجەم**:- لیژنە وێنەیەکی تانەکە بۆ ئەندامی تانە لێدراو دەنێرێت ، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی بۆی دیاری دەکەن بەرگری خۆی پێشکەش بکات ، هاوکات بۆی هەیە ئەو بەڵگانە ببینێ کە لە سەری پێشکەش کراون ،

**شەشەم** :- لیژنەکە پێداچوونەوە بەداوای تانە لێدان دەکات و بۆی هەیە هەموو کۆنووس و بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانە لێدراو ببینێت و بانگهێشتی شایەت و کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بە راستی بکات ، هەروەها راپۆرتەکەی لەماوەیەك کەلە (30) رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی ناردنی داواکەپێشکەش دەکات .دواتر پەرلەمان دروستی ئەندامێتی بە زۆرینەی (2 /3) ی دەنگی ئامادەبوان یەکلایی دەکاتەوە.

**حەوتەم** :- لە کاتێکدا کە تانەکە جدی نەبوو یان زانیاری نادروستی لە خۆ گرتبوو بە ئامانجی لەکەدارکردنی ئەندامی ، لێژنە راپۆرتێك دەداتە سەرۆکی پەرلەمان ، ئەویش بۆی هەیە بیداتە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ گرتنە بەری رێو شوێنی یاسایی بەرامبەر تانە لێدەر ، هەروەها بۆ تانەلێدراو هەیە خۆی ئەم رێو شوێنە ڕاستەوخۆ بگرێتەبەر .

**ڕای دووەم** : بە شێکی ئەندامانی لێژنە پێیان وایە پێویست ناکات (دروستی ئەندامێتی ) لە ناو پەیڕە و هەبێت و زیادەیە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبوایە سیاغەی ئەخیریان بکردایە ئەو بەڕێزانە، چونکە دەنگی لەسەر دراوە کە ئەمێنێتەوە، پێویست نەبوو بڵێ ڕای یەکەم و دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی خوێندرایەوە؟ (30) ڕۆژ لابراوە، کراوە بە وەرزێك، وەرزی یەکەم، (64) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (1) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (22).

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (22) کۆمەڵێك بڕگە هەن پێویستە بخرێنە دەنگدان بۆ یەکلایی کردەوەیان، ڕایەك کە سێ ئەندام زیاتر پشتگیریان کردووە، باسی ئەوەی کردبوو کە نەهاتن لە کۆبوونەوەی لیژنەکان هەمان سزای نەهاتنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەبێ، بەڵام ئەگەر سەیری پرۆژەی بەر دەستتان بکەن لە ماددەی (33) ڕێك ئەوەی تێدا هاتووە، بۆیە ئەوە ناخەینە دەنگدان، لە ماددەی (33) هاتووە، ڕایەکی تر پێی وابوو کە بڕگەی (7) لابرێ، ئەوەش ئەخەینە دەنگدان، ڕایەکی تر پێی وابوو کە خاڵی (8، 9) لابرێ، بەڵام خاڵی (8، 9) ئەمێنێ، بەڵام لە ماددەی (25) دووبارەیە لەوێ لای ئەدەین، کە گەیشتینە ماددەی (23) ئەوەیە کە باسی ئەوە ئەکات ئەبێ ئەندامی پەرلەمان وەزیر نەبێ، ئەوە لە ماددەی (25) لادەدەین، واتە خاڵی (8، 9) ئەمێنێ، بڕگەیەکی تر هەبوو کە باسی ئەوە ئەکرا لە ماڵپەڕی ڕەسمی بلاو نەکرێتەوە، بلاو بکرێتەوە، ڕایەك هەبوو کە ئەوە لابرێ، ئەیخەینە دەنگدان، و لە بڕگەیەکی تر باسی ئەوە کرابوو کە ئەندامانی لیژنە بە زۆرینەی ڕەها ئەتوانن ئەندامی پەرلەمان لە لیژنەکە لابدەن ئەگەر لە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەك و لە پێنج کۆبوونەوەی پچڕ پچڕ ئامادە نەبوو، ئەوەش ئەخەینە دەنگدان، و ڕایەکی تر هەبوو سەبارەت بەوەی کە ئەندامی پەرلەمان لە کاتی بەدواداچوونی بۆ کێشەیەکی حکومەت نهێنی ئەو دۆسیەیە بپارێزێ، دوو ئەندامی پەرلەمان پشتگیری کردبوو، نەبووە سێ، بەر لەوەی بگەینە ئەو ماددەیە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان قسەمان کردن هەموو ئەو ڕایانەی کە دوا کەس قسە ئەکەن و پێشتریش بەڕێز عومەر عینایەت باسی کردبوو، ئێمە موعالەجەیەکی ئەوەمان کردووە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کە دوا کەس قسە ئەکات و دەرفەت نامێنێ کەس پشتگیری بکات، لە جەلسەی دەنگدان تەنیا بۆ ئەو کەسە ئیستیسنائەن ئەگەر هاوڕێیانی ئەندامانی لیژنە و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئێوە لاریتان نەبێ تەنیا بۆ ئەو کەسە بشێ لە ناو هۆڵ ئەوکات دوو کەس پشتگیری بکەن بۆ ئەوەی ڕایەکەی بخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی غەدری لێ نەکەین، پێم وایە بەڕێز دکتۆر سیراج ئەوەی پێشنیار کردبوو ئاخیر کەس بوو، بۆیە

ئەکرێ ئەوە بۆ ئەو بابەتە بکەین، و ڕایەکی تر هەبوو هەر لەو ماددەیە کە بڕگەیەك زیاد بکرێ، بایکۆت بە غیاب حیساب نەکرێ، و زیاتر لە سێ ئەندام پشتگیریان کردبوو، بەڕێز دکتۆر بەهار ڕوون کردنەوە لەسەر ئەو بابەتە پێشکەش ئەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت زیاد کردنی بڕگەیەك بە هەژمارە نەکردنی بایکۆت بە ئامادە نەبوون یەکەم شت ئەو بڕگەیە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئەوە ئیزافە بکرێ یان نا؟ ئەگەر دەنگی هێنا ئەبێ بیخەینە مافەکان، چونکە ئەوە ئەرك نیە، بەڵکو مافێکە کە ئەندامی پەرلەمان ئەتوانێ ئەو مافەی مومارەسە بکات، بۆیە ئەگەر دەنگی هێنا ئەبێ بیخەینە ماددەی (23) کە بریتییە لە مافەکانی ئەندام، و لە هەمان کات بۆ ئەوەی کە ئێمە لەوە دەرباز بین کاتێ یەکێ بە غیاب ئەبێ و دواتر بڵێ غیابەکەم بایکۆت بووە، ئێمە سیاغەیەکمان بۆ کردووە ئەگەر دەنگی هێنا ئەبێ سیاغەکە بە شێوەیەك بێ کە بایکۆت جیا بکەینەوە لە غیابی ئیعتیادی، ئەوە لەو ماددەی ئەگەر خرایە دەنگدان جاری ئایا ئەم بڕگەیە زیاد بکرێ، ئەگەر دەنگی هێنا سیاغەکە ئەخوێنینەوە، بەلاَم ئەبێ دواتر نەقلی بکەین بۆ ماددەی (23).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك خەلەف.

**بەڕێز خەلەف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێز سەرۆکی لیژنە باسی کرد تایەبت بە ئەخیر کەس کە قسە ئەکات، ئەوەی پێش ئەخیر تەنیا یەك کەس ئەمێنێتەوە بۆ پشتیوانی کردنی، کەواتە ئەبێ ئەخیر و ئەوەی پێش ئەخیریش هەمان مافیان هەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەتوانین شتێکی تر بکەین، ئەو دوون سێ کەسەی لە ئەخیر ڕای خۆیان ئەدەن با ئەوانە بخرێتە دەنگەوە، با ئیستیسنا بکرێن لەو سێ کەسە، ئەو سێ کەسەی لە ئەخیر قسە ئەکەن ئیستیسنا بکرێن، فەرموو کاك ڕابوون.

**بەڕێز ڕابوون معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەم بابەتی بایکۆتی سیاسی لە پەیڕەوی ناوخۆ جێ بکرێتەوە، چونکە گرنگە، بەڵام کێشەیەکی هەیە، ئەکرێ هەر کەسێ غیاب بێ ناوی بنێ بایکۆتی سیاسی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕابوون، لە دانیشتنی پێشوو باسمان کرد، لەو دانیشتنەی ئێستا ناکرێ جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر وتوێژ کردن، ئەم دانیشتنە دانیشتنی دەنگدانە، و ئەندامانی لیژنە ئەڵێن موعالەجەمان کردووە، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کاتی ئەبێ کە دەنگی هێنا، بەس سیاغەکە ئەخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەندامان دڵنیا بن کە موعالەجەمان کردووە، کاتێ فراکسیۆن یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان ئەکات بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناکرێ بە مەرجێ.

أ ئەگەر بڕیاری بایکۆت کردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان بوو، ئەوە پێویستە سەرۆکی فراسکسیۆن یان ئەندام پێش بەجێ هێشتنی هۆڵی پەرلەمان لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەوی هۆکاری بایکۆتەکە ڕوون بکاتەوە.

ب- ئەگەر بڕیاری بایکۆت کردن پێش هاتنە ناو هۆڵی پەرلەمان بوو ئەوە پێویستە سەرۆکی فراکسیۆن یان ئەندام پێش دەست پێکردنی دانیشتن یاداشتێك پێشکەشی سەرۆك بکات تیادا هۆکاری بایکۆتەکە ڕوون بکاتەوە، پێویستە لە دانیشتنی پەرلەمان پیش دەست کردن بە بەرنامەی کار بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، یەعنی ئەوە ئەگەر چەسپێنرا لە مافەکان ئەوە بەو شێوەیە ڕێکخراوە، کاك باپیر نوقتەی نیزامیە؟ تکایە نیزامی بێ.

**بەڕێز باپیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەی بەڕێز بەهار خان خوێندیەوە مەعالەجەی یەك شت ناکات......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتان نەچوونەتە سەر ئەوە، جارێ ئەبێ ئیزافە بکرێ، هێشتان نەچووینە سەر ئەوە، بابەتی تر ماوە بخرێتە دەنگدان، کە گەیشتینە سەر ئەوە ئەتوانێ قسەی خۆت بکەی، فەرموو دکتۆر فرست ئەو دەستکاریانەی کە بۆ ئەوەی یەك بە یەك، بەس ئەبێ ڕوون کردنەوەی لەسەر بدەن، یەعنی ئەسڵی بڕگەکە چیە، داوای چ دەستکاریەك کراوە بۆ ئەوەی ئەندامان ئاگادار بن کە دەنگ لەسەر چی ئەدەن، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من جەلسەی پێشوو داوای لێبوردن ئەکەم لێرە نەبووم، بەڵام ڕەیم هەیە لەسەر یەك بابەت...**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەتوانی بە نووووسین بۆیان بنێری، لەبەر ئەوەی ئێستا دانشتنی دەنگدانە، ئەتوانی بۆیان بنێری، فەرموو.**

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر ماددەی (22) بڕگەی یەك، لە بڕگەی یەك ئەوە ئەخەینە دەنگدان، ڕایەك كە زیاتر لە سێ ئەندامی بەرێز پشتگیریان كردووە كە ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێ لە ماڵپەڕی تایبەتی پەرلەمان بلاَو ئەكرێتەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**چی لە ماڵپەڕ بلاَو ئەكرێتەوە؟**

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**غیاب، ڕایەك پێی وایە ئەوە زیادەیە، پێویست ناكات لـە ماڵپـەڕی ڕەسمـی پەرلـەمان بـلاَو بكرێتـەوە، ئـەبێ بیخەینە دەنگدان ئایا كێ لەگەڵ ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرێ لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی (22)؟**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بـەرێزان لـە مـاددەی (22) ئەركـەكانی ئەنـدام بڕگـەی یـەك ئـەوە هـاتووە كـە ئامـادە نـەبوونی ئەنـدامانی پەرلەمان لە دانیشتنەكانی پەرلەمان لە سایتی ڕەسمی پەرلەمان بلاَو بكرێتەوە، لێرە وا هاتووە، سێ ئەندام داوای ئەوەیان كردووە هەڵگیرێ، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئـەو بڕگەیـە هـەڵگیرێ كـە لـە سـایت بـلاَو بكرێتـەوە؟ (57) كەس لەگەڵ هەڵگرتنیەتی، كێ دژیەتی؟ (11) كـەس لەگەڵیـەتی، كەواتـە پەسـند كـرا، ئـەو بڕگەیـە هەڵئەگیرێ، فەرموو.**

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە بڕگەی دوو، لە ماددەی (22) ڕایەك كە زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری كردووە پێی وایـە كـە ئەندامانی لیژنە ناتوانن بە زۆرینەی دەنگی ڕەها ئەندامی لیژنە لابدەن، پاساوەكەش ئەوەیە لـە نـاو هـۆڵی پەرلەمان دەنگیان پێ دراوە، هەر لە هۆڵی پەرلەمانیش ئەبێ لە لیژنەكە لابچن، ئـەوە ئەخـەینـە دەنگـدان، ئەگەر هەڵگیرا واتە بڕگەی دوو لە ماددەی (22) هەڵدەگیرێ.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**یەعنی بڕگەكە هەمووی هەڵگیرێ؟ بـەرێزان سـێ ئەنـدامی پەرلـەمان زیـاتر داوای ئـەوەیان كـردووە بڕگـەی دوو لـە ماددەی (22) كە پەیوەندیدارە بـە ئامـادە نـەبوونی ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە دانیشـتنی لیژنـەكان هـەڵگیرێ، لەبـەر ئەوەی لە بڕگەكانی تر چارەسەر كراوە، كێ لەگەڵە؟ كێ لەگـەڵ هـەڵگرتنی بڕگـەیی دووە لـە مـاددەی (22)؟ (60) كەس لەگەڵ هەڵگرتنیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسند كرا، پێشنیاری سێیەم.**

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی﴿ 3 و 4 و 5 و 6﴾ هیچ رایەکی ئەوتۆی لەسەر نەبوو کە 3 ئەندام پەرلەمان پشتگیرییان کردبێت، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لەسەر بڕگەی 7 لە ماددەی 22 رای 3 ئەندامی پەرلەمان زیاتر پشتگیرییان کردووە، رایان وایە ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت و نەمێنێت، بۆیە دەبێت ئەمە بخەینە دەنگدان ئایا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە نەمێنێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بن، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە نابێت ئەندام دەست وەربداتە کارەکانی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێ بە جێ کردن تەنیا لە پسپۆڕێتی یاسادانان و چاودێری نەبێت؟ زیاتر لە 3 ئەندامی پەرلەمان داوای هەڵگرتنی ئەم بڕگەیان کردووە، کێ لەگەڵ هەڵگرتنی ئەم بڕگەیە؟ کێ لەگەڵ هەڵگرتنی بڕگەی 7 لە ماددەی 22 یە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەیە نەمێنێت کە داوا دەکات ئەندامی پەرلەمان دەست وەرنەداتە دەسەڵاتی دادوەری؟ لێرە بڕگەیەك هاتووە دەڵێت نابێت ئەندام دەستوەربداتە دەسەڵاتی داوەری و 3 ئەندام داوایان کردووە کە نەمێنێت، ببورن دەسەڵاتی داوەری و جێ بە جێ کردن، لە چوارچێوەی پسپۆڕی خۆی، خراوەتە دەنگەوە، باشە تەوزیحی زیاتری دەکەین، ئەندامانی پەرلەمان هەرچەندە بە پێی پێڕەو ناکرێت بابەتێك کە خرایە دەنگەوە تەوزیحی لەسەر بدرێت، دیسانەوە داواتان لێ دەکەم لە کاتی گفتوگۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئاگاداری پێڕەو و پێشنیارەکان بن کە دێنە هۆڵی پەرلەمان پێویستە کە پێڕەوتان خوێندبێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن دەنگ لەسەر چی دەدەن لێرە لە بڕگەکان لە ئەرکەکانی ئەندام ماددەیەك هاتووە دەڵێت نابێت ئەندام دەستوەربداتە هەریەك لە دەسەڵاتی دادوەری و جێ بە جێ کردن تەنیا لە چوارچێوەی پسپۆڕێتی یاسادانان و چاودێری نەبێت, 3 ئەندامی پەرلەمان داوای ئەمەیان کردووە کە ئەمە هەڵبگیرێت و دەنگ لەسەر ئەوە دەدەین و کێ لەگەڵ ئەمەدایە کە ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت؟ (28) کەس لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو بڕگەیەیە، چەند کەس لەگەڵ مانەوەیەتی؟ گفتوگۆ و موناقەشە کراوە و لەبەر دەستان دایە، (41)کەس لەگەڵیدایە، کەواتە پەسەند کرا، پێشنیاری تر چی هەیە؟

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو کە خاڵی ﴿8 و 9 ﴾ لێرە نەمێنێت و ئێمە موعالەجەمان کردووە لە ماددەی 25 هەلیدەگرین و لێرە دادەنێین و ناخەینە دەنگدان، ئەوەی تر 2 بڕگە پێشنیار کراوە زیاد بکرێت داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەین بخاتە دەنگدان، سەرەتا ئایا بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بایکوت بە غیاب حساب نەکرێت ئینجا ئەگەر زیاد کرا ئەو سیاغەیەی د. بەهار خوێندییەوە دەخەینە دەنگدان، سەرەتا ئەو بابەتە بخەینە دەنگدان ئایا بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بایکوت بە غیاب حساب نەکرێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەیەك دەخەینە دەنگدانەوە كە زیاد بكرێت و پێم وابێت ئەندامانی لیژنە روونكردنەوەیان دا، بەڕێزان ئاگاداری ئێرە بن، بۆ ئەوەی بزانن دەنگدان لەسەر چی دەدرێت؟ ژمارەیەك لە ئەندامان داوایان كردوووە كە بایكۆت لێرە جێ بكرێتەوە و ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێت بایكۆتی دانیشتنەكانی پەرلەمان بكات و ئەگەر دەنگی هێنا پێویستە شێوازی رێكخستنەكەشی بخرێتە دەنگەوە كە د. بەهار خوێندییەوە و وەكو ئەندامانی لیژنە باسیان كرد ئەگەر ئیزافە بكرێت لێرە لە ئەركەكان ئیزافە ناكرێت دەرواتە مافەكانی ئەندام، بۆیە كێ لەگەڵ ئەوەدایە مافی بایكۆت زیات بكرێت؟ د. ڤاڵا نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەم خاڵەی روونكردنەوە دەدەین و ئەوەی پەیوەندی بە بایكۆت هەیە لە پەرلەمانی كوردستان و لە هەموو پەرلەمانەكانی جیهان بە عورف تەسبیت بووە كە ئەگەر بایكوتت كرد بە غیاب بۆی دانانێی و ئەگەر هاتی بایكۆتت كرد بێ ئەوەی مەعایر هەبێت بۆ زەبت كردنی پێم وایە پەرلەمان دەرگایەكی كردووتەوە بۆی داناخرێت، بۆیە تكا دەكەم ئەم بابەتە زیاتر علمیانە لێك بدرێتەوە ئایا مەعایێری بایكۆت كردن چییە؟ ئەوەی كە خوێندرایەوە لە لایەن لیژنە ئەو دەرگایە ناگرێت كە بە شێوەیەكی تەنزیمی بانگ نەكرێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی سەرۆكی لیژنەی یاسایت ئەگەر نا موداخەلەكەت پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆ نییە، ئەمە لە گفتوگۆی پێشووتر دەبوایە باس بكرێت، ئەمە ئێستا رای ئەندامانی پەرلەمان یەكلا دەكرێت كە ئیزافە بكرێت یان نا؟ دوایی پێوەرەكان بۆ دابنرێت، كێ لەگەڵ ئەمەدایە مافی بایكۆت كردن بۆی زیاد بكرێ؟ (44) كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی؟ (25)كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، بەڵام لێرە ئیزافە ناكرێت و لە مافەكان ئیزافە دەكرێت، وا نییە؟ ئێستا ناخوێرێتەوە، ئەو بڕگەیەی تر كە ئیزافە دەكرێت، چ بڕگەیەكی تر داوا كراوە كە زیاد بكرێت؟ كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنیا ویستم بە برادەرانی لیژنە و كاك د. فرست بڵێم مۆلەت لە شاندكردن و راسپاردن جیابكرێتەوە، بەیانیشم نووسیوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە هاتووتە بەردەستیان، سوپاس.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عمر باسی کرد دەخەینە چوارچێوەی سیاغە ئێستا دەخوێنینەوە بەڕێزیان باسی ئەوەی کردووە ئامادە نەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بە هۆی راسپاردنی ئەرکێکی پەرلەمانی بە ئامادە نەبوو هەژمار ناکرێت و بە شاندکراو هەژمار دەکرێت، وشەی بە شاند کراو زیاد دەکرێت و وەکو سیاغە هەڵی دەسەنگێنین و کێشەمان نییە ئەگەر تەسبیت بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەمە وەکو سیاغە سەیری بکەن.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکی تر هەمان ئەو پرەنسیبەی باسمان کرد لەسەری تەتبیق دەکەین کە د. سراج پێشنیازی کرد دەخوێنینەوە و دەخەینە دەنگدان کە ئایا زیاد بکرێت، نابێت ئەندام هیچ زانیارییەکی تایبەت و نهێنی بە وەزارەت و دەستە بدرکێنێت لە میدیا تەنیا ئەگەر بە رەزامەندی سەرۆکایەتی نەبێت و دوای تەواو بوونی کارەکانی بەدواداچوون بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئاگادار بن، ئەندامێکی پەرلەمان داوای ئەوەی کردووە کە زانیاریەکان پێویست دەکات نهێنی بن و لە کەنالەکان بڵاو نەکرێتەوە تا دۆسییەکە تەواو دەبێت، ئاگادار بن خۆتان بە دەنگدانەکەی پێشوو کە لە کاتی دەنگدان داوای نوقتەی نیزامی دەکرا، بەڕێز د. فرست جارێکی تر بخوێنەرەوە، کە ئەو بڕگەیەی کە دەتویست ئیزافە بکرێت زیاد دەکرێت لە ئەرکەکانی ئەندام زیاد دەکرێت، تکایە بخوێننەوە؟

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێت ئەندام هیچ زانیارییەکی نهێنی لە وەزارەت و دەستە بدرکێنێت لە میدیاکان تەنیا ئەگەر بە رەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان دوای تەواو بوونی کاری بەدواداچون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵ زیاد کردنی ئەم بڕگەیەیە؟ ﴿29﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ ﴿34﴾کەس دژیەتی، کەواتە زیاد ناکرێت، پێم وایە هیچ پێشنیارەك نەماوە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان؟ فەرموون کۆی ماددەکە بخوێننەوە، امنەخان نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە، دەمێ نوقتەیەك دکەویتە بەردەنگدانێ و مە نوقتە نیزامی هەبیت مەجاڵ بدەمە باخڤین، بۆ نموونە هەرچەند ئەو ماددەیە چوو دەنگدانێ و تێپەڕی، بەڵێ ئەگەر کۆبوونەوەیەکا نهێنی بوو کو ل

فەترا چوویی گەل حکومەتێ ژی هەبوو، حکومەتێ داخواز کر ئەو مەعلومات نهێنی بمێنن ژ لایێ پەرلەمانتارافە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەبوایە ئەمە لە دانیشتنی پێشوو باس کرابایە، ئەم دانیشتنە ئێستا بەس تەنیا دەنگ دەدەین، بۆیە کردمانە 2 خوێندنەوە و لە دانیشتنی یەکەم گفتوگۆیە و لە دانیشتنی دووەم دەنگدانە، ئەگەر دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە جارێکی تر گفتوگۆ دەکرێتەوە، فەرموون ماددەکە بەو شێوەیەی زیاد و کەم کرا بخوێننەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی خستمانە دەنگدان ماددەی 22 تەواوی بڕگەکانی بەم شێوەیە دەبێت:

1- ئەندام بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەند دەبێت ئەگەر بە بێ هۆی رەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو سەرۆك پەرلەمان بە نووسین سەرنجی رادەکێشیت و ئەگەر ئامادە نەبوون دووبارە بوویەوە، لە 5٪ مووچەکەی بۆ هەر دانیشتنێك بێتە بڕین و ئەگەر ئامادە نەبوون لە سەر 3 دانیشتنی یەك لە دوای یەك یان 5 دانیشتنی پچر پچر بێت لە ماوەی یەك وەرزی یاسادانان ئەوا هەڵدەگیرێت وێرای بڕینی مووچەکەی و ئامادەنەبوونەکەی لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمان هەڵدەگیرێت یەکسەر ، ئەگەر ئامادەنەبوونی دوای ئەمە دووبارە بوویەوە سەرۆك بۆی هەیە بابەتەکە بخاتە بەردەمی پەرلەمان و پەرلەمانیش دەتوانێت بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامان بە لەدەستدانی ئەندامێتی لەقەلەمی بدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تکایە سەرنج بدەن بۆ ئەوەی بزانن دەنگ لەسەر چی دەدەن؟

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- بڕگەی 2 بە تەواوی هەڵدەگیرێت.

3- ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە هۆی راسپاردنی بە ئەرکی فەرمی ئەمە جێی دەگرێتەوە، ئامادە نەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوەی لیژنەکان بەهۆی راسپاردنی بە ئەرکی پەرلەمانی بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت و بە شاندکراو هەژمار دەکرێت.

4- لە بەرواری ئەنجامدانی سوێندی یاسایی ئەندام بە دەست لەکارکێشاوە لە کاری پێشووی دادەنرێت پێویستە پەیوەندی لەم کارە بپچڕێنێت و پابەند بێت بە خۆتەرخان کردن بە کاری پەرلەمان.

5- نابێت ئەندام لە ماوەی خولی هەڵبژاردن گرێ بەست لەگەڵ پەرلەمان یان حکومەت بۆ خۆی یان لە رێگەی کەسانی تر ئەنجام بدات، هەروەها نابێت سیفەتی ئەندامێتی خۆی ئیستیقلال بکات یان رێگە بدات سیفەتی نوێنەرایەتییەکی بۆ کارێکی بازرگانی یان دارایی کار بهێنرێت.

6- پیادە کردنی ئەرك و کاری حزبی یان سەندیکایی یان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پیادەکردنی کاری وەزیفی یان پیشەیی هەژمار ناکرێت.

7- نابێت ئەندام دەستوەربداتە کارەکانی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێ بە جێ کردن تەنیا لە چوارچێوەی پسپۆڕێتی یاسادانان و چاودێری نەبێت.

8- نابێت ئەندام کۆکردنەوە بکات لە نێوان ئەندامێتی پەرلەمان و ئەنجومەنێکی تر لە ئەنجومەنە هەڵبژاردنەوەکان پێویستە لەسەر ئەندام لە ماوەی 8 رۆژ لە رێکەوتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێك لە 2 ئەنجومەنەکە هەڵبژێرێت، بە پێچەوانەوە وا هەژمار دەکرێت کە ئەندامێتی لە پەرلەمان هەڵبژاردووە.

9- هەرکاتێك ئەندام پۆستێکی وەزاری وەرگرت بە دەست هەڵگرتوو لە ئەندامێتی پەرلەمان هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەم شێوەیە کە خوێندرایەوە؟《61》کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ 《4》کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی 23،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ماددەی 23 پێشنیارەکان بخەینە روو، ئێمە میکانیزمێکمان دانا بۆ پەسەندکردنی ئەم پێڕەوە، یەکێك لەخاڵەکان، 3 خوێندنەوە بوو ئێتسا من هەست دەکەم ئەم 3 خوێندنەوە لە جیاتی ئەوەی ئیشەکەمان ئاسان کات قورسی کردووە و تەخیر دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم میکانیزمە پێدا بچینەوە، بۆ ئەوەی ئەم خاڵە کە 3 دانیشتنەکە و چەند خاڵی تر پێداچوونەوەی دەوێت، ماددەی 23، سەبارەت بە خاڵی 1 لە ماددەی 23 پێشنیارێك هەبوو کە دەستەواژەیەك زیاد بکرێت کە ئەندام سەرپشکە لەوەی مووچەی خانەنشینی یان مووچەکەی تری وەردەگرێت و لە ئەسلی خاڵەکە لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەندامێتی ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە، ئەندامانی خولەکانی پێشوو پەرلەمان دەتوانن لەم مافە بەهرەمەند ببن و پێشنیارەکە ئەمە بوو ئەو برگەیە زیاد بکرێت کە ئەندام سەرپشکە کە مووچەی خانەنشینی یان مووچەکەی تری وەربگرێت، تکایە سەرۆکی پەرلەمان زیادکردنی ئەم دەستەواژەیە بخەرە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لە ماددەی 23 مافەكانی ئەندام بڕگەی 1 ، ئەمە جێ كراوەتەوە كە ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە كارەكەی دوای تەواو بونی كارەكەی، پێشنیارێك كرا كە لەو كاتەی گەڕاتەوە كاری پێشوو، سەرپشك بكرێت كە مووچەی كارەكەی خۆی وەربگرێت یان مووچەی خانەنشینی ئەندامێتی، كێ لەگەڵ ئەمەدایە كە ئەندامی پەرلەمان سەرپشك بێت لە وەرگرتنی پارەی خانەنشینی و مووچەكەی یان مووچەكەی خۆی، كێ لەگەڵ ئەوەدایە پەرلەمان سەرپشك بێت لە نێوان ئەم دوو مووچەیەدا؟ ﴿49﴾كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی؟ ﴿14﴾كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی 4 هیچ شتێكمان نەگۆڕیوە، تەنیا دووبارە سیاغەمان كردووە و تەنیا سیغەكە گۆڕاوە و پێویست بە دەنگدان ناكات و سیاغە تازەكە دەخوێنمەوە و ئەگەر بەراورد لەگەڵ سیاغە ئەسلییەكە بكەن، چونكە بەشێك لەئەندامانی پەرلەمان لە 3 كەس تێنەپەڕی بوو، بەڵام ئێمە وەكو سیاغە سەیرمان كرد بۆیە لەو 15 ڕۆژە سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتی ئاسایی بداتە ئەندامی پەرلەمان ئایا ئەمە پچر پچرە یان بەسەر یەكەوەیە؟ مۆڵەتی ئاسایی بۆ یەك جار نەبێت، بۆیە لەسەر بنەمای ئەو پێشنیارانە كە وەكو سیاغە سەیرمان كردووە، دووبارە داڕشتنەوەی بۆمان كردووە، سەرۆك بۆی هەیە مۆلەتی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەكە پێویستی كرد بۆ ماوەیەك كە لە 15 ڕۆژ تێپەڕ نەكات بەسەر یەك یان پچر پچر لەماوەی هەر وەرزێك لە وەرزەكانی یاسادانان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە بەو سیاغەی كە ئێستا خوێنرایەوە؟ ﴿53﴾كەس لەگەڵێدایە، كێ دژیەتی، كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح::**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی تر هەبوو كە دەنگی هێنا بۆ ئەوەی كە زیاد بكرێت، ئەوەی سەبارەت بە هەژمار نەكردنی بایكۆت بە ئامادە نەبوون، دەنگی هێناوە كە زیاد بكرێت و لە مافەكان زیادی دەكەین بەم شێوەیە، كاتێك فراكسیون ئەندام لەبەر هەڵوێستێك بایكۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەكات بە ئامادەنەبوو هەژمار ناكرێت بە مەرجێك أ/ ئەگەر بڕیاری بایكوت كردنەكە لەناو هۆڵی پەرلەمان بوو ئەوا پێویستە سەرۆكی فراكسیون یان ئەندام پێش جێ هێشتنی هۆڵێ پەرلەمان لە ڕێگەی خاڵی پێڕەوی هۆكاری بایكوتەكە روون بكاتەوە.

ب/ئەگەر هۆكاری بایكوت كردنەكە پێش هاتنە ناو هۆڵی پەرلەمان بوو پێویستە سەرۆكی فراكسیۆن یان ئەندام پێش دەست پێكردنی دانیشتن یاداشتێك ئاراستەی سەرۆك بكات و هۆكارەكەی روون بكات و

پێویسته پێش دانیشتنی پەرلەمان و باس کردن بە بەرنامەی کار بخوێنێتەوە ئەگەر دەنگ بێنێت دەبێتە بڕگەی 7/ لە ماددەی 23.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ بڕگەی 7 لە ماددەی 23 بەم شێوەیەی د. بەهار خوێندییەوە، کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿21﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ ﴿25﴾کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند ناکرێت، دەبێت سیاغەیەکی تر بۆی بدوزرێتەوە، چونکە مافەکە چەسپێنرا، کاك رابون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو کات کە ویستم تەقیمی خۆم لەسەر ئەم بابەتە بکەم ئێستا کاتێتی ئەگەر دەرفەتم بدەی، جارێ بایکوت حەقی مەشروعە، د. ڤالاً ئاماژەی بەمە کرد بە عورف لە پەرلەمانی هەموو دونیا هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام بخرێتە پەیڕەوی ناوخۆش، بەڵام لەبەر ئەوەی کێ بڕیار بدات دەبێت مەرجەعێك هەبێت کە دان بەوە بنێت کە بایکوتە، رەنگە پەرلەمانتارێك بیەوێت بە فیعلی بەشداری لەمەدا بکات کە بەشداری لە دانیشتنەکە نەکات و رەنگە نیەتی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام دێت لەسەرەتای دانیشتنەکە دەڵێت من بڕیار دەدەم هەتا حکومەتی هەرێم موچەی فەرمانبەران نەدات من بایکوتی دانیشتنەکان دەکەم، ئەگەر حکومەتی هەرێم نەیتوانی مووچە دابین بکات ئەوە بایکوتەکە بەردەوام دەبێت، رەنگە کەسێك بڵێت تا پێشمەرگە شارۆچکەی حەویجە نەگرن و ئازاد نەکەن من بایکوتی دانیشتنەکان دەکەم و بایکوتەکەی کراوە دەبێت و هیچ مەرجەعێك نییە بڵێت ئەمە بایکوتە یان نا؟ من دوو پێشنیارم بۆ لیژنە بەڕێزەکە ناردووە، پێشنیارێك ئەوەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار لە بایکوتی بدات و پێشنیارێکی تر لیژنە یاسایی میکانیزمە باوەر پێکراوەکانی خۆی بڕیار بدات لەسەر بایکوتەکەی و لە هەردوو حاڵەت بایکوت رێك دەخات، بۆ ئەوەی بایکوت نەکرێت حاڵەتێکی کراوە و هەموو کارێك ببێتە بایکوتی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام زیادکردنی بڕگەیە، بۆیە لەهەر فراکسیۆنێك 2 کەس قسە بکات فەرموو، د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەوەی ئێستا رووی دا حاڵەتێکی نوێ بوو بۆ من، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگدانی یەکەم کە کرا بە زۆرینە کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، بەڵام دەنگدانی دووەم کە بڕگەکە خوێندرایەوە و قبول نەکرا، بە بڕوای من سقوتی دەنگدانی یەکەمی کرد، لەبەر ئەوەی دەنگدانی یەکەمی قبوول نەکرد ﴿لاحق خیر سابە﴾، ئێستا شتێکی لاحقە و دەنگدانی پێشوەختەیە و ئەوەی پێش خۆی سرییەوە، تێڕوانینی من بایکوت بە غیاب حساب بکرێت هیچ بڕگەیەك زیاد ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وایە رای تریش هەبێت و بەندە رای من ئەوەیە مافەکە خرایە دەنگەوە، بەڵام سیاغەکەی دوایی دەخەینە دەنگەوە، ئێستا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێت کە مافە کە نەبێت، بەڵام با ئەندامان بۆیان هەبێت قسە بکەن، د. ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێچەوانەی کاك د. فرستم دەنگدرا لەسەر مەبدەئەکە، بەڵام دەنگ لەسەر معیارەکان کە دانرابوو بۆ بایکوت کردن، لەبەر ئەوە دەبێت معیارەکان بگۆڕن لەوێ نەبووم نەم دەزانی چی بکەم، بۆیە دەبێت سیاغەکە وای بکرێت کە ناوەڕۆکەکە بگۆڕیت نەك لە رووی کەلیمە، ئەندامانی پەرلەمان رازی نەبوون بەو 2 مەرجە بایکوت بکرێت لەوانەیە کە بیانەوێت مەرجی تر زیاد بکرێت یان بەم شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە د. ڕێواز دەکەم بە هەمان شێوە ئەوەی سەرەتا مافەکە چەسپا کە بایکوت دەبێت، بەڵام لەسەر شێوازی سیاغەکردنی بایکوتەکە قسەم لەسەری هەیە من لەگەڵ ئەوەدام کە بەشێکی تر بۆی زیاد بکرێت کە تەنیا بایکوت لە ناو هوڵی پەرلەمان نەکرێت و ئەوەی باس لە یاداشت بکرێت و رەنگە کەسێك لە دەرەوەی وڵات بێت بنووسێت و یان بایکوتێك کە بۆ ماوەی حەفتەیەك یان 10 رۆژ بێت سەفەرێك بکات لە کاتێکدا کە مۆڵەتی وەرنەگرتووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا درێژخاین بوو رۆژانە بێتە هۆڵی پەرلەمان و لە کاتی دەستپێکردنی دانیشتن پەرلەمان جێ بهێڵێت واتە لە دەرەوەی هۆڵ بایکۆت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلف فەرموو،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام تەحدیدی هۆکاری بایکوت بکرێت، پێشنیارەکەم ئەوەیە هەر بابەتێك لە بەرژەوەندی خەڵکی گشتی کوردستان نەبوو بە بایکۆت هەژمار نەکرێت بە پێچەوانەوە هەر بابەتێك بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو بە بایکۆت ئەژمار بکرێ و ئەو کاتەی بابەتی بایکۆت بۆ کراو گەیشتە ئەنجامی خۆی بایکۆتەکە هەڵبوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكايەتی ليژنە چەند جار ئاماژەی بەوە داوە كە ئيستيفادەيان كردووە لە ديراسەت كردنی بە لايەنی كەمەوە (29) پەيڕەوی ناوخۆی ولآتان، تەنها پرسيارەكەی من ئەوەيە لە كام پەيڕەو كە ديراسەتيان كردووە بايكۆت بە نەس تەنزيم كراوە؟ گوتومانە حەقێكی عورفيە، ئەو حەقە ئەندامی پەرلەمان هەيەتی كەس ناتوانێ لێی بسەنێتەوە، بەلآم ئەگەر كردت بە نەس دەبێ مەعايری بۆ دانێی، ئەو مەعايرانە چۆن زەبت دەكەن بۆ خۆيان ئەوە پرسياری منە بۆ ئەوان، لەبەر ئەوەی نازانم چۆن زەبتی دەكەن، من ديسان دووبارەی دەكەمەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، دەرگايەك دەكەينەوە دواجار پێمان داناخرێت لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان كرا لەسەر نوقتەی سياغە دەنگی نەهێنا، دەنگدان كرا لەسەر بڕگەی يەكەم كە ئەم مافە هەبێت كە حەقی بايكۆت كردنی هەبێت، پێموابێ تەنها ئەم سيغەيە بمێنێتەوە، بەڵێ، بايكۆت بە ئامادە نەبوو حيساب نەكرێ، تەواو، وەكو مافێك هەبێت تەنها غياب نەدرێت، ئەمە سياغەكەی پێويست نييە، لەبەر ئەوەی دەنگی نەهێناوە، مەعيارێكيش نييە لە هيچ پەيڕەوێك، دەڵێ ديار نەكراوە، بايكۆت تەنزيم ناكرێت وەكو (د.ڤالآ) باسی كرد، بۆيە دەرگايەك دەكەيتەوە ئيدی هەموو رۆژێك خەريكی جەلسەبی لە ياداشتێك بخوێنرێتەوە چوار لاپەڕەی ئەم پەرلەمانتارە بخوێنرێتەوە، بەڵێ، جا ئەمە وايە، ئەمە وايە، موزايەدە دەكرێ، من لەبەر ئەوە نايەم، لەبەر خەمی خەڵك نايەم، ئيدی سەرۆكايەتی پەرلەمان و ئێمە هەر دەبێ خەريكی ئەوەبين و ئەم ياداشتانە بخوێنينەوە، پێموابێت تەنها ئيكتيفا بەوە بكات بايكۆت بە غياب حيساب نەكرێت و تەواو، كۆتايی پێ بێنين بە رەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەلآڵی فەرمووو.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين (مەڕوان گەلآڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگيری لە قسەكانی (د.ڤالآ) و برايانی پێشوو دەكەم، بە موتلەقی بمێنێتەوە و شەرح و تەفسيلی بۆ نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیەكەی (كاك فرحان)م، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم گەل هەندێینە ئەڤ مافە بێتە چەسپاندن و دەنگدان سەر هاتە كرن بە دوو مەرج، هەر بایكۆتێك بۆ یەك جار بێت و ناڤ هۆلا پەرلەمانێ بیت، نەك بە تەفسیلی بخوێنێتەوە، بۆ یەك جار بێت و ناڤ هۆلا پەرلەمانێ داخاز بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی مافەكەین كە بچەسپێت، ڕێك بخرێت، ئەو مەرجانەی بەڕێزان لە لیژنەكە دایان نابوو مەرجی خراپ نەبوون، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەوە زۆر گرنگە كە بایكۆت بە ئامادەیی فراكسیۆن یان ئەندامی پەرلەمان بێت لە ناو پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ من پێم باشە وشەی بایكۆت بكرێ بە كوردی، لەوانەیە نیوەی زۆریمان نەزانین سپێلەكەی چییە، ئەم بایكۆتە وشەیەكی ئەجنەبیە هاتۆتە ناو ئێمەوە، بە كوردی پێ دەوترێت چی؟ با لیژنە بۆمان روون بكەنەوە، ئەوە زۆر گرنگە، دووەمیش هەر كەسێك بایكۆت دەكات بۆ ئەوە پشتگیری لە قسەكانی (كاك فرحان) و (كاك صالح) دەكەم، با بێتە هۆڵی پەرلەمان و ئێرەش بەجێ نەهێڵێ لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بێت، كەواتە هەر كەسێك بیەوێت بایكۆت دەكات و دەچێ بەدەم كارێكی خۆییەوە، یەعنی بایكۆت دەبێ بەراستی نرخی بایكۆتیش بزانین، ئەو كەسەی بایكۆتیش دەكات لە ناو بینایەی پەرلەمان بمێنێتەوە تا جەلسەكە تەواو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتی بایکۆتە هەر چەندە حەز دەکەم (کاك عمر) شتێکی بگوتایە منیش ئەو وشە کوردیەم بەکاربهێنایە کە خۆشم سەرم لێ دەرنەکرد، بابەتی بایکۆت دەرگایەکی کراوەیە، یەعنی ئێمە دەرگایەك ناکەینەوە کە خۆی داخراوبێت، کەچی فعلەن شتکە هەیە، بە عورف مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئێستا ئەگەر بخرێتە ناو چوارچێوەی پەیڕەوەکەوە تەنزیم دەکرێت، تەنزیمەکە پێویستە بەراستی بۆ ئەوەی بەو شێوە هەڕەمەکیە کە ئێستا خۆی کراوەیە نەهێڵێتەوە، ئەو مەعیارە کە باسیان کرد پەرلەمانتاران پێویستە ببێت بۆ ئەوەی هیچ ئەندام پەرلەمانێك نەتوانێ ئیستیغلالی بایکۆت بکات، من پێشنیارێك دەکەم بایکۆت لە سێ دانیشتنی پەرلەمان زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی زۆرە سێ دانیشتنی پەرلەمان، بەڕێز کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رایەکەی (کاك عبدالله) و (کاك فرحان) و هاوڕێیان دەکەم، کە بایکۆت بە موتلەقی بێت و هیچ پێوەرێکی نەبێت، من پێموایە ئەو پێوەرانەی کە باسی دەکەن بایکۆتەکە بێ ئەهمیەت دەکات و کۆت و بەندێکە لەسەر ئەندامی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە راتان چییە؟ بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە ناو خۆمان رەئی جیاوازمان هەیە وەکو لیژنە لەسەر ئەو بابەتە، چونکە ئەسڵەن ئەو بابەتە ئێمە تەنزیمان نەکردبوو، بۆیە بە حاڵەتێکی تەبیعی وەری بگرن، هەر یەکەو را و تێڕوانینی خۆمان هەیە، ئەوەی بەڕێز (د.ڤالآ) گوتی ئایا لە کوێ بینیوتانە لە ماوەی دیراسەکردنی پەیڕەو، ئێمە نەمانبینی بە سەراحەت ئەو شتە من خۆم نەمبینی، ئەگەر هاوڕێکانم هاوڕامبن نەمانبینی بایکۆت تەنزیم کرابێت، دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، (د.بەهار) سیاغەیەکی نوێی کردووە، دەیخوێنێتەوە، بۆ ئەوانەی کە ئەنساری ئەوەن کە هەبێت، من خۆم لەگەڵ ئەوەنیم کە ئەسڵەن کە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەش كە وشەی بایكۆت كوردی نییە ئەوە بە هەمان شێوە ئەم مەسەلەیە لەسەر پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان بوو، لیژنە ئەمەی دروست نەكردووە، تاوەكو بەرپرس بێت لەوە، من پێم خۆشە ئەوانەی كە پێشنیاریان كردووە پێمان بڵێن بایكۆت بە كوردی چی پێ دەڵێن، لە كۆی ئەو گفتوگۆیانەی كە ئێستا كرا ئێمە سیاغەیەكمان ئامادەكردووە، ئەگەر ئەو سیاغەیە بخرێتە دەنگدان كاتێك فراكسیۆن یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك كە لە بەرژەوەندی گشتیی بێت بایكۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەكات لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناكرێت بە مەرجێك لە دوو دانیشتنی یەك لە دوای یەكی پەرلەمان تێپەڕ نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان فەموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیڤ ئەو میكانیزمێ مە داناى بۆ دەنگدانێ، مادام سەر مەبدەئی بایكۆتی دەنگدانێ یا هاتیە كرن دڤێت رەئیا دوورتر ژ وێ ئەوە كو پەسەندا وێ دكەت یەكەم بكەڤیتە دەنگدانێ، كەواتە رەئیا (د.فرست)ە، دەبێت یەكەم ئەو بچێتە دەنگدانێ، پشتی هەنگی ئەوەی تر بچیتە دەنگدانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی بە پێی پەیڕەو نابێت لەسەر بابەتێك دووجار دەنگدان بكرێت، بەڕێز كاك ناظم فەرمووو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سێ كەس زیاتر پێشنیاریان كرد كە بمێنێت بەڵام مەعایری بۆ دانەنرێت، ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رەئیەكەی (كاك عمر عینایەت) دەكەم، هەروەها ئەو سیاغەیەی كە (د.بەهار) خوێندیەوە، بەڵام ئەگەر ئیزافەیەك بكرێ بەوەی كە پەرلەمانتار لە ناو تەلاری پەرلەماندا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم سیاغەیە بەو شێوەیەی كە بە موتلەقی یەكسەر دایبنێین، چونكە مافەكە دەنگی هێناوە، كاتێك فراكسیۆن یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك بایكۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەكات لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دوو كەس دەستیان بەرزكردۆتەوە بۆ نوقتەی نیزامی (كاك زانا) و (كاك فەرهاد)، فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە زۆر بابەت دەبێتە حەساسیەت لە ناو پەرلەمان، ئەوەی من لەو گفتوگۆیە بەدیم كرد یەك شتە، بۆ ئێمە ئەم گومانە لەسەر ئەندامی پەرلەمان دروست بكەین كە دەیەوێ فێڵ بكات، بیەوێ لە ڕێی بایكۆتەوە نەیەت بۆ دەوام، من پێموایە ئەوە زۆر ناشرینە، یەعنی ئەگەر كەسێك بیەوێ نەیەتە دەوام ئامادە نابێت بۆ ئامادە نەبوون سزاكەی چییە تاوەكو فێڵ بكات، بۆیە من پشتیوانی لە ڕەئیەكەی (كاك فرحان) دەكەم، پێویست ناكات هیچ شتێكی بۆ بنووسین، ئەوەی كە بایكۆت دەكات بە ئامادە نەبوو حیساب ناكرێ، شتێكی زۆر ئاساییە، با ئەوەندە حەساسیەت و گۆمان لەسەر یەكتریش دروست نەكەین لەو پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوە وەكو (د.ڤالاّ) گوتی، وەكو ئەو برادەرەی تریش گوتی دەكرێ هینی بۆ بكرێ، یەعنی پێموایە بگوترێت بایكۆت یەك دانیشتن بێ و سەرۆكایەتی پەرلەمان بە بەرژەوەندی گشتیی بزانێت، سەرۆكایەتی پەرلەمانیش سێ كەسن حەتمەن سێ كەس هەر حوكمێك دەدات كە ئەوە ڕاستە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو سیاغەیەی كە خوێندرایەوە سیاغەیەكی گشتگیرە، بەڕێزان، تكایە ئاگاداربن، بەلاّم لە هەمان كاتیشدا دوایی ئەوە دەكەوێتە تەقدیری سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە، یەعنی ئێستا ئەندامی پەرلەمان هەبووە هەر لەم خولەدا بایكۆتی پەرلەمانی كردووە، بایكۆتی چەند دانیشتنێكی پەرلەمانیشی كردووە بەبێ ئەوەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاگادار بكاتەوە، یەعنی ئایا ئەوە بە غیاب حیساب نەكرێ، یان حیساب بكرێ، یەعنی ئەگەر ئەوە دەنگیشی لەسەر درا بەڕاستی دەكەوێتە تەقدیری سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە كە چ بایكۆتێك بایكۆتە و چ بایكۆتێك بایكۆت نییە، ناكرێت ئەندامی پەرلەمان لەسەر هەڵوێستێكی خۆی نەیەتە هۆڵی پەرلەمان، بڕوات بۆ شوێنێكی تر و بڵێ بایكۆتی دانیشتنەكانی پەرلەمانم كردووە، ئەو

سیاغە گشتییەی کە خوێندرایەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە تەسبیت دەکرێ وەکو ماف، ئەگەر دەنگیشی نەهێنا ئیتر خۆ ئەوە ئەندامانی پەرلەمان رێك ناکەون لەسەری، کاك عمر ئاخر موداخەلە فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها داوا دەکەم بنووسن بەجێهێشتن یان ئامادە نەبوون لە هۆڵی پەرلەمان، جاری وا هەیە نایەتە ژوورەوە، یەعنی دەڵێ من بایکۆت دەکەم نایەمە ژوورەوە، یان لە ناو هۆڵی پەرلەماندا دەچێتە دەرەوە، داوای لێبووردن دەکەم، یەعنی دەبێ حەڵ بکرێ ئەو شتە، یەعنی هەردووکی وشەی بایکۆت دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوە ئیزافە بکەینەوە ئەوەیە کە یەکەمجار رێکمان خستبوو، ئێمە بۆیە یەکەمجار بە دوو بڕگە رێکمان خستبوو ئەگەر لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بێ و لە دەرەوەی پەرلەمان بێت، ئەگەر وابێت دەگەڕێینەوە سەر سیاغە ئەسڵیەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت کە ئەگەر تەقدیری سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە ئایا ئەوە بایکۆتە یان نا، پێموایە ئەو نەسەی بەڕێز (د.بەهار) پەسەند بکرێ هیچ تەقدیرێك بۆ ئێوە نامێنێتەوە، ئێوە ناتوانن بڵێن ئەوە بایکۆت نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، ئیتر ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان پێداوە، تکایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ناکرێت گفتوگۆ لەوە زیاتر درێژ بکرێتەوە، فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك فراکسیۆن یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەکات لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (38) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (16) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بەڵێ، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (د.شێرکۆ) چەند پێشنیارێکی بۆ ناردین بۆ ماددەی (23) بۆ ئەوەی مافەکان ئیزافە بکەین و لەلایەن زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمانی تر پشتگیری کرا، ئێمە لە جەلسەی پێشووش روونکردنەوەمان دا لەسەر خاڵەکان، بەڵام لەم جەلسەیەدا جارێکی تر، چونکە بەشێکی زۆر لەو خاڵانەی کە بەڕێزیان باسی کردووە لەگەڵ ئەوەی کە خاڵی وەجیهن پێویستە لە ناو پەیڕەودا هەبن، بەڵام ئێمە بەشێکیان لە ناو ئەو پرۆژەی پەیڕەوە جێگامان کردۆتەوە، بۆیە ئیشارە دەدەین بۆ ماددەکە کە لە ناو پرۆژەی پەیڕەوەکەدا هەیە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم: دەڵێ ئەندامی پەرلەمان لەسەرجەم دەزگاو دامەزراوەکانی هەرێمەدا مامەڵەی کەسایەتی پلە بڵندی بۆ دەکرێت بە مەبەستی راپەڕاندنی ئیش و کاری تایبەت بە پەرلەمان و نابێت هیچ رێگری و دەست خستنە رێگەی بکرێت لە هیچ بازگە و دەزگایەکی رەسمیدا، ئەمە لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (24)ە ئاماژەمان پێ کردووە و لە بڕگەی یەکەمدا ئێمە گۆڕانکاریەکمان کردووە، دواتر کە دێینە سەری دەیخوێنینەوە کە ئەم بڕگەیە دەگرێتەوە سەبارەت بەوەی کە مامەڵەی کەسایەتی پلە بڵندی بۆ بکرێت ئەوە ئێمە پێمانوایە وەکو لیژنە کە ئەندامی پەرلەمان نابێ بشوبهێنرێ بە کەسایەتی پلە بڵند، بەڵکو کەسێك کە دەیەوێ پلەی بڵند بێت دەبێ بە ئەندامی پەرلەمان بشوبهێنرێ، ئەگەر لەوە پێشتر شتێکی وا کرابێ ئەوە لە دەرەوەی یاسابووە، هیچ یاسایەك نەیگوتوە دەبێ ئەو مامەڵەیە بکرێ، بۆیە پێمانوایە کە مامەڵەی کەسایەتی پلە بڵندی بۆ بکرێ لە پەیڕەودا جێ کردنەوەی ئەوە کەم کردنەوەی شەئنی ئەندام پەرلەمانە، بۆیە ئەم خاڵە لەگەڵ ئەوەی کە لە ماددەی (24) لە بڕگەی یەکەم و دووەمدا جێگای کراوەتەوە، تەنها ئەو دەستەواژەی تێدا نییە، ئەو دەستەواژەیەش ئێمە تێبینیمان هەبووە لەسەری، بڕگەی دووەم: کە دەڵێ (ئەندام دەتوانێ بە شێوەی فەرمی داوای زانیاری و دۆکیۆمێنت و بەڵگە لە وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم بکات)، ئەوە لە ماددەی (43)، فەقەرەی (5)دا ئەمە جێی کراوەتەوە، سەبارەت بە فەقەرەی (3) لە داواکاریەکەی بەڕێز (د.شێرکۆ) و ئەوانەی تر کە پشتیوانیان کرد، دەڵێ (ئەندامی پەرلەمان بە تاك یان کۆ دەتوانن سەرەدانی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی هەرێم بکەن)، پێویستە لایەنی پەیوەندیدار کار ئاسانی تەواو بۆ کاری پەرلەمانتاران بکات بە مەرجێك دەستخستن نەبێت بۆ کاروباری ئەو فەرمانگانە، ئەندام یان ئەندامەکانی دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرەدان و ئاکامەکەی ئاگادار بکەنەوە، ئەوە بزەبت لە ماددەی (32، 42،) ئەم بڕگەیە جێی کراوەتەوە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم، ئێمە پێمانوایە ئەمە بڕگەیەکە لە شوێنی خۆیدایە، دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی

هێنا ئیزافە دەکرێ بۆ ماددەی (23)، بڕگەکە بریتیە لەوەی (ئەندام لە ڕێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانەوە، یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەستەی گشتییەوە ئاگاداری سەرجەم کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان دەکرێت و بۆی هەیە کە سەیری کۆنووسی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زیادکردنی ئەم بڕگەیە ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام لە ڕێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانەوە، یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەستەی گشتییەوە ئاگاداری سەرجەم کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان دەکرێت و بۆی هەیە سەیری کۆنووسی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامییمان هەیە، بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێ ئاگادار دەکرێ ئیتر ئەو کاتە وەکو ئیلزامی لێ دێت، بەڵام بگوترێ سیاغەکەی وابێت دەبێ ئاگادار دەبێ، یان دەتوانێ ئاگاداربێ، بۆ ئەوەی دوایی وا لێك نەدرێتەوە کە ئەندامی پەرلەمان مافێکی تری هەیە، یەعنی تۆزێك سیغەکەی بگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ بڕگەکەیە بەو سیاغەیەی کە خوێندرایەوە و بەو تەعدیلەی کە (د.ڕێواز)یش کە باسی ئەوەی کرد بۆی هەیە؟ کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (36) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکی تر کە بڕگەی پێنجەم کە داوای کردووە زیاد بکرێ، ئەندام دەتوانێ ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بکات و دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە ماوەیەك لە (15) ڕۆژ کەمتر نەبێ و لە (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ وەڵامی ئەندامی پەرلەمان بداتەوە، ئەم بڕگەیە لە هیچ بڕگەیەك لەو پڕۆژەیەی لەبەر دەستمان جێی نەکراوەتەوە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنە پێمانوایە نابێ بابەتێکی لەو شێوە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەمە تێکدانی شیرازەی ئیدارییە، تەسەلسولی ئیدارییە لە ناو پەرلەمانی

کوردستان کە ناکرێت ئەندامی پەرلەمان راستەوخۆ نووسراو بەبێ ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمان نووسراو ئاراستە بکات، داواکە کراوە و سێ کەسیش پشتگیریان کردووە، بەلاّم ئەمە رای لیژنەیە، دواتر بڕیار بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرەدا بەس تەنها یەك روون کردنەوە بۆ ئاسانکاری کاری ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە ماوەی رابردوو رێنماییەکمان دەرکردووە کە نووسینگەکانی پەرلەمان بۆیان هەبێت لە سنووری پارێزگاکەی خۆیان یان سنووری ئەو قەزایەی کە کاری تێدا دەکەن نووسراو ئاراستەی ئەو یەکە ئیدارییانە بکەن کە لەو سنوورە هەن، ئەوە لە دەسەلاّتی سەرۆکایەتی پەرلەمان گوازراوەتەوە بۆ نووسینگەکان، ئەگەر نا ئەوەی تر کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکان پێویست دەکات سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری نووسراوەکان بێت، لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، یان وەزیری پەیوەندیدار، تەنانەت سەردانەکانیش بە هەمان شێوە، ئەوە تاوەکو ئێستا بەو شێوەیە موتەبەع بووە، ئەندامانی پەرلەمانیش خۆیان سەر پشکن لەوەی کە دەنگ بە چی دەدەن، کە ئایا ئەندامانی پەرلەمان راستەوخۆ سەر پشك بکرێن لەوەی موخاتەبەی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران بکرێن یان نا، بۆیە تکایە ئەو بڕگەیە جارێکی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بیخوێنمەوە جارێکی تر دەڵێم، یەعنی ئەگەر ئەوە دەنگ بێنێت کارەساتە لە ناو پەرلەماندا.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کارەسات نییە، بەلاّم کارێکی خراپە، یەعنی لە رووی هەیکەلی ئیدارییەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام دەتوانێت راستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن بکات و دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن لە ماوەیەك کە لە (15) رۆژ کەمتر نەبێ و لە (30) رۆژ زیاتر نەبێ وەلاّمی ئەندامی پەرلەمان دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ زیاد کردنی ئەو بڕگەیەدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵ دابێت، کێ لەگەڵ دانییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە، (25) کەس لەگەڵ دانییە، کەواتە پەسەند نەکرا، کۆی ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کۆی پێشنیارەکان بوو، ئێستا ماددەکە دەخوێنینەوە.

**ماددەی (23): مافەکانی ئەندام**

1- لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لە دەست نەدابوو ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە، سەرپشکە لەوەی مووچەی خانەنشینی یان مووچەی تری وەردەگرێ، ئەندامانی خولەکانی پێشوو تری پەرلەمان دەتوانن لەم مافە بەهرەمەندبن.

2- ماوەی ئەندامیەتیەکەی بۆ مەبەستی سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوە، تەرقیە و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت.

3- ئەندام بۆی هەیە مۆڵەتی نەخۆشی بە پێی ڕێکارەکان وەربگرێت.

4- سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەکە پێویستی کرد بۆ ماوەیەك کە لە (15) رۆژ تێپەڕ نەکات بە سەر یەکەوە، یان پچڕ، پچڕ لە ماوەی هەر وەرزێك لە وەرزەکانی یاسادانان.

5- هەر یەك لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن کە بە یاسا ڕێك دەخرێت.

6- ئەگەر ئەندامێك لە کاتی یان لە ئاکامی راژەی پەرلەمان یان بە هۆییەوە کۆچی دوایی کرد ئەوە مووچەیەکی خانەنشینی بۆ میراتگرانی تەرخان دەکرێ بە پێی یاسا کار پێکراوەکان.

7- کاتێك فراکسیۆن یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەکات لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادە نەبوو ئەژمار ناکرێت.

8- ئەندام بۆی هەیە لە ڕێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانەوە، یان راستەوخۆ لە ڕێگەی دەستەی گشتییەوە ئاگاداری سەرجەم کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان بکرێت، بۆی هەیە سەیری کۆنووسی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە کە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (49) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (8) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، تکایە ماددەی (24) بخوێننەوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە برگەی یەك لە ئازادی ئاخاوتن و را دەربڕینی ئەندام پەرلەمان لە ناو لیژنە و لە ناو پەرلەمان، رایەك هەبوو کە پەرلەمانتار ئازاد بێت لە ئاخاوتن لە دەرەوەی پەرلەمانیش، یەعنی بەو سیغەیە بێت کە لە ناو پەرلەمان و لە ناو لیژنە و لە دەرەوەی پەرلەمانیش، ئێمە پێمان باش بوو کە بەم شێوەیە بێت، ئەندام ئازادی ئاخاوتن و را دەربڕینی تەواوی هەیە لە کاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانی بە شێوەیەك رەچاوی رێزگرتن لە دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا

کارپێکراوەکان بکات، واتە ئەمە هەمووی دەگرێتەوە لە ناو لیژنەکان و لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش کە گوترا کاری پەرلەمانی، پێشنیار هەیە کە بڕگەی (3، 4، 5، 7) لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی سێ بخوێننەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانن دەنگ لەسەر چی دەدەن، لای بەرن، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لایەنی دادوەری تایبەتمەند لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی هاوپێچ لەگەڵ پەڕاوی ئەو دۆسیەی کە بابەتی ڕێ و شوێنە سزایەکەیە کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە بۆچی هەڵدەگیرێت، بۆچی داواکراوە هەڵبگیرێت.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕێکارە یاساییانە خۆی هەر دەکرێت، بە زیاد زانرا...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بڕگە بە بڕگە بیخەینە دەنگدانەوە، یان کۆی ئەو بڕگانەی کە داواکراوە؟ بڕگە بە بڕگە؟ باش، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی (3) لابرێ؟ بەڵێ، بەڕێز د.فرسەت، با ڕوونکردنەوە بدات بەڕێز کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بچیتە سەر بڕگەی (3)، ئێمە بڕگەی (1) صیاغەمان کردۆتەوە، بڕگەی (1) بدە دەنگدان، قبوڵیانە ئەو صیاغەی ئێمە؟ کە گەشە خان خوێندییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، بڕگەی (1) تکایە بەڕێز گەشە خان بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دوا صیاغەی ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام ئازادی ئاخاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لە کاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانی، بە شێوەیەك ڕەچاوی ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (44) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (5) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، کێ لەگەڵ لابردنی بڕگەی (3)یە؟ (42) کەس لەگەڵ لابردنیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، بڕگەی (4) بخوێننەوە، کە داوای لابردنی کراوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارییەکە لەگەڵ پەراوەکانی دۆسیەکە دەنێرێت بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی بۆ دیراسەت کردن و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك کە لە ماوەی (10) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، ئەگەر لەو ماوەیە ڕاپۆرتەکەیان پێشکەش نەکرد، سەرۆك دەتوانێ بابەتەکە ڕاستەوخۆ بخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەر هەلگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەندامی تۆمەتبار، یان ڕەتکردنەوەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ هەلگرتنی بڕگەی (4)؟ (26) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (19) کەس دژیەتی، کەواتە لادرا، فەرموو بڕگەی (5).

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان و لیژنەی یاسایی لە ڕووی بوون و نەبوونی بەلگەی تاوان دۆسیەکە ناڕوانن تەنها ئەوە یەکلایی دەکەنەوە کە مەبەست لە ڕاگرتنی کاری نوێنەرایەتی ئەندام نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز د.فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام بڕگەی (4) لاچوو، ئێستا پێویست ناکات بڕگەی (5) بخەیتە دەنگدان، چونکە تەحصیل حاصل دەبێت هەلگیرێت، یەعنی بەیەکەوە ڕەبتن، بۆیە تەصەور دەکەم بڕگەی (5) ئەگەر دەنگی بۆ بدەین بمێنێ، ئێمە موشکیلەمان بۆ دروست دەبێ لە ڕووی ئەوە، بۆیە دەبێ هەلگیرێ، حەلی دیکەمان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بڕگەی (5) پەیوەندی بە بڕگەی (3) و (4) هەیە، لەبەر ئەوە مادام بڕگەی (3) و (4) هەلگیرا، بڕگەی (5)یش هەلگیرا، بڕگەی تر هەیە بخرێتە دەنگەوە؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (7) بڕیاری هەلگرتنی پارێزبەندی تەنها بۆ ئەو کردە تاوانییەیە کە لە داواکەی دادوەری هاتووە لەسەر کردەکانی دیکەی ئەندام جێبەجێ نابێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ هەڵگرتنی بڕگەی (7)؟ ئێمە لابردنی بڕگەکانمان خستۆتە دەنگەوە، (21) کەس لەگەڵ ئەوە بوو لابرێ، (19) کەس دژی بوو، کەواتە لابرا، بەڵێ، ڕوونکردنەوە بدە بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە وا بڕگەی (7)مان نووسیوە، ئەگەر کەسێك، ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە دادگا سکاڵایەکی لەسەر بوو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بڕگەی (7) بەو مانایە دێ کە تەنها ئەو ئەندامی پەرلەمانە بۆ ئەو بابەتە دیاریکراوە دەچێتە بەردەم پەرلەمان، نەك ئەوە بکرێتە دەرفەتێك، ئیستیغلال بکرێ، بڵێن حەصانەی لەسەر هەلگیراوە، کۆمەڵێك کەیس و مەلەفی تریشی بخرێتە پاڵی و لە دادگا بە دەرفەتێك وەربگیرێ پێویستی بە حەصانە نەبێ، نەخێر، ئەگەر بەیانی مەلەفێکی تری بوو دەبێ دیسان بخرێتەوە دەنگدان، مەعنای ئەوە نییە لەو دوو، سێ مانگەی کە حەصانەی لەسەر هەلگیراوە ئیتر هەموو بابەتی تریش بخرێتە بەردەم مەحکەمە، مەلەفێکی تریش دەبێ دیسان بخرێتەوە دەنگدان، پێموایە ئەوە لە بەرژەوەندی ئەندام پەرلەماندایە، بەڵام ڕایەکیش هەیە زیاتر لە سێ ئەندام پشتگیریان کردووە دەڵێ هەلگیرێ، دەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوای ڕوونکردنەوەی بەڕێز د.فرسەت، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەکە هەڵبگیرێ؟ تەنانەت ئەوانەیشی کە داوایان کردووە ئێستا لەگەڵی نین، (3) کەس لەگەڵ هەڵگرتنیەتی، کێ دژی هەڵگرتنیەتی؟ (28) کەس دژی هەڵگرتنیەتی، کەواتە بڕگەی (7) مایەوە، پێشنیاری تر چی هەیە بەڕێز گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (12)

لەسەر زیادکردنی بڕگەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم/ پێیوایە ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت (دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمان مافی سکاڵاکار لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر پەرلەمانتار پارێزراو دەبێت.

ڕای دووەم/ پێویست ناکات ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن بەڕێزان ئەندامانی لیژنە، بەڵام ئەوە خۆی هەر بە دوو ڕا هاتووە لە ناو هۆڵی پەرلەمان، ڕایەکیان پێیوایە کە پێویست دەکات بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، ڕایەکی تر ئەوەی کە ئەم بڕگەیە زیادە، فەرموو دکتۆر فرسەت.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لە پرۆژەکەش دیارە، ئێمە دوو ڕەئین، وەکو لیژنە ناتوانین ڕەئی خۆمان بڵێین لەسەر ئەوەی پشتگیری کامە ڕەئی دەکەین، ئەوە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەمێنێتەوە، تەنها پاساوی زیاد کردنی بڕگەکە ئەوەیە کە ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك ئەگەر زۆرینەیەکی پەرلەمانی لەگەڵدایە لەم قۆناغەو بەرامبەر دادگا دەوەستێت حەسانە هەڵناگرێت، ئەو مافەی هاووڵاتی نەفەوتێت دوای ئەوەی تەواو بوو بتوانێت ڕێکاری یاسایی بەرامبەری بگرێتە بەر، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەش هەیە ئەو حەقە سقوت ناکات، ئەگەر نەشنووسرێت هیچ ڕێگرێکی قانونی نابێت کە لە دوای تەواو بوونی پەرلەمان ئەو هاووڵاتیە، یان ئەو کەسە دەعوای خۆی بجوولێنێ، ئەمە تەنها بۆ تەئکید کردنەوەیە، دوا بڕیاریش بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە خۆیدا هەندێك دەعوا هەیە ماوەی زەمەنی هەیە، لەو ماوە زەمنیە ئەگەر تۆ دەعوا بەرز نەکەیتەوە حەقەکەت سقوت دەکات، لێرە ئەگەر خولی پەرلەمان تەواو بوو حەقەکە سقوتی کرد بوو، ئەوە تەحصیل حاصلە، ناتوانێت، ئەگەر مابووش هەر دەمێنێ، بۆیە ئەو ڕەئیە هەیە کە پێویست ناکات ئەم بڕگەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ زیاد کردنی ئەو بڕگەیە، واتا ڕەئی یەکەم دەستی بەرز بکاتەوە؟ (16) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (28) لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە ئەو بڕگەیە زیاد نەکرا، تکایە سەرجەمی ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24):

پارێزبەندی پەرلەمانی (الحصانة البرلمانية):

1- ئەندام ئازادی ئاخاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانی بەشێوەیەك ڕەچاوی ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات.

2- نابێت ئەندام ڕاوە دوو بنرێت، یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، یان ماڵ و نووسینگەکەی پشکنینی بۆ بکرێت، یان دەستگیر بکرێت بەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی پەرلەمان، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە تاوانێکی بینراوی ئەنجام دابێت.

3- بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانە، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانان دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارلەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی دەدات.

4- بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی تەنها بۆ ئەو کردە تاوانیەیە کە لە داواکەی دادوەری هاتووە لەسەر کردەکانی دیکەی ئەندام جێ بەجێ نابێت.

5- ئەگەر ئەندام تاوانێکی لە جۆری جینایەت لە ناو حەرەمی پەرلەمان ئەنجامدا، لەسەر سەرۆك پێویستە کە فەرمان بکات بەدەستگیر کردن و گلدانەوەی لە شوێنێکی دیاریکراو، ئینجا رادەستی دەسەلأتی دادوەری بکات. بەلأم ئەگەر تاوانەکە لە جۆری کەتن (جنحة) بوو، سەرۆك بۆی هەیە دەسەلأتی دادوەری ئاگادار بکاتەوە بۆ گرتنەبەر رێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەری.

6- ئەو ئەندامەی پارێزبەندی لەسەر هەڵگیراوەو رانەگیراوە (توقیف) لە یەکێك لە گرتووخانەکان بۆی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و دانیشتنی لێژنەکان بکات و بەشداریش بێت لەگفتوگۆ کردن و دەنگدان.

7- ئەندام لە رۆژی سوێند خواردنی یاسایی پارێزبەندی پەرلەمانی دەبێت و ناتوانێت بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنازولی لێ بکات.

8- ئەگەر پەرلەمان داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی رەتکردەوە، بەبێ پێشکەشکردنی بەڵگەی نوێ لە سەر هەمان بابەت داواکاری نوێ پێشکەش ناکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، تکایە ماددەی (25) بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (25)

نەمانی ئەندامێتی

یەکەم: کۆتایی هاتنی ئەندامێتی لە خاڵی سێیەم/ (وەرگرتنی یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ، ئەنجومەنی وەزیران ، هەر پۆستێکی دی فەرمی) ئەمە دووبارەیە لە برگەی هەشت و نۆیەم لە ماددەی (22) بۆیە لێرە لا دەبرێت.

خاڵی چوارەم تەنها دارِشتنەوەی بۆ دەکرێت (نەتوانینی ئەندام بۆ هەڵسان بەکارە پەرلەمانیەکەی، کە بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند سەلمێندرا بێت).

بۆ بەشی دووەم (دەست لەکارکێشانەوە) و بەشی سێیەم لەدەست دانی ئەندامێتی ( سقوط العضوية) وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەرِێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نەجیبە نوقتەی نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەرِێز نجیبە عبدالطیف:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ئاماژەم بەوە کردو ویستم پشتگیری ئەو پێشنیارەی دکتۆرە (بەهار) بکەم لەسەر پیاچوونەوە بە میکانیزمی پەسند کردنی ماددەکانی پەیرەودا، من لە کۆبوونەوەی پێشوو بە نووسراو ناردم بۆ بەرِێزان سەرۆکی لیژنە، بەراستی کۆبوونەوەی ئەمرۆ ئەو دوو خوێندنەوەیە کاتەکەی زۆر درێژ دەکاتەوە، لە کۆبوونەوەی ئەمرۆ تاکو ئێستا بەس دەنگدان بووە لەسەر ماددەکانی پێشوو، تاکو ئێستاش تەواو نەبووە، هەر لە کاتی خۆی دەنگدانی لەسەر بکرێت کەمتر کاتی پێویستە، سوپاس.

**بەرِێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە لیژنە دوایی دەبێت صیاغەی بکەنەوەو پێشنیارەکەت تا رادەیەکی زۆر وەجاهەتی تیایە، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە کردووە، ئێستا بیریان چۆتەوە کاتێکی زیاتری دەوێت روون کردنەوە بدەین بە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر برگەو ماددەکان، خوێندنەوەی سێیەم ئەو کاتە گرنگ دەبێت و رۆڵی خۆی دەبێت، کاتێك کە بە نووسراو پێشنیارەکان دوو رۆژ پێش دانیشتنی پەرلەمان رۆیشت بێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان بزانن دەنگ لەسەر چی دەدەن، بەلأم کاتێك کە لە هۆڵ دەخوێندرێتەوە دیسان ئیشکالیەت دروست دەکات، بۆیە پێموایە وەجاهەتی تیایە دوایی ئەمە قسەی لەسەر بکرێت، دکتۆر (فرسەت) فەرموو.

**بەرِێز د.فرست صوفی علی:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو حاڵەتەی ئێستا روویدا حاڵەتێکی ئیستیسنایە کە جەژنی بەسەردا هاتوو ئەوانە، بەلأم لەوانەیە هەر ئەمرۆ ئەگەر بچینە سەر بەشێکی نوێ هەر ئەمرۆش ئامادەی بکەین و بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو کێشە بەم شێوەیە نییە کە بڵێی هەموو دە رۆژ و بیست رۆژی دەکەوێتە نێوان، ئەوەی یەك.

دوو/ پێموایە زۆر سوودمەند بووین لەو رێگایەی تازە گرتوومانەتە بەر، لەبەرچی؟ ئێمە ئێستا هەموو شتمان حازر کردووە، ئەی ئەگەر بێتو یەکسەر لەگەڵ قسەکانی ئێوەو صیاغەی بکەین، باوەرتان هەبێت لەسەر ئەو مەنصەبە فەزایەك دروست دەبێت و لە یەك تێ ناگەین، ئێمە دەچین دادەنیشین بە یەکەوە یەك رەئیەکانی نووسیووە هەمووی کۆ دەکەینەوەو ئەوەی پشتگیری کردووە، ئەمە رێگاکەمان بۆ ئاسانتر

دەكات، بەلاّم ئەو حاڵەتەی ئێستا كە ئەمڕۆ هەیە ئیستیسنایە ئەویش جەژنی كەوتە پێش، هەندێك ماددەش هەر تەبیعەتی وایە، بۆ نموونە قەت تەسەورمان نەدەكرد ماددەیەك بخرێتە دەنگدان، دەنگ بهێنێت كە ئیزافە بكرێت، دواتر كە صیاغەی ماددەكە دەخوێنینەوە دژی دەنگ بدەن، ئەوە هەر كاتێك بوایە كێشەی دروست دەكرد، بۆیە ئەمە حاڵەتێكی ئیستیسنایە بۆ هەمووومان نوێ بووە، بۆیە من پێموایە ئەو میكانیزمەی داماننناوە میكانیزمێكی باشە دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، دڵنیاشتان دەكەمەوە ئەم ڕێگایە باشە دەشتوانن بگەڕێنەوە سەر ڕێگاكانی پێشووتر، بۆیە دەبێت لەسەری ڕا بێین و پەیڕەویش شتێكی باشە وەكو نموزەجێك وەری بگرین، من پێشنیار دەكەم وەكو خۆی بڕوات كە بڕیارمان لەسەرداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لەبەر ئەوەی هیچ پێشنیار نییە بخرێتە دەنگدانەوە، كۆی ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (25):

نەمانی ئەندامێتی

یەكەم / كۆتایی هاتنی ئەندامێتی

لە یەكێك لەم حاڵەتانەدا دەبێت:

1- كۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، یان هەڵوەشاندنەوەی.

2- مردنی ئەندام.

3- نەتوانینی ئەندام بۆ هەڵسان بەكارە پەرلەمانیەكەی، كە بەپێی ڕاپۆرتی لێژنـەی پزیشكی تایبەتمەنـد سەڵمێنرا بێت.

دووەم / دەست لەكاركێشانەوە

1-ئەندام بۆی هەیە بەدەر لە مەرج بە داوایـەكی نووسـراو دەسـت لەكاركێشـانەوە لـە پەرلـەمان پێشكەشـی سەرۆك بكات.

2- پێویستە سەرۆك لە نزیكترین دانیشـتنی پەرلەمانـدا داواكارییەكـە بخاتـە بەرنامـەی كـار، بـۆ ئـەوەی لـە هەمووبارێكـدا لـەماوەی (30) ڕۆژدا دەسـت لەكاركێشـانەوەكە بـە دەنگـی زۆرینـەی ئامـادەبووان یـەكلایی بكرێتەوە.

3-ئەندامی داواكار بۆی هەیە لە داواكەی پاشگەزبببێتەوە، لە ڕێگەی پێشكەش كردنی داوایەكی نووسراو بـۆ سەرۆك پێش دەنگدان لەسەر دەست لەكار كێشانەوەكەی.

سێ یەم / لەدەست دانی ئەندامێتی (سقوط العضوية):

ئەندام لەم حاڵەتانە ئەندامێتی لەدەست دەدات:

1-لە دەستدانی  شیاوی یاسایی.

2- لە دەست دانی یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە.

3-حوکمدران  بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکی ئەنقەست، یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

4-ئامادە نەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەپێی بڕگەی (1) لە ماددەی (22)ی ئەم پەیڕەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، تکایە ماددەی (26) بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (26): دەنگدان لەسەر لەدەست دانی ئەندامێتی بەشێوەی نهێنی دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (46) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، تکایە ماددەی (27) بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ پێشنیارێکی لەسەر نەبوو وەکو خۆی دەخوێنمەوە.

ماددەی (27): ئەگەر کورسیەکی پەرلەمان بەتاڵ مایەوە ئەوا بە پێی یاسا کارپێکراوەکان کاندیدێکی تری هەمان لیست جێگەی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (47) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، بەڕێزان، دانیشتنەکەمان بۆ ماوەی یەك کاتژمێر هەڵدەگرین، کاتژمێر (3) دەست دەکەین بە دانیشتن.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبـژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (5)، ڕۆژی دانیشتن (2015/10/6).

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لە بەرنامەی كار كە بریتییە لە بەردەوام بوون لەسـەر گفتوگۆ كردنـی پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پـەیڕەوی نـاوخۆ ئامـادە كـراوە، بەڕێزان، لیژنەكە پێشنیاریان ئەوەیە كە بەشی پێنجەم گفتوگۆ بكرێت، بەشـی لیژنەكانـە، دوایـی بەشـی سێیەم گفتوگۆ بكرێت كە پەیوەندیدارە بە سەرۆكایەتی پەرلەمان، واتا بەشی پێنجەم لیژنـەی هەمیشـەیی و تایبەتەكانە، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئێستا وتوێژ لەسەر بەشی پێنجـەم لیژنـە هەمیشەیی و تایبەتەكان بكرێت دەستی بـەرز بكاتـەوە؟ (38) كـەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (13) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسند كرا، تكایە بەشی پێنجـەم بخوێننـەوە، بۆ ئەوەی مادده بە مادده گفتوگۆی لەسەر بكەین، فەرموون.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

### بەشی پێنجەم

### لیژنە هەمیشەیی و تایبەتیەكان

یەكەم: لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان

مـاددەی (28):

1-لیژنــە هەمیشــەییەكان لــە مــاوەی (25) ڕۆژ لــە ڕێكــەوتی كۆتــایی هــاتنی یەكــەم دانیشــتنی پەرلــەمان بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن.

2- لیژنەی هەمیشەییەكان لە ژمارەیـەك ئەنـدام پێـك دێـن كـە نـابێ لـە (5) ئەنـدام كـەمتربن و لـە (11) ئەندام زیاتر بن، كە نوێنەرایـەتی فراكسیۆنەكانی نـاو پەرلـەمان دەكـەن بـەپێی ڕێـژەی نوێنەرایـەتیان لـە پەرلەمان.

3- هەر لیژنەیەكی پەرلەمان لە سەر بانگهێشتی سەرۆك لەدوای یەك هەفتە لەدیاری كردنـی ئەندامـەكانی سـەرۆك و جێگـرو بڕیاردەرێـك بـۆ خـۆی هەڵدەبـژێریت ویـەكێك لـە فەرمانبـەرانی پەرلـەمانیش دەبێتـە سكرتێری لیژنە.

4- دەستەی سەرۆكایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی لەدابەشـكردنی ئەنـدامان بەسـەر لیژنـەكان تواناو پسپۆری و خواست و پێویستی لیژنەكان لەبەر چاو دەگیرێت.

5- دەبێ ئەندام لانی کەم لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت و، ناکرێت لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، هەروەها ناکرێت ئەندام ببێتە سەرۆك، یان جێگری سەرۆك، یان بڕیاردەری زیاتر لەیەك لیژنە.

مـاددەی (29):

پەرلەمان ئەم لیژنە هەمیشەییانەی خوارەوە پێك دەهێنێت:

1-لیژنەی کاروباری یاسایی.

2- لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری وەبەرهێنان.

3- لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

5- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

6- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو ماڤی بەکاربەر.

7- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی.

8- لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

9- لیژنەی وزەو سامانەسروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی

10- لیژنەی شارەوانی گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزارو ئاوەدانکردنەوە.

11- لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

12- لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاً.

13- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

لەسەر ئەم لیژنانەی خوارەوە رای جیاواز هەیە:

14- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ:

رای یەکەم: لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە ئافرەتان بکرێنە یەك لیژنە.

رای دووەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

رای سێیەم: لەگەڵ لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.

15- لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان:

رای یەکەم : لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێتە یەك لیژنە.

رای دووەم: لەگەڵ لیژنەی ماڤی مرۆڤ و کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێتە یەك لیژنە.

رای سێیەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

16- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی:

رای یەکەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

رای دووم: لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە ئافرەتان بکرێنە یەك لیژنە.

رای سێیەم: لەگەڵ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرێنە یەك لیژنە.

مـاددەی (30):

1-هـەر لیژنەیـەکی هەمیشـەیی لـە چوارچـێوەی جێبـەجێکردنی کارەکـانی دەتـوانێ لـە نێـو ئەندامـەکانی لیژنـەی لاوەکـی دروسـت بکـات، بـۆ کـارێکی دیـاری کـراو لەسـەر پێشـنیاری سـێ یـەکی لیژنـە، کـاری لیژنـە فەرعیەکانیش کۆتایی دێت بەکۆتایی هاتنی کارەکە.

2- هەر لیژنەیەك لانی کەم مانگێ دووجار کۆدەبێتەوە، ئەم حوکمە لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان لـەنێوان دوو وەرزی یاسادانانەدا جێ بەجێ نابێت.

3- لیژنە هەمیشەییەکان لەسەر داوای سەرۆك، یان جێگـری سـەرۆك، یـان سـەرۆکی لیژنـە، یـان سـێ یـەکی ئەندامانی لیژنـە لـەکاتی پێویسـتدا کۆدەبنـەوە. دەبـێ ئەنـدامانی لیژنـە (24) کاتـژمێر پـێش کۆبوونـەوە لەلایەن بریاردەری لیژنەلە کات و شوێن و بەرنامەی کاری کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە.

4- ڕێـژەی یاسـایی کۆبوونـەوەی لیژنـە بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەنـدامان تـەواو دەبێـت، بڕیارەکـانیش بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێن، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە کە سەرۆك لەگەڵێەتی زۆرینە دەبێت.

5- دانیشتنەکانی لیژنە لە کۆنووس تۆمار دەکرێن، کـەناو واژووی ئامـادەبووان و پوختەیـەك لـە بـیرو ڕای ئەندامەکان و ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەکە وەردەگیرێت لە خۆ دەگرێت.

مـاددەی (31): سەرۆك بۆی هەیە هـەر بابـەتێك بخاتـە بـەردەم لیژنـە هەمیشـەییەکان بـەپێی تێڕوانینـی خۆی، یان لانی کەم لەسەر داوای پێنـج ئەندامی پەرلەمان.

مـاددەی (32):

1-پـاش ئاگادارکردنـەوەی سـەرۆکی لیژنـە هـەر ئەنـدامێك بـۆی هەیـە لـە کۆبوونـەوەی هـەر لیژنەیـەك ئامادەبێت. دەتوانێت ڕاو سەرنجی خۆی پێشکەش بکات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

2- دانیشتنی لیژنەکان و کۆنووس و گفتوگۆو دەنگدانەکان بەنهێنی دەبێت، تـەنها لـەو بارانـەدا نـەبێت کـە لیژنە بڕیاری بە پێچەوانەی ئەمەی دابێت.

3- راوێـژکارەکانی پەرلـەمان بـەپێی پسـپۆری بەشـداری کۆبوونـەوەی لیژنـەکان دەکـەن بـەبێ بـوونی مـافی دەنگدان.

مـاددەی (33): ئەو حوکمانەی لەم پەیڕەوە تایبەتن بە ئامادە بـوون لـە دانیشـتنەکانی پەرلـەمان بەسـەر ئامادەبوون لە دانیشتنی لیژنەکانیش جێ بەجێ دەبن.

مـاددەی (34): لەکاتی بەتاڵی ئەندامێتی یەکێك لە لیژنەکان ئەوا ئەندامێکی دیکە بەپێی هەمان ڕێگەی دەفکراو لەم پەیڕەوەدا کاندید دەکرێت و جێگەی دەگرێتەوە.

مــاددەی (35): بەڕەزامەندی سەرۆك لیژنەی هەمیشەیی بۆی هەیە داوا لە لیژنەیـەکی دیکـەی پەرلـەمان بکات ڕای خۆی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو بخاتەڕوو.

مــاددەی (36): (10) ئەندامی پەرلەمان، یـان هـەر فراکسیۆنێکی پەرلـەمانی بۆیـان هەیـە لـەدوای تێپـەڕ بوونی (45) ڕۆژ بەسەر ئاراستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند داوای روونکردنەوە لـەبارەی ئـەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن.

مــــاددەی (37): ئەگـەر بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ڕوون بـۆوە کـە یـەکێك لـە لیژنـە هەمیشـەییەکان لـە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا کەمتەرخەمی دەنوێنێت، ئەوا بۆی هەیە لەهۆکارەکان بکۆڵێتەوەو، هەوڵەکانی بخاتە گەر بۆ کاراکردنی لیژنەکە، بەڵام ئەگەر هـەر نـەیتوانی لەسـەر سـەرۆکایەتی پەرلـەمان پێویسـتە ئەنـدامی نوێ بۆ لیژنەکە بپاڵێوێت وبەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم پەیرەوەهاتوون بیانخاتە بەردەم پەرلەمان.

مــاددەی (38): لیژنە هەمیشەییەکان لەسەرەتای هەر وەرزێکی یاسادانان ئەو پرۆژانەی ماونەتەوە دەست دەکەنەوە بەکارکردن لەسەریان بەبێ ئەوەی پێویست بکات جارێکی دیکە بۆی ڕەوانە بکرێتەوە.

مــاددەی (39): ئەگەر لیژنەی هەمیشـەیی پێشـنیازی یاسایەکیان تـاوتوێکرد کـە ڕێـژەی یاسـایی ئەنـدامان پێشکەشیان کردبوو، دەکرێت یەکەم ئەنـدام کـە واژووی کـردووە ئەگـەر ئەنـدامی لیژنەکـە نـەبوو ئامـادەی کۆبوونەوەی لێژنە بێت بۆگفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی یاساکە. ئەگەر ئەو نەیتوانی دەکرێت یەکێکی تـر لەوانەی واژوویان کردووە ئامادە بێت.

مــاددەی (40): هەموو لیژنەیەکی هەمیشەیی ناوی ئەو پسپۆڕو شارەزاییانەی کە تایبەتمەندیان پەیوەستە بەکاری لیژنەکە دەستنیشان دەکات و لەکاتی پێویستدا لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاوێژیان پـێ دەکـات و سـوود لـە پسپۆڕی و لێهاتوییـان وەردەگرێـت و دەکرێـت لەسـەر کارەکـەیان پاداشـت بکـرێن و ئەگەر پێویست بوو گرێبەستیان لەگەڵ بکرێت.

مــاددەی (41): هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەسەر داوای سێ یەکی ئەندامەکانی بۆی هەیە دانیشتنی گوێ لەیـەك گـرتن (جلسـات الاسـتماع) لەسـەر هـەر بابـەتێك کەپەیوەسـت بێـت بەتایبەتمەنـدی لیژنەکـە، بـۆ بەرپرس و کەوادری حکومی و کەرتی تایبەت و پسپۆڕان و نوێنـەری ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و هەرکەسێك کە بە پێویستی بزانن ئـەنجام بـدات. هـەر ئەنـدامێکی پەرلـەمانیش بـۆی هەیـە لـەم دانیشـتنە ئامادەبێـت و گفتوگـۆ بکـات. دەبـێ لیژنـە پوختـەی دانیشـتنی گـوێگرتن و دەرەنجامـەکانی لـە ڕاپۆرتێـك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.

مــاددەی (42):هـەر لیژنەیـەکی هەمیشـەیی لـە چوارچێوەی پسـپۆڕیەکەیدا بەدواداچـوون و لێکۆڵینـەوەو سەردانی مەیدانی دەکات لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاساگشـتیانەی پەیوندیـدارن بـە بەرژەوەندییـە بنەرەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم. هەروەها چاودێری کردنی گونجانی سیستەم و ڕێنماییەکان کە بـۆ ئاسـان جێبـەجێکردنی یاسـاکە دەرچـوون لەگـەڵ ئامـانجی سـەرەکی یاسـاکە لەسـەر لیژنـەی هەمیشـەیی

پێویسته راپۆرتیك لەسەر ئەنجامی بەدواداچونیان و پێشنیازەكانیان ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی بكەن و ئەوانیش بۆیان هەیە ئەوەی گونجاوە بیگرنە بەر لە ژێر رۆشنایی بەراپۆرتەكە.

مـاددەی (43):

1-لیژنەكان بۆیان هەیە داوا لە سەرۆك بكەن بۆ بەشداری كردنی وەزیری پەیوەندی دار بۆ ئامادە بوون لەدانیشتنی لیژنە و پێشكەش كردنی ڕونكردنەوەی پێویست لەسەر ئەو بابەتەی دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەك ماوەی سێ ڕۆژ لەڕێكەوتی ئاراستە كردنی بانگهێشتنامەكە تێپەر نەكات.

2- وەزیری پەیوەندیدار بۆی هەیە لەدانیشتنەكانی لیژنەكان ئامادە بێت كاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەكرێت كە پەیوەندیدارە بەوەزارەتەكەی و بۆی هەیە ستافی وەزارەتەكەی لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ گفتوگۆ، هەروەها تێڕوانینەكانیشیان لە ڕاپۆرت جێگیر دەكرێن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

3- لیژنەكان بۆیان هەیە بۆ بەشداری ئەوانەی كە پلەیان لەخوار وەزیرەوەیە لە كۆبوونەی لیژنە داوا ئاراستەی سكرتێری پەرلەمان بكەن.

4- لیژنەكان بۆیان هەیە لەڕێگەی جێگری سەرۆكی پەرلەمان داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بكەن كە زانیاری پێویستیان پێشكەش بكەن، یان لەكۆبوونەوەی لیژنە ئامادە بن.

5- ئەگەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەكانی سەرەوە باسكراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری، یان ئامادە نەبوون لە كۆبوونەوە ئەوا ئەو كاتە لە ڕێگەی سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەكرێتەوەو لەحاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكارییەكەی لەماوەی (7) ڕۆژدا بابەتەكە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بكات.

دووەم: لیژنە تایبەتیەكان:

مـاددەی (44):

1-پەرلەمان لیژنەی كاتی بەمەبەستی ئامادەكردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە بابەتێكی دیاری كراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆكایەتی، یان چواریەكی ژمارەی ئەندامان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لە كاتی پێویستدا پێكدەهێنێت.

2- سەرۆكایەتی پەرلەمان، لەدەرەوەی وەرزەكانی یاسادانان، دەسەڵاتی پێكهێنانی لیژنەی تایبەتی هەیە.

3- بابەتە تاوانكارییەكان و هەر بابەتێك لەژێر تێڕوانینی دادگاكاندا بێت، نابێتە بابەتی لێكۆڵینەوەی لیژنە تایبەتیەكانی پەرلەمان.

4- لەكاتی كاركردنی لیژنە هەرئەندامێك نهێنی كاری لیژنە بدركێنێت ئەندامێتی لیژنە لەدەست دەدات.

مـاددەی (45):

1-پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ كردن ئەركی لیژنە تایبەتیەكان ئاسان بكاتو دۆكیومێنت و زانیاری داواكراویان پێشكەش بكات.

2- لیژنــه تایبەتیــەکان دەتـوانن کـاری بەدواداچـوونو پشـکنینو گـەڕان بــەدوای ڕاسـتیەکان، سـەبارەت بـە ووردەکاری ئەو بابەتانەی بۆی ڕاسپێردراون، لەتەواوی دامەزراوە پەوەندیدارەکانـدا ئـەنجام بـدەن. بـۆ ئـەو مەبەستەش دەتوانن پشت بە شارەزایان و راوێژکاران ببەستن.

3- أ- بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم پەیڕەوەدا دەقنووس کراوە، لیژنـە تایبەتیـەکان دەتـوانن بەنووسـراو داوای ئامادەبوونی هەرکەسو لایەنێك بکەن، بەمەبەستی راوەرگرتن و گوێ بیستبوونی وتەکانیان.

ب- ئەگـەر کـەس و لایـەنی بـانگکراو بـەبێ پاسـاو لـەکاتی دیـاری کـراودا ئامادەنـەبوو، ئـەوا لیژنـەی کـاتی دەتوانێـت لەڕێگـەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانــەوە دەســەڵاتی جێبــەجێکردن ئاگـادار بکاتــەوە بــە مەبەسـتی ئامادەکردنی داواکراو بەگوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم.

مـاددەی (46):

1-لیژنەی تایبەت ڕاپۆرتو راسپاردەکانی ئاراسـتەی سـەرۆکی پەرلـەمان دەکـات، دوای دابەشـکردنی بەسـەر ئەندامانـدا، ڕاپۆرتەکـە دەخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان بەمەبەسـتی تـاوتێکردنو وەرگرتنـی بڕیـاری گونجـاو لەبارەیەوە.

2-ئەگەر ڕاپۆرتەکە لەنێوان دوو وەرزی یاسادانانـدا ئاراستەی سەرۆك کرا، ئەوا بەگوێرەی گرنگی بابەتەکـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـار دەدات، لەسـەر دواخسـتنی خسـتنەڕووی بـۆ وەرزی نـوێی یاسـادانان، یـان ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ خستنەڕووی بابەتەکەو بڕیاردان لەسەری.

مـاددەی (47):

کاری لیژنە تایبەتیەکان بەکۆتایی هـاتنی کـاتی دیـاری کـراو، یـان ئـەو ئەرکـەی پێیـان سـپێردراوە، کۆتـایی پێدێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی (28) بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ کردنەوە.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (28):

1-لیژنــە هەمیشـەییەکان لـە مـاوەی (25) ڕۆژ لـە ڕێکـەوتی کۆتـایی هـاتنی یەکـەم دانیشـتنی پەرلـەمان بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن.

2- لیژنەی هەمیشەییەکان لە ژمارەیـەك ئەنـدام پێـك دێـن کـە نـابێ لـە (5) ئەنـدام کـەمتربن و لـە (11) ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایـەتی فراکسیۆنەکانی نـاو پەرلـەمان دەکـەن بـەپێی ڕێـژەی نوێنەرایـەتیان لـە پەرلەمان.

3- هەر لیژنەیەکی پەرلەمان لە سەر بانگهێشتی سەرۆك لەدوای یەك هەفتە لەدیاری کردنی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێریت ویەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمانیش دەبێتە سکرتێری لیژنە.

4- دەستەی سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی لەدابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکان تواناو پسپۆری و خواست و پێویستی لیژنەکان لەبەر چاو دەگیرێت.

5- دەبێ ئەندام لانی کەم لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت و، ناکرێت لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، هەروەها ناکرێت ئەندام ببێتە سەرۆك، یان جێگری سەرۆك، یان بڕیاردەری زیاتر لەیەك لیژنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز کاك عمر ئەوکاتە نوقتەی نیزامیت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوکاتە ئێمە دەنگمانـدا لەسەر ئەوەی کە بەشی سێیەم ئێستا گفتوگۆ نەکرێت، ئێستا بەشی پێنجەم گفتوگۆ بکەین، دوای ئەوە بگەڕێینەوە سەر بەشی سێیەم، ئایا ئەوە جارێکی تر دەنگدانی بۆ دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، بە ڕەچاوکردنی فراکسیۆنە جیاجیاکان، لەسەر خاڵی پێنجەم، لەباتی ئەوەی بەلانی کەم لەیەك لیژنە، با هەردوو لیژنەکە دیاری بکرێت کە دەکرێت هەموو ئەندامێك لە دوو لیژنە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر خالا سێیە، بێژێت (یەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمانیش دەبێتە سکرتێری لیژنە) بدیتنا من هەبوونا سکرتێرێکی گەلەك کەمە بۆ لیژنە، کێشەو گیروگرفتێن لیژنا پەرلەمانی هەروەسا کاروبارێت پەرلەمانی ئەڤەیە، نەبینا سکرتێر و فەرمانبەرا کو دەورە دیتبن، کە بشێن دەرحەق کارو بارێت پەرلەمانێ و لیژنا دەرکەڤن، ئەڤە ڕێگریەکە لپێشیا ئەندام پەرلەمانا، کو نەشێن وەکو پێویست کارا خۆ بکەن، برادەرێن لیژنە دیارا سەردانا سوید کردبوو، لە وڵاتێ سوید هەر لیژنەیەکا پەرلەمانی زیادەتر ژ

(10) کەسێن پسپۆڕ و شارەزا یێت هەین، نە بتەنێ سکرتێرەك، ئەوە بێتە پێش چاو گرتن، چەند کەسێکێت شارەزاو پسپۆڕ سکرتێر بۆ لیژنە پێویستن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری قسەکانی کاك علی هالۆ ئەکەم، بەڵێ ئێمەش لەو سەردانەدا بەشدار بووین کە بۆ وڵاتی سوید کردمان، لەوێ پەرلەمانی سویدمان بەسەرکردەوە، دیارە لەوێ سکرتاریەتەکەیان لەچەند ئەندامێك پێك هاتووە، کە ڕەنگە زۆرجار ڕێژەکەی تا (10)کەس دەبێت، هەندێ لیژنەش کەمتریان هەیە، بەڵام ئێمە هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە دانیشتووین لە پەرلەمانی کوردستان، خۆمان گرفتێکمان هەیە لەناو لیژنەکانی خۆمان، چونکە ئەو فەرمانبەرانەی کە لەناو لیژنەکانی ئێمەدا دانراون، بەپێی پسپۆڕیان دانەنراون، بەپێی شارەزاییان دانەنراون، بۆیە ئێمە لەناو لیژنەکانماندا تووشی گرفتێکی گەورە بووین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەندێ جار هەیە تەنانەت هەندێ فەرمانبەر لەگەڵ ڕێزو حورمەتم بۆیان لەناو لیژنەکانن، کە ڕەنگە نەتوانێت تەکنەلۆژیاو کۆمپیوتەر و خەتەکانی ئەنتەرنێت بەئاسانی بەکار بهێنێت، کە کار ئاسانی بۆ ئەندامانی لیژنەکە بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەوەی کە پێویستە جگە لەوەی کە ڕێژەی فەرمانبەرەکان زیاد بکرێت داوا دەکەم، ئەو کەسە بکرێتە مەرج بەسەریەوە کە دەبێتە فەرمانبەری لیژنەیەکی پەیوەندیدار بنووسرێت ئەبێت شارەزا بێت لەکاروباری ئەم لیژنەیەدا، بۆ ئەوەی ئەو گرفتەی کە ئێستا هەموو هاوڕێیانم لەپەرلەمان پێوەی دەناڵێنن تکایە بادووبارە نەبێتەوە، چونکە ئێمە ئەوە خەمێکی گەورەمانە ڕۆژانە لەلیژنەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤاڵا فەرید، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (28) خاڵی یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان لەماوەی (25) ڕۆژ لەڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتن، تەقید کردن موحەبەز نیە لەناو یاسادا، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو (25) ڕۆژە هەڵبگیرێت وەکو خۆی کەهاتووە بمێنێتەوە، لیژنە هەمیشەییەکان لەیەکەم وەرزی گرێدان لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان پێك دەهێندرێت، چونکە تەقید کردن لێرە پرسیار هەیە، ئەگەر لەماوەی (25) ڕۆژ پێك نەهات ئایا چی دە کرێت؟، بۆیە ئەو ماوەیە هەڵبگیرێت باشترە، لەسەر خاڵی سێیەم: هەر لیژنەیەکی پەرلەمان لەسەر بانگهێشتی سەرۆك لەدوای یەك هەفتە لەدیاریکردنی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. یەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمانیش دەبێتە سکرتێری لیژنە، ئەوە هەڵبگیرێت،

چونکە دەمێنێتەوە بۆ سەر لیژنەکە، بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە بۆ خۆیان داوا بکەن بە پێی پسپۆڕێتی کام فەرمانبەر ببێت بە سکرتێری لیژنە، ئایا فەرمانبەرێکە یان زیاتر، وە چ پسپۆڕیەتێکی هەیە، بۆیە لێرەدا هەڵبگیرێت باشترە، خاڵی چوارەم: دەستەی سەرۆکایەتی بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی، لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکان، تواناو پسپۆڕی و خواستی لیژنەکان لەبەرچاو دەگیرێت، یەعنی لێرەدا هیچ حیسابێك بۆ ئیرادەو خواستی ئەندام پەرلەمان نەماوەتەوە، بۆ سەرۆکایەتیە بۆ دەستەی سەرۆکایەتیە، لەگەڵ دەستەی گشتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەپێی پسپۆڕی و خواستی ئەندام لەبەرچاو بگیرێت، کە دەچێت بۆ چ لیژنەیەك، چونکە زۆرجار ئەندام پەرلەمانەکە بەڵی ڕاستە پسپۆڕە لە لیژنەیەك، بەس نایەوێت بچێتە ئەو لیژنەیە، بۆیە پێویستە کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە( پێویستە لەدابەشکردنی ئەندامان خواست و پسپۆڕێتی خودی ئەندامەکە لەبەرچاو بگیرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی یەکەم، پشتگیری قسەکەی دکتۆرە ڤالا ئەکەم، (25)ڕۆژ پێویست ناکات، ئەبێت لابرێت، سەبارەت بە خاڵی دووەم لیژنە هەمیشەییەکان لە (5) ئەندام کەمتر نەبێت و لە (9) ئەندامیش زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوەی زۆرجار نیصابی یاساییمان بۆ تەواو نابێت، زۆر چاوەڕێ دەکەین تا ئەندامێك ئامادە بێت، بەس ئەگەر (9) ئەندام بێت زووتر بۆمان دابین دەبێت، سەبارەت بە خاڵی سێیەم: هەرچەندە من ئەزموونی دەرەوەم نیە، بەڵام ئەزموونی ناوەوەم ئێستا ئەو لیژنەیە بەرامبەر بە وەزارەتێکە ئەو وەزارەتەش وەزیرێك و چەندین بەڕێوەبەری گشتی و چەندین ڕاوێژکار لەوێ ئیش ئەکات، ئێمە تەنها ئەو لیژنەیەین، لیژنەکەش سەرۆك لیژنەکەیە لەگەڵ بڕیاردەرو سکرتێر، تەبعەن ئەندامەکان دوای ئەوە دێن، لەکاتی کۆبوونەوەکان ئامادە دەبن، بۆیە پێویست دەکات ستافێکی ئیداری زۆر بەتوانا، ستافێك کە هەبێت لەبەردەستی ئەو لیژنەیەدا هەبێت، پشتگیری قسەکانی کاك علی دەکەم، هەروەها ئەوانەشی کە دوای کاك علی قسەیان کرد، ناکرێت لیژنەیەك کە بەرامبەر بە وەزارەتێك وەستاوە، یەك سکرتێری هەبێت، ئەبێت دەستەیەکی بەهێز لەژێر دەسەڵاتی ئەو لیژنەیەدا بێت، لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکدا بێت، سەرۆك وەك سەرۆکی فەرمانگەیەك کە ڕووبەڕوی وەزارەت دەبێتەوە کار بکات، نەك لیژنەیەکی بچووك کراوە، کە تەنها سکرتێرێکی هەبێت، بەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو کارمەندانەی کە لەناو پەرلەمان و بینای پەرلەمان هەن، من بەداخەوە لێرە نەبووم کاتی خۆی بیرۆکەیەکم پێشکەش کرد، کە ئەبێت هەر ئەندام پەرلەمانێك کەسێك ببێتە سکرتێری لە ژوورەکەیدا دەوام بکات، بەڵام لەماڤی ئەندامێتی ئەوەمان لەبیر چوو، هیوادارم لە شوێنێك لە شوێنەکانی ئەم پەیڕەوەدا جێگای بکرێتەوە، هەموو ئەندام پەرلەمانێك کەسێك لە

ژوورەکەی بێت، کۆمپیوتەرێکی لابێت بۆ ئەوەی کارەکانی ڕاپەڕێنێت کاتێ خۆی لەوێ نیە فایلەکانی بۆ ڕێك بخات، هاوکاری بکات لەڕووی تایپ و ئیدارییەوە، دەستەی سەرۆکایەتی ئەوە پشتگیری قسەکانی دکتۆرە ڤالا دەکەم، خواستی ئەندام گرنگە............

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە کۆنترۆڵی قاعە ئەکەم کە دوو خولەك کارا بکەن بۆ ئەندامان لەکاتی قسەدا، باشە کارا بوو، کاك عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غەزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری برام کاك علی هالۆ دەکەم، چونکە ئەندامانی لیژنە لە هەر خولێك دەچن تەخەسوسی ئەو لیژنەی کە بۆ کاروباری لیژنەکان دەبێت، دەمێنێتەوە، وە پشتگیری کاك عومەر دەکەم کە لە (11)ئەندامەوە بکرێت بە (9) ئەندام، ئەو خاڵانەی تریش هی سێ و چوار پشتگیری دکتۆرە ڤالا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە بڕگەی یەکەم من نالێم ئەو ژمارەیە دەستکاری بکرێت، من دەپرسم لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی کاتی، ئایا فەلسەفەو حیکمەت چیە لەو (25)ـە؟، حەز دەکەم ڕوونکردنەوە بدرێت، بۆ (25) ئەگەر نا منیش پاڵپشتی ئەو ڕەئیانە دەکەم کە ئەو ژمارەیە بەڕاستی ئیجاب ناکات، پاشان تایبەت بە فەرمانبەران، فیعلەن فەرمانبەران هەرچی فەرمانبەرە نەك یەك فەرمانبەر، بەڕەئی من هەرچی فەرمانبەرە لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەبێت پسپۆڕی تایبەتیان هەبێت لە لیژنەکان، ئەگەر نیانەو ئەو ڕەئیەش پەسەند کرا، من داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە ئەرك بکێشێت و ئەو فەرمانبەرانە دەورەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە تا بتوانن لە لیژنەکە خۆ ڕابهێنن و پسپۆڕی وەربگرن، بۆ ئەوەی هەماهەنگی تەواو وەربگرن بۆ لیژنەکان، من پشتگیری ئەو بەڕێزانەش دەکەم کە ئەو پێشنیارەیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان شێخ احمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ڤیان عباس، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا لە کاك علی هالۆی دکەم، سەبارەت بە بڕگا سێ، دیسان پشتەڤانیا دکتۆر سراج دکەم و هی دکتۆرە ڤالا دکەم، سەبارەت بڕگا دویا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەروا خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە بەس وتم ئاخۆ ناکرێت لێرەدا ژمارەی ڕاوێژکارەکان بەپێی پسپۆڕی جێگای بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك صالح فەقی، لەخاڵی چوارە بەرەچاوکردنی فراکسیۆنە جیاوازەکان، ئەگەر جەنابت دیقەت بدەیت ئێمە لەخاڵی دووەم جێگای ئەوەمان کردۆتەوە، کە باس لەوە دەکەین کە ژمارەی ئەندامەکان (5) بن، لە (11)ی زیاتر نەبن، ئەڵێین نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان، سەبارەت بەوەشی کە فەرمانبەرێك سکرتێر بێت، زۆر قسەی لەسەر کرا، پێم وایە لێرەدا تێکەڵییەك هەیە لەنێوان ڕاوێژکارو ئەو فەرمانبەرەی کە ئەبێتە سکرتێری لیژنە، ئەوەی کە ئێمە لە سوید بینیمان، سکرتێرەکان تەقریبەن دەوری ڕاوێژکاریش دەبینن، ئێستا ئەوەی لێرەدا ئەندامانی بەڕێز داوای دەکەن، تێکەڵیەکە لەنێوان ڕاوێژکارو سکرتێر، سکرتێر کۆمەڵێك ئیش ئەکات مەسەلەن ئیشی کۆمپیوتەر و تەبع و بەلام ئەوەی کە پێویستە پسپۆڕ بێت و هاوکاری لیژنەکان بکات، ئەوە پێم وابێت ڕاوێژکارە، بۆیە تێکەڵیەك هەیە لەنێوان ڕاوێژکار و سکرتێری لیژنە، بۆیە من ئەو پێشنیارە پشتگیریشی لێکرا منیش بەباشی دەزانم کە هەر لابرێت و بهێڵدرێتەوە بۆ دواتر، سەبارەت بەوەی کە ئیرادەی ئەندام حیسابی بۆ نەکراوە، بەڵێ ئێمە وتوومانە دەستەی گشتی بەپێی ئیرادەو خواست و تواناو بەپێی پسپۆڕی کەواتە خواستەکە هی کێیە؟، خواستەکە ئەوەیە کە سەرۆکی فراکسیۆن لەناو فراکسیۆنەکەیەوە ئەیهێنێت، پسپۆڕیەکان و خواستەکان لەناو ئەندامانی پەرلەمانەوە وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سێ کەس پشتگیری کردووە، بەتەئکید ئێمە دووبارەی دەکەینەوە، کە پێویست ناکات ناوەکانمان هەمووی نەخوێندەوە، یان تەعلیقمان نەدا، ئەوەی کە سێ کەس پشتیگری کردووە لە دانیشتنی دەنگدان،

دەیخەینە دەنگدانـەوە، ئـەوەی تریـان پـێم خۆشـە ڕوونکردنەوەیـەك لەسـەر مەسـەلەی سکرتێری و سـتاف لیژنەکان بـدەین، ئێمـە ئەگـەر سـەیری لیژنـە هەمیشـەییەکان بکـەین، هەرچـی پێمـان کـراوە هەوڵمانـداوە لیژنە هەمیشەییەکان وەکو هەریەکەو بۆ خۆی پەرلەمانێکی بچووك بێـت، دەورێکـی ئەساسـی بدەینـە ئـەو لیژنە هەمیشەییانە، کە دەڵێین سکرتێر مانع نیە کە کۆمەڵێك کەسی تر لەگەڵ ئەو ئیش بکات، سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەو فەرمانبەرانـە دەبێـت لەسـەر ئەساسـی پسـپۆڕی بـن، ئەوکاتـە سـەرکەوتوو دەبـین لـەوەی لەسـەرەتا کـە خـەڵکمان لـەم پەرلەمانـە دامەزرانـد بـە سـیڤی و بـەکوالیتی و بـە توانـاو بەشـەهادە بوایـە، خەڵکەکە ئەوەیە کە هەیە، ئیلا دەبێت ئەو خەڵکە هەمووی بـڕوات و خـەڵکێکی نـوێ وەربگـرین، ئـەوەش ناکرێت، باسی ئەوەشمان کردووە، کە هـەر لیژنەیـەکیش موستەشـاری دەبێـت بـەپێی پسـپۆڕی خـۆی، بۆیـە ئێمـە پێمـان وایـە سـکرتێرێکی هـەبێت و دەکرێـت چـەند کەسـی شـارەزاش لەگـەڵ ئـەو لیژنەیـە کـە پێویستیەتی کار بکات، ئەوەی کە دکتۆر سراج وتی کە لەسەر چ ئەساسێك (25)مان نووسیوە، ئێمە لەسـەر بنەمای ئەو پەیڕەوانەی کە ئیعتیمادمان لەسەر کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێکهێنانی لیژنـەکان کـە وەك باسم کرد، ئەساسـی کـاری پەرلەمانـە، شـەرت نیـە ئـەوەی هـەموو دەگوزەرێـت لـەناو پەرلـەمان لـەناو لیژنەکانیش بگوزەرێت، لیژنەکان گرنگن پێمان وابووە دەبێت زوو دەسـتبەکار بـن، بۆیـە سـێ کـەس زیـاتر پشتگیری کردووە دەیخەینە دەنگەوە، کە مەوعیدەکە وەکو ئـەوەی کەهەیـە بمێنێتـەوە، وەرزێکـی یاسادانان بێت، ئەوەی تر دکتۆرە بەهار ڕوونکردنەوەی لەسەر دا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان لە نیگەرانیەکانی ئەو پەرلەمانتارانە تێدەگەین، کە باسی پسپۆڕی و شارەزایی ئەو کەسـانە دەکـەن کە لەلیژنەکان کار دەکەن، لەماددەی (40)ی پەیڕەوەکەدا هاتووەن هەموو لیژنەیەکی هەمیشەیی ناو ئـەو پسـپۆڕ و شارەزایانەی کە تایبەتمەندییان پەیوەستە بەکاری لیژنە دەستنیشان دەکات، لەکاتی پێویستدا دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاوێژیان پـێ دەکـات و سـوود لـە پسـپۆڕی و لێهاتوویـان وەردەگرێـت، دەکرێـت لەسـەر کارەکـەیان پاداشـت بکرێن و ئەگەر پێویست بوو گرێبەستیان لەگەڵ بکرێـت، ئەمـە بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییەیە کـە سـەبارەت بـە ستاف پسپۆڕ لەگەڵ لیژنەکاندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عومەر قسەیەکی ترت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا ڕوونیەك هەیە لەمەسەلەکەدا، من وەکو سەرۆکی لیژنە قسە ئەکەم، پێم وایە هەموو هاوڕێکانم سـەرۆك لیژنەکان ئەو موعاناتەیان هەیە، ئێمە کێشەمان لەسەر پسـپۆڕی ڕاوێـژکارەکان نیـە، کێشـەمان لەسـەر ئـەو

ستافەیە کە لەبەردەستی ئێمە کار دەکات، یەکەم کەمە، دووەم هەتا ئەگەر پسپۆڕیش نەبن ئێمە دەتوانین فێریان بکەین، بەڵام ژمارەیان کەمە، ئەوەی زۆر زۆر گرنگە بەلای ئێمەوە ژمارەی ئەو کارمەندانە کەمە کە لەلای ئێمە ئیش دەکەن، وەکو باسم کرد ئێوە دەڵێن پەرلەمانێکی بچووکە، ئەی پەرلەمانێکی بچووك بەیەك کەس چۆن ئەچێت بەڕێوە، تۆ بەرامبەر بە وەزارەتێك وەستاویتەتەوە، ئەو وەزارەتە ستافێکی هەیە، تۆ خۆت و یەك فەرمانبەر، بۆیە ناکرێت بەیەك کارمەند ئەو کارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەچاو دەکرێت ئەو تێبینیانە لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە، تکایە ماددەی (29) بخوێننەوە تابیخەینە گفتوگۆوە، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (29 )

پەرلەمان ئەم لێژنە هەمیشەییانەی خوارەوە پێك دەهێنێت:

1- لیژنەی کارو باری یاسایی.
2- لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری وە بەرهێنان .
3- لیژنەی پێشمەرگەو ناوە خۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆ جێیەکان .
4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری .
5- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
6- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر.
7- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی.
8- لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.
9- لیژنەی وزەو سامانەسروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی
10- لیژنەی شارەوانی گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزارو ئاوەدانکردنەوە.
11- لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.
12- لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.
13- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

لەسەر ئەم لیژنانەی خوارەوە رای جیاواز هەیە:

14- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ:

رای یەکەم: لە گەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە ئافرەتان بکرێنە یەك لیژنە.

رای دووەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

رای سێیەم: لە گەڵ لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرێتە یەك لیژنە.

15- لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان:

رای یەكەم : لە گەڵ لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی بكرێتە یەك لیژنە.

رای دووەم: لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ و كاروباری كۆمەڵایەتی بكرێتە یەك لیژنە.

رای سێیەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

16- لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی:

ڕای یەكەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

ڕای دووم: لە گەڵ لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و داكۆكیكردن لە ئافرەتان بكرێنە یەك لیژنە.

ڕای سێیەم : لە گەڵ لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان بكرێنە یەك لیژنە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەی قسە بكات، ناوتان دەنووسین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی (29) دەكەن، ( سەعید مەسیفی، بێگەرد دلشاد، شیرین حسنی، نەجات محمد، فیروز تەها، فرحان جەوهەر، عەباس غەزالی، شوان شێخ احمد، مەروان گەلالی، ایوب عبدالله، عومەر عینایەت، سهراب میكائیل، یروانت نیسان، محمد سعدالدین، سرود سلیم، عبدالرحمن علی، نجیبە لەتیف، فەرهاد حمە صالح، ئێڤار ابراهیم، محمد علی، زۆزان صادق، هێڤا حاجی میرخان، پەروا علی، زولفا محمود، ڤیان عباس)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەعید مەصیفی، فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(29) خاڵی سێیەم، لیژنەی پێشمەرگە پێویستە جیا بێت، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان و مافی مرۆڤ، ئەوەش بكرێتە لیژنەیەك، لیژنەی كاروباری شەهیدان و جینۆساید و كەم ئەندام و كیمیاباران و زیندانی سیاسی لە ئێستادا لیژنەی شەهیدان یاسایەكیان هەیە، كە كەم ئەندامانی سەنگەری تێدا نیە، لەبەر ئەوە لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانی سیاسیە، بۆیە پێویستە كەمئەندامی سەنگەریش لەگەڵ ئەم لیژنەیەدا بێت و زیاد بكرێت، بڕگەی (7) و بڕگەی (15) و ڕای سێیەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، لیژنەی داكۆكیكردن لەمافەكانی ئافرەت، بڕگەی (16)، ئەوە نەمێنێت، بخرێتە سەر بڕگەی (7)كاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانی سیاسی، یەعنی لەگەڵ ئەوەم مافی مرۆڤ بێتە سەر بڕگەی (3)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (29) خالاٚ شەشێ لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر کێشەکانی تەندروستی زۆرن هێشتا لە وڵاتی ئێمە و کێشەکانی ژینگەش هێشتا زۆرن لە وڵاتی ئێمە، لە بەر ئەوە پێم وایە مافی بەکاربەر زیادە لە سەر ئەم لیژنەیە، ئەگەر پێم باشە پێشنیار دەکەم بچیتە لە سەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان یان ژی بچیتە لە سەر لیژنەی وزە و سامانە رۆوشتییەکان و پێشە سازی و بازرگانی سەبارەت بە لیژنەی داکوکی کردن لە مافی ئافرەت پێم وایە هێشتا کێشەی ئافرەتیش لە جڤاکی ئێمە و توند و تیژی بە ساڵ بۆ ساڵ رێژەی زیاد دەبێت لە وڵا تی ئێمە لە بەر ئەوە پێم وایە باشترە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەروان گەلاڵی، فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك سەعید کردی، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە لە ماددەی (29) ساڵی (3) لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ و ئاسایش جیا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت نیسان، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەت من ئان لیژنە بێتە تەعریف کرن، چونکی مشکیلەت مە دروست کری دگەل وەزارەتا، وەك وەزارەتا پەروەردا، ئەڤ نیت ئاواهیا چا کەت، وەزارەتا داخلی و ئاسایشی چاك کەت، ئان بیتە تەعریف کرن، ئان لیژنا شارەوانیا و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار، و ئاوەدانکرنا، هەمی ئاواهیان، یەعنی ئاواهیا بینایەتا و قوتابخانەیا و خەستەخانەیاو هەمی تابعی وێ بن، نە لیژنا تەندروستی بچێت چاکی بکات، ئەو دکتۆرە نەزانیت چۆنە، موتابەعا ئەویش بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئەیوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحوکمی کارکردنم لە لیژنەی ناوخۆداو ئاگادار بوونم لە لیژنەی پێشمەرگە، پێم باشە ئەو دوو لیژنەیە دەمج نەکرێن، لەبەر ئەم خالانەی خوارەوە، یەکەم: زۆری ژمارەی هێزە چەکدارەکان لەهەرێمدا، کە

نزیکەی (500) هەزار مەزەندە دەکرێت، دووەم: ئێستا لە شەڕێکی گەورەدایین هێڵێکی بەرگری دوورو درێژ شەڕمان هەیە، سێیەم: تا ئێستا زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگەو بەشێك لە دەزگا ئەمنیەکانیش یەکیان نەگرتۆتەوە، تا ئەو کاتەی هێزەکان یەك دەگرنەوە، دامودەزگاکان یەك دەگرنەوە، ئەو لیژنانە ئەرکی بەدواداچوون و کاری قورسیان لەسەر شانە، چوارەم: کاری ئەنجومەنە خۆجێییەکان کە هی چوار پارێزگان ئەوانیش پەیوەندیدارن بە لیژنەی ناوخۆوە، ئەویش کۆمەڵێك مەشاکیل و کێشەی خۆیان هەیە، پێنجەم: لەبەر ئەوەی ناوی پێشمەرگە بووە بە سومبولێك لەم قۆناغەدا، بۆیە حەقە لیژنەی تایبەت بەخۆی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نەجات محمد، فەرموو.

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی سەبارەت بە لیژنا داکۆکی کردن لە مافێ ئافرەتان، پێشنیار دکەم بۆ زیاتر گرنگی دان بە کێشا ئافرەتان وەکی خۆی بمێنێتەوە، نەهێتە دەمج کرن دگەل هیچ لیژنا دی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بێگەرد، فەرموو.

**بەڕێز بیگەرد دڵشاد شکرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وایە کێشەی ژنان لە هەرێمدا کێشەیەکی زۆرە، ڕۆژانە دەبینین کە تاوانی گەورە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە جیاکردنەوە بەو ڕێژەیە خۆش نیە، تەنانەت من وەکو ژنێك ئەوە دەڵێم من پێم باشە لیژنەی ژنان، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ هەردووکیان لەگەڵ لیژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەیەك بدرێت و ببن بەیەك لیژنە، چونکە ئێمە ئەگەر باسی مافی چ ئەو پێکهاتانە بکەین، کە لەزمنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەتەوە، چ باس لەمافی ڕەگەزەکان بکەین، هەردووکیان وەکو دوو مرۆڤ کە پێویستیان بەوە هەیە مافیان پارێزراو بێت، هەروەها لەزمنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیشە، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەرسێکیان لەیەك لیژنە کۆبکرێنەوە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو فەیروز تەها، فەرموو.

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددا (29) خالا (14، 15، 16) پێشنیار دکەم هەر سێ خاڵ وەکو خۆ بمێننەڤە، وە پشتەڤانیا دکتۆرە شیرین دکەم، دەربارەی خالا (15) کە هێشتا دۆزا ژنان دۆزەکا جیهانیە، بۆیە داوا دکەم ئەڤ لیژنا وەکی خۆ بمێنێتەڤە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دوو لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری و وەبەرهێنان بە رای من وەبەرهێنان لە گەڵ لیژنەی كاروباری ئابوری نابێ هەبێ پێویستە لە گەڵ لیژنەی ئاوەدانكردنەوە ببن بە یەك لیژنە، دیارە ئەو كەسانەی كە ئەم لیژنانەیان تەوزیع كردووە بە راستی زیاتر گرنگیان بە مەسئەلە ئینسانییەكان داوە مەسائیلی دروست بوونەوەی ژێرخانی ئابوری كوردستان و عیمرانیان زۆر لە بەر چاو نەگرتووە، لە بەر ئەوە تەنها یەك لیژنە هەیە ئێستا پسپۆرە ئەویش لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندنە، لە بەر ئەوە من پێشنیار ئەكەم لیژنەی وەبەرهێنان و لیژنەی ئاوەدانكردنەوە بە یەك لیژنە بێ و هەروەها وشەی ئاسەوار لە ناو لیژنەكاندا ناوی نەماوە لە گەڵ نیشتنەوەوی رۆشنبیری داخل بكرێ، یەعنی لیژنەی رۆشنبیری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان و ئاسەوار و پشتگیری پێم وایە دكتۆرە، نازانم كامیان بوو ئەو بەرێزانەی پێم وایە (بێگەرد) خان بوو لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و لیژنەی ژنان و لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی بكەن بە یەك لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و نۆ (29) خاڵی سێیەم منیش پشتگیری بەرێزان كاك ئەیوب و كاك مەڕوان و كاك (سەعید مەصیفی) ئەكەم، چونكە پێشمەرگە لیژنەیەكی تایبەتی هەبێت و لیژنە ئاسایش و ناوخۆ زیاد بكرێتەوە، چونكە جگە لەو خاڵانەی كە باسیان كرد ئەنجومەنی خۆجێیەكان هیچ پەیوەندی بە پێشمەرگە نییە ناكرێت ئەتۆ مەجلیس موحافەزە و پێشمەرگە لە یەك جێگەدا بنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز كاك سهراب فەرموو.

**بەڕێز سهراب میكائیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم هەمی دزانین ئەڤ ئاریشا ڤێ گاڤێ گەنج تێدا ئەو داخوازی و پێدڤیێن وان هەین گەنج هێزا هەمی میلەتانە بەڵكە پاشەرۆژا هەمی میلەتانە هیڤیا هەمی میلەتانە هەمی میلەتان پێش دئێخن و بەرەڤانیێ ژێ دكەن خەڵكێ هەرێما كوردستانێ نێزیكی سیە ژ صەدێ (30٪) هەمی گەنجن وان ژی پێدڤی و داخوازی و جیهانەكا تایبەت یا هەی وەرزش و لاوان هەر ئێك جیهانەكا بەرفرهە و جیهانەكا تایبەتە نەك

**من یا غەریبە ئەڤە دگەڵ لیژنەیەکا دیتر بیت بەلکە یا پێدڤی ئەو بوو وەزارەتا رەوشەنبیری و لاوان ببا دوو وەزارەت وەزارەتا رەوشەنبیری جودا با یا لاوان یا جودا با داخازێ دکەم لیژنا وەرزش و لاوان وەکو خۆ بمینیت لیژنەکا تایبەت بیتن، خالا دیتر پشتەڤانیا دکتۆرە شیرین دکەم سەبارەت لیژنا تەندرۆستی و ژینگە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرحان فەرموو.**

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش پشتگیری قسەکانی کاك (سەعید مەصیفی) و برای بەڕێزم کاك (مەڕوان گەڵالی) ئەکەم کە لیژنەی پێشمەرگە جیا بکرێتەوە بە تەنها بێتن هەروەها پشتگیری قسەکانی کاك (عمر عینایەت) ئەکەم شوێنەوار بخرێتە سەر لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی، لە بەر ئەوە شوێنەوار حیسابی بۆ نەکراوە هەروەها خاڵی چواردە لە ماددەی بیست و نۆ (29) لیژنەی مافەکانی ئافرەت و کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ ببێتە یەك، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرهاد فەرموو.**

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیم لە سەر هەندێك شت هەیە مەسەلەی ئاو ئەوەندە گرنگە کە خۆمان گرنگی ئاو ئەزانین ئێستا و لە داهاتووە راستە کشتوکاڵ و ئاو پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، بەڵام ئاو زۆر گرنگتر بێت لە کشتوکاڵ خۆزگە هەر وەکو جارانیش وەزارەتێکی تایبەتی هەبووایە بە ئاو بۆیە پێم وایە لیژنەی ئاو و ئاودێری زۆر پێویست بێت، چونکە بەشێکی زۆر گرنگە لە ژیانی خەڵك و کشتوکاڵ و کارەبا و هەموو پێویستیەکانی ئەم وڵاتە بەشێکی تریش لیژنەی نەتەوایەتیە کە کاتی خۆشی پێشنیاریم کردیە ئێستا شوێنی خۆیەتی کە دووبارەی بکەمەوە من بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستانیش هەر بە ڕەوا ئەزانم نەك تەنها بۆ کورد، کوردستان بێجگە لەوە کە چوار پارچەیە بێجگە لەوە کوردێکی زۆر چووتە دەرەوەی وڵات لە زۆر شوێنی تری دونیاش هەر کورد هەیە مەسەلەن لەم بەینە کورێك ماستەری هێناوەتە لە سەر کوردەکانی سودان کە صەد (100 ) هەزار کەسن بە میسرەوە بە زۆر شوێنی تری دونیاوە ئێستا کە شوێنی باس کردنی نییە بۆیە لیژنەی نەتەوایەتی بۆ بە سەر کردنەوەی ئەم هەموو خەڵکە لە دەرەوە لە وڵاتە جۆربەجۆرەکان بۆ زانینی برادەرانی پەرلەمانتار ئێستا میللەتی بلوچ کە بیست (20) میلیۆنن ئێستا کۆمەڵێك بەڵگە و دیکیۆمێنتیان خستووتە روو خۆیان ئەڵێین ئێمە کوردین، یەعنی بیست (20) میلیۆنن وا قسەی خۆیانە مەسەلەیەکی تری هەیە کە زۆر موهیمە ژیانی هەموو نەتەوەکانی دونیا لە چوار مەجالدا دەدۆزرێتەوە**

مێژوو، شوێنەوار، زمان، دین، یەعنی هەر کەسێك بیەوێ رابردووی هەر نەتەوەیەك بدوزێتەوە لە ناو ئەم چوار مەجالە ئەیدوزیتەوە بۆیە پێویستە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بە مێژوو و شوێنەوا، ئەگەر بچی بۆ لای مێژوو نووسان باسی ئەهەمییەتی مێژوو ئەکەن و شوێنەواریش هەر بالمناسبە شوێنەوارێکی تازە دۆزراوەتەوە کە لە داهاتوودا باس ئەکەین کە شتێکی زۆر گەورەیە لەم منتیقەی خۆماندا، بۆیە پێویستە لیژنەیەك هەبێت بە ناوی مێژوو و شوێنەوار جیا لە رۆشنبیری و ئەوانە ئەوە تێبینی یەکانی من بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عباس فەرموو ئێستا.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی بەڕێز )(عمر حاجی عینایەت) دەکەم و نیسبەت بە لیژنە پشتگیری رەئیەکانی کاك (فەرهاد) دەکەم، بەلأم بەم شێوەیە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریشی بۆ زیاد بکرێتن و ئاو و ئاودێری، چونکە ئاویش تەنها سەرچاوەی ئاو نییە ئاویش لە گەڵ ئەم لیژنەیەش دێت و هەر سێ لیژنەی مافی مرۆڤ و داکوکی ئافرەتان و کاروباری کۆمەلأیەتی بەستەگی بە مافی مرۆڤ هەیە جیاکاری نەکرێت لە گەڵ ئەم رەئیەشدامە ئەم سێ لیژنەیە لە گەڵ یەکدا کۆ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە باسی لابردنی وشەی پێشمەرگە لە لیژنەیەدا، چونکە لیژنەکە بۆ خۆی فراوانە، ئەگەر بخرێتە سەر لیژنەی پێشمەرگە و کاروباری شەهیدان یان جنیۆسايد و زیندانیانی سیاسی رەنگە گونجاوتر بێت تا لە گەڵ لیژنەی ناوخۆدا بێت، دوو : ئێمە لە کاتێکدا لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری مندالەکانمان لە پەرلەمانی کوردستاندا بە زۆرینەی دەنگ تەسبیت کرد ناوەکەی وای لێهاتووە، ئەگەر وای لێ بێتەوە، چونکە ئەو سەکتەرە زۆر فراوانە لیژنەی کشتوکاڵ ئاودێری ئاژەڵداری و بەنداوەکان ناوەکەی بەو شکڵەیە لیژنەکەی تێکەڵ نەبووە هەروەها شتێك هەیە لیژنەی تەندروستی و ژینگەی مافی بەکاربەر دیارە مافی بەکاربەر کە ئەڵێین بەکاربەر یەکسەر کوالێتی کونترۆڵمان دێتە یاد و بە حوکمی ئەوەی من بۆ خۆم لەم لیژنەیەدا بووم راستە زۆر پەیوەندی بە تەندروستی و ژینگەوە هەیە، بەلأم ئەوەندەی زیاتر پەیوەندی بە لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پێشەسازی و بازرگانییەوە هەیە، چونکە پێشەسازی بەرهەمی خۆمانە و بازرگانیش بەداخەوە لە سەدا، هەشتا (80٪) بووتە بەرهەمی

دەرەوە دێنین باشترە ئەگەر بە دەنگدانی ئەندامی پەرلەمان ساغ بکرێتەوە لە سەر ئەو لیژنەی سامانی سروشتی و وزە ئەبێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆر سرود فەرمووو.

**بەرێز د. سرود سليم :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی سێ خاڵی کچکەم هەیە، یەکەم : پشتگیری لە قسەکانی دکتۆرە (شرین حسنی) دەکەم بە لابردنی مافی بەکاربەر لە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، دووەم : بە تەصەورم بۆ گرنگیدان بە پرسی ژینگە کاروباری ژینگە لیژنەیەکی تایبەت بە خۆی هەبیت زۆر زۆر باشە خاڵی سێیەم : بەس روونکردنەوەم دەوێ ئەو کە دەڵێیت لە خاڵی دوازدە لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا ئەو سکاڵا مەقسەتان چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو نەجیبە فەرمووو.

**بەرێز نجيبه لطيف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لە سەر خاڵی یانزدە (11) لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان پێم وا بێ زۆر فراوانە و تۆزێك ئیختیساسەکانیش لە یەك دۆرن، لە بەر ئەوە کۆمەڵی مەدەنی وەك خۆی بمێنێتەوە و لیژنەی داکوکی کردن لە مافی ئافرەتان پێم باشە بکرێتە لیژنەی داکوکە کردن لە مافی ئافرەتان و خێزان و منداڵ، یەنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێت هەم لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیش جیا بکرێتەوە، چونکە لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش لیژنەیەکی فراوانە، ئەگەر خێزان و منداڵ بخرێتە سەر لیژنەی داکوکە کردن لە مافی ئافرەتان پێم وا بێ بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش لیژنەی ژینگەکەش بەم شێوەیە ناوی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك شوان فەرمووو.

**بەرێز شوان شێخ احمد :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە هیچ شێوەیەك وەکو رای خۆم لە گەڵ ئەوەدا نیمە ئەو سێ لیژنەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دیراسەت کرا و زۆر سیباقمان لە سەر دەکرێت کە کامە لیژنە زۆر زەرورییە لێرە دەنگمان لە سەر درا سێ لیژنە دروست کرا ئێستا لیژنەکانیش وا بە پەلە پەلی کراوە دەمج کراوە من رای خۆم وایە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ئەوەدا نیمە کە دەمج بکرێت، چونکە ئێمە دوای گفتوگۆییێکی زۆر لە پەرلەمان و هەر

لەم خولەش ئەم لیژنەیە پەسەند کراوە لە بەر زەرورەتی بوون، یەعنی کە باسی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەکەن کە بە راستە پێویستیان بە خزمەتکردن هەیە شایەنی ئەوەن کە لیژنەیەك لە پەرلەمان کار لە سەر داخوازییەکانیان بکات داکوکی لە مافەکانیان بکات ئێستا هەر دوو ئاستی یاسا دانان و چاودێری کردن و بە نیسبەت، بە راستی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لێرە هەندێك شتێك هەیە وەکو راییێك باس دەکەم لە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ راگەیاندنەکان کە باس دەکەین لێرە ئێمە زۆر حەتا لە سەر سەرۆکاییەتەکەی ئیتیفاقێکی سەر دەکرا چەندین ماوە بە سەردا چوو خێرە وا بە عەجەلە عەجەلەشمان لێ دەکەن و دەمانەوێ دەمجیشیان بکەین ئەدی ئەهەمیەتەکەی لە چ دا بوو و لە سەر چ ئەساسیش دەمانەوێ دەمجیشیان بکەین؟ کاتی خۆش حەتا بە نیسبەت ئافرەتان لەوانەیە یەك لەوانە بووم کە رای خۆم جیاواز بوو لە گەڵدا نەبووم کە لیژنەی ئافرەتان هەبیتن، بەڵام لێرە برادەران لە بەر ئیعلام هەر هەموویان رەئیەکانی خۆیان سەعب دەکردەوە لە بەر ئەوەی کە لە گەڵدا نەبوون، بەڵام دوای ئەوە کە ئیعلامیان لە سەر بوو رایەکانی خۆیان دەردەبڕێ و رایان دەدا بەڵێ ئێمە لە رایەکانی خۆیان پەشیمان دەبینەوە، بۆیە بە راستی پێویستە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان شتەکانمان زۆر بە دیراسەتی پەلە پەلی پێوە نەکرێ، چونکە لە خۆلەك و لە وەرزەك تو لیژنەیەك دروست دەکەی بە هەمان شێوە گۆڕانکاری بە سەردا دێنی و دەربارەی کارەباش پێم باشە لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە بەر ئەوە سەربەخۆیە وەزارەتی کارەبا، ئەگەر کارەباشی بۆ زیاد بکرێ وزە ئاخر وەزارەتی کارەبا هەیە بە نەوعێك لە نەوعەکان، دەربارەی هونەریش ئەگەر لە گەڵ لیژنەی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵی مەدەنی و وەرزش و لاوان هونەریشی بۆ زیاد بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك شوان، بەرێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە دیارە سنووری جەبهەکان زۆر فراوانە و هێزی پێشمەرگە بەردەوام پێویستی بە سەردان و هەوڵدانە بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانیان و خاڵ زۆرە و نامەوێ باسی بکەم بۆیە من لە گەڵ ئەوەم کە سەببەبەکانی وەکو وتم هەمووومان ئەزانین کە لیژنەی پێشمەرگە بە جیا بێت سەبارەت بە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان بە نزیکەی نیوەی خاکی کوردستان ئەو ناوچانەیە، بۆیە لە بەر گرنگی ئەو ناوچانە و لە بەر ئەو گرنگیەشی کە بەردەوام هەموو لایەنە سیاسیەکان بەردەوام لە خەمی بوونە ئەوەشی کە ئێستا لە واقیعدا هەیە من پێم باشە ئەو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە و ئەوەی کە دەرەوەی هەرێم ناوچە کوردستانییەکان لە دەرەوەی هەرێم نین، بەڵکو لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن لەرووی کارگێڕی و ئیدارییەوە بەشێکی سەر بە عێراقە بۆیە ئەگەر ئیدارەشی بۆ زیاد بکرێت دەرەوەی ئیدارەی هەرێم باشترە سەبارەت بەو قسانەی کاك (فەرهاد) بە تایبەت ئەوانەی کە ئاون من پشتیوانی ئەو رایە ئەکەم ئاو جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانە لە ئێستاشدا ئاو دووچاری مەترسی زۆر بووتەوە بە تایبەتی ئاوەرووکانی زۆربەی شارەکان دەرژێتە ناو دەریاچەی دوکان و

دەربەنـدیخان و بۆیـە ئـەوە پێویسـتە باشـتر لێ بکۆڵـدرێت و لـەو لیژنــەی کشـتوکاڵ و ئـاودێری ئـاویش تێـدا بێـت گونجاوترە و پشتیوانی لێ ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر محمد فەرموو.

**بەڕێز د. محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێناگەم بە چ لیجوکێك ئێمە بڕیار دەدەین کە لیژنەکان کەم بکەینەوە و کێ دەتوانێت ئەوە بـۆ مـن بسـەلمێنێت کە بە کەم کردنی لیژنەکان ئیشی پەرلەمان کاراتر و باشتر دەبیت حەز دەکەم لیژنەی هەموار کردنی پەیڕەوە ئـەو وەڵامە بدەنەوە، لە سەر بابەتی لیژنەی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان، ئەگەر بە بیرتان بێتەوە لـە وەرزی دەسـتپێکی یاسا دانان لە پەرلەمانی کوردستان هەموارێکمان کرد لە سەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هـەموویان داکۆکیـان کـرد کە لیژنەیەکی تایبەت بیت ئێستاش ئەو بەڕێزانە داکۆکی دەکـەن کـە لیژنەیـەکی سـەربەخۆ بیـت، بـەڵام هـەر ئـەو بەڕێزانە ئەو کاتە ئامادە نەبوون بەشـدار بـن لـە لیژنـەدا بـبن بـە ئەنـدام لـەو لیژنەیـەدا بـە هیمـەتی پیـاوان ئـەو لیژنەیە نیسبیە تەواو بوو ئێستاش هەر وای لێ دێت من نە ژن بە سوپەر مـرۆڤ دەزانم نـە ماینـە مـرۆڤ دەزانم ژن مرۆڤە و مافی مرۆڤ و مافی ژن هەموو یەکە، لە بەر ئەوە پێم وایە کە دەبێت بەیەکەوە لە یەك لیژنـە بـن و حـەز دەکەم لیژنەی هەمواری پەیڕەو ئەو روونکردنەوە بدات کـە چ لوجیکێـك بـە چ دەتـوانی بسـەلمینی کـە کـەم کردنـی لیژنەکان یان دەمج کردنی دوو یان سێ لیژنە بە یەکەوە ئیشی پەرلەمانی کاراتر و باشتر دەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی پانزدە (15) دیارە پرسی ژنان پرسێکی گرنگە بـە تایبـەتی لـە ئێسـتای دۆخـی هـەرێمی کوردستاندا دەزانین رۆژانە رێژەی تونـد و تیـژی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـەرەو هەڵکێشـاندن دەچێت لـە زۆربەی گونـد و دێهاتەکان ژنان دەکوژرێن و زۆربەی خـەڵك لێ بـێ ئاگایـە، بۆیـە مـن پشـتیوانی لـە دکتـۆرە (شیرین و نەجات خان و فیروز) خان دەکەم ئەم لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د. زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخفتنێت دکتۆرە شرینێ دکەم سەبارەت جودا کرنا لیژنا خانمان ژ هـەر دوو لیـژنێن دیـتر بـەلێ دڤـان هـەمی لیژنانـدا ئەگـەر ئـەم تەماشا بکـەین زارۆك یـێ هاتیـە ئیهمـال کرنـێ ئـەز پشـتەڤانیا ئاخفتنـا نەجیبە خانێ دکەم کو دپەیڕەوێ ناڤخۆی یێ عێراقێ دا ژی هاتیە ب ناڤێ (المرأ ة و الاسرة و الطفل) ڤێجا

ئەگەر لیژنە ب باشی ببینیتن لیژنەیەك ژڤانادا ناڤێ زارۆكێ ژی بهێتە ئیزافە كرن دا كو دڤی بواری ژی دا كار بكەن هەر چەندە لیژنا مافێ مرۆڤی و مافێ ئافرەتێ و مافێ كۆمەلآیەتی ئەڤە هەمی، یەعنی لیژنا كۆمەلآیەتی دشێن بەرەڤانیێ ژ مافێ زارۆكی بكەن بەس مادەم هەر یەكەیەكا جڤاكی لیژنەیەكێدا خۆ دبینیت زارۆك دڤان هەمی لیژنەیەدا یێ ئیهمال كریە ئەم حەس دكەین جهەك بۆ ڤێ ژی بهێتە دیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە منیش ئەوەی كە مەبەستمە مەسەلەی منداڵ بە گشتی لە ناو كاری پەرلەماندا ونە حەتا وەكو ئێستا لە خولەكانی پێشووش حەتا ئێستا ئێمە پرۆژە یاسایەكی تایبەتمان بۆ مناڵ نەبووە، یەعنی لە پەرلەمانی كوردستاندا لە عومری پەرلەمانی كوردستاندا پرۆژەیەكی تایبەت بە منداڵ ئەوە ناكا لە گەڵ توێژەكانی تردا هەیە، بەڵام تا ئێستا ئێمە هیچ پرۆژە یاساییێكمان بۆ منداڵ نەبووە لە بەر ئەوە گرنگە ئەگەر لە حاڵەتێكدا، من پێم باشە لیژنەی ژنان ئەگەر لە حاڵەتێكدا دەنگی نەهێنا وەكو خۆی بمێنێتەوە لە گەڵ كار و كاروباری كۆمەلآیەتیدا ئەگەر ببێت بە یەك و ناوی لێ بنرێت لیژنەی ژنان و خێزان و منداڵان بۆ ئەوەی ئەو ئەركەش بگرێتە ئەستوو سەبارەت بە لیژنەی كاروباری كومەڵی مەدەنی و رۆشنبیری لە گەڵ وەرزش و لاوان پێم وایە زۆر فراوانتر ئەبێت ئەوەش ئەگەر بكرێت وەرزش و لاوانی لێ بكرێتەوە رۆشنبیری و كۆمەڵی مەدەنی بێت و خاڵی هەشت لیژنەی پەیوەندیەكان و رەوندی كوردستانی لە گەڵ ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوە دیسانەوە ئەوە گرۆپێكە زۆر زۆر فراوان دەرئەچێت كار كردن لە سەر ئەوانە كە بە شێوازێكی جیاوازە لە بەر ئەوە ئەگەر ناوچە كوردستانییەكانی لێ جیا بكرێتەوە، سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من پشتگیری لە قسەكانی (فیروز خان و ئێڤار خان) دەكەم كە سەبارەت بە ماددەی بیست و نۆ (29) لە خاڵی چواردە (14) كە لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و پانزدەش (15) لیژنەی داكوكی كردن لە مافەكانی ئافرەت وەكو خۆی بمێنێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو زولفا فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کاك (ئەیوب و کاك عمر عینایەت) قسەکانی منیان کرد هەمان رای ئەوانیم هەیە و بە نیسبەت خاڵی شەشەمەوە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر سێ بەشی زۆر بڵاو و زۆر ئاڵۆزن پێم وایە لە توانای هیچ لیژنەیەکدا نابێت کە بتوانێ هەر سێکی بەڕێوە ببات من پێم وایە کە لیژنەی تەندروستی بە تەنیا بمێنێتەوە لە بەر ئەوە حەقی تەواوی پێ بدرێت و بە هۆی نا ئیستیماتێکی خراپی سیاسەتی تەندروستی لە وڵاتی ئێمە پێویستە لیژنەیەکی سەربەخۆ بێت لیژنەی تەندروستی، ئەگەر نا هەر وەکو خۆی لە گەڵ ژینگە بمێنێتەوە و لیژنەی مافی بەکاربەر بخرێتە سەر لایەکی تر یان سەر لیژنەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو هیڤا فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی دکتۆرە (شیرین)، کاك سهراب، فیروز خان، کاك عبدالرحمن و دکتۆر سرود دەکەم لە سەر لیژنەی مافی بەکاربەر کە بکرێتە سەر لیژنەی دارایی و هەروەها لیژنەی بازرگانیش لە سەر لیژنەی دارایی بێتن لە کۆتاییشدا پشتگیری لە قسەکانی خاتوو ئێڤار دەکەم کە لیژنەی ئافرەتان بە تەنیا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لیژنەی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان بکرێت بە یەك و لیژنی کاروباری کۆمەڵایەتی خێزان و منداڵی بۆ زیاد بکرێت و مافی بەکاربەریش لە سەر لیژنەی تەندروستی و ژینگە لابدرێت بهێنرێن بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ بەو شێوازە بکرێت، چوارەم : لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری و مافی بەکاربەر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانییێ ل ڤێ بۆچوونێ دکەم کو د مـاددا بیست و نـەهـ (29) دا هـاتی بڕگـا (14 ،15، 16) وەکـو خـۆ بمینن سەبارت بڕگا (15) ژی دڤی بابەتیدا ب دیتنا من دڤێت ئەم پتر واقعیانە بیر بکـەین کێشێن ژنـان د جڤاکێ مەدا هند زۆرن ب رەئیا من وەك لیژنەیەکا بتنێ بمینیت ژبیر نەکەین هێشتا ژن ب کۆتایی دهێنـە دناڤ گۆڕەپانا دەسەلاتیدا خوزی ئەو رۆژ هەبایە کو مە هەمیا گوتبا بـلا ئـەڤ لیژنەیـە نـەمینیتن بۆچـوونا من ئەوە کو وەك لیژنەیەکا بتنێ بمینیتن سەبارەت بڕگا (12) ڤی شێوەی پێشـنیار دکـەم لیـژنا ئـەوقاف و کاروبارێن ئایینی و دەستپاکی لیژنا کاروبارێن پەرلـەمانی و سکالا، ژبـەر کـو ب دیتنـا مـن بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمانی پتریا ئەو بەڕێزێن ئەندام د لیژنا دەستپاکیدا هەر ئەندامن د لیژنا ئەوقاف و کاروبارێن ئـایینی دا ئانکو دشێن ڤێ لیژنێ د ئێك لیژنەدا دەمج بکەن و سەبارەت خالا هەشتێ (8) پشتەڤانییێ ل کاك شوانی دکەم دیسان سەبارەت مافێ بەکاربەر ب دیتنا من ئەگەر ئەم دەمج بکەین دگـەلێ لیـژنا بازرگـانی دێ باشـتر بیت، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز وەك ئەنداما لیژنا پەیڕەوی دێ شروڤە کرنەکێ سەر دیدگەها مە و دیتنـا مـە بـۆ هنـدێ کـو لیـژنا ژنـان جـودا بیتن چ بۆیە، بۆچی ئەم دگەل هندێ نە کو لیژنا ژنان وەکو لیژنەکا سەربەخۆ کارێ خۆ بکەت دیدگەها مە ئەڤەیە کو ئەڤرۆکە کۆمەلگەها نیڤ دەولەتی ی تایبەتی (UN)  دیتنەکا تایبەتمەند دەتە پرسا ژنێ و قـەزیا ژنـێ، ئەگـەر لیژنەکا تایبەتمەند ب پرسا مرۆڤی هەی مەبەستا مە ئەڤە نینە کـو کێشـا ژنـێ ژ کێشـێن مرۆڤایـەتی دویـر بـێخین خودی پرسا ژنان قەزیا ژنێ پرسـەکا ئینسانیە پرسـەکا مرۆڤاتیـە کـو تێهـەلکێش بـیتن سـەر پرسـەکا پـەروەردەیی پرسەکا جڤاکی و پرسەکا خێزانی ژی لێ کۆمەلگەها نـیڤ دەولـەتی سـەرەرای هنـدێ کـو لیـژنێن مـافێن مرۆڤـی ژی یێن هەین بەس تایبەتمەندییەکا دایە قەزیا ژنان ب تایبەتی بۆ پێش ئێخسـتن و گەشـە سـەندنا قـەزیا ژنـان، ژبـەر هنـدێ بـۆ هنـدێ کـو هـەرێما کوردسـتانێ پەرلـەمانێ کوردسـتانێ پاشـگەز نـەبیت ئـەو دەسـتکەفتنێن کـو ئەڤرۆکـە پەرلەمانێ کوردستانێ تێدا هەی دگەلێ کۆمەلگەهێن نیڤ دەولەتی ناکوکی نەبیتن روانگەها مە ئەوە کـو پێـدڤی یـە گرنگیا هەبوونا لیـژنا ژنـان وەك خـۆ بمینیـت و پەرلـەمانێ کوردسـتانێش ئەهەمیـەت و پرسـا ژنـێ کـورت نەکەتـە مەوزوعەك، یەعنی مەبەستا مە ئەڤەیە راستە مافێ مرۆڤی و مافێ ژنێ تشـتەکێ تێهەلکێشاییە ژێـك جـودا نابیـت تەمیزەکا ئیجابیە ئەڤرۆکە کومەلگەها نیڤ دەولەتی ددەتە قەزیا ژنێ ژبەر هندێ ژی ئـەم دبیـنین کـو باشـە لیـژنا ژنان بتنێ بمینیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو پاڵپشتی قسەکانی کاك (شوان شێخ احمد) دەکەم ئەو شتانەی کە باسی کرد پاڵپشتی لێ ئەکەم، دووەم، لە خاڵی شەش باسی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر دەکات مافی بەکاربەر واتە (حق المستهلك)، حق المستهلك بە رای من ڕێك لە گەڵ ئەو لیژنەیە دێتەوە کە باسی لیژنەی بازرگانی دەکات لیژنەی بازرگانی لە گەڵ حق المستهلك بە راستی زۆر شیاو و گونجاون لە گەڵ یەکتری جەداوە دەکەم لێرە لا بکەویت لە گەڵ لیژنەی بازرگانی ڕێك بکەوێت و گۆنجاوترە لەوەی کە لە گەڵ کاروباری تەندروستی دا بێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وا بزانم ئەو بەڕێزانەی کە لە لیژنەدانە هیچ کامیان لە لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ نینە، ئەگەر لەو لیژنەیەدا بانە بە تەسەوری ئێمە وا نەدەکرد کە باسی ئەوە بکەن کە ئەو دوو لیژنەیە لێك بدرێتن ئەرکی ئەم دوو لیژنانە زۆر قورسە جا تەواوی پشتگیری قسەکانی برای بەڕێزم کاك (ئەیوب) دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەم دوو لیژنەیە دەمج نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبد الله فەرموو.

**بەڕێز عبدا لله حاجی محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من تێبینی یەکم هەیە بۆ لیژنەی پەیڕەو لە دابەش کاری لیژنەکان ئەکەم یان دەبێت ڕێژەی لیژنەکان لە بەر چاو بگرێت لە گەڵ ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، لیژنەی پەیڕەو سەرنج و تێبینیتان چیە؟ فەرموو بەڕێز دکتۆر فرست، کاك زانا قسەت هەیە؟ ناوت نەنووسرا بوو، فەرموو.

**بەڕێز زانا :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ئەوەی کە لە کۆی لە گفتوگۆیەکەدا تێبینیمان کرد ئەم پەیڕەوە کە ئەنووسرێ مودەیەکی زەمەنی زۆری ئەمێنێتەوە، یەعنی هەمووی ئەوانەی کە لە لیژنەیەکی تایبەتن دیفاع ئەکەن لە مانەوەی لیژنەکەی خۆیان من پێم وایە کاری لیژنەکان لە رابردوو لەم پەرلەمانی کرودستاندا سەرکەوتوو نەبووە ئەو شێوازی

کار کردنە کە ئێمە کردوومانـە، یـەعنی کۆبوونـەوەی لیژنـە چـوار کـەس ئامـادە بـووە زۆر جـار سـێ کـەس ئامادە بووەبۆیە زۆر گرنگە ئەوەی کە لیژنەی پەیڕەو کردوویانە یەك خستن و تێکەڵی زیاتر دروست ئەبێ لە بەینی پەرلەمانتاران بەیەکەوە توانی ئیشی باشتر بکەین نـاو لیژنـەکانیش کۆبوونـەوەکانمان قـەرەبالغتر ئەبێت بۆیە ئێمە لە بیر نەکەینەوە لیژنەی فلان ئەمێنیت و یـان فیسـار نامێنێتـەوە و ئەگـەر هـات و ئـەو لیژنانەش مایەوە پێشنیار ئەکەم بۆ پەرلـەمانی کوردسـتان کـە جارێکی تـر بـەو لیژنانـە بـە تەوزیعـەکانی لیژنەکان بچینەوە جۆرێکی تر دابەش کاری بکەین ئەندامەکانی جارێکی تـر دابـەش بکەینـەوە بـۆ ئـەوەی ئیشی پەرلەمان کە من پێم وایە روحیەتەکـەی ئیشـی لیژنەکانـە سسـتە وەکـو پێویسـت ناچـێ بـەرێوە مـن پشـتیوانی رای دکتـۆر (محمـد) ئەکـەم، ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ کێشـەی ئـافرەت لـە کوردسـتان لـە هـەموو شوێنەکانی دونیا زیاترە بمانەوێ کێشەی ژنان بەرینە پێشەوە ئەبێ ژن فێر بکەین وەکو مرۆڤ بیر بکاتـەوە و کە کێشەیەکی ئەبێت لە گەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ تەعامول بکات ئەوەنـدە وای لێ نەکـەین کـە ژن بـە ژن دیفـاعی لێ ئـەکات مـن پـێم وایـە ئەگـەر ئـەو دیـدە ئەگـەر دیـدێکی نیودەوڵـەتیش بێـت خراپـە ئێمـە لـەم کوردسـتانەدا ئـەبێ ئـەم پەرلەمانـە پێشـەنگ بێـت کـە جۆرێـك لـە بیرکردنەوەیـەکی تـر پێشکەشـی ئـەم کۆمەڵگەیە بکات بۆیە ژنانی ئێمە کە هیچیان کەمتر نەکردووە لە پیاوان لە وڵاتی ئێمە شان بە شانی ئێمە وەکو مرۆڤ بەرگی لە مافەکانی خۆیان بکەن و هەمووومان پشتیوان و پاڵپشتیان بین، بۆیـە تـەنها گرفـت لـە مەسەلەی ئەوەیە ناوی ئەم لیژنانە زۆر دوور و درێژە کە ئەبێ دوای چارەسەریان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا باشە پێشوەختە وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئـەڵێ ئـەو لوژیکـەی لـە پشـتی ئـەو پـۆلێن کردنـەوەی لیژنەکان بۆچی بوون؟ بۆچی وا بڕیارماندا؟ تەبعەن بڕیارمان نەدا پێشنیازمان کـردووە بـا قسـەکەی خـۆم راستتر بڵێیم بۆ ئێوەی بەڕێز پێشنیازەکە وا پرسیارەکەی کاك (عبدالله) ش پەیوەستە بـەوەی، یـەعنی ئایـا تەوازونی لیژنەکان و ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان ڕەچاو کراوە ئێمە هەوڵمانداوە کـە ژمـارەی لیژنـەکانمان ئەگـەر انشـاءالله لـە تەصـویت بـووە شـانزدە (16) یـان حەفـدە (17) لیژنـە ئـەوە دەرفـەت بـە ئەنـدامی پەرلەمان دەدرێت کە هەر ئەندامی پەرلەمان لە یەك لیژنـە بێـت، یـەعنی ئـەو زەختـەی لـە سـەر نـەبێت، یەعنی زۆر جار هەر خۆتان ئەڵێن ئەمڕۆ لە یەك کاتدا هەر دوو کۆبوونەوەی لیژنەم هەیە، یەعنی بە کەم کردنەوەی لیژنەکان ئەتۆ دەرفەت ئەبێت زیاتر لە یـەك لیژنـەدا بێـت و تەفـەروخ بکـەی بـۆ ئـەو لیژنەیـە ئـەوە خـاڵی یەکـەم، باورتـان هـەبێت لـە جیـاتی هـەر دوانـزدە (12) هـاوڕێ تریشـم کـە لـە لیژنـە بـووین هەمووشتان ئەزانن ئێمە لە فراکسیۆنی جیاواز بـووین بـە هـیچ شـێوەیەك بـە هـیچ تێڕوانینێـك کـە ئـەو لیژنانەمان وای لێکردووە تێڕوانینێکی سیاسی لە پشتەوە نەبووە، تێڕوانینێکی شەخصی نەبووە ئەمڕۆ کێ

لەم لیژنە سەرۆکی کێ جێگرە کێ موقەریرە کێ ئەندامە ئێمە ئەم پەیڕەوەمان بۆ ئـەمرۆمان نەنووسـیوە، ئەگەر من وەك رای شەخصی خۆمـە رای لیژنـە نییـە، ئەگـەر پێتـان وایـە ئـەوە ئیشکال بـۆ خـودی ئێـوەی بەرێز لەم خۆلە دروست دەکات من زۆر بە ئاسایی دەبیـنم دیسان دەڵێم ئـەوە رای شەخصـی منـە دابـەش کردنەوەی لیژنەکان ئەتوانین هەر بکەنە خولی داهاتوو، بەڵام ئەگەر بەو مەنزورە ئێمـە بـێن تەصویت لـە سەر لیژنەکان بکەین ئەمڕۆ ئەمن لەو لیژنەیەمە ئەو لیژنەیە دەبێ بیپارێزین ئەمە بەو شێوەیە ناگەینـە نەتیجە ناشتوانین پەیڕەوێکی باش، چونکە وەکە باسمان کرد ئەو لیژنانە رۆحـی کـاری پەرلـەمانن، بۆچـی دەمج کردنی لیژنە کەم کردنەوەیە لە شەئنی؟ بۆ نموونـە زۆر باسـی لیژنـەی ئافرەتـان کـرا، بۆچـی دەمـج کردنـەوەی لیژنـەی ئافرەتـان بـۆ نموونـە لـە گـەڵ مـافی مـرۆڤ یـان لـە گـەڵ کاروبـاری کۆمەڵایـەتی کـەم کردنەوەیە؟ ئەی بۆچی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یەعنی کە پێکەوە دەمجن مانای وایە ئێمە ئیهتمـام بـە خوێندنی باڵا نادەین یان ئیهتمام بە پەروەردە نادەین! دەمج کردنی لیژنە بە هیچ پێوەرێك کەم کردنـەوە نییە لە شەئنی ئەو لیژنەیە بۆ کار ئاسانییە بۆ ئەوەیە کە ئەو لیژنانە تاچەند پەیوەندیان بـە یەکەوەیـە، وامان داناوە، لەوانەیە هەڵەمان کردبێ لە شوێنێك، ئێستا مافی بەرکابەرتان باس کـرد بۆچـی نـەمان بـردە بازرگانی بۆچـی هێنامانـە تەندروسـتی لەبەرئـەوەی ویستمان تـەوازون بپـارێزین، نـاکرێ لیژنەیـەك وەکـو ڤیتار ئەو هەموو نـاوەی بـەدوای یەکدا ڕیـز بکـەی، لیژنەیـەکیش ئـەرکی کـەمتر بـێ، هـەوڵمان لـە دابـەش کردنی لیژنەکان تەوازون لە مەهامیشیان هەبێ، لەبەرئەوەی بەسەریدا بیرژێن، دارایی بەخۆی دەبـێ یـەك لیژنـە بـێ جـا دیسـان پـاش بازرگـانی و ئـەوە و ئـەوە مـافی بەرکابەریشـی بـۆ زیـاد بکـەی، دیسـان تەئکیـد دەکەینەوە بڕیار بۆ ئێوەیە، هەڵساوین هەموو ئەو ڕەئیانەی کە سێ کەس پشتگیری کردووە، تەقریبەن من (9) لاپەڕەم نووسـی لـە ئـەنجامی هـەموو پێشـنیارەکانتان، دێـین هـەمووی سـیاغە دەکەینـەوە و دەیخەینـە تەسویت، بەڵام داواکاری ئێمە جارێکی تر ئەوەیە کەوا دەنگ نەدەین ئەمرۆ من لەکام لیژنەم، من سەرۆکی کامـە لیژنـەم یـان جێگـری کـام لیژنـەم، وا دەنـگ بـدەین کـە چـۆن باشـە بـۆ ئـەو پەرلەمانـە ئـەو لیژنەیـە دابمەزرێ، ئەگەر لێمی قبوڵ بکەن هەستم کرد لە موناقەشات ئەوەمان بەدی کرد، مـن و هاوڕێکانیشـم، لـە موناقەشـەکان ئـەو تێڕوانینـەمان بـەدی کـرد، یـەعنی کـە بـەو شـێوەیە گفتوگۆکـان کـران، باوەڕتـان هـەبێ پەلەشمان نەکردووە، تەقریبەت ساڵێك و شەش مانگ خەریکی ئەو ئیشە بووین، زۆر بە دیراسـە و زۆر بـە جدی دیراسـەمان کـردووە، ئـەوەی تریـان ئێمـە پێمـان وایـە کـە دەڵێین مـافی بەکاربـەر، مـافی مـرۆڤ خـۆ منداڵیش مرۆڤە و کە دەڵێی مافی مرۆڤ مافی منداڵیش دەگرێتەوە، ئەگەر پێشتان باشە خێزان و منداڵیش زیاد بکەن لە شوێنێك ئـەوە کێشـە نییـە، سـەیر کـەن دەلیلێـك، بـۆ نموونـە یـەکێك لـە هاوڕێکانمـان گوتی وابـزانم ڤیـان خـان بـوو گـوتی وا باشـە لیژنـەی ئـەوقاف و لیژنـەی نەزاهـە یـەك بخـرێ، لەبەرئـەوەی ئەندامـەکانیان موشـتەرەکە، سـەیر کـەن ئێمـە خـۆ بـۆ ئـەو دوو سـاڵە ئـەو دوو لیژنانـە دانـانێین تـاوەکو وابکەین، ئەی پاش ئەوە، خۆ موشتەرەك نابی، بۆیـە ئێمـە وا لیژنـەکانمان دابـەش کـردووە کـە مەودایـەکی درێژ بۆ ئاییندە ئەو لیژنانە دەستکاری نەکرێن و بڕ بکەن، ئـەوەی کـە مـن ویسـتم ڕوونکردنـەوەی لەسـەر

بدەم ئەو خاڵانە بوون ئەوەی تریش وەکو باسمان کرد بـە ئەمانەتـەوە ڕەئیـەکانی ئێوەمـان نووسـیوە و بـە تەئکید ئێمە هەموو ڕەئیەکانتان بە ڕێزەوە وەردەگرین و دەیخەینە دەنگدانەوە، دوا بڕیـاریش بـۆ ئێوەیـە، ئێمە تەنها ئیقتراحمان کردووە و ئێوە بڕیار دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان بنەمای کەم کردنەوەی لیژنەکان بۆ (15) لیژنـە مـن لەگـەڵ کـەمتریش لـەو عـەدەدە دام، بـۆ ئـەم پاساوانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە، مەعقول نییە لـە پەرلـەمانێکی (111) کەسـی دا (22) لیژنـە هـەبێ، دوو/ لەسەر بنەمای پسپۆری تەفەروغ و خۆ یەکلاکردنەوە، من بۆ خۆم ئەندامی یەك لیژنەم، بە حـەیاتی دەیان کۆبوونەوەم فەوتاوە یان حەقی کۆبوونەوەم نەداوە، هی ئەم لیژنەیە یان ئـەو لیژنەیـە، لەبەرئـەوەی پەلـە پەلیشـمانە، هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان کـە زۆربـەی کۆبوونـەوەکان لـە یـەك ڕۆژدا بـێ، زۆربـەی ئەندامانی پەرلەمان پەلەی ئەوەیانە کە کۆبوونەوەکان ئامادە نین لە دوو ڕۆژی جیاواز دا دوو کۆبوونەوەی دوو لیژنە بکەن، ئەوە حاڵ نییە لیژنەکانی تێدایە بەڕاستی، ئەگـەر تـەقیم و هەڵسـەنگاندنێکی ورد بکـەن بۆ کاروباری ئەم لیژنانە، بزانن چەنێك ئەکتیڤن، چەنێ فەعالن، بە داخەوە زۆرجار بڕیاردەر و سـەرۆك و جێگری لیژنەکان من بەخۆشمەوە ناومان دەنووسرێ و وجودیشمان نییـە لـەناو کۆبوونـەوەکان، لەبەرئـەوە ئەگـەر ئەنـدام موتەفـەرغ بـێ و خـۆی یـەکلا بکاتـەوە بـۆ یـەك لیژنـە، هـەم فریـا دەکـەوێ هـەم پسـپۆری وئیختساسـیش وەردەگـرێ، وەك چـۆن مـەرجیش نییـە لیژنـەی زۆریـش مانـای کـارایی و ئـەکتیف بـوونی پەرلەمانتارەکانە و پێ ڕاگەیاندن بێ، ئەوەی کە هێزی چەکداریش کاك نازم باسی کرد، کاك کاروان و کـاك شوان لە لیژنەی پێشمەرگە، منیش ئەندامی لیژنەی ناوخۆ بم، ئەمانە هەموویان هێزی چـەکدارن لـەڕووی مەشـق، لـەڕووی چـەك، لـەڕووی تـەمویل، جـاری وا هەیـە یـەك فەرمانـدەیان هەیـە، لەبەرئـەوە پێموایـە ئیختساسەکان زۆر لەیەکەوە نزیکە، مەرج نییە پێنج سەد هەزار چەکدار بڵێی ئـەوە دوو لیژنـەی پێویسـت دەکات ئەگەر وابێ پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ئیبتدائیەوە هەتاوەکو ماستەر و دکتۆرا خۆ ئەویش پێنج سەد هەزار قوتابی وخوێندکاری تێدایە، بۆ لەیەك لیژنە دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.فرست قسەکانی منی کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو بكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم لە لیژنەی نەزاهەم یەكێك بووم لەوانەی لیژنەی نەزاهەم لابردووە بەڕاستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد تكایە بە پەلە ئەگەر نوقتە نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دیڤ میكانیزما پەسەند كری، یا گفتوگۆ لسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانێ، ئێك ل خالێ پەیڕەوی، خالا (ج) داواكردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك كە بڕیاردا لەسەر گفتوگۆكردن لەسەر بابەتی یان ئالوگۆڕی بەرنامەی كار، نوكە ئەم ژمارەی یاسایی (12) كەسە، مە واژوو كریە، داخازێ لسەرۆكایەتی و جەنابێ تە دكەین، كە ئەڤ بەرنامەی كار سبەی بێتە ڕاگرتن، دانیشتنا سبەی تایبەت بكرێ بە دۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان و پرۆژەی چاكسازی و دارایی و ئابووری، ژ بەر هەندێ ئەم داخاز دكەین بخرێتە دەنگدان و سبەی بشێین دیڤ میكانیزمێ، چونكی سپێدەش گەلەكا داخاز كر، بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ، ئەگەر ئەم هەفتانە بۆ نموونە دوو ڕۆژا دانیشین، دانیشتنەك با بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بێ و یەكێكی تریش بۆ ئەم دۆخە بیت، بشێین تەوازونەكی ڕاگرین، بگەینە چارەسەریەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەقدیری قسەكانی بەیانی كە بەڕێزت كردت دەیكەین، دەزانین ئێمە هەر خۆمانین، ئێمە بە گرنگی دەزانین كە بۆ ئەوەی خۆشمان بناسین، وەزنی پەرلەمان چەندە لە كوردستان دا پەیوەندی ئێمە و حكومەت چۆنە، خەڵكیش لەوە زیاتر لێمان زویر نەبێ، ڕاستە ئێمە ئێستا پەیڕەوی ناوخۆ لەبەرنامەی كارمان هەیە، بڕگەی دووەمی سبەینێ بكرێ بە لەسەر ئەو قەیرانەی كە ئێستا پەیوەندی ئێمە حكومەت بە قەیرانەكانی ناو هەرێمی كوردستان هەیە من داوا لە بەڕێزت دەكەم بڕگەی دووەم داخڵ بكە و سبەینێ دەنگدانی لەسەر بكە و دەسەڵاتی بەڕێزتانە كە داخلی بكەن، لەناو قاعەی پەرلەمانیش دەنگدانی لەسەر دەكەین، پێشی دەخەین بۆ ئەوەی جەلسەی بتوانین وای لێ بكەین، باسی ئەو قەیرانانەی ئەمرۆ و باسی بەینی ئێمە و حكومەت بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەی ئەم دوو هاوكارەم دەكەم، وەكو بەیانیش وتم شوێنی ئێمە ئێرەیە قسەی تیا بكەین لەسەر دۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو سێ هاوكارە پەرلەمانتارەم دەكەم، سبەینێ تەرخان بكرێ بۆ گفتوگۆ كردن سەبارەت بە قەیرانی دارایی لە هەرێمی كوردستان، وەك لیژنەی دارایی و با بڵێین وەك پەرلەمانتارێك داوا دەكەم لە بەرنامەی كاری سبەینێ ڕێگەم پێ بدەن دۆخی قەیرانی دارایی ئێستا لە ڕاپۆرتێكی چەند دەقەیی بخوێنمەوە بۆ پەرلەمانتاران و گفتوگۆی لێ بكرێ و ئەگەر بڕیاریش دەربكرێ بڕیار بێ لە پەرلەمان لە شێوەی بڕیار دا بۆ ئەوەی حكومەت مولزەم بكرێ چارەسەری خێرا بۆ قەیرانی دارایی بدۆزێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی قسەكانی كاك بەهزاد و كاك عمر عینایەت و د.عزت دەكەم، بەڕاستی زۆر زەرورە سبەینێ ئەو بڕگەیە زیاد بكرێ و ئێستا بیخەنە دەنگدان، لەبەرئەوەی هەر هیچ نەبێ خەڵكی هەرێمی كوردستان هەست بكەن ئێمە لەگەڵ ئەوانین و هەست بكەن هەست بە موعاناتی ئەوان دەكەین و لە هەمان كاتیش دا بە ڕاوبۆچوونی هەمووومان ڕێگە چارەیەكی گونجاو بدۆزینەوە بۆ دەرچوون لەو هەموو قەیرانە كەڵەكەبووانە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی كاك فرهاد دەكەم، پێشنیاری كرد كە لیژنەیەكی تایبەتمەند دروست بكرێ بە ناوی لیژنەی ئاو و بەنداوەكان، پێموایە یەكێك لە قەیرانەكانی كە لە داهاتوویەكی نزیك ڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان دەبێتەوە قەیرانی ئاوە، بەداخەوە وەكو پێویست نە حكومەتی هەرێمی كوردستان،

ئێمەش وەکو لیژنەی مەعنی، لیژنەی کشتوکاڵ و ئـاودێری نـەمانتوانیوە وەکـو پێویست کـار لەسـەر ئـاو و بەنداوەکان بکەین، بۆیە پشتیوانی پێشنیارەکەی کاک فەرهاد دەکەم، دەمەوێ ئەوەش بیر ئەندامانی بـەڕێز بێنمەوە کە گرنگی ئاو لەوەدایە ئێمـە ڕۆژانـە لـە عـیراق دەبیسـتین کـە سـاڵانە نەخۆشـی بڵاودەبێتـەوە لـە عیراق انشاللە دوور دەبێ لە هەرێمی کوردستان، نەخۆشی کۆلێرا یەکێکە لـەو نەخۆشـیانەی کـە بـەهۆکاری پیس بوونی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو بڵاو دەبێتەوە، هەموو ساڵێك تووشی عـیراق دەبـێ، بۆیـە هیـوادارم بـە نەزەری ئیعتبار وەری بگرن ئەو پێشنیارە ئەندامانی بەڕێز پشتیوانی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک بەهزاد و کاک عمر و ئەو بەڕێزانەی تر دەکەم کە ئەو بڕگەیـە زیـاد بکرێ بۆ بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە سـەبارەت بـە دانیشـتنی پەرلـەمان ئەگـەر بـۆ سـبەینێ بـێ پێموایـە پێویسـتە پەرلـەمان قسـە لەسـەر کێشـەکانی خـەڵك بکـات، بـەڵام ئەگـەر ڕاپـۆرت ئامـادە بـێ ئـەوا ئـەوەی موتەبەعـە دەبـێ ئەنـدامان ئـەو ڕاپۆرتەیان لەبەردەم دا بێ بۆ ئەوەی دیراسەی بکەن و گفتوگۆ لەسـەر ئەساسـی ئـەو ڕاپۆرتـە بکـەن، بۆیـە ئەگەر ڕاپۆرتەکە د.عزت صابر ئامادەی بکات و بیخاتە بەردەم ئەنـدامانی پەرلـەمان دانیشـتن بـۆ هەفتـەی داهاتوو بێ لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پشتگیری لە قسەکانی کاك بەهزاد و کاك عمر و ئەو بەڕێزانەی تر دەکەم کە سبەینێ بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەوەی کە لەسەر قەیرانی ئەمرۆ گفتوگۆ بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەی ئەو بەڕێزانە دەکەم، بەڵام بە تایبەتی گەشەخان بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە ئامادەکاری بۆ بکرێت و دەوڵەمەند تر بکرێ، پێم باشە لە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر ئەنجام بدرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو پشتگیری لەو هەڤاڵانە دەکەین دەبووایە ئەمرۆ کە تایبەت بەو بابەتە، بەڵام ئەگەر ئەمرۆش نەکرا دەکرێ بەیانی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو داواکاریە هاتۆتە بەردەستمان دیراسەی دەکەین، سبەینێ ئەگەر لەبەرنامەی کار دەتوانرێ ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ، ئەو کاتە دەتوانین ئەو ڕایانەش لەبەرچاو بگرین، خۆتان مشاوەرەیەکی تریش بکەن ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر پێتان باش بوو ڕاپۆرتێك حازر ببێ و لەبەردەستتان بێ و موناقەشەی ڕاپۆرتەکە بکرێ، ئەوە بۆ خۆتانی بەجێ دەهێڵێین کە سبەینێ دانیشتنەکە بکەین یان بۆ ئەو کاتی کە ڕاپۆرتێك حازر دەبێ و ئەندامانی پەرلەمان بە بەرچاو ڕوونیەوە لەسەر کۆمەڵێك پێشنیار وتوێژ دەکەن، دەشکرێ سبەینێ وتوێژێك بکەین و هەفتەی داهاتووش لە هەمان کاتدا لەبەرنامەی کاردا دابێ، هیچ کێشەیەك لەو ڕووەوە نییە، بۆیە ئێستا ئێمە دوو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لێرەین کێشەمان نییە، بەڵام بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لێرە نییە و وتووێژێکیش لەگەڵ ئەو دەکەین، ئەگەر بە باشی دەزانن ئەوە لە بەرنامەی کاری سبەینێ ئیزافەی دەکەین، ئەو کات لە دانیشتنی سبەینێ دەتوانرێ دەنگدانی بۆ بکرێ بۆ ئاڵوگۆڕی بەرنامەی کار، بەڵێ خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم وەکی جەنابێ تە ئاماژە پێدای ل دەسپێکا ئاخافتنا خۆ کو جڤینەکا سەرۆکایەتیێ و سەرۆك فراکسیۆنەکان دگەل حکومەتێ هەبێ بەرچاڤ ڕوونکر هەبیتن، ڕاپۆرتەکا ئامادەکاری هەبیتن بۆ هەندێ کو ئەگەر بەس ئەو پەرلەمانتار ئەم بهێین بئاخڤین هیچ چارەسەریەکی نەبین، یەعنی خەڵك ئینتزارە چارەسەریێ ژ مەدا، چارەسەری ژی هەماهەنگیا پەرلەمان و حکومەتی پێکڤە دهێتە ئەنجام دان، پەرلەمان تنێ نەشێ چارەسەریێ ببینی، ئەز پێشنیار دکەم ئەگەر هین وێ جڤینا خۆ دگەل حکومەتێ بکەن، ئەم ئامادەکاری و پلانکری بچین جڤینا خۆ ئەنجام بدەین د دەرئەنجامێ ئیجابی هەبی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا هەر بەردەوام دەبین لەسەر وتووێژەكانمان لەسەر پەیڕەو، ئەوە بەیانی بڕیاری لێ دەدرێ لە هەموو حاڵەتێك دا، ماددەی (30) بخوێننەوە بۆ ئەوەی وتوێژی لەسەر بكەین، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/30

1/ هەر لیژنەیەكی هەمیشەیی لە چوارچێوەی جێ بەجێ كردنی كارەكانی دەتوانێ لەنێو ئەندامەكانی لیژنەی لاوەكی دروست بكات بۆ كارێكی دیاری كراو لەسەر پێشنیاری سێ یەكی لیژنە كاری لیژنە فەرعیەكانیش كۆتایی دێ بە كۆتایی هاتنی كارەكە.

2/ هەر لیژنەیەك لایەنی كەم مانگی دوو جار كۆ دەبێتەوە، ئەم حوكمە لەسەر كۆبوونەوەی لیژنەكان لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان دا جێ بەجێ نابێ.

3/ لیژنە هەمیشەییەكان لەسەر داوای سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان سەرۆكی لیژنە یان سێ یەكی ئەندامانی لیژنە لە كاتی پێویست دا كۆدەبنەوە، دەبێ ئەندامانی لیژنە (24) كاتژمێر پێش كۆبوونەوە لەلایەن بڕیاردەری لیژنە لە كات و شوێن و بەرنامەی كاری كۆبوونەوە ئاگادار بكرێنەوە.

4/ ڕێژەی یاسایی كۆبوونەوەی لیژنە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ، بڕیارەكانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێن لە كاتی یەكسان بوونی دەنگەكان ئەو لایەنە كە سەرۆك لەگەڵیەتی زۆرینە دەبێ.

5/ دانیشتنەكانی لیژنە لەكۆنووس تۆمار دەكرێن كە ناو و واژووی ئامادەبووان پوختەیەك لە بیروڕای ئەندامەكان و ئەو بڕیارانەی كە لە كۆبوونەوەكە وەردەگیرێ لەخۆ دەگرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەوماددەیە؟ كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من دەست خۆشی دەكەم، نەسەكە وەك خۆی ئەشكالێكی وای تیا نییە، بەڵام لە خاڵی (3) كە دەڵێ لیژنە هەمیشەییەكان لەسەر داوای سەرۆك یان جێگری سەرۆك، ئەگەر چی ئێستا مەسەلەی سەرۆكایەتیمان ئێمە دوا خستووە، بەڵام بۆ ئەوەی هەماهەنگی هەبێ لەنێوان لیژنەكان و دەستەی سەرۆكایەتی واباشترە لەسەر داوای سەرۆكایەتی پەرلەمان بێ، كە سەرۆكایەتی سێ كەسە، جا دواتر لە سەڵاحیەتەكانی سەرۆكایەتی دەست نیشان دەكرێ سەرۆكایەتی بە زۆرینە دەنگ دەدەن بە دوو لەسەر سێ دەنگ دەدەن، حەقی ڤیتۆیان هەیە یان نا، ئەوە بۆ ئەوێ بەجێ دێڵین، بەڵام ناوهێنانی سەرۆك یان جێگر بە جیا من پێموایە كەمێك ناڕێك ترە، باشترە بەناوی سەرۆكایەتییەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی سێیەم پێشنیار دەکەم کە کۆبوونـەوەی لیژنـەکان تـەنها لەسـەر داوای سـەرۆکی لیژنـە بـێ، بـە تەسەوری من سەرۆك و جێگر و یان سێیەکی لە کەم کردنەوەی هەیبەتی سەرۆکی لیژنەیە، خاڵێکی تریش پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێ، هەر کار و چالاکیەکی لیژنەکان لە سایتی پەرلەمان بێتە خوارێ و لە میدیاکان گرنگی پێ بدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی(2) دانیشـتنەکانی لیژنـە ببـورە ئـەوەی کـە دەڵـێ لـەنێوان دوو وەرز دا، خـاڵی دووەم هـەر لیژنەیـەك لایەنی کەم مانگی دووجـار کۆدەبێتـەوە، ئـەم حوکمـە لەسـەر کۆبوونـەوەی لیژنـەکان لـە نێـوان دوو وەزری یاسادانان دا جێ بەجێ ناکرێ، بەبڕوای من ئەگەر ئـەوە دەنـگ بێنـێ، یـەعنی ئـەوەی کـە دەوتـرێ پشـووی پەرلەمان بە تەواوەتی تەسبیت دەبێ، یەعنی فعلەن پەرلەمان دەبێ بە پشوو، بۆیـە مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم لەڕاستی دا پێویست ناکـات ئـەوە هـەبێ لیژنـە ئیشـی پەرلەمانیـە لـە ڕاسـتی دا بۆیـە هـەموو کاتێـك دەبـێ لیژنەکە لە ئیش کردندا دابێ لـە کۆبوونـەوە دابـێ، بۆیـە مـن داواکـارم ئـەوە لاببـرێ و کۆبوونـەوەی لیژنـە نەبەسـترێتەوە بـە مەسـەلەی ئـەوەی کـە کۆبوونـەوەی ئاسـایی نـاکرێ، ئـەوەی لـەناو خـەڵك دا بـە پشـووی پەرلەمانی ناسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایـە خـاڵی یەکـەم زیـادە، هـەر لیژنەیـەکی هەمیشـەیی لـە چوارچـێوەی جـێ بـەجێ کردنـی کارەکـانی دەتوانێ لە نێوان ئەندامەکانی لیژنەی لاوەکی دروست بکـات، چونکە ئێسـتا نەسـیش نییـە، بـەڵام لیژنـەی هەمیشەیی دەتوانێ لە نێوان ئەندامەکانی لیژنەی لاوەکی دروست بکات و ڕابسپێرێ بە ئەنجامدانی کارێکی دیاری کراو، خاڵی دووەم پشتگیری لە د.شێرکۆ دەکەم پێموایە دەبـێ هـەڵبگیردرێت نـابێ بنووسـرێ لایـەنی کەم مانگی دوو جار لیژنە کۆببێتەوە، لە خـاڵی سـێیەم لیژنـەی هەمیشـەییەکان لەسـەر داوای سـەرۆك یـان جێگری سەرۆك یان سەرۆکی لیژنە تەنها سـەرۆکی لیژنـە پێشـنیار دەکـەم هـەڵبگیردرێ، مـافی نـەبێ داوای

کۆبوونەوە لە لیژنەکەی خۆی، خاڵی (4) وەکو خۆی و خاڵی (5) دانیشتنەکانی لیژنە لە کۆنووس تۆمار دەکرێت، ئەوەشیان هەر بۆخۆی وایە و هەموو دانیشتنێك و هەموو کۆبوونەوەیەك لە کۆنووس تۆمار دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەم دا جگە لە سەر پێشنیاری سێ یەکی لیژنە لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی لیژنە یان سێ یەکی لیژنە واتە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی د.شێرکۆ حەمەامین دەکەم، بەڕاستی ئەگەر ئەو بەو شێوەیەی ئێستا نووسراوەتەوە ئەگەر بەو شێوەیە بێ ئەوە کاری پەرلەمانی بەڕاستی ناتوانێ وەکو پێویست ئەنجام بدرێ، لایەنی کەمی مانگی دووجار پێموایە لیژنە دەتوانێ لە مانگێك دا چوار جاریش کۆبێتەوە نەك دووجار، هەندێك کات ڕەنگە پێویست بکات زیاتریش بێ، بۆیە پێموایە پێویستە ئەوە هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای ئەندامانی لیژنە چییە؟ د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە کێ داوا بکات کۆبوونەوە بکرێ، ئێمە لەسەر بنەمای ئەوە سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سەرۆکی لیژنە و سێ یەکی ئەندامان نووسیوە، سەرۆك و جێگر لەبەرئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە دواتر بۆ موناقەشەی دەسەڵاتەکان، هەردووکیان سەرو کاریان لەگەڵ کاری لیژنەکان هەیە، بۆیە ئێمە بەو شێوەیە دامان ڕشت بوو، لەبەرئەوەی ئەو ڕایەش لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمان زیاتر پشتگیری لێکرا بە تەئکید دەیخەینە دەنگدان، سەبارەت بەوەش کە مەسەلەی لە نێوان دوو وەرزی یاسادانان ئەو مەرجە مەشمول نییە کە لیژنەکان دەبێ دووجار کۆببنەوە، بەو مەعنایە نییە کە کۆنەبنەوە، لەوانەیە سێ جاریش کۆببنەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە فورسەیەك بدەین و ئەو مەرجەی نیزامیە کە دەبێ دووجار کۆببنەوە، لەوانەیە یەکجار کۆ ببنەوە، لەوانەشە چوار جاریش کۆببنەوە، ئەوەش وەکو دەرفەتێك بوو بۆ

**ئەندامانی پەرلەمان کە ئەگەر دیسانەوە سێ ئەندام پشتگیری کرد بە تەئکید ئەوەش دەخەینە دەنگدان، بەس هۆکارەکەی بەو شێوەیە بوو.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە سوپاس هیچ ئەندامێکی تری لیژنە قسەی نییە؟ کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە، من ناوم نەنووسی بوو داوای لێ بووردن دەکەم، تەنها یەك پێشنیارم هەیە، ئەویش ئەوەیە تەبلیغ کردنی ئەندامەکان لەلایەن سکرتێری لیژنەوە بێ، بە عەمەلی ئێمە بۆمان دەرکەوتووە بڕیاردەرەکە ئەو کارە ناکات، زۆربەی ئەو کارە سکرتێرەکەی دەیکا و ئەزموونیش زۆر گرنگە بۆ ئێمە، من داوا دەکەم بکرێ، سکرتێرەکەت تەبلیغی ئەندامەکان دەکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**تەنها یەك ماددەی تر گفتوگۆی لەسەر دەکەین و دوایی دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، بیخوێننەوە بەڕێزان ماددەی (31)، د.بەهار فەرموو.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی/31سەرۆك بۆی هەیە هەر بابەتێك بخاتە بەردەم لیژنە هەمیشەییەکان بە پێی تێڕوانینی خۆی یان لایەنی کەم لەسەر داوای (5) ئەندامی پەرلەمان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ مامۆستا مەروان فەرموو.**

**بەڕێز مەروان گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو کەلیمەی پەرلەمانەم پێ زیادە، ئەندامی پەرلەمان، یەعنی هەر بکرێتە ئەندامی لیژنەکە و تەواو دەستتان خۆش بێ.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**خاتوو پەروا فەرموو.**

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەوەی کە سەرۆك بۆی هەیە هەر بابەتێك بخاتە بەردەم لیژنە هەمیشەییەکان بە پێی تێڕوانینی خۆی یان لایەنی کەم لەسەر داوای پێنج ئەندامی پەرلەمان، بەبڕوای من پێنج ئەندامی پەرلەمان زۆر زۆرە، لەبەرئەوەی کە سێ ئەندامی پەرلەمان کافیە بۆ ئەوەی تاك بێ، ئەگینا هیچ جیاوازیەك نییە لە**

بەینی سەرۆکی لیژنەکە لەگەڵ بەڕێزانی ئەندامانی تر، لەو بڕوایەم ڕەنگە هەندێ جار بابەتێکی زۆر گرنگ هەبێ لەلایەن یەکێ لە ئەندامەکانەوە ئەو کاتە ئەگەر دەنگی پێنج ئەندام بە دەست نەهێنێ دەبێ یان سەرۆك ئەو بابەتەکە ناخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بۆیە بە بڕوای من پێنج ئەندام زۆرە، خۆ ئەگەر سێ بێ یان هەر ئەندامێك بێ ڕەنگە باشتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە بەڕاستی پێنج ئەندام گەلێك زۆرە، من پێم باشە هەر بکرێت بە یەك ئەندام، ئەگەر یەك ئەندامیش بوو هەر ئەندامێك بیرۆکەیەکی هەیە و بۆچوونێکی هەیە یان کێشەیەکە ئەو ئاگادارە بەو کێشەیە کە دەیخاتە بەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانیش دەیخاتە بەردەستی ئەو لیژنەیە، بۆچی ئەو ئەندامە پێویستی بە کۆکردنەوەی ئیمزا هەبێ و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لڤێرێ دبێژێت سەرۆك، سەرۆك د پێناسەدا هاتیە سەرۆکی پەرلەمانێ، ژ بەرهەندێ لڤێرێ ئەگەر ببیتە سەرۆکی لیژنە، ئەندامانی پەرلەمان، ببێتە ئەندامانی لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی قسەکانی پەروا خان دەکەم فعلەن وایە، یەعنی شەرت نییە ئیللا پێنج ئەندام پەرلەمان پاڵپشتی بکەن، دەکرێ یەك ئەندام پەرلەمانیش بێت، یەعنی پێموابێ شتەکە زۆر ئاساییە و دەکرێ ئەو ماددەیە بەڕای هەر نەمێنێ، یەعنی سەرۆکی پەرلەمان هەر حەقی هەیە شت تەرح بکات، ئەندام پەرلەمان حەقی هەیە لە لیژنەکان گفتوگۆ بکات دیبەیت بکات، موناقەشە بکات، بەڕای من هەر زیادە ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا ل بۆچوونێ د.سراج دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی کە بەڕێز مامۆستا مەروان گەڵاڵی گوتی فعلەن وایە دەبێ بیکەینە ئەندام، چونکە پێناسەمان کردووە، ئەندامی پەرلەمان زیادە، ئەوەی تر هەموویان پەیوەست بوون بەوەی چەند کەس داوای بکات، یەعنی لەڕووی مەنتقەوە سەرۆکی پەرلەمان ئێمە مەبەستمانە نەك سەرۆك، چونکە سەرۆکی لیژنە پێشتر گوتمان حەقی هەیە داوای بکات، ئەوە تەواو بوو، سەرۆکی پەرلەمان هەر کاتەکی بیەوێ بابەتێك بخاتە بەردەم، چۆن دەکرێ سەرۆکی پەرلەمان و یەك ئەندامی پەرلەمان، ئەوە یەك، دوو/ مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر بەو شێوەیە بێ، هەر ئەندامەکی لیژنە هەموو رۆژەك دەبی لیژنە لە کۆبوونەوە دابێ، هەر لەبەر ئەوە ئەوە شتێکی نیزامییە و شتێکی پەیڕەوییە، ئێمە کاتێك کە گوتوومانە ستاندارد لیژنەیەك (11) کەسە، پێنج کەس دەتوانێ داوا بکات، یەعنی رەقەمێکی زۆر گونجاوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك بە تەسەوری من ناکرێ ئەندام حەقی هەبێ داوای کۆبوونەوەی لیژنە بکات، یان بابەتێکی بخاتە بەردەمی بڵێ کۆببەوە، ئەگەر ئەو ئەندامە شتێکی مەعقول و باشی پێ بێ، مەعقول نییە نەتوانێ تەوقیعی چوار کەس لەگەڵ خۆی کۆبکاتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ئەندامانی تری لیژنە قسەیان نییە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڕوونیەك هەیە لە پێنج ئەندامەکە، پێنج ئەندامی ئەم هۆڵەی پەرلەمان یان پێنج ئەندامی لیژنەکە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ پێنج ئەندام، ئەندام/ ئەندامی پەرلەمانە، ئەندامی لیژنە دەبێ بنووسرێ ئەندامی لیژنە، پەروا خان هەر ئەوە بوو مەبەستت؟ فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەر ئەوە بوو، مەبەستم سەرۆکی پەرلەمان نەبوو، مەبەستم سەرۆکی لیژنە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو ماددەیەی پێشوو تەواو بوو، بەس من پرسیارێكم لەو بەڕێزانە هەیە، ماددەی (30) ئەگەر مـن لای خـۆم وا تـەعبیری بكـەم، دەكـرێ ئەوانـە نـاوی بنـرێ ئـەركی لیژنـە؟ ئەگـەر وەڵامـی پرسـیارەكەم بدەنەوە، چونكە ویستم هەندێ بیروبۆچوونی لەسەر دەرببڕم، ئەگەر بەناوی ئەركی لیژنەوە بێ، ئەگـەر نـا دوایـی بـە نووسـراو بۆیـان بنێـرم، بـۆ نموونـە پرسـیارێكی ئـاوا ئایـا مـن دەمـەوێ بڵـێم لیژنـە بـۆی هـەبێ ڕاستەوخۆ بانگهێشتی وەزیرێك بكات بۆ ناو كۆبوونەوەی لیژنەكەی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمـە ناومـان لێ نـەناوە و مەبەستیشـمان نـەبووە ماددەكـان نـاو لێ بنـێین، لەبەرئـەوەی هـەموو پرۆژەكـە بەشـێوەیەك كـە تـەنها بەشـەكان ناویـان هەیـە، بـۆ خۆشـتان دەزانـن لـەڕووی سـیاغەی تەشـریعی و فـەنی تەشریعەوە دەبێ هەموو ماددەكان ناویان هەبێ یان نابێ هەندێ ماددە ناوی هەبێ و هەندێكی ناوی نەبێ، سـەبارەت بـەوەی كـە دەكـرێ بـەڕێزان وەزیرەكـان بـانگ بكـرێن لـە لیژنـەكان لـە بەشـی یـان دەروازە لێ پرسینەوە و پرساندن و ئەوانە ئەو شتانە بە وازحی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دانیشتنەكە هەڵدەگرین بۆ سبەینێ كاتژمێر (11).

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |